هەرێمی كوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی

زانكۆی سلێمانیی

كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان

بەشی شوێنەوار

# چەك و تفاقی جەنگیی لە كوردستانی كۆن

## لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. دا

لێكوڵینەوەیەكی شوێنەواریی- هونەرییە

نامەیەكە خوێندكار

**وفاء طاهر محمد كەڵهوڕ**

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانیی كردووە, وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی شوێنەواری كۆن

بەسەرپەرشتی

**د. رافدە عبد الله عبدالصمد** — **د. نضال محمود حاج درویش**

**٢٧١٧ كوردی** — **٢٠١٧ زایینی** — **١٤٣٨ كۆچی**

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (وفاء طاهر محمد) بە ناونیشانی (چەك و تفاقی جەنگیی لەکوردستانی کۆن لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. دا), بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە, بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (شوێنەواری کۆن) پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژوو

سەرپەرشتیار: د. رافدە عبد الله عبدالصمد

پلەی زانستیی: مامۆستا

بەروار:

واژوو

سەرپەرشتیار: د. نضال محمود حاج درویش

پلەی زانستیی: مامۆستا

بەروار:

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژوو

ناو: پ. ی. د.کۆزاد محمد ئەحمەد

سەرۆکی بەشی (شوێنەوار)

بەروار

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار (وفاء طاهر محمد) کە ناونیشانیی بریتییە لە (چەك و تفاقی جەنگیی لە کوردستانی کۆن لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. دا)، پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە, ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو راستکراونەتەوە، بەوەش نامەی ماستەرەکەی لە رووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو: بێستون ئەبو بەکر عەلی

بەروار

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ , ئەم نامەیەی خوێندكار (وفاء طاهر محمد) بەناونیشانی (چەك و تفاقی جەنگیی لەكوردستانی كۆن لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. دا)مان خوێندنەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەكانی تری كردووە. بڕیارماندا بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (شوێنەواری كۆن)دا پێبدرێت.

واژوو:

ناو: پ. ی. د. نوعمان جومعە ئیبراهیم

سەرۆكی لیژنە

بەروار :  ٢ / ٧ / ٢٠١٧

واژوو :

ناو : پ. ی. د. كۆزاد محەمەد ئەحمەد

ئەندام

بەروار :  ٢/ ٧ /٢٠١٧

واژوو:

ناو : م. د. عەزیز محەمەد ئەمین عەزیز

ئەندام

بەروار : ٢/ ٧ /٢٠١٧

واژوو :

ناو:  م. د. رافیدە عەبدولا عەبولصەمەد

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار :   ٢ / ٧ / ٢٠١٧

ناو : م. د. نضال محمود حاج درویش     واژوو

ئەندام و سەرپەرشتیار

بەروار : ٢ /  ٧/ ٢٠١٧

لەلایەن ئەنجومەنی كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانیی پەسەندكرا.

واژوو:

ناو : پ . ی . د . ابتیسام اسماعیل قادر

راگری كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان

قال تعالى:

بسم الله الرحمن الرحيم

(لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ **وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ** وَلِيَعْلَمَ اللهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ ۚ إِنَّ اللهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ.)

(سورة الحديد، الآية ٢٥)

# پێشکەشکردن

ئەم توێژینەوەیەم پێشکەشە بە :

- مامۆستایانی بەڕێزم و هەموو ئەوانەی پیتێکیان فێرکردووم، .
- دایك و باوكم كە نموونەی دوو مرۆڤی خەمخۆر و میهرەبان و بەخشندە و فیداکارن.
- هاوسەری ئازیز و خۆشەویستم (مەریوان), كە هەموو كات هاوكار و یارمەتیدەرم بووە.
- خوشك و برا ئازیزەكانم (ئیدریس, ئیلیاس,سارا, هەیفا, تارا ).
- دوو جگەرگۆشەكەم ( ئەحمەد و نور).

توێژەر

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی بێپایان بۆ خودای گەورە و میهرەبان کە تەندروستی و ئارامی و هێز و توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ بەرێزان:

– هەردوو سەرپەرشتیاری بەرێز مامۆستایان (**د. رافیدە عەبدوڵا عبد الصمد و د. نضال محمود حاج درویش**) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەیان گرتە ئەستۆ و بەوپەڕی تواناوە هاوکار و یارمەتیدەرم بوون و بە پێدانی سەرنج و تێبینییەکانیان توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.

– سەرۆکی بەشی شوێنەوار (**د.کۆزاد محمد احمد** ) و هەموو ئەو مامۆستا بەرێزانەی کە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا هاوکارییان کردوم.

– مامۆستایان (د. زریان حاجی، د. دڵشاد عزیز, د. ئاری خلیل، م. هاژە عبدالجبار) لە قۆناغی ماستەر یارمەتییانداوم.

– دایك و باوکی میهرەبانم کە هەموو دەسکەوتەکانی ژیانم بە هی ئەوان دەزانم.

–هاوسەرەکەم (**مەریوان**)کە بەبێ ئەو نەمدەتوانی ئەم ڕێگا سەختە ببڕم.

– خوشکی گەورەم ( سارا) کە هەردەم یارمەتیدەر و پاڵپشتم بووە.

– کارمەندانی کتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی.

– هەموو ئەو بەرێزانەی کە لە ماوەی توێژینەوەکەمدا هاوکارییان کردووم.

# پێڕستی بابەتەکان

| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتی قورئان | ج |
| پێشکەشکردن | ح |
| سوپاس و پێزانین | خ |
| پێڕستی بابەتەکان | د-ف |
| لیستی کورتکراوەکان | ق |
| پێشەکی | ١-٣ |
| **بەشی یەکەم** | ٤-٥٩ |
| **١-١ پوختەیەك دەربارەی جوگرافیای کوردستان** | ٥-٨ |
| **١-٢ پوختەیەك دەربارەی مێژووی کوردستان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایینیدا.** | ٩-٢٥ |
| **١-٣ پوختەیەکی مێژوویی دەربارەی دەسپێکی سەرهەڵدانی چەك لە ناوچەی کوردستانی کۆندا** | ٢٦-٤٩ |
| **١-٤ کانزاکاریی** | ٥٠-٥٩ |
| ١-٤-١ کورتەیەك دەربارەی کانزاکاری | ٥١ |
| ١-٤-٢ توانەوە و لە قاڵبدان | ٥٢ |
| ١-٤-٢-١- قاڵبی کراوە (یەك پارچەیی) | ٥٢ |
| ١-٤-٢-٢ قاڵبی داخراو (دوو پارچەیی) | ٥٢ |
| ١-٤-٢-٣ مۆمی تواوە | ٥٣ |
| ١-٤-٣ مس | ٥٣ |
| ١-٤-٤ برۆنز و تۆتیا | ٥٥ |
| ١-٤-٥ ئاسن | ٥٧ |
| **بەشی دووەم: جۆرەکانی چەك و پێداویستیی جەنگیی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز.** | ٦٠-١٤٣ |
| **٢-١ ڕم** | ٦١ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-١ دۆزراوەکان | ٦٢ |
| ٢-١-١-١ ڕۆژئاوای کوردستان | ٦٢ |
| ٢-١-١-١-١ گردی بەیدەر | ٦٢ |
| ٢-١-١-١-٢ چاغر بازاڕ | ٦٤ |
| ٢-١-١-٢ باشووری کوردستان | ٦٥ |
| ٢-١-١-٢-١ کەرکوك ودەوروبەری | ٦٥ |
| ٢-١-١-٢-٢ گردی سلێمە | ٦٦ |
| ٢-١-١-٢-٣ ئوچ تەپە | ٦٧ |
| ٢-١-١-٣ باکووری کوردستان | ٦٨ |
| ٢-١-١-٣-١ ئەرسەلان تەپە | ٦٨ |
| ٢-١-١-٣-٢ بیرە جیك | ٦٩ |
| ٢-١-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٧٠ |
| ٢-١-٢-١ هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندوك | ٧٠ |
| ٢-١-٢-١-١ تابلۆی یەکەم | ٧١ |
| ٢-١-٢-١-٢ تابلۆی دووەم (خوارەوە) | ٧٣ |
| ٢-١-٣ میل | ٧٣ |
| ٢-١-٣ -١ میلی سەرکەوتنی نەرام- سین | ٧٣ |
| ٢-١-٤ مۆرەکان | ٧٥ |
| ٢-١-٤-١ ئورکیش (گردی مۆزان) | ٧٥ |
| ٢-٢ تەور | ٧٦ |
| ٢-٢-١ دۆزراوەکان | ٧٦ |
| ٢-٢-١-١ ڕۆژئاوای کوردستان | ٧٦ |
| ٢-٢-١-١-١ گردی بەیدەر | ٧٦ |
| ٢-٢-١-١-٢ گردی عەربید | ٧٧ |
| ٢-٢-١-١-٣ چاغر بازاڕ | ٨٠ |
| ٢-٢-١-٢ باشوری کوردستان | ٨١ |
| ٢-٢-١-٢-١ تەپەگەورە | ٨١ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-١-٢-٢ کەرکوك و دەوروبەری | ٨٢ |
| ٢-٢-١-٢-٣ گردی ماحوز | ٨٢ |
| ٢-٢-١-٢-٤ گردی سلێمە | ٨٣ |
| ٢-٢-١-٢-٥ گردی ئەحمەد حەتۆ | ٨٦ |
| ٢-٢-١-٣ باکوری کوردستان | ٨٧ |
| ٢-٢-١-٣-١ بیرەجیك | ٨٧ |
| ٢-٢-١-٤ رۆژهەلاتی کوردستان | ٨٧ |
| ٢-٢-١-٤-١ میرخێر | ٨٧ |
| ٢-٢-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٨٨ |
| ٢-٢-٢-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور | ٨٨ |
| ٢-٢-٣ مۆرەکان | ٩٠ |
| ٢-٢-٣-١ ئورکیش (گردی مۆزان) | ٩٠ |
| **٢-٣ خەدەنگ** | ٩١ |
| ٢-٣-١ دۆزراوەکان | ٩١ |
| ٢-٣-١-١ ڕۆژئاوای کوردستان | ٩١ |
| ٢-٣-١-١-١گردی چاغر بازار | ٩١ |
| ٢-٣-١-٢ باشوری کوردستان | ٩٣ |
| ٢-٣-١-٢-١ کەرکوك و دەوروبەری | ٩٣ |
| ٢-٣-١-٢-٢-٢ ئوچ تەپە | ٩٤ |
| ٢-٣-٢ مۆرەکاندا | ٩٥ |
| ٢-٣-٢-١ ئورکیش (گردی مۆزان) | ٩٥ |
| **٢-٤ تیروکەوان** | ٩٦ |
| ٢-٤-١ دۆزراوەکان | ٩٦ |
| ٢-٤-١-١ باشووری کوردستان | ٩٦ |
| ٢-٤-١-١-١ گردی یەلخی | ٩٦ |
| ٢-٤-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٩٧ |
| ٢-٤-٢-١هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور | ٩٧ |

| | |
|---|---|
| **٢-٥ خەنجەر** | ٩٨ |
| ٢-٥-١ دۆزراوەكان | ٩٨ |
| ٢-٥-١-١ رۆژئاوای كوردستان | ٩٨ |
| ٢-٥-١-١-١ گردی بەیدەر | ٩٨ |
| ٢-٥-١-١-٢ گردی عەربید | ١٠٠ |
| ٢-٥-١-١-٣ چاغربازاڕ | ١٠٢ |
| ٢-٥-١-٢ باشوری كوردستان | ١٠٣ |
| ٢-٥-١-٢-١ تەپەگەورە | ١٠٣ |
| ٢-٥-١-٢-٢ گاسور | ١٠٥ |
| ٢-٥-١-٢-٣ گردی بەكراوە | ١٠٦ |
| ٢-٥-١-٢-٤ گردی سلێمە | ١٠٨ |
| ٢-٥-١-٣ رۆژهەڵاتی كوردستان | ١٠٩ |
| ٢-٥-١-٣-١ پشتی كوه | ١٠٩ |
| ٢-٥-١-٤ باكوری كوردستان | ١١٠ |
| ٢-٥-١-٤-١ تتریش هۆیوك | ١١٠ |
| ٢-٥-٢ هەڵكۆڵراوەكان | ١١٠ |
| ٢-٥-٢-١ هەڵكۆڵراوەكەی دەربەندی گاور | ١١٠ |
| ٢-٥-٣ مۆرەكان | ١١١ |
| ٢-٥-٣-١ ئوركیش (گردی مۆزان) | ١١١ |
| **٢-٦ چەقۆ** | ١١٣ |
| ٢-٦-١ دۆزراوەكان | ١١٣ |
| ٢-٦-١-١ باشووری كوردستان | ١١٣ |
| ٢-٦-١-١-١ گردی جیگان | ١١٣ |
| ٢-٦-٢ مۆرەكان | ١١٤ |
| ٢-٦-٢-١ مۆرەكانی شاژن ئۆقنیتوم | ١١٤ |
| **٢-٧ شمشێر** | ١١٦ |
| ٢-٧-١ مۆرەكان | ١١٧ |

| | |
|---|---|
| ٢-٧-١-١ ئوركيش | ١١٧ |
| **٢-٨ گورز** | ١١٩ |
| ٢-٨-١ میلەکان | ١٢٠ |
| ٢-٨-١-١ میلی پیر حسین | ١٢٠ |
| ٢-٨-١-٢ میلی (جبل البیضة) | ١٢١ |
| ٢-٨-٢ مۆرەکان | ١٢٢ |
| ٢-٨-٢-١ ئورکیش (گردی مۆزان) | ١٢٢ |
| ٢-٨-٢-٢ گردی براك | ١٢٤ |
| **٢-٩ ئالاّ** | ١٢٧ |
| **٢-١٠ جلو بەرگ (پۆشاکی)ی سەربازی** | ١٢٨ |
| ٢-١٠-١ هەڵکۆڵراوەکان | ١٢٨ |
| ٢-١٠-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور | ١٢٨ |
| ٢-١٠-٢ میل | ١٢٩ |
| ٢-١٠-٢-١ میلی نەرام-سین (میلی سەرکەوتن) | ١٢٩ |
| ٢-١٠-٣ مۆرەکان | ١٣٠ |
| ٢-١٠-٣ -١ ئورکیش | ١٣٠ |
| ٢-١٠-٣-٢ گردی براك | ١٣١ |
| **٢-١١ پۆشاکی سەر** | ١٣٢ |
| ٢-١١-١ هەڵکۆڵراوەکان | ١٣٣ |
| ٢-١١-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور | ١٣٣ |
| ٢-١١-٢ میل | ١٣٤ |
| ٢-١١-٢-١ میلی نرام-سین (میلی سەرکەوتن) | ١٣٤ |
| ٢-١١-٣ مۆرەکان | ١٣٥ |
| **٢-١٢ پشتوێن** | ١٣٦ |
| ٢-١٢-١ هەڵکۆڵراوەکان | ١٣٦ |
| ٢-١٢-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور | ١٣٦ |
| **٢-١٣ گالیسکەی جەنگی** | ١٤٣-١٣٧ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم: جۆرەکانی چەك و پێداویستیی جەنگیی لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا** | ١٤٤-٢٨٩ |
| ٣-١ ڕم | ١٤٥ |
| ٣-١-١ دۆزراوەکان | ١٤٥ |
| ٣-١-١-١ ڕۆژئاوا کوردستان | ١٤٥ |
| ٣-١-١-١-١ چاغر بازاڕ | ١٤٥ |
| ٣-١-١-٢ باشور کوردستان | ١٤٦ |
| ٣-١-١-٢-١ گردی دێکۆن | ١٤٦ |
| ٣-١-٢-٢ گردی شمشارە | ١٤٧ |
| ٣-١-٢-٣ گردی بەکراوە | ١٤٨ |
| ٣-١-١-٢-٤ گردی سلێمە | ١٥٠ |
| ٣-١-١-٢-٥ گردی دێر هال | ١٥٢ |
| ٣-١-١-٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ١٥٢ |
| ٣-١-١-٣-١ دینخا تەپە | ١٥٢ |
| ٣-١-١-٣-٢ باباجان | ١٥٥ |
| ٣-١-٢ مۆرەکان | ١٥٧ |
| ٣-١-٢-١ نوزی | ١٥٧ |
| ٣-١-٢-٢ شوێنی تر | ١٥٩ |
| **٣-٢ تەور** | ١٦١ |
| ٣-٢-١ دۆزراوەکان | ١٦١ |
| ٣-٢-١-١ ڕۆژئاوا کوردستان | ١٦١ |
| ٣-٢-١-١-١ چاغر بازاڕ | ١٦١ |
| ٣-٢-١-٢ باشوری کوردستان | ١٦٣ |
| ٣-٢-١-٢-١ گردی شمشارە | ١٦٣ |
| ٣-٢-١-٢-٢ کەرکوك ودەوروبەری | ١٦٤ |
| ٣-٢-١-٢-٣ گردی فخار | ١٦٥ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١-٢-٤ گردی یەلخی | ١٦٦ |
| ٣-٢-١-٢-٥ شوێنەواری ئەربیلوم | ١٦٧ |
| ٣-٢-١-٢-٦ گردی حەلاوە | ١٦٨ |
| ٣-٢-١-٢-٧ گردی سلێمە | ١٧٤ |
| ٣-٢-١-٢-٨ گردی ئەلسیب | ١٧٩ |
| ٣-٢-١-٣ ڕۆژهەڵات کوردستانی | ١٨٠ |
| ٣-٢-١-٣-١ لوڕستان | ١٨٠ |
| ٣-٢-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ١٨٣ |
| ٣-٢-٢-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ١٨٣ |
| ٣-٢-٢-٢ هەڵکۆڵراوی ئانۆ بانینی | ١٨٦ |
| ٣-٢-٢-٣ هەڵکۆڵراوی سەرپۆل زەهاو | ١٨٩ |
| ٣-٢-١-٤ هەڵکۆڵراوەی ئیددین—سین | ١٩١ |
| ٣-٢-٣ مۆرەکان | ١٩٢ |
| ٣-٢-٣-١ نوزی | ١٩٢ |
| ٣-٢-٣-٢ گردی ئەسمەر | ١٩٣ |
| **٣-٤ خەدەنگ** | ١٩٥ |
| ٣-٤-١ دۆزراوەکان | ١٩٥ |
| ٣-٤-١-١-ڕۆژئاوای کوردستان | ١٩٥ |
| ٣-٤-١-١-١-گردی مۆزان | ١٩٥ |
| ٣-٤-١-٢ باشووری کوردستان | ١٩٦ |
| ٣-٤-١-٢-١ ناوچەی کەرکوك | ١٩٦ |
| ٣-٤-١-٢-٢ گردی فەخخار | ١٩٦ |
| ٣-٤-١-٢-٣گردی ماحوز | ١٩٧ |
| ٣-٤-٢ مۆرەکان | ١٩٨ |
| ٣-٤-٢-١ نوزی | ١٩٨ |
| **٣-٥ تیروکەوان** | ١٩٩ |
| ٣-٥-١ دۆزراوەکان | ١٩٩ |

| | |
|---|---|
| ٣-٥-١-١ باشوری کوردستان | ١٩٩ |
| ٣-٥-١-١-١ گردی کەرهولی خواروو | ١٩٩ |
| ٣-٥-١-١-٢ دێرهال | ٢٠٠ |
| ٣-٥-١-١-٣ گردی فەخخار | ٢٠١ |
| ٣-٥-١-١-٤ گردی زوبەیدییە | ٢٠١ |
| ٣-٥-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٠١ |
| ٣-٥-٢-١هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی | ٢٠٣ |
| ٣-٥-٢-٢ هەڵکۆڵراوی ئیددین-سین | ٢٠٤ |
| ٣-٥-٢-٣- هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ٢٠٥ |
| ٣-٥-٣ مۆرەکان | ٢٠٦ |
| ٣-٥-٣-١ نوزی | ٢٠٦ |
| ٣-٥-٣-٢ شوێنی تر | ٢٠٨ |
| **٣-٦ خەنجەر** | ٢٠٩ |
| ٣-٦-١ دۆزراوەکان | ٢٠٩ |
| ٣-٦-١-١ رۆژئاوای کوردستان | ٢٠٩ |
| ٣-٦-١-١-١ چاغر بازاڕ | ٢٠٩ |
| ٣-٦-١-١-٢ گردی مۆزان | ٢١٢ |
| ٣-٦-١-٢ باشوری کوردستان | ٢١٢ |
| ٣-٦-١-٢-١ نوزی | ٢١٢ |
| ٣-٦-١-٢-٢ ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك | ٢١٣ |
| ٣-٦-١-٢-٣ یۆرغان تەپە | ٢١٤ |
| ٣-٦-١-٢-٤ ئوچ تەپە | ٢١٤ |
| ٣-٦-١-٢-٥ گردی حەلاوە | ٢١٥ |
| ٣-٦-١-٢-٦ گردی ئەلسیب | ٢١٦ |
| ٣-٦-١-٢-٧ گردی سلێمە | ٢١٧ |
| ٣-٦-١-٢-٨گردی زوبەیدییە | ٢١٩ |
| ٣-٦-١-٣ ڕۆژهەڵات کوردستانی | ٢٢١ |

| | |
|---|---|
| ٣-٦-١-٣-١ دینخا تەپە | ٢٢١ |
| ٣-٦-١-٣-٢ لوڕستان | ٢٢٢ |
| ٣-٦-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٢٣ |
| ٣-٦-٢-١ :هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی | ٢٢٣ |
| ٣-٦-٢-٢ هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو | ٢٢٤ |
| ٣-٦-٢-٣ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ٢٢٤ |
| ٣-٦-٣ مۆرەکان | ٢٢٥ |
| ٣-٦-٣-١ گردی لەیلان | ٢٢٥ |
| ٣-٦-٣-٢ نوزی | ٢٢٦ |
| **٣-٧ چەقۆ** | ٢٢٩ |
| ٣-٧-١ دۆزراوەکان | ٢٢٩ |
| ٣-٧-١-١ باشووری کوردستان | ٢٢٩ |
| ٣-٧-١-١-١ گردی باسمۆسیان | ٢٢٩ |
| ٣-٧-١-١-٢ گردی بەکراوە | ٢٢٩ |
| ٣-٧-١-١-٢ گردی زوبەیدییە | ٢٣٠ |
| ٣-٧-١-٢ رۆژهەڵاتی کوردستان | ٢٣١ |
| ٣-٧-١-٢-١ دینخا تەپە | ٢٣١ |
| ٣-٧-٢ مۆرەکان | ٢٣٢ |
| ٣-٧-٢-١ گردی براك | ٢٣٢ |
| ٣-٧-٢-٢ نوزی | ٢٣٢ |
| ٣-٧-٢-٢ شوێنی تر | ٢٣٣ |
| **٣-٨ شمشێر** | ٢٣٣ |
| ٣-٨-١ مۆرەکان | ٢٣٣ |
| ٣-٨-١-١ گردی براك | ٢٣٣ |
| ٣-٨-١-٢ نوزی | ٢٣٥ |
| ٣-٨-١-٣ مۆری سەردەمی کاشییەکان(بابلی کۆن) | ٢٥٨ |
| ٣-٨-١-٤ شوێنی تر | ٢٥٩ |

| | |
|---|---|
| **٣-٩ گورز** | ٢٦١ |
| ٣-٩-١ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٦١ |
| ٣-٩-١-١ هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین | ٢٦١ |
| ٣-٩-٢ مۆرەکان | ٢٦٢ |
| ٣-٩-٢-١ گردی یەخی | ٢٦٢ |
| ٣-٩-٢-٢شوێنی تر | ٢٦٣ |
| **٣-١٠ هەگبە** | ٢٦٥ |
| ٣-١٠-١-١ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٦٦ |
| ٣-١٠-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ٢٦٦ |
| ٣-١٠-٢مۆرەکان | ٢٦٦ |
| ٣-١٠-٢-١ نوزی | ٢٦٦ |
| **٣-١١ جل وبەرگ(پۆشاك)ی سەربازی** | ٢٦٧ |
| ٣-١١-١ دۆزراوەکان | ٢٦٧ |
| ٣-١١-١-١ زرێ | ٢٦٧ |
| ٣-١١-١-١-١ نوزی | ٢٦٧ |
| ٣-١١-٢ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٦٨ |
| ٣-١١-٢-١ هەڵکۆڵراوەی ئانوبانینی | ٢٦٨ |
| ٣-١١-٢-٢ هەڵکۆڵراوەی سەرپولی زەهاو | ٢٦٩ |
| ٣-١١-٢-٣ هەڵکۆڵراوەی ئیددین-سین | ٢٧٠ |
| ٣-١١-٢-٤ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ٢٧١ |
| ٣-١١-٣ مۆرەکان | ٢٧٢ |
| **٣-١٢ پۆشاکی سەر** | ٢٧٥ |
| ٣-١٢-١ هەڵکۆڵراوەکان | ٢٧٥ |
| ٣-١٢-١-١ هەڵکۆڵراوەی ئانوبانینی | ٢٧٥ |
| ٣-١٢-١-٢ هەڵکۆڵراوەی ئیددن-سین | ٢٧٥ |
| ٣-١٢-١-٣ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە | ٢٧٦ |
| ٣-١٢-٢ مۆرەکان | ٢٧٧ |

| | |
|---|---|
| **٣-١٣ پشتوێن** | **٢٧٧** |
| ٣-١٣-١ هەڵكۆڵراوەكان | **٢٧٧** |
| ٣-١٣-١ هەڵكۆڵراوی ئانوبانینی | **٢٧٧** |
| ٣-١٣-١-٢ هەڵكۆڵراوی سەرپولی زەهاو | **٢٧٨** |
| ٣-١٣-١-٣ هەڵكۆڵراوەی ئیددن-سین | **٢٧٨** |
| ٣-١٣-١-٤ هەڵكۆڵراوی دەربەندی بێلولـه | **٢٧٩** |
| ٣-١٣-٢ مۆرەكان | **٢٨٠** |
| **٣-١٤ ناوچاوپێچ** | **٢٨٠** |
| ٣-١٤-١ هەڵكۆڵراوەكان | **٢٨٠** |
| ٣-١٤-١-١ هەڵكۆڵراوی سەرپول زەهاو | **٢٨٠** |
| **٣-١٥ پێڵاو** | **٢٨١** |
| ٣-١٥-١ هەڵكۆڵۆراوەكان | **٢٨١** |
| ٣-١٥-١-١ هەڵكۆڵراوەی ئانۆبانینی | **٢٨١** |
| ٣-١٥-١-٢ هەڵكۆڵراوەی سەرپول زەهاو | **٢٧٢** |
| **٣-١٦ گالیسكەی جەنگی** | **٢٨٣-٢٨٩** |
| **٤-بەشی چوارەم شیكاری**<br>**٤-١ لێكدانەوەی بابەتەكانی هەزارەی سێیەم ودووەمی پ. ز.** | **٢٩٠-٣٦٨** |
| **٤-١-١ ڕم** | **٢٩١** |
| ٤-١-١-١ جۆرەكانی ڕم | **٢٩٢** |
| ٤-١-١-١-١ڕمی درێژ | **٢٩٢** |
| ٤-١-١-١-٢ نێزە | **٢٩٢** |
| **٤-١-٢ تەور** | **٢٩٧** |
| ٤-١-٢-١ جۆرەكانی تەور | **٢٩٧** |
| ٤-١-٢-١-١ تەوری دوولارێك | **٢٩٨** |
| ٤-١-٢-١-٢ تەوری یەك لارێك | **٢٩٨** |

| | |
|---|---|
| ٤-١-٢-١-٣ تەوری کونداری شێوە چاو | ٢٩٩ |
| ٤-١-٢-١-٤ تەوری شێوە سەرەوخوار | ٢٩٩ |
| ٤-١-٢-١-٥ تەوری شێوەی سەرپان | ٢٩٩ |
| ٤-١-٢-١-٦ تەوری دەم باوەشێن | ٣٠٠ |
| **٤-١-٣ خەدەنگ** | ٣٠٦ |
| **٤-١-٤ تیروکەوان** | ٣٠٨ |
| **٤-١-٥ خەنجەر** | ٣١٠ |
| ٤-١-٥-١ جۆرەکانی خەنجەر | ٣١١ |
| ٤-١-٥-١-١ خەنجەری شەش کون | ٣١١ |
| ٤-١-٥-١-٢ خەنجەری سێ کون | ٣١١ |
| ٤-١-٥-١-٣ خەنجەری دوو کون | ٣١٢ |
| ٤-١-٥-١-٤ خەنجەری یەك کون | ٣١٢ |
| ٤-١-٥-١-٥ خەنجەری بێکون | ٣١٢ |
| ٤-١-٥-١-٦ خەنجەری دەسك شکاو | ٣١٣ |
| ٤-١-٥-١-٧ شێوەکانی تر | ٣١٣ |
| **٤-١-٦ چەقۆ** | ٣١٨ |
| **٤-١-٧ شمشێر** | ٣٢٠ |
| **٤-١-٨ گورز** | ٣٢١ |
| ٤-١-٨-١ جۆرەکانی گورز | ٣٢٢ |
| ٤-١-٨-١-١ گورزی گۆپکەدار | ٣٢٢ |
| ٤-١-٨-١-٢گورزی بێ گۆپکە | ٣٢٢ |
| ٤-١-٨-١-٣ گورزی شێوە نەزانراو | ٣٢٣ |
| **٤-١-٩ هەگبە** | ٣٢٤ |
| **٤-١-١٠ ئالاّ** | ٣٢٥ |
| **٤-١-١١ جلوبەرگ (پۆشاك)ی سەربازی** | ٣٢٦ |
| ٤-١-١١-١ تەنوورەی کورت | ٣٢٦ |
| ٤-١-١١-١-١ تەنوورەی کورتی سادە | ٣٢٦ |
| ٤-١-١١-١-٢ تەنوورەی لێوار نەخشێنراو | ٣٢٧ |

| | |
|---|---|
| ٤-١-١١-١-٣ تەنوورەی قات قات | ٣٢٧ |
| ٤-١-١١-١-٤ تەنوورەی پێچ خواردوو | ٣٢٧ |
| ٤-١-١١-٢ تەنوورەی درێژ | ٣٢٧ |
| ٤-١-١١-٢-١ تەنوورەی سادەی درێژ | ٣٢٧ |
| **٤-١-١٢ سەرشان** | ٣٢٨ |
| **٤-١-١٣ پۆشاکی سەر** | ٣٢٨ |
| ٤-١-١٣-١ جۆرەکانی پۆشاك | ٣٢٩ |
| ٤-١-١٣-١-١ پۆشاکی نیوە گۆیی | ٣٢٩ |
| ٤-١-١٣-١-٢ پۆشاکی گوێچکە داپۆشەر | ٣٢٩ |
| ٤-١-١٣-١-٣ پۆشاکی شاخدار | ٣٢٩ |
| **٤-١-١٤ پشتوێن** | ٣٢٩ |
| **٤-١-١٥ پێڵاو** | ٣٣٠ |
| **٤-١-١٦ گالیسکەی جەنگی** | ٣٣١ |
| **کرۆنۆلۆجیای پارچە باسکراوەکان** | ٣٣٢-٣٦٨ |
| دەرئەنجام | ٣٦٩-٣٧١ |
| سەرچاوەکان | ٣٧٢-٣٩٦ |
| پوختە | ٣٩٧ |
| الملخص | ٣٩٩ |
| Abstract | ٤٠١ |

# ليستى كورتكراوەكان

*AAAS* — *Les Annales Archéologiques Arabes Syriennes*

*AJA* — *American Journal of Archaeology*

*BaM* — *Baghdader Mitteilungen*

*CAD* — *The Assyrian Dictionary of the University of Chicago*

*DAI* — *Des deutschen Arcrchäologischen Instituts*

*IRAQ* — *Journal of The British Institute for the Study of Iraq*

*JNES* — *Journal of Near Eastern Studies*

*MDOG* — *Mitteilungen der Deutschen Orient*

*RlA* — *Reallexikon der Assyriologie*

*SCCNH* — *Studies on the Civilization and Culture of Nuzi*

*ZA* — *Zeitschrift für Assuriologie*

*AfO* — *Archiv für Orientforschung*

*WZKM* — *Wiener Zeitschrift für die Kunde des Morgenlandes*

*SMEA* — *Studi Micenei ed Egeo-Anatolici*

*UAVA* — *Untersuchungen zur Assyriologieund Vorderasiatischen Archäologie(Berlin)*

# پێشەکی

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بەپێی پێداویستییەکانی ژیانی، ئامێری جۆراوجۆری دروستکردووە، یەکێك لەو ئامێرانە چەك بووە, گرنگیی ئەم بابەتەش لەم خاڵەوە دەستپێدەکات کە باس و لێکۆڵینەوەیە دەربارەی یەکێك لە پێداویستییەکانی مرۆڤ کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاو لە داهاتووشدا نەیتوانیووە و ناتوانێت دەستبەرداری بێت ئەویش چەك و ئامێری جەنگ و بەرگریی لەخۆکردنە, ئەمە جگە لەوەی کە ئەم بابەتە باسی مێژووی کۆنی کوردستانە کە وولاتی خۆمانە و پێش هەموو کەسێك پێویستە ئێمەی کوردستانیی توێژینەوە لەسەر قۆناغە جیاوازییەکانی خاك و میلەتی خۆمان بکەین.

## گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم بابەتە لەوە دایە کە مێژووی چەك وپێداویستی جەنگی لە کوردستان دەردەخات و کونترین و گرنگترین ئەو چەك و پێداویستیانەی جەنگی نیشان دەدات کە لەم وڵاتەدا دروستکراون و بەکارهاتوون. لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە چونکە پێشتر لێکولینەوەی لەم جۆرە لەکوردستان نەکراوە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرخستنی ئەو چەکانەیە کە لەوکاتەدا باو بوون و بەکارهاتون، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانین چەك و پێداویستی جەنگی پۆلێن بکەین و لەو ریەوە ئەو چەکانەمان بۆ دەردەکەوێت کە خۆیان دروستیانکردووە یاخود لەرێی بازرگانییەوە کڕاون، یاخود مادە کانزاییەکەیان هەر لە ڕێی بازرگانییەوە دەستکەوتووە.

## چوارچێوەی توێژینەوەکە

### لەڕووی بابەتەوە

لەم توێژینەوەیەدا باسی چەك و پێداویستییەکانی جەنگ کراوە و تەنیا جۆری ئەو چەکانەی کە لەماوەی توێژینەوەکەدا هەبووە و مرۆڤ بەکاریهێناوە و بۆ ئێمە ماوەتەوە. بەڵام, ئەوەی جێی باسە چەك جۆر و ژمارەی زۆرە و بەپێی شوێن وکاتیش دەگۆڕێت، ئەوەی ئێمە باسمانکردووە تەنیا ئەو جۆر چەکانەیە کە لە سەرچاوە شوێنەوارییەکاندا بینراوە, سەرچاوەکانیش (ئامێری کەل پەلی جەنگیی ودیمەنەکانی سەر هەڵکۆڵراوەکان ومۆرەکان)ن, ئەگەرنا چەندین جۆری

چەك و تفاقی جەنگی هەن وەك (پەیژەی جەنگی و بەرانی جەنگی و بەلەمی جەنگی و تۆڕ و مەنجەنیق,...هتاد) بەڵام لەبەرئەوەی هیچ نموونەیەكی ئەو جۆرانەمان دەستنەكەوتووە, لە ناوچەی توێژینەوەكەدا بۆیە ئاماژەمان پێیان نەكردووە.

## لەڕووی كاتەوە

ئەم توێژینەوەیە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە تا كۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. باسدەكات, بەڵام لەبەر پێداویستی توێژینەوەكە، ئاماژەیەكی كورتمان بە سەردەمەكانی پێش مێژوو داوە.

## لەڕووی شوێنەوە

لەم توێژینەوەیەدا كوردستان وەرگیراوە، واتە ئەو دەوڵەت و شارستانیانەی كە لەسەر زەمینی كوردستان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. هەبون، لەڕووی دابەشبوونی جوگرافییەوە سنووری ئێستای كوردستانمان وەرگرتووە و لە بەشی رۆژئاوای كوردستانەوە دەستمپێكردووە وپاشان باشوری كوردستان لەوێشەوە بۆ بەشی رۆژهەڵات و بە باكوری كوردستان كۆتایی دێت.

## پەیكەری توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێكدێت، دوای پێشەكیی بەشی یەكەم دەستپێدەكات كە باسی چوار بابەت دەكات، **یەكەمینیان** باس لە كورتەیەكی جوگرافیی ناوچەی توێژینەوەكە كراوە. پاش ئەوە باس لەپوختەیەكی مێژوویی بۆ چەك و پێداستی جەنگیی لە هەمان ناوچە لە پێش هەزارەی سێیەمی پ. ز. كراوە و لە باسی سێیەمدا پوختەیەكی كورتی مێژوویی لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. لە كوردستان كراوە.لە باسی كۆتاشدا باسێكی كورتی كانزاكاری لە كوردستان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. كراوە.

**بەشی دووەم**, كە بە ناونیشانی چەك و پێداویستی جەنگییە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز.، چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت، باسی سیانزە جۆری چەك دەكات هەر یەكەیان باس لە دۆزراوەكان و هەڵكۆڵراوەكان و سەر جێمۆرەكان دەكات و بە وردیی باسی چەكەكان دەكرێت.

**بەشی سێیەم**, کە ناونیشانەکەی چەك و پێداویستی جەنگییە لە هەزارەی دووەمی پ.ز.، لە شانزە باس پێکدێت، ئەویش بەهەمان شێوە باس لە دۆزراوەکان و هەڵکۆڵراوەکان و سەر جێمۆرەکان دەکات و بە وردیی باسی چەکەکان دەکرێت.

**بەشی چوارەم** لەم بەشەدا لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی وردی چەك و پێداویستی جەنگییە لە هەردوو هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. و خشتەیەکیش بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە کراوە، بە چەند دەرئەنجامێك کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

# ١- بەشی یەکەم

## ١-١ پوختەیەك دەربارەی جوگرافیای کوردستان

کوردستان کەوتووەتە ناوچەیەکی فرە گرنگ و پڕ بایەخی جیهانەوە.[١] دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، گومانی تێدا نییە کە یەك وڵاتە, بەڵام لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم, لەنێوان ووڵاتانی (تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا، ئازەربیجان)[٢] دابەشکراوە, رووبەری کوردستان بە (٥٠٠٠٠٠) کم٢ دادەنرێت.[٣] بەشی گەورەی زەویی کوردستان کە باکوور و باکووری رۆژئاوایەتی بەر دەوڵەتی تورکیا کەوتووە و بەشی رۆژهەڵاتی دەکەوێتە دەوڵەتی ئێرانەوە و بەشی باشووریشی لە عێراقدایە و بەشێکی کەمی کە باشووری رۆژئاوایەتیی دەکەوێتە دەوڵەتی سوریاوە و کەمترین بەشیشی کە لە باکووری رۆژهەڵاتییەتی دەکەوێتە ئازەربیجانەوە. لەڕووی جوگرافیاوە توێژەران پێیانوایە کە وڵاتی کوردستان لە رۆژهەڵاتییەوە لە دەریاچەی ورمێ دەستپێدەکات و رۆژئاوای بریتییە لە کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست و لە باکووریشەوە بە چیای ئاگری (ئارارات) دەستپێدەکات تا لە باشوورەوە بە لوڕستان دەگات.[٤]

کوردستان یەکێکە لە کۆنترینی ئەو وڵاتانەی لە کۆنەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە، لەم رووەشەوە بە لانکەی مرۆڤایەتیی دەژمێردرێت، بەڵگەی ئەمەش دۆزینەوەی چەندین ناوچەی شوێنەوارییە لەم خاکەدا، کە مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە, کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەڕووی سامانی ئاوی، ئەمەش بەهۆی چەندین رووبار و لقە رووبار و زێ و

---

[١] کۆڕاز, *جوگرافیای سروشتی کوردستان*، سلێمانی، چاپخانەی ئەزمەر, ١٩٩٧, ل. ٧.

[٢] غەفور، عبداللە، *جوگرافیای کوردستان*، چاپی دووەم, ئۆفسێتی سەردەم, هەولێر، ٢٠٠٥، ل. ١٥. پێشتریش خاکی کوردستان بووە گۆڕەپانی شەڕی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیی وصەفەوی لە شەڕی چالدێران (١٥١٤ز ) لە نێوان ئازەربیجان و تەبریز. بڕوانە: مکدول, دیفید, *تاريخ الأكراد الحديث*, ت: راج ال محمد, الفارابي, بيروت, ط١, ١٩٩٦, ص. ٦٤-٦٦.

[٣] غەفور, عبداللە, *جیۆگرافیای باشوری کوردستان*, سلێمانی, رەنج, چ١, ٢٠٠٩, ل. ١٢; تأريخ الكورد و كوردستان، مقال منشور على الموقع الالكتروني الرسمي لحكومة أقليم كوردستان والمتاح على هذا الرابط:

http://cabinet.gov.krd/p/p.aspx?l=14&p=255 (1-1-2016)

[٤] الداودي، رمضان شريف، *لورستان الكبرى, دراسة في أحوالها السياسية والحضارية*، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، أربيل، ٢٠١٠، ص. ٢٥.

دەریاچە وەك رووبارەكانی دیجلە و فورات و دەریاچەی وان.[٥] ژێر زەمینی كوردستان وەك سەر زەوییەكەی بە بوونی چەندین سامانی سروشتیی جۆراوجۆری وەك: خوێی بەردین و فۆسفۆر و ئاسن و قورقوشم و ئاڵتوون و نەوت و گازی سروشتیی، دەوڵەمەندە.[٦]

زنجیرە چیای زاگرۆس زۆرترین رووبەری ناوچە شاخاوییەكانی كوردستان دەگرێتەوە و بەرزترین لوتكەی ئەم زنجیرەیەش (٥٠٩٨)م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە.[٧] لەبەرئەوەی ناوچەی كوردستان ناوچەیەكە لەڕووی بەرزونزمییەوە شاخ و دەشتی تێدایە, هەربۆیە ئاووهەوای ناوچەیەكی لە ناوچەیەكی تری جیاوازە، چونكە ئاووهەوا یەكێكە لەو فاكتەرە سەرەكییانەی كاریگەری راستەوخۆ لەسەر رووی زەوی لەڕووی جۆر و دابەشبوونی جوگرافی و رووپۆشی رووەك و ئاژەڵ و جیاوازیی خاك وكشتوكاڵ و چالاكی مرۆیی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر بەجێدەهێڵێت,[٨] ئەمەش وایكردووە كە خاكێكی دەوڵەمەند و بەپیتی هەبێت كە جۆرەها لە دارودرەخت و گژوگیا و میوە و سەوزەی تێدابێت، لەڕووی ئاژەڵداریشەوە ئاژەڵی ماڵیی وەك وڵاخ و مەڕ و بزن و ماڵاتی زۆرە.[٩] هەروەها لەڕووی كەشوهەواوە كوردستان لە وەرزی زستاندا زۆر سارد و باراناوییە و هەندێك جار پلەی گەرمای بۆ پلەی ژێر سفری سەدی دادەبەزێت، بەتایبەتیی لە ناوچەكانی باكووری ناوەڕاستدا, لە وەرزی هاوینیشدا بە پێچەوانەوە پلەی گەرما بۆ (٤٠) پلەی سەدی بەرز دەبێتەوە و لە بەهار و پاییزیشدا پلەی

---

[5] Ahmed, K. M., *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500BC) A Historical and Cultural Synthesis*, Leiden, 2012, p. 7.

[٦] كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ, *جێوگرافیای هەرێمی كوردستان*, و: سەنتەری برایەتی, چ ٢، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان, هەولێر، ١٩٩٩, ل ١٥٥-١٦١.

[7] Ahmed, *op. cit.*, p. XV.

[٨] ئەمین, هاوڕێ یاسین محمد, *لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق*, سلێمانی, چاپی یەكەم, ٢٠١١, ل ٥٨.

[٩] بەگ، جەلال ئەمین، *جوگرافیای كوردستان*، ئۆفسێتی روون، سلێمانی, ١٩٨٨، ل ٨٧-٨٩.

گەرما مامناوەندە و کەمەکەمەش بارانە.[١٠] ئەم گۆڕانکاریانەش نەك لەسەر سروشت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر مرۆڤ و چالاکییەکانیشی هەبووە.[١١]

[١٠] بۆ شارەزابوون لەم بابەتە بڕوانە: کاکي، حسن، *کوردستان والأمة الكوردية* (بلا سنة طبع ولا مكان طبع) نسخة اونلاين، ص. ٢٦-٢٧.

[١١] ئەمین, سەرچاوەی پێشوو, ل. ٥٨.




**نەخشەی (١) ناوچەی لێکۆڵینەوەکە**

Ahmed, 2012, *op. cit.*, p. xxi.

# ١-٢ پوختەیەك دەربارەی مێژووی كوردستان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایینددا

**ئەگەر بمانەویت باسێکی کورتی مێژووی کوردستان بکەین ئەوا سەردەمێکی تاریك و نارِوون دەربارەی رۆژهەلاتی کوردستان هەیە, هەروەها زانیاریمان زۆر کەمە لەسەر باکووری کوردستان, لەبەرئەوەی بەلگەی نوسین زۆر کەمە لەو سەردەمەدا, بەلام زانیارییەکان دەربارەی رۆژئاوا و باشووری کوردستان لە بەردەستن, ئەویش دەربارەی پێکهێنانی یەکەی سیاسی گەورەتر و ئالۆزتر لە میرنشینی بچووك، بەلام بچووکتر و سادەتر لە دەولەت. ئەم پەرەسەندنانەش رێگە خۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی دەولەت لە کوردستانی کۆندا، کە لە دەشتاییەکان و دامێنەکانی چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆسدا درووستبوو و شاری گەورەی وەك گاسور (یۆرغان تەپە)[١٢] لە نزیك کەرکوك، ئوربیلوم (هەولێر) و ئورکیش Urkeš (گردی مۆزان)[١٣] و گردی لەیلان (شێخنا Seḫna/شوبات ئینلیل) لە رۆژهەلاتی قامیشلۆ و**

---

[١٢] **یۆرغان تەپە:** گردێکی شوێنەوارییە و دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای شاری کەرکوك, لەسەردەمی ئەکەدییدا پێیدەوترا گاسور (Gasur), لەسەردەمی بلاوبوونەوەی خووری ناوی ئەم شارە بوو بە نووزی, ئەو دەقانەی کە لە یۆرغان تەپە و ئەو دەقانەی کە لە تەپە عەلی دۆزراونەتەوە ئەوە دەردەخەن کە نوزی بەشێك لە شانشینی ئارابخا بووە کە ئەمانیش سەر بەئیمپراتۆرییەتی میتانی بوون و بوون بەپایتەختی رۆژهەلاتی میتانی، هەر بەپێی ئەو دەقانەش لەسالّی (١٣٤٠ پ. ز.) نوزیی لەلایەن ئاشورییەکانەوە وێرانکراوە, هەردوو زانکۆی (هارڤارد و پنسلڤانیا)ی ئەمریکی و مۆزەخانەی عێراق لە سالّانی (١٩٢٥-١٩٣١) هەلّکۆلینیان تێدا کردووە و ئەوە دەرکەوتووە کە ژیان لەم ناوچەیەدا لە ماوەی نێوان کۆتاییەکانی سەردەمی حەلەف تا سەردەمی ساسانی بەردەوام بووە. بڕوانە: مورتکات، أنطون، *الفن في العراق القديم*، ت: عيسى سليمان وسليم التكريتي, بغداد، ١٩٧٥, ص. ٣٢٤ ;

Novák, M., Mittani Empire and the Question of Absolute Chronology some Archaeological Considerations, *The Synchronisation of Civilisations in the Eastern Mediterrean in the Second Millennium B.C. III*, e.d. Bietak, M. and Hermann, H. Vol. IX, 2007, p. 390; Mühl, S., *Siedlungsgeschichte im mittleren Osttigrisgebiet*, Vom Neolithikum bis in die neuassyrische Zeit, Wiesbaen, 2013, p. 192; Wilheim, G., "Nuzi", *RLA*, Vol. 9. Berlin, (1998), p. 636; Stein, D. L., "Nuzi. B.", *RlA*, Vol. 9, Berlin, (1998), p. 639.

[١٣] **گردی مۆزان:** گردێکی شوێنەوارییە لە ولاّتی سوریای ئێستا، ئەم گردە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری قامیشلی بەدووریی (٢٠کم) و ٥کم لەرۆژهەلاّتی شارۆچکەی عامودێیە و ١٠٠کم لە باکووری شاری حەسەکە دوورە، رووبەرەکەی نزیکەی ٣٠٠٠٠٠م$^2$ دەبێت و درێژی گردەکە ٦٠٠م و بەرزییەکەی ٢٨م، یەکەمجار لەلایەن شوێنەوارناسی ئینگلیزیی (ماکس مالوان Max Mallowan) لەسالّی ١٩٣٤

ناگار **Nagar** (گردی براك) لە خابوور و خەڕڕان (حەررانی ئێستا)ی لیَ بوو.[١٤] بەڵگەی نووسراو سەبارەت بە باکووری کوردستان لەسەرەتای هەزاری سێیەم لە بەردەستماندا نییە, بەڵام پێدەچێت کە ئەم بەشە لەژێر دەسەڵاتی خوورییەکان بووبێت.[١٥]

---

هەڵکۆڵینی سادە و سنووردارى تێداکراوە، بەڵام لەساڵی ١٩٨٤ تیمێکی ئەمریکی سەر بە زانکۆی لۆس ئەنجلۆس بە سەرپەرشتی (جۆرجیۆ بوچێلاتی Giorgio- Buccellati) و (مارلین کیلی بوچێلاتی Marilyn Kelly Buccellati) بە شێوەیەکی فراوانتر کارکردن تیایدا ئەنجامدراوە و چەندین چینی شوێنەوارییان تێدا هەڵداوەتەوە، دەرکەوتووە کە چەند سەردەمێکی جیاوازی تێدابووە، کۆنترینیان بۆ شارستانییەتی حەلەف دەگەڕێتەوە (هەزارەی شەشەمی پ. ز.) و پاشماوەی سەردەمی ئوروکی تێدایە لە (هەزارەی چوارەمی پ. ز.)، هەروەها هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. تێدایە, چینی سەرەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلامیی، لەساڵی ١٩٩٥دا دەرکەوت شاری ئورکیش (گردی مۆزان) لەم شوێنەوارەدایە و مێژووەکەی بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز. دەگەڕێتەوە، لەم ناوچەیەدا جیَ مۆری لوولەیی دۆزراوەتەوە، بەهۆی ئەو نووسینانەی لەسەر ئەم جیَ مۆرانە دۆزراونەتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە (توپکیش Tupkiš)، ناوێکی خوورییە، کۆنترین پاشایە کە لە گردی مۆزاندا لەساڵی (٢٢٨٠ پ. ز.) حوکمی کردبێت، هەروەها باسی هاوسەرەکەی توپکیش (ئوقنیتوم) و ئافرەتێکی تر کراوە کە ناوێکی ئەکەدیی هەیە ئەویش (تەرام ئەگادا)یە و (کچی نەرام سین)ە لە (نزیکەی ٢٢٤٠ پ.ز.)، کەوا دادەنرێت خێزانی پاشایەك بووە لە پاش توپکیش حوکمیکردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حاج درويش, نضال محمود, *مملكة أوركيش الخورية (تل موزان) دراسة تأريخية وأثرية*، قامشلو، ٢٠١٧، ص. ٤ ; سليمان، أنطوان وجورجيو و مارلين بوتشلاتي، أوركيش (تل موزان)، موضوع منشور في موقع (الموسوعة العربية) الالكتروني والمتاح على هذا الرابط:

http://arab-ency.com/ar/ (6/10/2016)

هەروەها بڕوانە:

Buccellati, G. and Kelly- Buccellati, M., *Tell Mozan, The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East*, Vol. 4, New York, 1997, p. 60; Buccellati, G. and Kelly Buccellati, M., *Tell Mozan, Ancient Urkesh: A visitor's guide*, September, 2007, p. 7-14.

[١٤] ئەحمەد, کۆزاد محمد, *کورتە مێژوویەکی کوردستان لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان*, بڵاونەکراوە, ٢٠١٦, ل.٥.

لەم سەردەمەدا شارستانی **نەینەوای** پێنج سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە.[١٦] لەدوای **نەینەوا** پێنج دەشتە فراوان و بەپیتەکان بوون بە شارە گەورەکان و دەشتاییەکانی کوردستان بوون بە چەقی قەوارەی سیاسیی هاوشێوەی باشووری میسۆپۆتامیا, واتە هەر شارێك بۆ خۆی دەوڵەتێك بوو، پەیوەندیی نێوان ئەو شارە دەوڵەتانە هەندێکجار دۆستانە و هەندێکجاریش دوژمنکارانە بووە، بەهەرحاڵ لەو ماوەیەدا فەرهەنگێکی یەکگرتوو پەرەی سەندبوو و زۆریش بڵاوبوو کە لە باشووری قەوقازەوە تا رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ناوچەی دەوروبەری وورمێی گرتبووەوە.[١٧]

ناوچەکانی **نۆرشون تەپە** و **ئەرسەلان تەپە** و **پولور** بە گەورەیی و فراوانیی رووبەریان جیادەکرانەوە، ئەمەش بە سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەت لە ناوچەی کوردستانی باکوور لە دەوروبەری ساڵی (٢٣٠٠پ. ز.) دادەنرێت، ناوچەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و باکووری میسۆپۆتامیا کەوتنە بەر پەلاماردانی ئەکەدییەکان، بە جۆرێك کە تەختەودار و کانزاکانی ئەم ناوچەیە مایەی چاوتێبڕین بوون.[١٨] هەرچەندە لە میسۆپۆتامیادا لە دوا بەشی سەردەمی **ئوروکدا** نووسین داهێنرا (لە دەورووبەری ٣٢٠٠ پ. ز.)، بەڵام چەندین سەدەی ویست تا دەست بە

---

[15] Eid, V., *Im Land des Ararat, Völker und Kulturen im Osten Anatoiens*, 2006, p. 21.

[١٦] **گڵێنەی نەینەوا پێنج** بەگڵێنەی رەنگاوڕەنگ دەناسرێتەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم گڵێنەیە لە رۆژهەڵاتدا گەیشتە گردی بێلا (رۆژهەڵاتی خۆرسباد) و قەصری شەمامۆك لە باشوور، لە گرد نەمل لە ناوەڕاستی باکوری رۆژئاوای کەرکوك نزیك شارۆچکەی الفتحە، لەو شوێنەی ئاوی زێی خواروو دەچێتە ناو رووباری دیجلە, گڵێنەی نەینەوا و گڵێنەی سوور (قرمزی) دۆزراوەتەوە، هەروەك لە گۆڕ و لە بینا بازنەییەکانی (دیالە و حەمرین و رۆژئاوای زاگرۆس)شدا دۆزراوەتەوە، لە بینا بازنەییەکانی گردی فارسدا دیسان گڵێنەی سوور (قرمزی) و چەند پارچەیەکی گڵێنەی نەینەوا بینراوەتەوە، بەڵام لە گردی صەبری و گردی کوبا لە حەمرین گڵێنەی تێکڵ دۆزراوەتەوە، کە رەنگە لە رێی بازرگانییەوە هاتبێت، بوونی گڵێنەی سووری (قرمزی)ش لە گرد براك و گرد مۆزان رەنگە لەبەر هەمان هۆ بێت و ناوچەی باکووری رۆژئاوای زێی بچووکیش ناوچەیەکی تێکەڵە لە گڵێنەی لمی و گڵێنەی نەینەوا، ئەم گڵێنانە بۆمان دەردەخات کە شارستانیی نەینەوا پێنج لەم شوێنانە بڵاوبونەتەوە. بڕوانە:

Mühl, *op. cit.*, p. 112-113.

[17] Eid, *op. cit.*, p. 21.

[18] Eid, *op. cit.*, p. 21.

نووسینی دەقی مێژوویی کرا (سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان)، لە دەقە هەرە کۆنەکاندا بۆ یەکەمجار ناوی **سوبیر** کە پاشتر بووەتە **سوبارتو Subartu**،[١٩] بەرچاوماندەکەوێت کە کۆنترین ناوی تۆمارکراوی خاکی کوردستانە بەزمانی ئەکەدی نوسرابێت, لە سەردەمی ئەکەدییدا (٢٣٣٤-٢١٥٤ پ. ز.) و بەدەرکەوتنی **سارگۆنی ئەکەدیی Sargon** (٢٣٣٤-٢٢٧٩پ. ز.) و کوڕەزاکەشی **نەرام-سین Narâm-sîn** لە نووسینەکانی فەرمانڕەوایانی ئەم سەردەمەدا، ناوی هەندێك لەو گەل و نەتەوانەی کوردستانی کۆنمان بەرچاودەکەوێت لەوانەش وڵاتی **کاکموم Kakmum** و **خەمازی Ḫamazi** و **ئاوان** و گەلانی بەناوبانگی وەك **گووتییەکان** ,[٢٠] هەروەها **لوللوبییەکان Lullubum**،[٢١] هەرچەندە بەهۆی نەبوونی دەقەوە، زانیاریی زۆر کەممان دەربارەی ئەم گەلانە هەیە.[٢٢]

---

[١٩] **سوبارتو**: تائێستا کۆنترین ناوی زانراوی کوردستانی ناوەڕاستە لەرێیی سەرچاوە نوسراوەکانەوە, ئەم ناوە لە ناوی جوگرافییەوە وەرگیراوە کە لە بنەرەتدا سوبیر یان سوبور یان سوبارتو بووە، ئەم ناوەش لە بنچینەدا بەو ناوانە وتراوە کە کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی دیجلە، واتە بە نزیکی ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەی دواتر پێیوتراوە ئاشور, بەڵام لەسەردەمی نەرام-سین دا ناوی سوبارتو بۆ تەواوی ناوچەی باکووری میسۆپۆتامیا بەکارهاتووە, کە کەوتۆتە نێوان (دیجلە و بالیخ)ـەوە، ئەمەش وای لە توێژەران کردووە کە بڵێن سوبارییەکان ئەو گەلە کۆنەن کە لە باکووری میسۆپۆتامیادا ژیاون, هەندێکیش وایدادەنێن کە زمانی خووریی زمانی سوبارییە, بەتایبەت کە خوورییەکان لە باکوری میسۆپۆتامیادا دەرکەوتوون, بەڵام ئەو ویرد و نزا نوسراوانەی بە زمانی سوباریی ماونەتەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە زمانی خوررییەوە نییە و لە زمانی عیلامییەکانەوە نزیکە. بڕوانە: حاج درويش، *مملكة أوركيش الخورية*..... , ص٧. بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە: ئەحمەد, کۆزاد محمد, *کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز.دا*، سلێمانی، بنکەی ژین, ٢٠٠٧, ل.٤٦-٥٢.

[٢٠] **گووتییەکان** لقێکن لە نەتەوە دێرینەکانی کوردستان کە لە ناوەڕاستی زنجیرە چیای زاگرۆس، لەو ناوچانەی کە کەوتووەتە باشووری دەشتی شارەزوور ژیاون و نیشتەجێبوون، ئاراپخا، کە کەرکوکی ئێستایە، سەنتەری نیشتەجێبوونیان بووە. بڕوانە: رشيد، جمال أحمد - رشيد, فوزي، *تأريخ الكرد القديم*، أربيل، ١٩٩٠، ص. ٥٣. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گوتییەکان بڕوانە: ئەحمەد, *کوردستانی ناوەڕاست*..... , ل. ٦٤-٧٤.

[٢١] **لوللوبییەکان** گەلێکی کۆنی کوردستانن، بەشێوەیەکی گشتیی لە دەشتی شارەزوور و بەتایبەتیش لە دەوروپشتی شاری سلێمانیی (قەرەداغ) نیشتەجێبوون، لە ڕێی دەقەکانی ئاراپخاوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم گەلە نزیکترین دراوسێی ئاراپخا بوون لە رۆژهەڵاتەوە, بەڵام دیاکۆنۆف دەڵێت: ناوچەی نیشتەجێبوونیان

لەمکاتەدا سەردەمێکی نوێی داگیرکاریی میسۆپۆتامیا دەستپێیکرد، پەلکێشان و فراوانبوونی ئەم شانشینە نوێیە هەندێك بەشی کوردستانیشی گرتەوە بەتایبەتیی رۆژهەڵاتی دیجلە، هەرچەندە نووسینە شاهانەکانی **سارگۆن** هیچ باسێکی لەشکرکێشیی لەم ناوچە و سەرزەمینەدا ناکەن،[٢٣] لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك دەقدا کە پاشتر لە بارەی سەردەمی فەرمانڕەواییەکەی **سارگۆنەوە** نووسراونەتەوە ناوی **سیموروم** و **ئارابخا** و **لوللوبوم** و **گووتیوم** و **سوبارتو** و هیتر لە ریزی قەڵەمڕەوییەکەیدا تۆمارکراون. لە پاش **سارگۆن** هەردوو کوڕەکەی **ریموش** (٢٢٧٨-٢٢٧٠ پ. ز.) و **مانیشتوسو** (٢٢٦٩-٢٢٥٥پ. ز.)، سەبارەت بە داگیرکاریی و لەشکرکێشیی بۆ خاکی کوردستان، لەسەر هەمان پەیڕەو ڕۆیشتوون. **نەرام-سین** (٢٢٦٠-٢٢٢٣پ. ز.)ی جێنشینی **مانیشتوسو** لەشکرکێشییەکانی گەیشتونەتە وڵاتی **سوبارتو** تا دەگاتە سەرچاوەکانی فورات، سەرکەوتنەکەی بەسەر **لوللوبییەکاندا** کە لە میلی سەرکەوتنەکەیدا،[٢٤] بە نووسین و

---

فراوانتر بووە لەو ناوچەیەی کە باسکراوە، لە رووباری سیروانەوە تا دەریاچەی وورمێ بووە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: ئەحمەد, *کوردستانی ناوەڕاست....*, ل.٧٤ ;دیاکونوف, ئی.م., *میدیا*, و: بورهان قانع, ٢٠٠٨, سلێمانی, ل.١٤٩.

Schrakamp, I., Lullubi, R. Bagnan et al. (Hrsg.), *The Encyclopedia of Ancient History*, 2012, p. 4166-4167; Klengel, H., "Lullubum", *RlA*, Vol.7, Berlin, (1987-1990), p. 164.

[٢٢] ئەحمەد، *کورتە مێژوویەکی کوردستان....* ، ل. ٦.

[٢٣] ئەحمەد, *کوردستانی ناوەڕاست.....* ، ل. ١٣.

[٢٤] **میلی سەرکەوتنی نەرام-سین** گوزارشت لە جەنگێك دەکات کە پاشای ئەکەدی نەرام-سین دژی لوللوبییەکان کردویەتی، زانیاری زۆرە لەسەر پاشا نەرام-سین کە بەناوبانگترین پاشای ئەکەدییە لەساڵی (٢٢٦٠-٢٢٢٣ پ. ز.) حوکمیکردووە و ناوەکەشی بە مانای "خۆشەویستیی (خواوەند) سین" دێت، چەند ناوبانگێکی هەیە وەك: پاشای ئەکەد و پاشای هەرچوارلای جیهان، ئەم پاشایە ٣٧ ساڵ حوکمی کردووە. ئەم میلە لە بەردی لمی هەڵکۆڵراوە و ڕەنگی سورباوی هەیە و دوو مەتر بەرزە و مەترێك پانە و لوتکەکەی چەماوەتەوە، لە شاری سیپار کە شاری خواوەندی خۆر (شەمەش) بووە ئەم میلەی دانابوو، ئەم میلە لەلایەن شایل دۆزراوەتەوە لە شاری سوسە کە لەلایەن شوتروك ناخونتێ پاشای عیلامییەکان وەك دەسکەوتی شەڕ گوازراوەتەوە بۆ سوسە, ئێستا لە مۆزەخانەی (لۆڤەر)ە لە پاریس. بڕوانە: لوید، سیتون، *آثار بلاد الرافدين من العصر الحجري القديم حتى الغزو الفارسي*، ت: محمد طلب، دار دمشق للطباعة

به نەخش تۆماری کردووە لەو دەقانەی کە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕنەوە ناوی چەندین گەل و ناوچە ریزکراون کە لە گەلانی کۆنی کوردستان بوون وەك **سیموروم/ شیموروم**، پێدەچێت (ناوچەی **کەلار** و **کفریی** ئێستا بێت) و نامار (قەسری شیرین).[٢٥]

لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی **شارکالیشەری Šār-kali-šarrī** (**٢٢١٧-٢١٩٣ پ. ز.**)، **گووتییەکان** کەوتنە جموجوڵی سەربازیی لە دژی **ئەکەدییەکان**[٢٦] و توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی دواین پاشای ئەکەدیی **شودورول** Šū-durul (**٢١٦١-٢١٥٤** پ. ز.) بهێنن و خۆیان فەرمانڕەوایی وڵاتی سومەر و ئەکەد بکەن، حوکمڕانیی ئەمانیش نزیکەی سەدەیەکی خایاند و لەو ماوەیەدا **٢١** پاشا حوکمیکردوون. زۆربەی سەرچاوەکان کە باسی **گووتییەکان** دەکەن بە دڕندە ناویان دەبەن لەبەرئەوەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دەقەکەی ئوتوخێگال.[٢٧]

---

والصحافة والنشر، ط١ ، ١٩٩٣، ص. ١٩٨; مظلوم، طارق عبد الوهاب، النحت من عصر فجر السلالات حتى العصر البابلي الحديث، *حضارة العراق*، ج ٤، بغداد، ١٩٨٥،ص. ٤٣; خليل، غيث حبيب، "مسلة (نرام-سين): دراسة تحليلية لمعطياتها الفنية والحضارية"، *آداب الفراهيدي ١٣* ، جامعة تكريت، (٢٠١٢)، ص. ١٥٥;

Hansen, D. P., Art of the Akkadian Dynasty, *Art of the First Cities (The Third Millennium B.C. from the Mediterranean to the Indus*, ed. Joan Aruz, New York, 2003, p. 195.

[٢٥] ئەحمەد، *کورتە مێژوویەکی.کوردستان*... , ل. ٦.

[٢٦] كيرشباوم, ايفاكانجيك, *تأريخ الآشوريين القديم*, ت: فاروق اسماعيل, دار الزمان, ط ١, ٢٠٠٨, ص. ٣١.

[٢٧] **دەقەکەی ئوتوخێگال**: ئەم دەقە زۆر بە دڕندانە باسی لە گووتییەکان کردووە، بەڵام بەپێی روانینێکی ورد بۆ ئەم قۆناغە بۆمان دەردەکەوێت کە گووتییەکان بەسیستمی نامەرکەزیی وڵاتیان بەڕێوەبردووە و جۆرە فەرمانڕەوایەتییەکیان داوەتە شارە دەوڵەتە گەورەکانی میسۆپۆتامیا، وەك: شاری لەگەش کە گودیا فەرمانڕەوایەتی بەناوبانگترین بنەماڵەی ئەم سەردەمەی کردووە کە ئەویش بنەماڵەی لەگەشی دووەمە، ئوتوخێگال لە باشوری میسۆپۆتامیا (شازادەیەکی سۆمەری بوو و لە ژێر سایەی حوکمی **گووتیی** لەشاری **وەرکا** ماوەی حوکمی ٧ ساڵ فەرمانڕەوابووە و لەوانەیە هاوچەرخی گودیا فەرمانڕەوای لەگەش بوو بێت. بڕوانە: ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی*.... , ل. ٧-٨; القره داغي، رافدة عبد الله عبد الصمد، *كردستان العراق في التأريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الألف الثالث ق. م. حتى ٦١٢ ق. م.*، أطروحة دكتوراه في

لە نووسینێکی شاهانەی **گووتییدا** کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکرایەوە و بە یەکێك لە دەقە هەرەگرنگەکانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێت، باسی شەڕەکانی پاشای **گووتییەکان ئێڕڕیدوپیزیر Erridu-Pizir** دەکات،[٢٨] ناوی ئەو وڵاتانەی تێداهاتووە کە لەژێردەستی **گووتییەکاندا** بوون، لەوانەش وڵاتی **ئەکەد** و **سیموررروم** و **لوللوبوم** و **مادگا** (ناوچەی **تاوق** بەرەو باشووری رۆژهەڵات) و **هەولێر**( شایانی باسە ئەمە کۆنترین تۆمارە کە ناوی هەولێری تێدا هاتبێت)[٢٩].

بە راپەڕینێك لە دژی **گووتییەکان** کۆتایی بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی **گووتییەکان** لەسەر دەستی پاشای ئوروك لەساڵی **٢١١٦** پ. ز. دێت، پاشان بنەماڵەی سێیەمی ئور (**٢١١٢–٢٠٠٤** پ. ز.) دامەزرا.[٣٠]

ئەم سەردەمە بە زنجیرە شەڕێکی زۆر و لەشکرکێشیی یەك لەدوای یەك بۆ سەر خاکی کوردستان ناسراوە کە تێیدا فەرمانڕەوایانی ئوور هەوڵیانداوە کوردستان داگیربکەن و لەژێر رکێفی خۆیان بیهێڵنەوە و لە هەندێك شاڵاویاندا ناوچەکانی وەك دەشتی شارەزوور و دەشتی رانیە و هەولێر بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام هەرگیز دەسەڵاتیان جێگیر نەبووە و نەیانتوانیوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێننەوە.[٣١] لەکۆتاییەکانی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی ئووری

---

التأريخ القديم، غير منشورة, كلية العلوم الانسانية, جامعة السليمانية، ٢٠٠٨, ص. ٥٥. بۆ دەقەکەش بڕوانە: باقر, *مقدمة في تأريخ الحضارات*......, ص. ٤١٤ ;

Pritchard, J. B., *Ancient Near Eastern Texts*, New Jersey, 1969, p. 306.

[٢٨] **ئێڕڕیدوبیزیر** Erridu-Pizir: یەکێکە لە پاشا گەورەکانی گووتییەکان، بەڵام ناوی لە لیستی پاشایانی سۆمەری نەهاتووە، لەبەرئەوە گرانە کە ناسنامەی ئەم پاشایە بەبێ ناو دیاریبکەین، بڕوا وا بووە کە دەستنووسە کۆنەکەی لیستی پاشایانی گووتییەکان بەبێ مەبەست فەوتاوە و کاتێك سەرلەنوێ نوسراوەتەوە ناوی ئەم پاشایە نەنوسراوە، یاخود بڵێین بەبێ ناو تۆمارکراوە، بەڵام بەکارهێنانی نازناوی پاشای گووتییەکان و پاشای هەرچوارلا لە نوسینەکانی ئێڕڕیدوپیزیردا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پاشای گووتییەکان بووە. بڕوانە:

Ahmed, *op. cit.*, p. 127-128.

[٢٩] ئەحمەد، *کورتە مێژوویەکی.کوردستان*... , ل. ٨.

[٣٠] بەڵام لە ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیا ناویان لەسەرچاوە نوسراوەکان هەر دێت تا سەردەمی **کۆرشی هاخامنیشی** لەساڵی **٥٣٩** پ. ز. بڕوانە:

Pritchard, *op. cit.*, p. 306.

[٣١] ئەحمەد، *کورتە مێژوویەکی*..... , ل. ٨.

سێیەم لە پێش (٢٠٠٤پ. ز.) سستیی و لاوازیی کەوتە جەستەی دەوڵەت و هەندێك شانشینی بچووکی لێکەوتەوە کە توانییان دەسەڵاتێکی ناوخۆیی دروستبکەن.[٣٢]

**خوورییەکان** وەك هێزێکی سیاسی و سەربازی گەورە دەرکەوتن,[٣٣] چەندین دەوڵەت و میرنشینیان هەبوو، رەنگە دیارترینیان سیمورووم بێت کە لە راستیدا گومانی زۆر هەیە ئەو گردە بوویێت کە قەڵای شێروانەی لەسەر دروستکراوە لەباشووری شاری **کەلار**، لەسەردەمی **ئیددین**–سین,[٣٤] گەیشتە لوتکەی فراوانبوونی لە ناوچەی سەرپێڵ زەهابەوە لە باشوورەوە تا ناوچەی بێتواتە لە **رانیە** لە باکوورەوە و لە رۆژهەڵاتەوە تا نزیك **کرماشان**، ئەم پاشایە توانیویەتی شەپۆلێك کۆچبەری ئاموری (سامی رەگەز)، کە هەوڵی زۆریان داوە بە زەبری هێز بێنە کوردستانەوە، بشکێنێت و پاشەکشەیان پێبکات,[٣٥] هەندێك لەوانە لەکوردستاندا بوون هێزە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە لەگەڵ سەردەمی بابلی کۆنی میسۆپۆتامیادا هاوچەرخە. **کاکموم Kakmum** و **سیمورووم** (یان **شیمورووم**) **Simurrum** (ئەمانە گروپێك یان چەند گروپێکی خووریی بوون) و **گووتییەکان**, پەیوەندییەکانی نێوان ئەم هێزانە هەندێکجار ئاشتیئامێز بووە و هەندێکجاریش شەڕ لەنێوانیان هەڵگیرساوە, لەڕێی دوو ئەرشیفەوە کە بریتین لە نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوانیان هەندێك لەو هەواڵانە دەزانین، هەرچەندە هەواڵی زۆرێك

---

٣٢ باقر, *مقدمة في تأريخ.....* , ص. ٤٤١.

٣٣ **خوورییەکان** لە گەلانی رۆژهەڵاتی دێرینن، گرنگیدان بە خوورییەکان لە سەدەی نۆزدەوە دەستیپێکرد لەبەر دۆزینەوەی شوێنەوارەکانیان، ناوی خوورییەکان بە (حوريم) لە تەوراتدا هاتووە، بەبێ ئەوەی لەڕووی زمانەوانیی و مێژووییەوە مەبەستی خوورییەکان بێت، واتای خوورییەکان تاوەکو ئێستا نەزانراوە، هەرچەندە کۆمەڵێك راڤەی جیاوازی بۆ کراوە بەڵام هیچیان پشتئەستوور نین بە بەڵگەی بەهێز. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئەحمەد, *کوردستانی ناوەڕاست*....,ل ٨٣–٩٠; فيلهلم، جرنوت، *الحوريون: تأريخهم وحضارتهم*، ترجمة وتعليق: فاروق اسماعيل، دار جدل، حلب، ط ١، ٢٠٠٠، ص. ١٧;

Salvini, M., "The Earliest Evidence of the Hurrians before the Formation of the Reign of Mittanni, Urkesh and the Hurrians, Studies in Honour of L. Cotsen, ed. Buccellati, G. and Kelly Buccellati", M., *Bibliotheca Mesopotamia*, Vol. 26, Malibu, (1998), p. 99.

34 Ahmed, *op. cit.*, p. 282.

٣٥ ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی.....* , ص. ٨.

لەو شەڕ و ڕووداوە سیاسییانە هێشتا زۆر هەڵدەگرێت. ئەرشیفی یەکەم بریتیەلە ئەرشیفەکەی شاری ماری و ئەوی تریشیان ئەرشیفەکەی شوشەڕایە (گردی **شمشارە** لە دەشتی **رانیە**), لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لەو سەردەمەدا شانشینی **توروکوم** "ئیتابالخوم **Itabalḫum**" بووە،[٣٦] **ئیتاباخوم** لەگەڵ **گووتیەکاندا** لەململانێیەکی سەختدا بوون بۆیە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ **عیلامیەکان** و شانشینی **ئەخازوومدا** پێکهێنا بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی **گوتییەکان** و **کاکمییەکان** کە لەبەرەی بەرامبەردا بوون شەڕ لەبەرژەوەندی **گوتییەکان** تەواو بوو **دەشتی رانیە** کە ئەوکات وڵاتی (**ئوتوم**)ی پێدەگوترا, **کواری** ناوێك فەرمانڕەوای بوو و سەر بە **ئیتاباڵخوم** بوو, ڕووبەڕووی مەترسیی وێرانکردن و تاڵانکردن لەلایەن **گووتییەکانەوە** بووەوە, لەبەرئەوە بەناچاریی زوو پەنای بۆ **شەمشی ئەدەد Šamšī-Adad** پاشای ئاشووریی برد کە لەوکاتەدا شاری **ئارابخا** و **قابرا**[٣٧] (نزیك شارۆچکەی **پردێی** ئێستا)ی **گرتبوو**.[٣٨] بەڵام ئەوەی دیارو ڕونە ئەو ڕۆڵە بنچینەیەیە کە **شەمشی ئەدەدی یەکەم** (**١٨٧٣-١٧٨١** پ.ز.)[٣٩] لە گۆڕینی دۆخی سیاسی لە کوردستاندا گێڕاویێتی, لە ساڵانی حوکمی دا توانی تەواوی ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیا تا دەگاتە فورات بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە, ئەم پاشایە پاش ئەوەی دەسەڵاتی فراوان بوو ڕێبازێکی نوێی گرتەبەر بۆ سەپاندنی دەسەڵات و سەروەری خۆیی

---

[٣٦] پایتەختەکەی شاری **کونشوم** بووە کە پێدەچێت نزیك دەریاچەی وورمێ بوو بێت، شانشینەکەیان لە یەکگرتنی چەند یەکەیەکی سیاسیی بچووکتر پێکهاتبوو. بروانە: ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی* ....، ل. ٩.

[٣٧] لەوانەیە گردی باقرتا بێت نزیك زێی خواروو لە دەشتی هەولێر.بڕوانە:

MacGinnis, J., *Erbil in the Cuneiform Sources, Kurdistan Regional Government Ministry of culture and youth*, Erbil, 2013, p.55

[٣٨] ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی* ....، ل.٩.

[٣٩] شەمشی ئەدەدی یەکەم هەڵمەتێکی دژی ئاشور لە ١٨٠٨ پ.ز.دەستپێکرد شارەکەی داگیرکردن و پاشاکەیان (ئێریشوم Erišum دووەم)ی دوورخستەوەو خۆی حوکمی گرتە دەست.بڕوانە: کیرشباوم, المصدر السابق، ص. ٣٨-٣٩.

ئەویش بەدانانی هەردوو کورەکەی خۆی,[٤٠] هەرچی خۆیشیەتی شاری **شێخنا** (**گردی لەیلان**) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شانشینەکەی,کردی بەبارەگای خۆی و ناوەکەی گۆڕی بۆ **شوبات ئینلیل** (واتا بارەگای خواوەند ئینلیل), هەروەها دەشتی **هەولێریش** بەشێك بووە لە شانشینەکەی.[٤١] پاش ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لەدژیان ڕاپەرین و کواریان لەناوبرد و ڕێگریانکرد لە ئاشورییەکان کە دەست بەسەر وڵاتەکەیاندا بگرن, پاشان **توروکییەکان**,[٤٢] توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشوورییەکەی **شەمشی ئەدەد** بهێنن و خۆیان جێگایان بگرنەوە و ئاشتی لەگەڵ **گووتییەکان** بچەسپێنن و دەوڵەتێکی بەرفراوان بنیادبنێن کە دواتر بوو بە بناغەی دەوڵەتی میتانیی.[٤٣] بەمەش هەموو هەوڵەکانی **شەمشی ئەدەدی** یەکەم شکستی خوارد لە سەپاندنی دەسەڵاتی ئاشوری بەسەر ناوچە شاخاوییەکاندا و زۆری نەخایاند پاش مردنی خۆی لە دەوروبەری **١٧٥٥** پ.ز.شانشینەکەی داڕما.[٤٤]

بەپێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان شانشینی میتانی پێش روخانی بابلیی یەکەم **١٥٩٥** پ.ز. دەردەکەوێت, لەوانەیە لەسەردەمی **سەمسو–ئیلونا Samsu- iluna** (کوری حامورابی) سەریانهەڵدابێت. شانشینی میتانیی سنوورەکەی لەنێوان ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست تا ڕۆژهەڵاتی زاگرۆس درێژ دەبووەوە و لەباکوورەوە لەچیای تۆرۆسەوە تا بابل بوو. شێوازی

---

[٤٠] ئیشمیَ–دەگان Išme- $^{d}$Dagan ی کوری کردە دەسەڵاتداری ئیکەللاتوم و بەشی ڕۆژهەڵاتی شانشینەکەشی, بەڵام یەسمەخ – ئەددو Iasmaḫ-$^{d}$Addu ی کوری کردە دەسەڵاتداری ماری و لەوێشەوە چاودێری ناوچەی دۆڵی فوراتی دەکرد. بڕوانە: کیرشباوم, *المصدرالسابق*, ص. **٣٩**.

[٤١] القره داغی, المصدر السابق, ص. **٧٩**.

[٤٢] **توروککییەکان**: بەپێی ئەو زانیاریانەی لە نووسینە مێخییەکانی ئەو سەردەمەدا هاتوون هۆزێکی بە بنەچە خووریی بوون پاش فراوانبوون و گەورەبوونی دەسەڵاتیان دەوڵەتێکی فراوانیان دامەزراند سنورەکەی وادیارە لە باشوورەوە تا تکریت بووە و لەوێشەوە گەیشتووەتە ڕۆژئاوا تا ناوچەکانی خابوور لە باکوری سوریا و لە ڕۆژهەڵاتەوە بەلایەنی کەمەوە لە ناوچەکانی وورمێ و مەهابادەوە دەستپێکردووە. بڕوانە: ئەحمەد, *کۆزاد* محەمەد, "شانشینی توروککو لەسەردەمی "زازییا"دا ئەزموونی دامەزراند و پەلکێشانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە مێژووی کوردستانی دێریندا", *ژین ٤* , (٢٠١٢), ل. **٥**.

[٤٣] ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی کوردستان....* ، ل.٩.

[٤٤] کیرشباوم, *المصدرالسابق*, ص. **٣٩**.

بەرێوەبردنی دەوڵەتی میتانیی شێوە فیدراڵی بووە و دەوڵەتەکە بۆ سێ هەرێم دابەشکرابوو, هەرێمی رۆژهەڵات سەنتەرەکەی **نوزی Nuzi** بوو کە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دیجلە تا رۆژهەڵاتی زاگرۆسی کۆنترۆڵکردبوو، هەرێمی ناوەڕاست کە دەکەوێتە سێگۆشەی خابوور پایتەختەکەی **واشوکانی (Waššukanni)** بوو,[٤٥] پێدەچێت پاشتر شاری تایدو **Taidu** بووبێت،[٤٦] هەرێمی رۆژئاواش لە رووباری فوراتەوە تا دەریای ناوەڕاست بوو و پایتەختەکەشی شاری **ئەلالاخ Alalaḫ** بوو.[٤٧] بەڵام چینی فەرمانڕەوایان بەپێی ئەو ئاماژە و بەڵگانەی لەبەردەستدان, **هیندو-ئەورووپی** (-**ئاری**) بوون، ئەم ئیمپراتۆریەتە لەناوچەی باکووری سوریا دروستبوو پایتەختەکەشی ماوەیەك شاری واشوکانی بوو, بەڵام زانیاریمان لە بارەی ئەم

---

[٤٥] هەرچەندە هەریەك لە توێژەرانی ئەڵمانی فۆن **ئۆپنهایم** و **ئۆپیتز** (Opitz و Von Oppenheim) هەوڵیانداوە شوێنی واشوکانیی میتانیی لە گردی فوخەیرییە دیاریبکەن، کە دەکەوێتە باکووری شاری سەرێ کانیێ (رأس العين) لە نزیك سنووری تورکیا و ٣کم لە رۆژهەڵاتی گردی حلف دوورە. بڕوانە:

Bonatz, D., et al., "Bericht über die Erste und Zweite Grabungskampagne in Tell Feḫerīye", 2006 und 2007, *MDOG* 140, (2008), p. 7.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

Opitz, D., "Die Lage von Waššugganni", *ZA* 37, (1927), p. 299-301; Von Oppenheim, M. V., *Der Tell Halaf*, Chicago, 1931, p. 29.

[٤٦] **تائیدو** لەوانەیە لەگردی حمیدییە بێت لە نزیك قامیشلۆ بەدووریی **٢٥**کم. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: حاج درویش, *مملكة أوركيش الخورية....* ، ص. ١٦.

Kaelin, O., Tell al-Hamidiyah/ Taʾidu? Residenzstadt des Mitanni, *100 Jahre archäologische Feldforschungen in Nordost-Syrien – eine Bilanz Schriften der Max Freiherr von Oppenheim Stiftung*, 18, Herausgegeben von, Harrassowitz Verlag. Wiesbaden, 2013, p. 190-192; Bagg, A. M., "Taidi", *RlA 13*, Berlin, (2012), p. 416-417.

[٤٧] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حاج درویش, *المصدر السابق*, ص. **٢٢-٢٣**; سەبارەت بەدەرکەوتنی هێزی سیاسیی میتانییەکان بیروڕای جیاواز هەیە لەلایەن توێژەرانەوە, بەڵام بەگشتیی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی ئەوان پێش رووخانی بنەماڵەی بابلیی یەکەم (**١٥٩٥** پ. ز.) توانیویانە لەگۆڕەپانی فەرمانڕەوایەتی و سیاسییدا دەربکەون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Schwartz, C. M., "Reflections, on the Mittani Emergence, Constituent, confederate, and conquered space the Emergence of the Mittani State", *Topoi. Berlin Studies of the Ancient Word*, Vol. 17, (2014), p. 266.

ئیمپراتۆریەتەوە زۆر نییە لەبەرئەوەی ئەرشیفەکەی شاری **واشوکانی** هێشتا نەدۆزراوەتەوە، لەدیاریکردنی شاری **تائیدوش** هێشتا زانیارییەکان یەکلانەبونەتەوە, چونکە ئەرشیفەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە هێشتا لەبەردەستدا نین, بەڵام هەردوو شاری **نوزی** و ئەلالاخ دۆزراونەتەوە و زانیاری ورد و پڕ بایەخیان لە بارەی لایەنی ئابووری و ئاینی و فەرهەنگی خورییەکانەوە بۆ فەراهەمکردووین.[٤٨] **میتانییەکان** بوون بەیەکێك لە چوار زلهێزەکەی جیهانی ئەو سەردەمە کە بریتیبوون لە هیتتیەکان و **میسرییەکان و میتانییەکان** و **کاشییەکان**.[٤٩]

لەسەدەی (١٤ پ. ز.) بەدواوە **میتانییەکان** بەهۆی کێشەی ناوخۆیی خۆیان و دەستوەردانی هێزەکانی دەوروپشتیان لە کاروباری ناوخۆییان و چاوتێبڕینیان لەلایەن دەوڵەتەکانی دەوروپشتیانەوە لاواز بوون, ئەم ناوچەیە بوو بە شوێنی ململانێی ئاشووریی و هیتتیەکان و میسرییەکان، ئەمانە هەمووی هۆکاری لاوازی میتانییەکان بوون.[٥٠]

نوسراوەکانی **ئینلیل نیراری یەکەم** **Enlil-Nirari** I (١٣٠٦-١٢٧٥ پ.ز.) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە **ئاشور ئۆبەللیط یەکەم** پاش چونی بۆ وڵاتی **موصری** **Muṣuri** بەرەوناوچەکانی لولـلوبییەکان و گووتییەکان ڕۆیشت, لە وێشەوە بەرەو باشور تادەگاتە سنوری شانشینی بابلییەکان, واتە ناوچەکانی باشوری کوردستانی ئەمڕۆ لە پارێزگای دهۆکەوە تا پارێزگایی دیالە هەمووی کەوتە ژێر لەشکرکێشی دەوڵەتی ئاشورییەکانەوە.[٥١] بەکۆتاییهاتنی حوکمی **ئەدەد نیراری**، **Adad-Nirari**, ئاشوور بەشێوەیەکی کاتیی دەسەڵاتداریێتی خۆی بەسەر **خانیگالبات** **Ḫanigalbat** لەدەستدا، **شلمانیسەری یەکەم** **Šalmanesser I** لەدوای **ئەدەد نیراری** حوکمی ئاشووری لە ساڵانی (١٢٧٣-١٢٤٤ پ. ز.) گرتەدەست و کۆتایی بە سەربەخۆیی **میتانیی** هێنا و کردی بە بەشێك لە شانشینی ئاشوور و بەسەر ئەو هاوپەیمانێتییەی کە هەریەك لە **شاتوارای** دووەمی میتانی و **خاتوشیلشی سێیەمی** هیتتی

---

[٤٨] حاج درویش، , *مملكة أوركيش الحورية....*, ص. ١٦.

[٤٩] *المصدر نفسه.*

[٥٠] القره داغي, *المصدر السابق*, ص. ٧٨.

[٥١] القره داغي, المصدر السابق, ص. ٧٩.

لەخۆگرتبوو سەركەوت. هەریەك لە **شلمنەصری** یەكەم و كوڕەكەی **توكولتی نینورتای** یەكەم **Tukulti-Nnurta** I (١٢٤٤–١٢٠٨ پ. ز.) توانییان كۆنترۆڵی ناوچەكە بكەنەوە و **خانیگالبات** بخەنەوە ژێرڕكێفی خۆیان.[٥٢]

هەر لەهەزارەی دووەمی پ. ز. گەلێكی تری **زاگرۆس** ڕۆڵێكی گەورەیان بینی، پێیاندەوترا **كاشییەكان**.[٥٣] **كە** خۆیان چیانشینی **زاگرۆس** بوون زۆر كەم لەبارەی ژیان و مێژوو و فەرهەنگیانەوە لە **زاگرۆس** دەزانین. لەسەردەمی دواین پاشای بنەماڵەی یەكەمی **بابل** دا كە ناوی **سەمسو–دیتانا** Samsu-ditana (١٦٢٥–١٥٩٥ پ. ز.) بوو، بابل كەوتە بەر پەلامارێكی لەناكاوی **هیتتیەكان** وكۆتایی بەدەسەڵاتیان هات لەسەر دەستی **مورشیلی یەكەمی هیتتی** **Muršili** I، كە وا پێدەچێت **كاشییەكان** یارمەتیدەریان بووبێتن, هەربۆیە دوای پاشەكشەكردنی لە ناكاوی هیتتیەكان (كە هێشتا مایەیی پرسیارە لەلای توێژەران) **كاشییەكان** حوكمی وڵاتی **بابلیان** كرد و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست.[٥٤] **كاشییەكان** لەسەدەی ١٦ پ. ز. توانییان لە بابل دەستبەسەر دەسەڵاتدا بگرن و چوار سەدە فەرمانڕەوایەتیی لە هەموو ناوەڕاست و باشووری میسۆپۆتامیا بكەن, پێشتر واماندەزانی كە دەسەڵاتی **كاشییەكان** نەگەیشتۆتە زنجیرە چیای سەگرمە لە قەرەداغ، بەڵكو دەسەڵاتیان تا قەڵای شێروانە بووە.[٥٥]

---

[٥٢] حاج درويش, , *مملكة أوركيش الخورية....*, ص. ٢٣.

[٥٣] بۆزانیاری زیاتر لە بارەی كاشییەكانەوە، بڕوانە:

Sommerfeld, W., The Kassites of Ancient Mesopotamia: Origins, Politics and Culture, Sasson, J., (ed.) *Civilizations of the Ancient Near East*, Vol. II, New York, 1995, p. 917-930; Brinkman J. M., "Kassites", *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 464-473.

[٥٤] باقر، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة (الوجيز........*, ص. ٤٩٤.

[٥٥] القره داغي, *المصدر السابق*, ص. ٧٨; بەڵام بەڵگە شوێنەوارییە نوێیەكان دەریدەخەن لە پارێزگای سلێمانی لەدەشتی بەكرەجۆ و لە دێكۆن نزیك سەرچنار پاشماوەی گڵێنەی سەردەمی كاشییەكانی تێدا دۆزراوەتەوە، ئەم زانیاریانە هێشتا بڵاونەكراونەتەوە بەڵام لەسەر زاری مامۆستا زوهێر ڕەجەب كە سەرپەرشتی تیمی كنەكردنی شوێنەواری گردی شێرەكوژی كردووە وەرگیراوە (توێژەریش ئەم زانیارییەی لە مامۆستای سەرپەرشتیار د. رافیدە وە وەرگرتووە).

سەردەمی **کاشییەکان** لە بابل بەسەردەمی هێمنی و ئارامی و بوژانەوە ناسراوە.[٥٦] **دەسەڵاتی کاشییەکان** لەئاکامی دەستوەردانی دەرەکیی لاواز بوو, لەئەنجامی هێرشێکی بەرفراوانی عیلامییەکان کۆتایی بەدەسەڵاتیان هات,[٥٧] لەسەر دەستی **شوتروك ناخونتێ** Šutruk-Naḫunte لەساڵی (١١٦٢پ.ز).[٥٨] لەدوای رووخانی دەوڵەتەکەیان لە ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا بەشێکیان گەڕاونەتەوە بۆ چیاکانی زاگرۆس.[٥٩] رووخانی دەوڵەتی **کاشییەکان** و نەمانی دەسەڵاتی مەرکەزیی لە وڵاتی میسۆپۆتامیا رێگەی بۆ دەستوەردانی **عیلامییەکان** لە کاروباری ناوخۆیی وڵات خۆشکرد، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئاشوورییەکان بۆ ئەوەی پەلبهاون بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستانی ئەمڕۆ.[٦٠]

لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز.پاش مردنی **توکولتی نینورتای یەکەم** (١٢٢٨ پ.ز.) تاسەردەمی **تگلات پلیسەری یەکەم** (١١٥–١١٧ پ.ز.) کۆمەڵێك هێز کەبالانسی دۆخەکەیان شێواند, دەرکەوتن,[٦١] لەگەڵ ئەمەشدا ململانێی نێوان وڵاتی ئاشور و وڵاتی بابل

---

[٥٦] ئەحمەد, *کورتەیەکی مێژووی.....*، ل. ١١.

[57] Brinkman, *op. cit.*, p. 470.

[٥٨] یەکەمجار لەلایەن شیلهاك **ئینشوشیناك** (Shilhak Inshushinak) لە ١١٦٨ پ. ز. هێرشکرایە سەریان, بەڵام کۆتایی بە دەسەڵاتیان نەهات، لەپاشدا **شوتروك ناخونتێ** هێرشی یەکلاکەرەوەی کرد و کۆتایی بەحوکمی کاشییەکان هێنا و گەنجینەکەی پەرستگای ئێ–بەبار کە لە شاری سپار بوو تاڵانکرد و بردی بۆ عیلام، هەردوو میلەکەی (نەرام–سین و حامورابی)ش لەنێو گەنجینە تاڵانکراوەکەدابوو. بڕوانە: باقر, ٢٠٠٩, *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة (الوجيز.....*, ص. ٥٠٩.

[٥٩] پارێزگاریان لە بوونی خۆیان کردووە و تەنانەت دوای زیاتر لە شەش سەدەش لە رووخانی دەوڵەتی کاشیی ئەوان هەر وەك گەلێك ماونەتەوە و سەنحاریبی پاشای ئاشووریی هێرش دەکاتە سەریان و رایاندەگوازێتەوە بۆ شارەکانی (هارتشبی) و (بیت کیلامزە) لە زاگرۆس، هەروەها بەپێی هەندێك بۆچوون کاشییەکان لەوکاتەدا زۆربەیان رەوەند بوون و تەنیا سەرکردەکانیان قەڵایەکی بەهێزیان هەبوو لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ئاراپخا بەتایبەت لە زنجیرە چیاکانی قەرەداغ, هەر بەپێی ئەو بۆچوونە، لەژێر رۆشنایی نووسینە شاهانەکانی سەنحاریب زۆربەیان (واتە ئاشوورییەکان) دەوارنشین بوون. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Marf, D. A., *Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD dissertation*, Leiden University, 2016, p. 33.

[٦٠] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە: القره داغي, *المصدر السابق*, ص. ٨٧–٩٨.

[٦١] باقر, *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة (الوجيز.....*, ص. ٥٣٨.

لەسەر دەست بەسەراگرتنی ناوچەی گەرمیان لە باشوری زێی خواروو تا باکوری بەغدادی ئەمڕۆ زۆربوو, تا لە کۆتایدا گەیشتنە ڕێکەوتن بە دابەشکردنی گەرمیان بۆ دووبەش لە نێوان خۆیاندا, هەر لەم سەردەمەدا هێزێکی تر دەرکەوتن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بارودۆخی بازرگانی وئابوری ناوچەکەی تێکداو کاریگەری هەبوو لەسەر ئابوری وڵاتی ئاشور ئەویش دەرکەوتنی هۆزەکانی **موشکی Muški** بوون کە وڵاتی **کوموخی Kumuḫi** داگیرکرد,[٦٢] بۆیە پاشای ئاشوری **تگلڵات پلیسەری یەکەم** حوکمی کردوو کەوتە روبەرووبونەوە لەگەڵیان زنجیرەیەك شەری درێژخایەنی لەگەڵیان دەست پێکرد لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژئاوای زاخۆ.[٦٣] لەم کاتەدا کە خەریکی شەڕی موشکی بوو سوبارییەکان هاوپەیمانەتییەکیان بەست لەگەڵ هۆزەکانی **کاسکو Kasku** و **ئورومو Urummu** و چەند قەوارەیەکی سیاسیش دەرکەوتن وەك: **ئەلزو Alzu** و **پورولوم زوو purulumzu** و **خاتییەکان Ḫatti** و **نایری Nairi**, بەڵام **تگلڵات پلیسەری** یەکەم هەموویانی بەزاندو تێکی شکاندن, بەڵام لەم فەترەیەدا هێزێکی تر دەرکەوتن ئەویش شانشینی **ئورارتوو** بوو کە پاشتر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە رووداوەکانی هەزارەی یەکەمی پ.ز.[٦٤]

---

[٦٢] کوموخ: ئەم وڵاتە دەکەوێتە باکوری وڵاتی ئاشور لە ناوچەی تۆرۆس و دەوروبەری بڕوانە:

ساكز، هاري, *قوة آشور*, ت: عامر سليمان, مطبعة المجمع العلمي, بغداد, ١٩٩٩, ص. ٩١.

[٦٣] بۆ دەقی نامەکە بڕوانە :

Graysonm, A. K., *Assyrian Rulers of the early first millennium (1114 - 859 B.C.)*, Toronto, 1987, p.17

[٦٤] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە بڕوانە:القره داغی, *المصدر السابق*, ص. ٩٠-٩٨.

# ١-٣ پوختەیەكی مێژوویی دەربارەی دەستپێكی سەرهەڵدانی چەك لە ناوچەی كوردستانی كۆندا

بەڵگە شوێنەوارییەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن کەوا خاکی کوردستان، لەسەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤایەتیی لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەبێ دابڕان، شوێنی پشوودانی مرۆڤـــ بووە. سەرچاوە شوێنەوارییەکان دەوڵەمەندن بەزانیاریی دەربارەی قۆناغە شارستانییە کۆنەکان لەچاخی بەردینی کۆنی خوارووەوە تا ئەمڕۆ، هەرچەندە توێژینەوەکانی چاخە بەردینەکان هێشتا بە تێروتەسەلی کاری تێدا نەکراوە, لەگەڵ ئەوەشدا کنە و پشکنینەکان دەریانخستووە کە کوردستان یەکێکە لەو ناوچە کۆنانەی کە شوێنەواری مرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە, ئەمانە بۆ سەردەمانێك دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ هێشتا لە خواری خوارەوەی پلیکانەی شارستانییدا راوەستابوو, بەگرویی بچکۆلـە پێکەوە دەژیان، سەرچاوەی بژێوییان راو و چنینەوەی بەروبووم بوو، شوێنی پشوودانیان ئەشکەوت و پەناگەی ناو کەژ و کێوان بوو.[٦٥] ژینگەی سروشتیی، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتییدا، بەهۆی کەشوهەوا و ئەو سەرچاوەی خۆراکەی کە هەبوون بۆ مرۆڤ سەخت و دژوار بووە، ئەم بارودۆخە سەختەش ناچاریکردووە ئامێر و چەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی چواردەوری گرتوون دابهێنێت.[٦٦]

---

[٦٥] ئەحمەد, *کورتە مێژوویەکی* .... , ل ١.

[٦٦] الدباغ، تقي، السلاح في عصور قبل التأريخ، *الجيش والسلاح*، ج ١, بغداد، ١٩٨٨، ص. ١١.

ئاژەڵەکان، مەترسییان لەسەر مرۆڤ هەبوو، چونکە هەم گژوگیا و رووەکیان دەخوارد کە سەرچاوەی خۆراکیی ئەو بوون، هەم (دڕندەکانیان کە گۆشتخۆربوون) مەترسییان لەسەر جەستەو ژیانی هەبوو، لەبەرئەوە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی ئاژەڵە دڕندەکان و پاراستنی سەرچاوەی خۆراکەکەی، وایان لە مرۆڤ کرد ئامێری بەرگریی لەخۆکردن بێنێتە ئاراوە.[٦٧] هەر لەبەرئەمەش بوو بیریان لە داهێنانی چەك کردۆتەوە. لەم ڕێیەشەوە راوی ئاژەڵەکانی کردووە و گۆشتەکەشیانی وەك سەرچاوەیەکی تری خۆراك بەکارهێناوە.[٦٨]

گومانی تێدانییە کۆنترین ئامێرێك کە مرۆڤ دروستیکردووە بریتییە لە تەوری دەستیی (الفأس اليدوی- hand axe)،[٦٩] کە بۆ زۆر مەبەست بەکاریهێناوە، لەوانەش کوشتنی ئاژەڵ و لەتوپەتکردنی گۆشت و ئێسکەکەی بووە.[٧٠]

مرۆڤ لەڕووی جەستەییەوە لاوازە و هیچ ئامرازێکی بەرگریی وەك: نینۆك وکەڵبە و شاخ و تووك و پولەکە، بەلاشەیەوە نەبووە ( و نییە), کە لەکاتی رووبەڕووبونەووەی لەگەڵ مەترسییەکانی دەوروپشتی پارێزگاریی لێبکات، بەڵام مرۆڤ بەهۆی ژیری و توانا بەهێزەکەی مێشکیی رێگایەکی دۆزییەوە بۆ بەرگریی لەخۆکردن، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەی کە خۆی دروستیدەکرد بەسوودبینین لەو کەرەستانەی لە ژینگەی دەوروپشتی هەبوون. هەربۆیە بیری لە داهێنانی شتێك کردۆتەوە کە بەرگری لە خۆی پێبکات ئەویش چەکە, ئەو ماددانەی کە مرۆڤی لە چاخی بەردینی کۆنەوە بۆ دروستکردنی چەك بەکاریهێناون لە ( بەرد و دار و ئێسقان و شاخی ئاژەڵ و عاج) پێکهاتبوون.[٧١]

---

[٦٧] *المصدر نفسه, ص.* ١٤; شعبان، تغريد، فن النحت في العصر القديم، *الهيئة العامة السورية للكتاب*، دمشق، ٢٠١٠، ص. ٣.

[٦٨] رشيد، فوزي، الجيش والسلاح، *حضارة العراق*، ج ٢، بغداد، ١٩٨٥، ص. ٣٩.

[٦٩] رشيد، الجيش والسلاح.... *, ص.* ٤٠.

[٧٠] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٢٧.

[٧١] علي, فاضل عبد الواحد, "صناعة السلاح: جذورها الأولى في العصور الحجرية", دراسات في التأريخ والآثار, *مجلة المؤرخين والآثاريين في العراق*, العدد ٤ , (بدون سنة طبع), ص. ١٠-١٣; الدباغ، السلاح في

هەرچەندە مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی پێش مێژوو چەکی جۆراوجۆری داهێناوە (**وێنەی ١**) وەك (تەور و کرێنکە و سەرە رم و چەقۆ و ئامێری هەڵکەندن و وێنەکێشان و سەرە تیر).[٧٢] بەڵام ئەمانە لە گرنگیی دەست و قاچی کەم نەکردوونەتەوە.[٧٣]



و

ئ

چ

کارەکانی ڕووپێویی شوێنەواریی لە ناوچەکانی هەر دوو رووباری دیجلە و فورات لەم دواییانەدا ئەوەیان دەرخستووە کە هەندێك ئامێر کە لەباشووری کوردستان دۆزراونەتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە, بەڵام تاوەکو ئێستا پشکنین لەو شوێنانەدا نەکراوە هەربۆیە

---

عصور.... ، ص. ١٦; سليمان، عامر، *العراق في التأريخ القديم: موجز التأريخ الحضاري*، الموصل، ١٩٩٣، ص. ٨٣.

[٧٢] باقر، طه, واخرون، *تاريخ العصور القديمة*، بغداد، وزارة المعارف, ط ٧، بدون سنة الطبع، ص. ٦.

[٧٣] رشيد، الجيش والسلاح.... ، ص. ٤٠.

زانیارییەکانمان لەسەر ئەو ئامێرانەیە کە لەبەرد دروستکراون و سەر بەو تەکنیکەن کە بەتەکنیکی ئاشولی ناسراون (**Acheulean type**) و بۆ ساڵانی ٥٠٠,٠٠٠- ١٠٠,٠٠٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە, شوێنەواری ئەو ماوەیە لە ناوچەی زاگرۆسی ناوەڕاست بینراوە, شوێنەواری **شیوەتوو** (**Shiwatoo**),[٧٤] کە بۆ ٤٠٠,٠٠٠ ساڵ پ. ز. دەگەڕێتەوە کۆنترین و باشترین ناوچەی شوێنەوارییە هەتا ئێستا بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە, بەڵام شوێنەواری **کاگیا** (**Kagia**) لەنزیکی کرماشان بۆ سەردەمێکی تازەتر کە قۆناغی ناوەندیی شارستانیی ئاشولییە دەگەڕێتەوە.[٧٥]

شوێنەوارێکی تازەتر هەیە ئەویش شوێنەواری **بەردە بەلکە** (**Barda Balka**)یە،[٧٦] ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە شوێنە کۆنەکانی کوردستان کە ئامێری بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە و بۆ نزیکەی ١٢٠٠٠٠ ساڵ پ. ز. دەگەڕێتەوە،[٧٧] ئەم ئامێرانە شێوەیەکی جیاوازن لە تەوری دەستیی (**وێنەی ٢**) وەك: هێلکەیی و هەرمێیی و بادەمی، کە بەشێوەیەکی لێدراو دروستکراوە و پێشکەوتووترە لە ئامێرە چەوییەکان، لایەکی تیژ و نوکدارە و لایەکەی تری ئاساییە و بەدەست دەگیرێت، هیچ ئاسەوارێکی لێدانی پێوە دیار نییە.[٧٨] بێ گومان ئەم ئامێرانە جگە لە

---

[٧٤] **شیوەتوو** دەکەوێتە رۆژئاوای شاری مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری رۆژئاوای ئێران، لە ئەنجامی کنەوپشکنینی تیمێکی شوێنەواریی فەرەنسی–ئێرانی لەساڵی ٢٠١٤دا چەند ئامێرێکی لەبەرد دروستکراو و چەند تەورێکی لە بەردی رەشی بورکانیی دروستکراو تێدا دۆزراونەتەوە. بڕوانە:

Ahmed, *op. cit.*, p. 2.

[75] Ibid.

[٧٦] **بەردە بەلکە:** یەکێکە لە شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی کۆنی خواروو، دەکەوێتە پارێزگای سلێمانیی و ٤ کم لە شاری چەمچەماڵەوە دوورە، لەساڵی ١٩٥١دا ئەم شوێنەوارە دۆزراوەتەوە،هەر لێرەدا شوێنی حەوانەوەی ڕاوچییانی پێش مێژوو دۆزراوەتەوە. بڕوانە: ابراهیم، نعمان جمعة، *حضارة العصر الحجري الحدیث في کوردستان العراق*، رسالة ماجستیر في الآثار، غیر منشورة، کلیة الآداب، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٣، ص. ٢٣; احمد, کۆزاد محمد, *تأریخ کردستان ماقبل الآرین*, غیر منشور, ٢٠١٦, ص. ١.

[77] Wright, H. E., and Howe, B., "Preliminary Report on Soundings at Barda Balka", *Sumer* 7, (1951), p. 109.

[٧٨] ابراهیم، *المصدر السابق*، ص. ٧٤.

**بەکارهێنانیان لە جێبە جێکردنی پێداویستی ڕۆژانەی مرۆڤ وەك سەرەتایەك بۆ دیاری کردنی ئامێری بەرگری لە خۆکردن هەژماردەکرێت.**



وێنەی (٢) پاچی دەستیی شێوە هەرمێی و هێلکەیی لە شوێنەواری بەردە بەلکە. الدباغ، ١٩٨٨, ص.٤٩

**ئەم ئامێرانە کە لە تەڵەزمی بەرد دروستکراون و هاوشێوەی تەوری دەستیین، بەڵگەن لەسەر پیشەسازیی دروستکردنی ئامێر لەم شوێنەوارەدا،[٧٩] هەرچەندە ئەم ناوچەیە تا ئێستا پێویستی بە توێژینەوەی زیاترە بۆ گەیشتن بە بۆچوونێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی ئامێرەکانی ئەم سەردەمە.**

**بەدەرکەوتنی مرۆڤی نیاندەرتاڵ،[٨٠] کە لەچاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست لەماوەی نێوان ١٠٠,٠٠٠ پ. ز. تا دەوروبەری ٤٠,٠٠٠ پ. ز. ژیاوە،[٨١] چەکێکی نوێ دەرکەوت**

---

[79] Ahmed, *op. cit.*, p. 2-3.

[٨٠] مرۆڤی نیاندەرتاڵ (Neanderthal man) کۆتا جۆری مرۆڤی کۆنە کە پێش مرۆڤی ژیرئێستا هەبووە, ئێسك و پروسکی ئەم جۆرە مرۆڤە بۆ یەکەمجار لە ئە شکەوتی (ڤیلڵد هۆڤەر) لە (دۆڵی نیاندەر) لەنزیك شاری (دوسلڵدۆرف) لە ئەڵمانیا لەلایەن کرێکارانی کانە بەردەوە لەساڵی ١٨٥٦ ز. دۆزراوەتەوە، شوێنەواری ئەم مرۆڤە لە وڵاتانی وەك: فەلەستین و سوریا و لوبنان و چەند شوێنێکی تر دۆزراونەتەوە، لەئەشکەوتی شانەدەریش لە کوردستان بۆ یەکەمجار ئێسکەپەیکەری ئەم مرۆڤە دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی کۆن بۆ نزیکەی (٦٠,٠٠٠) پ. ز. دەگەڕێتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی تازە دەریخستووە کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەوروپا لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠,٠٠٠–٤٠٠٠٠ پ. ز.) ژیاون. بڕوانە: محیسن، سلطان، *عصور ماقبل التأریخ*، جامعة دمشق، ٢٠٠٣–٢٠٠٤, ص. ٤٤ –١١٥–١١٨–١٢٠; باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة (الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين)*, ج١, بيروت، ٢٠٠٩, ص. ٢٠٣; شالين, جان, *الانسان نشؤوه وارتقاؤه (من نظرية داروين الى مكتشفات العلوم الحداثة)*, ت: الصادق قسومة, دمشق, ٢٠٠٥, ص. ١٠٥.

ئەویش رمە, کە پێدەچێت بەکارهێنانی ئەم چەکە لە ڕاوکردن و شەڕکردندا پێش تەوری بەردین کەوتبێت.[٨٢]

ئەم مرۆڤانە ڕاوکردن کارێکی ڕۆژانەیان بووە، لە هەمانکاتدا پێویستیش بووە چونکە خۆراکی ڕۆژانەیان لەو ڕێیەوە پەیدا کردووە.[٨٣] ئامێر و ئامرازەکانیان کە بۆ ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك بەکاریانهێناون، لەبەرد دروستیانکردوون، هەندێك جاریش توانیویانە رمەکانیان لە دار دروستبکەن، بە جۆرێك کە پشکنەرانی شوێنەواریی رمی داریان لە رانی کەسێکدا دۆزیوەتەوە کە لەئەشکەوتی (الصخول) لە شاخی (کەرمل) لە فەلەستین بینراوەتەوە، هەروەها مرۆڤی نیاندەرتاڵ سەری رمی لە بەرد دروستکردووە,[٨٤] (**وێنەی ٣**).



وێنەی (٣) سەری رمی لە بەرد دروستکراو, الدباغ, ١٩٨٨, ص. ٥٣

**پاشماوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە کە لەکوردستان ژیاون لە چەند ناوچەیەکە لەوانە لە ئەشکەوتی ددەریە (Dederiyeh)[٨٥] ئامێری بەردین دۆزراوەتەوە لە ١٠٠,٠٠٠ پ. ز. و**

---

[٨١] جواد, عبد الجليل, "النياندرتاليون وتراثهم الثقافي", *سومر ٢٧*, (١٩٧١)، ص. ٣٢.

[٨٢] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٢٨.

[83] Antonova, E., "Images on Seals and the Ideology of the State Formation Process", *Mesopotamia 27*, (1992), p. 84.

[٨٤] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٥٣.

[٨٥] **ئەشکەوتی ددەریە**: دەکەوێتە شاخی لێلون (شاخی سەمعان) لەباکووری ڕۆژئاوای شاری حەلەب و باشوری شاری عەفرین لەنزیك گوندی عەبدالو, (٤٥٠)م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، گەورەترین ئەشکەوتە کە پاشماوەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە. وەك لە ناوەکەیەوە هاتووە ئەم ئەشکەوتە دوو دەرگای هەیە یەکێکیان لە باکوورەوەیە و بەسەر دۆڵێکدا دەڕوانێت، پانییەکەی (٨)م و بەرزییەکەی (٥)م، دەرگای دووەم لەباشوورەوەیە و بەڕووی ئاسماندا والآیە و وەك دوکەلکێش وایە، ڕووبەرەکەشی نزیکەی (٢٤٠)م٢ لەمڕووەشەوە یەکێکە لە قوڵترین وگەورەترین ئەشکەوتەکانی چاخی بەردینی کۆنی خواروو، لەساڵی ١٩٧٨ دۆزراوەتەوە و بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٩٣)دا لەلایەن تیمێکی

لەئەشکەوتی **شانەدەر**،[٨٦] ئامرازی بەردینیان لە جۆری (کونکەر و کڕێنکە -gravers–scrapers) دروستکردووە و بەکاریانهێناوە.[٨٧] مرۆڤی چاخی بەردین، بەتایبەت لە کۆتایی چاخی بەردینی کۆن توانییان ڕمهاوێژ دابهێنن، (**وێنەی ٤**).[٨٨]



وێنەی (٤) ڕمهاوێژ لەچاخی بەردینی کۆن, الدباغ، ١٩٨٨، ص. ٥٥.

هەروەها مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن توانیویەتی خەدەنگ (الحربة) دابهێنن، کە لە شاخی بزنەکێویی دروستیکردووە (**وێنەی ٥**)، هەندێکیان لایەکی دانی هەبووە و هەندێکی تر هەردوو لای داندار بووە.[٨٩]

---

هاوبەشی سوریی و یابانییەوە هەڵکۆڵینی تێداکراوە. گرنگترین شتێك کە تێیدا دۆزراوەتەوە ئێسکە پەیکەری منالێکی دوو ساڵی نیاندەرتاڵە، ئەمە یەکەمجۆرە کە لەهەموو جیهاندا دۆزرابێتەوە. بڕوانە:
Ohta, S. and others, "Neanderthal infant Burial from the Dederiyeh cave in Syria", *Paléorien*, Vol. 21, No. 2, (1995), p 78-79; Akazawa, T., "New Discovery of a Neanderthal Child Burial from the Dederiyeh Cave in Syria", *Paléorient*. 25, No 2, (1999), p. 129.

[٨٦] **ئەشکەوتی شانەدەر**: یەکێکە لە ئەشکەوتە دیارەکانی کوردستانی عێراق و گەورەترین ئەشکەوتیشە تا ئێستا لەم ناوچەیە دۆزرابێتەوە, دەکەوێتە دامێنی باشووری چیای گلی لە ناوچەی برادۆست لە کەناری چەپی زێی گەورە و نزیکی سەنتەری ناحیەی شانەدەرە، و بڕی ٧٦٥م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوارەوە دۆزراوەتەوەو, دواتر ڕێ بەتیمێکی شوێنەواریی ئەمریکیی لە زانکۆی میشیگان بە سەرپەرشتیی زانای شوێنەوارناس (ڕالف سۆلیکی) دراوە هەڵکۆڵینی تێدا بکەن و ئەوانیش بە چەند قۆناغێك لە نێوان ساڵانی **١٩٥١–١٩٦١** کاری پشکنینیان تێدا کردووە، چەند ئێسکە پەیکەرێکی مرۆڤی نیاندەرتاڵیان تێدا دۆزیوەتەوە. بڕوانە: باقر، *مقدمة في تأريخ*.... ، ص. ٢٠٢،
Matthews, R., "The Early Prehistory of Mesopotamia 500,000 to 4,500 b. c", *Subrtu* V, Turnhout, (2000), p. 17.

[٨٧] باقر، *مقدمة في تأريخ*.... ، ص. ٢٠٢.

[٨٨] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٣٠.




**هەروەها مرۆڤی ئەم چاخە چەند جۆری تر چەکی بەکارهێناوە وەك: دەمەچەقۆ و خەنجەر و تیروکەوان,[٩٠] نموونەی چەقۆ لە گردی شمشارە هەیە[٩١] کە لە بەردی ئۆبسیدی دروستکراوە، بەڵام ئێستا سوتاوە و شکاوە (وێنەی ٦).[٩٢]**

**دروستکردنی خەدەنگ لە**

**چاخی بەردینی کۆن.**

~~الدباغ,١٩٨٨,ص.٥٥~~

---

[٨٩] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٣٠.

[٩٠] الدباغ، *المصدر السابق*، ص. ٣٣-٣٥.

[٩١] **گردی شمشارە** ٨کم لەباشووری رۆژهەڵاتی دەشتی رانیەوە دوورە، دەکەوێتە سەر کەناری راستی زێی بچوك، بەرزی لە ئاستی رووی دەریاوە ٥١٩م, تیمێکی دانیمارکی لەساڵی ١٩٥٧دا ئیشیان تێداکردووە تا ساڵی ١٩٥٨، ئەم ناوچەیە لە چاخی بابلی کۆن پێیوتراوە شوشەڕا (Šušarra) و لە سەردەمی بنەماڵەی ئووری سێیەم پێیوتراوە (Šašurrum) و پایتەختی وڵاتی ئوتوم (Utûm) بووە، کۆنترین چینی بۆ شارستانی حەسونە دەگەڕێتەوە, بەدوایدا چینی دووەم دێت (چینی ٨-١٦)، لەسەریشەوە چینەکانی سەردەمی ئیسلامی هەیە (٣-١) بڕوانە: عبد الله, رافدة, عباس, منى حسن, "شمشارة من عصور ماقبل التاريخ حتى الفترات الاسلامية", *سومر* ٦١ , (٢٠١٥), ص. ١٠١; باقر، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة*، دراسة وتحقيق.... ،ص. ٢١;
Eidem .J, "Šušarrâ", *RlA*, Vol .13, Berlin, (2012), p. 361.
[91] Matthews, *op. cit.*, p. 71.

[٩٢] عبد الله – عباس, *المصدر السابق*, ص. ١٠٦.



وێنەی (٦) چەقۆیەك لە گردی شمشارە, عبد الله, ٢٠١٥, شكل ٦

بۆ یەکەمجار مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست، بە شێوەی جیاواز، سەری تیری لە بەردە ئەستێ و بەردی ئۆبسیدی (شوشەی گڕکانی) دروستکردووە (**وێنەی ٧**)، ئەمەش دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ راوی کردووە.[٩٣]



وێنەی (٧) سەری تیر لە بەردە ئەستێ دروستکراوە لە چاخی بەردینی ناوەڕاست

الدباغ، ١٩٨٨، ص. ٦٦

بەناوبانگترین تەڵەزمی بەردین لە شوێنەوارەکان، ئامێرە مۆستیریەکانن کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ دروستیکردوون، هەرە گرنگەکەیان کڕێنکەیە و سەرە تیرێك، کە هەردوولاکەی تیژە، و دەمە چەقۆ و کونکەری تیژ و ئامێری خڕ کە لە ناوکی بەرد دروستکراوە، ئەم ئامێرانە بۆ راوکردنی ئاژەڵ و جیاکردنەوەی گۆشتەکەی لە ئێسقان و کەوڵکردنی پێستەکەی بەکارهاتوون، ئەمانەش

[٩٣] عبد الله – عباس, *المصدر السابق*, ص. ٣٥.

لە ئەشکەوتی **هەزارمێرد** لە نزیك شاری سلێمانی و لە چینەکانی خوارەوەی ئەشکەوتی شانەدەر، لە ئەشکەوتی (**بابخاڵ**) لە ناوچەی دیانا دۆزراونەتەوە.[٩٤]

بەڵگەی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤی شانەدەر لە خواردنیاندا پشتیان بە گۆشتی ئاژەڵ بەستووە.[٩٥]

لە نێوان ساڵانی ٤٠٠٠٠–٣٥٠٠٠ پ. ز. جۆرێکی تری مرۆڤ، کە جۆرێکی نوێ بوو، دەرکەوت، کە توێژەران ناویاننناوە **مرۆڤی ژیر**.[٩٦]

**لەسەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاست** (**Mesolithic**) ١٥,٠٠٠–١٠,٠٠٠ پ. ز.[٩٧] ئامێری تازە دەرکەوت و لە کوردستانیش لە زۆر شوێن هەیە لەوانە: ئەشکەوتی **زەرزی**[٩٨] و

---

[٩٤] الدباغ، تقي، الآلات الحجرية، *حضارة العراق*، ج ١، ١٩٨٥، ص. ١٠٢.

[٩٥] رشيد – رشيد، *تاريخ الكرد....* , ص. ٢٦.

[٩٦] **مرۆڤی ژیر**: بۆ یەکەمجار ئێسکە پەیکەری ئەم مرۆڤە لەساڵی ١٨٦٨دا لەئەشکەوتی **کرۆمانیون** Cromagnon وێنە جیاوازەکاندا هاتنە ئاراوە ئەوەیان دەرخست کە سیفەتە فیزیایی و بایۆلۆجییەکانی مرۆڤی **کرۆمانیون** نزیکن لەوانەی لە مرۆڤی ئێستادا هەن، ئەم جۆرە مرۆڤە لە هەموو ناوچە ئاوەدانەکاندا بڵاوبووەوە و گەیشتە شوێنگەلێك کە هیچ جۆرە مرۆڤێکی تر لە پێش ئەمدا نەچووەتە ناوی، ئەم یەکەم کەس بوو لە کیشوەری ئەمریکا و ئوستورالیادا نیشتەجێبوو و بوو بە جۆری مرۆڤی سەردەستە و زاڵ لە تەواوی کیشوەرەکاندا. بڕوانە: محيسن, *المصدر السابق*, ص. ٤٨–٤٩.

[٩٧] **چاخی بەردینی ناوەڕاست:** ئەم چاخە لەدوای چاخی بەردینی کۆنەوە دێت کە قۆناغی گواستنەوەیە لەنێوان چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ، گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم چاخە لەڕووی ئامێرە بەردینەکانییەوە وردی و بچووکییە لە دروستکردنیدا، هەربۆیە ناونراوە سەردەمی ئامێرە وردەکان (**مایکرۆلیتی**)، ئەم چاخە لەباشووری کوردستان بە چاخی زەرزیش دادەنرێت. بڕوانە: باقر, *مقدمة في تأريخ....* , ص. ٢٠٧.

Matthews, *op. cit.*, p.17.

[٩٨] **ئەشکەوتی زەرزی**: ئەشکەوتێکی شوێنەوارییە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی و ٥٠کم لەو شارەوە دوورە، لە زنجیرە چیاکەی بەرامبەر ناحیەی سووورداشە، لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دووئاوانە، سەر بەقەزای دووکانە و ٧کم لێیەوە دوورە. یەکەمجار لەلایەن تیمێکی زانکۆی شیکاگۆ بەسەرپەرشتی خانمە شوێنەوارناسی بریتانیی (دۆرۆسی گارۆد)ەوە لەساڵی ١٩٢٨ پشکنینی تێداکراوە و سێ چینی ( A, B,

**کەریم شایەر**[٩٩] و شوێنەواری **گردی چای**[١٠٠] و شوێنەواری **تەپە شێخ ئی ئاباد**،[١٠١] لە ئەشکەوتی **شانەدەر** لە پارێزگای هەولێر، لە ئەشکەوتی **هەزارمێرد**[١٠٢] لە پارێزگای سلێمانیی

---

C)ی تێدا دۆزراوەتەوە، لە چینی B دا کۆمەڵێك ئامێری لەبەرد دروستکراو دۆزراونەتەوە وەك (دەمە چەقۆ وکرێنکە و ئامێری مایکرۆلیتی بەشێوەی جۆراوجۆر هەندێکیان سێگۆشە و نوکدارن و لێوارەکانیان تیژ و کونکەرن (درەوشە) و چەقۆ. بڕوانە: ابراهیم، نعمان جمعة، *المصدر السابق*، ص. ٢٩-٣٠;
Braidwood, R., the Iraqi-Jarmo project, *Summer*, Vol. 10, 1954, p. 29-30.

[٩٩] **کەریم شایەر**: ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ بەدووریی ١٠کم، ماوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست (Mesolithic) و لەپاش ماوەی **زەوی چەمیی** دێت، لەساڵی **١٩٥٢** هەڵکۆڵینی تێداکراوە ئامێرێکی لە بەرد دروستکراوی لێ دۆزاوەتەوە کە بەشێوەیەکی زۆر ورد و بچووك مایکرۆلیتی بووە کە ئەم شێوە ئامێرانە تایبەتە بە چاخی بەردینی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها ئامێری کشتوکاڵکردن دۆزراوەتەوە وەك داس و تەوری بەردین کە لە بەردە ئەستێ دروستکراون . بڕوانە: باقر *مقدمة في تأريخ*.... ، ص. ٢١٣.

[١٠٠] **گردی چای**: ئەم شوێنەوارە لە کاتی گەڕان و پشکنینی شوێنەوارناس (برەیدوود) لە ناوچەی (**ملفعات**) کە دەکەوێتە کەناری رووباری خازر لە رێگەی نێوان موصڵ و هەولێر، دۆزراوەتەوە, چەند ئامێرێك دۆزراوەتەوە بە زۆریی تەوری دەستی بووە هەروەها ئێسکی ئاژەڵان کە لەوانە دەچوو کە لە ناوچەی **کەریم شایەر** دۆزراونەتەوە, مێژووی ئەم شوێنەوارە هەروەك **کەریم شایەرە** کە بە هاوچەرخی زاوی چەمییە دێت. بڕوانە: باقر، *مقدمة في تأريخ*.... ،ص. ٢١٤;
Braid wood, the Iraqi-Jarmo.... , p. 26.

[١٠١] **تەپە شێخ ئی ئاباد**: گردێکی شوێنەوارییە و دەکەوێتە دەشتە بەپیتەکانی ناوچەی دەینەوەر بەدووریی ٣٨کم لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان (رۆژئاوای ئێران)، لە ناوچە بەرزە ساردەکانی زاگرۆسە، بەرزییەکەی ١٥٠٠م لە رووی دەریاوە، بە چەند لوتکە چیایەك دەورە دراوە کە زیاتر لە ٣٠٠٠م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزن. یەکەمجار لەلایەن (دکتۆر یەعقوب محەمەدی فەڕ و دکتۆر عەباس موتەرجیم) لە زانکۆی بوعەلی سینا لە هەمەدان، لەساڵی ٢٠٠٦ دۆزراوەتەوە و توێژینەوە و رووپێویی شوێنەواریی لەسەرکراوە، دواتر لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن هەردوو شوێنەوارناس (رۆجەر ماتیۆس وویندی ماتیۆس) وەك بەشێك لە پرۆژەی شوێنەواریی ناوەڕاستی زاگرۆس ( The Central Zagros Archaeological Project) سەرلەنوێ کارکردن لەم گردەدا کراوە. لەو شوێنەدا ئامێری بەردینی وەك سەری تیر و چەند شێوەیەکی کرێنکە کە لە بەردە ئەستێ دروستکراون، دۆزراونەتەوە. بڕوانە: هواس، هاوار نجم الدين، *العصر الحجري الحديث المبكر في أواسط زاغروس: دراسة أثرية مقارنة لمواقع بيستان سور وشمشارة (شرق العراق) وجاني وشيخ إي آباد (غرب إيران) في ضوء التنقيبات الحديثة*، رسالة ماجستير في الآثار، غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الآثار، ٢٠١٥، ص. ٨٨,٩٤-٩٥.

**لە چینی (D) سەرە تیر دۆزراوەتەوە، زۆرینەی ئەم سەرە تیرانە زیاتر شێوە سێگۆشە بوون و نووك و لێوارەكانیان تیژ و بنەكانیان ڕێك بوون, (وێنەی ٨).**[١٠٣]



وێنەی ا

الدباغ.

**بەڵام سەری تیر كە درێژو باریك بووە لە چینی (B) لە ئەشكەوتی شانەدەر و لە چینی (B) لە (زاوی چەمی)**[١٠٤] **دۆزراوەتەوە.**[١٠٥]

---

[١٠٢] **ئەشكەوتی هەزارمێرد:** ئەشكەوتێكی شوێنەوارییە و نزیكی گوندی هەزارمێردە، دەكەوێتە زنجیرە چیای بەرانان، بە دووریی **٢٠**كم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیی، **١٢٠٠**م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. لە چەند ئەشكەوتێك پێكدێت، وەك ئەشكەوتی تاریكە و ئەشكەوتی مانگابەكەڵ و ئەشكەوتی گەورە. یەكەمجار لەلایەن خانمە شوێنەوارناس (دۆرۆسی گارروود)ەوە لەساڵی **١٩٢٨** پشكنینی تێداكراوە، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوارەوە لەساڵی **١٩٤٣**دا وەك ئەشكەوتێكی شوێنەواریی ناسێنرا، لە كنە و پشكنین تێیدا سێ چینی نیشتەجێبوونی (A, B, C) دۆزراونەتەوە، هەندێك لەو پارچە گڵێنانەی تێیدا بوون وەك ئەوانە وایە كە لە چەرموودا دۆزراونەتەوە. بڕوانە: الدباغ، السلاح في عصور.... , ص. ٣٧، بصمة جي، فرج، "كهف هزار ميرد الشرقي"، *سومر ١* ، (١٩٥٠)،ص. ١٠٧.

[١٠٣] الدباغ, السلاح ف عصور ....، ص. ٣٨.

[١٠٤] **زاوی چەمی:** گوندێكە مێژووەكەی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، لە زێی گەورەوە **٩٥**م دوورە، دەكەوێتە ڕۆژئاوای ئەشكەوتی شانەدەر بە دووریی ٤كم، ئەم گوندە **٤٢٥**م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لەوانەیە ئەم ماوەیە لە چاخەكانی پێش مێژووەوە لە كوردستانی عێراقدا لە دەورووبەری چاخی بەردینی ناوەڕاست ژیانی تێدا دەركەوتبێت. بڕوانە: القره داغي، *المصدر السابق*، ص. ٢٤;
Matthews, *op. cit.*, p. 32.

[١٠٥] الدباغ، السلاح ف عصور ....، ص. ٣٨.

هەرلە (**زاوی چەمی**) چەقۆ دۆزراوەتەوە کە لە بەردەئەستێ دروستکراوە و بە قیر لکێنراوە بە دەسکە ئێسقانێکی درێژەوە، بەڵام هیچ شتێکی لە قوڕ دروستکراو و هیچ ئامێرێکی چنینی تێدا نەدۆزراوەتەوە.[١٠٦]

هەروەها پاشماوەی ئەم مرۆڤانە لەشوێنەواری **قەرمزدەرە**[١٠٧] دەرکەوتووە، هەرچەندە ئامێری بەردینی کەم دۆزراونەتەوە، بەڵام دەمە چەقۆی بەردین و سەری قەمە و کرێنکە و و داس و سەری رم و هەندێك پارچەی ئۆپسیدییان دۆزراوەتەوە مێژووەکەیان بۆ چاخی **بەردینی ناوەڕاست** (**وێنەی ٩**)، دەگەڕێتەوە.[١٠٨]

---

[١٠٦] باقر، *مقدمة في تأريخ ....* ، ص. ٢٠٨-٢٠٩.

[١٠٧] **قەرمزدەرە**: گردێکی شوێنەوارییە و دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای قەزای تەلەعفەر و باشووری شاخی سنجار، بە دووریی **٥٠**کم لە خۆرئاوای شاری موصڵ، لە ماوەی چاخی بەردینی نوێ بووە، نزیکەی **٢**م لەڕووی زەوییەوە بەرزە، حەوت چینی شوێنەواریی لێدۆزراوەتەوە. چینی (٦ و ٧)ی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، بەڵام چینی (٤ - ٥)ی بۆ سەرەتای چاخی گڵێنەیی دەگەڕێتەوە. بەهۆی لێدان و دروستکردنی ڕێگاوبانەوە لەو ناوچەیە زیانی زۆر بەر ئەم شوێنەوارە کەوتووە. یەکەم کاری کنە و پشکنین تیایدا لەساڵی **١٩٨٦** لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەواری عێراقی و تیمێکی شوێنەواریی بریتانیی سەر بە زانکۆی ئیدنبەرە بە سەرۆکایەتیی شوێنەوارناس (دکتۆر واتکیز) ئەنجامدراوە. بڕوانە:

Watkins, T., Braid, D. and Betts, A., "Qermez Dere and the Early Ceramic Neolithic of Iraq", *Paleoriént*, Vol. 15, Nu. 1, (1989), p. 19; Watkins, T., Pushing back the Frontiers of Mesopotamia Prehistory, *The Biblical Archaeologist*, the American Schools of Oriental Research, Vol. 55, No. 4, Dec. 1992, p. 177-178; Ambos, C., "Prestige und prestigegüter im beginnenden vorderasiatischen Neolithikum: Nemrik 9 und Qermez Dere", Müller J. Bernbeck R., (Herausgeber) *prestige- prestigegüter-Sozialstrukturen Beispiele aus dem europäischen und vorderasiatischen Neolithikum*, 1996, p. 47-129.

[108] Ambos, *op. cit.*, p. 47.



وێنەی (٩) سەری ڕم لە قرمزدەرێ
Ambos, 1996, p. 50

هەروەها سەری تیر دۆزراوەتەوە کە بە شێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو دروستکراوە، کە ئەمەش ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ پێشکەوتن لە کاری راوکردندا یاخود ئەو ململانێیانەی لەنێوان گرووپە جیاوازەکانی مرۆڤی ئەوکاتەدا هەبوون.[١٠٩]

لە **هەزارەی دەیەمی** پ. ز. کۆتایی بەدوا چاخی بەستەڵەك هات، پلەی گەرما بەرزبووەوە و سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ گۆڕا و ئاژەڵە زەبەلاحەکان لەناوچوون، مرۆڤ لە ئەشکەوت و پەنا بەردینەکانەوە هاتە دەرەوە و ڕوویکردە دەشت و دۆڵە بەپیتەکان وکەناری ڕووبارەکان، لێرەدا دەستیکرد بەماڵیکردنی ئاژەڵە بەرهەمدارەکان و چاندنی دانەوێڵە.[١١٠] ئەمەش بوو بەسەرەتای **چاخی بەردینی نوێ** (١٠٠٠٠–٥٥٠٠ پ. ز.) کە مرۆڤ کشتوکاڵی دۆزییەوەو بوو بەپیشەی سەرەکیی بۆی، بەپێی پێشکەوتنی لە کشتوکاڵدا ژیانی لە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەوە گۆڕا بۆ بەرهەمهێنانی خواردن.[١١١] واتە لە چاخی بەردینی نوێ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە ژیانی مرۆڤدا ڕوویداوە و دڵنیایی ژیانی پێبەخشیی بەهۆی کشتوکاڵکردن و ماڵیکردنی ئاژەڵ، هەربۆیە ئەم چاخە ناسراوە بە چاخی بەرهەمهێنانی خۆراك

---

[109] Matthews, *op. cit.*, p. 36-37; Ambos, *op. cit*, p. 47.

[١١٠] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە، بڕوانە: الدباغ، تقي, مقدمة في علم الآثار، *سلسلة الموسوعة الصغيرة*، دار الجاحظ, بغداد، ١٩٨١, ص. ٤٧–٥٨.

[١١١] علي، محمد عبد اللطيف محمد، *تأريخ العراق القديم حتى نهاية الألف الثالث قبل الميلاد*، الأسكندرية، ١٩٧٧، ص. ٣٨.

(food producting).[١١٢] یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی چاخی بەردینی نوێ ناوچەی **گۆبەکلی تەپەیە (Göbekli Tepe)**.[١١٣]

بەڵام لە ئەشکەوتی **پالی گەورە**،[١١٤] لە چینی B دا ئامێری لەبەرد دروستکراو دۆزراوەتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە، ئامێرەکانیش بریتین لە ژمارەیەك تەڵەزم و هەندێك شێوەی کرێنکە و هاڕەر و چەقۆ و پاچی دەستیی و بە شێوەیەکی زۆر ورد دروستکراون، بەجۆرێك کە تێبینی پێشکەوتنی جۆری دروستکردنی شێوەی ئامێرەکان دەکرێت, (**وێنەی ١٠**)[١١٥].

---

[١١٢] باقر، *المصدر السابق*, ص. ٢١٦.

[١١٣] **گۆبەکلی تەپە:** ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆرفە لە کوردستانی تورکیا، تیمێکی ئەڵمانی بە سەرپەرشتی (کلاوس شمیدت) لەساڵی **١٩٩٥** هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامداوە، شوێنەوارەکانی ئەم ناوچەیە بۆ چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازیی (pre-pottery Neolithic) لە دەوروبەری ساڵانی (١٢٠٠٠-٨٠٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەك لەم شوێنەدا نەدۆزراوەتەوە کە ئاماژەی کشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ بێت، بەڵام لەسەر ڕووی گردەکە ژمارەیەك شتی بەجێماوی شوێنەواریی لە بەردەئەستێ دروستکراو دۆزراونەتەوە. بڕوانە: باقر، المصدر السابق, ص. ١٦٥;

Hauptmann, H., and K., Schmidt, *Anatolien vor 12000 Jahren Die skulpturen des Fruhneolithikums, Vor 12000 Jahren in Anantolien, Die ältesten Monumente der Menschheit, Badischen Landesmuseum Karlsruhe*, 2007, p. 74; Dietrich, O., et al. "Göbekli Tepe (Türkei), Die Arbeiten der Jahre 2012 und 2013", e- *Forschungs Berichte des, DAI*, (2014), p. 131.

[١١٤] **پالی گەورە**: ئەم ئەشکەوتە لە دیوی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای بی بی جەك لە بازیان بەرامبەر ناحیەی بازیان لەپارێزگای سلێمانیی، بەدووریی **٢٠**کم لە باکووری چەرموو، ئەم شوێنە گوزارشتە لە کۆتاییهاتنی نیشتەجێبوون و ژیان لەم ئەشکەوتدا، وەك پەناگەیەکی بەردیی وایە و پانییەکەی **٦**م و قووڵییەکەی **٥**م و بەرزیی دەرچەکەشی **٣**م. بڕوانە: ابراهیم, *المصدر السابق*،ص. ٣١.

Braidwood, *op. cit.*, p. 27; Ahmed, *op. cit.*, p. 5.

[١١٥] ابراهیم، *المصدر السابق*، ص. ٣١.



وێنەی (١١) دەمە چەقۆی جۆراو جۆر.

الدباغ, ١٩٨٨، اللوح ١١ (٣٠-٣١-٣٢)

وێنەی (١٠) ئامێری لەبەرد دروستکراو لە پالی گەورە هێلکاری توێژەر

**تیغ** (مدیة) چەندین جۆری هەیە (**وێنەی ١١**)، بەڵام گرنگترینیان ئەوانەن کە نووکێکی تیژیان هەیە، یان یەك لای تیژیان هەیە، نموونەی ئەمانەش لە کوردستان لە ئەشکەوتی **شانەدەر** لە چینی (c-d) و لە **زەرزی** و **پالی گەورە** و **کەریم شەهر** دۆزراونەتەوە.[١١٦]



**چاخی بەردینی نوێی پێش گلێنەسازیی** (١٠٠٠٠-٦٠٠٠ پ. ز.) یە کێك لە گوندە گرینگەکانی کوردستان کە بۆ ئەم چاخە دەگەڕێتەوە گوندی (**چەرموو**)ە.[١١٧] یەکێك لەو جۆرە

١١٦ الدباغ, السلاح في عصور.... , ص. ٣٧.

١١٧ **گوندی چەرموو:** گوندێکی کشتوکاڵیی کۆنە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ بەدووریی ١١کم و باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك بەدووریی ٣٥کم، ڕووبەرەکەی لە نێوان (١٢٠٠٠-١٦٠٠٠م٢) و بەرزییەکەی ٨٠٠م لەئاستی ڕووی دەریاوە. بۆ یەکەمجار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواریی

چەکانەی لەم گوندەدا بەکارهاتووە (قۆچەقانی–بەردەقانی)ـی بووە، چونکە لەم گوندەدا ئەو بەردە خڕە لێدراوانە دۆزراونەتەوە کە لەدوورەوە دەهاوێژران، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا ئەم بەردە خڕانە لە ماددەی تری وەك: گڵێنە و قوڕی وشکراو دروستکراون، ئەم جۆرە چەکە، کە پێکهاتووە لە پارچە چەرمێك یان چنراوێك و دوو پەت بە هەردوو سەرییەوە بەستراوەتەوە و بەردە خڕەکە دەخرێتە ناو چەرمەکە و دواتر هەردوو سەری پەتەکان بەدەست دەگیرێت و بە بازنەیی دەسوڕێنرێتەوە و ئینجا سەری پەتێکیان بەردەدرێت و بەردە خڕەکەش بە توندی دەردەپەڕێت، بەپلەی یەکەم بۆ جەنگ و بەپلەی دووەم بۆ راوکردن بەکارهاتووە (**وێنەی ١٢**).[١١٨]

وێنەی (١٢) بەردی قۆچەقانی لە چەرموو

الدباغ، ١٩٨٨, ص. ٧٣.



عێراقییەوە لەساڵی ١٩٤٠دا دۆزرایەوە و دواتر لەلایەن تیمێکی پەیمانگای رۆژهەڵاتیی لە زانکۆی شیکاگۆ بەسەرۆکایەتیی (رۆبێرت برەیدوود) بە سێ قۆناغ لە نێوان (١٩٤٨–١٩٥٥) کنە و پشکنینی تێداکراوە و لە ئەنجامدا ١٦ چینی شوێنەواریی دۆزرانەوە, کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ. بڕوانە: الدباغ، الآلات الحجرية.... ، ص. ١٢١; رشيد، عبد الوهاب محمد، *حضارة وادي الرافدين*، ط ١، ٢٠٠٤، ص. ٣٦; باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة*، دراسة وتحقيق مجموعة من الأساتذة، بيت الحكمة، بغداد، ط١، ٢٠١٠، ص. ١٦٩;

Braidwood, L. R. Braidwood, B. Howe and Ch. A. Reed (eds.), *Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks*, Chicago, 1983, p. 544.

[١١٨] الدباغ، السلاح في عصور.... ، ص. ٣٨.

لە شوێنەواری **بێستانسوور**،[١١٩] مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی نوێیی پێش گلێنەسازیی (قۆناغی B) دەگەڕێتەوە، لەو خەندەکانەی تیایدا هەڵکەندراون بۆ مەبەستی کنە و پشکنین، چەندین ئامێر و شتی شوێنەواریی دۆزراونەتەوە، بۆ نموونە لە خەندەکی ژمارە (٢)دا هەندێك ئامێری لە بەردەئەستێ دروستکراو دۆزراوەتەوە، لەوانە ئامێری هاڕینی دانەوێڵە، ئامێری بەرگریی لەخۆکردن و جەنگ لەگەڵ دوژمن.[١٢٠] بەڵام لە خەندەکی (١١)دا سەری تیر دۆزراوەتەوە،[١٢١] هەروەها لە شوێنەواری **شمشارە** کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە, دەمە چەقۆ و دەمە داس و کرێنکە دۆزراونەتەوە، کە هەندێکیان بە هۆی سوتانەوە زیانیان پێگەیشتووە.[١٢٢]

بەڵام لە **شارستانی حەسونە**,[١٢٣] کە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی چاخی بەردینی نوێ و ناونراوە بە شارستانی **حەسونە** (٦٠٠٠-٥٣٠٠ پ. ز.)، لەپێنج چینی خوارەوەیدا تەور بەردین

---

[١١٩] شوێنەواری **بێستانسوور**: گردێك و کێڵگەکانی چواردەورییەتی، دەکەوێتە گوندی بێستانسوور لە دەشتی شارەزوور، بە دووریی ٢٤کم لە باشووری شاری سلێمانیی، نزیکەی ٥٥٠م لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە. یەکەمجار لەساڵی ١٩٤٧دا وەك ناوچەیەکی شوێنەواریی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوارەوە تۆمارکراوە, بەڵام دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوورودرێژ و لەساڵی ٢٠١٢دا وەك بەشێك لە پرۆژەی ناوچە شوێنەوارییەکانی زاگرۆسی ناوەڕاست ( The Central Zagros Archaeological Project) لەلایەن هەردوو شوێنەوارناس (رۆجەر ماتیۆس و ویندی ماتیۆس)، بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سلێمانیی کاری کنە و پشکنین تێیدا دەستپێکرد، لەساڵی ٢٠١٢ تا ساڵی ٢٠١٤ پێنج وەرز کاری تێداکراوە، بەپێی ئەو پارچە شوێنەوارییانەی لە دامێنی گردەکە و لەو خەندەکانەی لەوێدا لێدراون، دۆزراونەتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم شوێنە بۆ سەرەتای چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێتەوە. بڕوانە: هواس،المصدر السابق, ص. ٥٥.

[120] Matthews R., and Others, *Excavation at Bestansur*, March 2012, p. 11-12.

[121] Matthews R., and Others, *Excavation at Bestansur*, August, 2012, p. 49-52.

[122] Matthews, *op. cit.*, p. 71.

[١٢٣]**گوندی حەسوونە**: گوندێکی شوێنەواریی کۆنە و دەکەوێتە کەناری چەپی ڕووباری دیجلە بەدووریی ٣٠کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، شارستانی حەسونەش بە ناوی گردی حەسونەوە ناونراوە, بۆ یەکەمجار لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ لەلایەن تیمێکی شوێنەواریی عێراقیی-بریتانیی بە سەرپەرشتی (سیتۆن لوید) و (فوئاد سەفەر) دۆزرایەوە و کنە و پشکنینی تێداکرا. ئاسەواری جۆری حەسونە لە

دۆزراوەتەوە،[١٢٤] هەروەها بەردی خڕی لە گڵێنە دروستکراو دۆزراوەتەوە، بەڵام ئامێری هەڵدانەکەی (واتە قۆچەقانی) نەدۆزراوەتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی لە ماددەی ئەندامیی دروستکراوە و بە تێپەڕبوونی کات فەوتاوە.[١٢٥] هەروەها لەو گوندەدا سەری تیر لە شێوەی گەڵای غار، کە لێوارەکانی گرنج گرنجە، دروستکراوە (**وێنەی ١٣**).[١٢٦]



وێنەی (١٣

شێوەی گە!

هێڵکاری ت

یەکێك لەو ناوچە شوێنەوارییانەی کە بەپێی پاشماوە شوێنەوارییەکان بۆ سەردەمی **حەسوونە** دەگەڕێتەوە, بریتییە لە گردی **الثلاثات**[١٢٧] کە دەمە چەقۆ و داسی بەردە ئەستێ و کڕێنکە و

---

شوێنەواری شمشارە لە چینەکانی ٩-١٦ و لە هەندێك ناوچەی تر لە دەشتی ڕانیە وەك گردی دێم و گەمریان دۆزراونەتەوە. بڕوانە: سفر, فؤاد, "حفريات تل حسونة", *سومر* ٢ , (**١٩٤٥**), ص. **٣٥** ; باقر، *مقدمة في تأريخ الحضارات....* ، ص. ٢١١.

Lloyd, S., *The Archaeology of Mesopotamia: From the old Stone Age to the Persian Conquest*, Thames and Hudson Ltd, Revised Edition, London, 1984, p 69; Charvat, P., *Mesopotamia before History*, London, 2002, p.19.

[١٢٤] الدباغ، الآلات الحجرية.... , ص. ١٠٢.

[١٢٥] الدباغ، السلاح في عصور قبل.... , ص. ٣٩.

[١٢٦] الدباغ, *المصدر السابق*، ص. ٣٨.

[١٢٧] **گردی الثلاثات**: ئەم گردە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی تلعفر، لە پارێزگای نەینەوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی **کول تەپە** (Kul Tepe) بە دووریی ٤٠کم، بەرزییەکەشی **٣٦٠**م لە ئاستی ڕووی دەریاوە، مێژووی ئەم گردە بۆ سالآنی (**٥٨٥٠**±٨٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە, یەکەمجار لەساڵی **١٩٦٥** لەلایەن تیمێکی یابانییەوە هەڵکۆڵینی تێدا کراوە. بڕوانە: Matthews, *op. cit.*, p. 62.

تەڵەزمی بەردینی داس و زیاتر لە ١٠٠ پارچە کرێنکە و دەمە چەقۆی تیژ کە لە بەردە ئەستێ دروستکراون تێیدا دۆزراونەتەوە.[١٢٨]

بەڵام سەردەمی **سامەڕا** (٥٦٠٠–٤٨٠٠ پ. ز.)،[١٢٩] بە قۆناعی دووەمی قۆناغەکانی چاخی بەردینی مس دادەنرێت، زۆرترین ئامێرێك لەم سەردەمەدا بەکارهاتبێت، داس و ڕم و چەقۆ و ئامێری وردکردن و هاڕینی دانەوێڵە و کوتەك بووە.[١٣٠] لە گردی **مەتارە** (**تل مطارة**)[١٣١] دەمە داس و دەمە چەقۆ و کونکەر و ئامێری کشتوکاڵکردن و ئێسقانی ئاژەڵی ماڵی دۆزراونەتەوە.[١٣٢]

**ماوەی حەلەف**[١٣٣] بۆ ماوەی قۆناغی شارستانەتیی چاخی بەردینی مس ( **Middle Chalcolithic**) دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کوردستان بۆ نێوانی ساڵانی (٦٠٠٠–٥٠٠٠ پ.

---

[128] Ibid.

[١٢٩] **ماوەی سامەڕا:** قۆناغی دووەمی چاخی بەردینی کانزایی کۆنە، ماوەی گەشەسەندنەکەی دەگاتە نیوەی دووەمی هەزارەی شەشەمی پ. ز.، گلێنەی تایبەت بەم سەردەمە بۆ یەکەمجار لەلایەن هەڵکۆڵەرانی ئەڵمانیی لە ساڵانی ١٩١٢–١٩١٤ لە گۆڕستانێکی سەردەمانی پێش مێژوو، کە لەژێر پاشماوەی خانووی سەردەمی سامەڕای خیلافەتی عەبباسییەکاندا بووە، دۆزراوەتەوە، هەربۆیە بە ماوەی سامەڕا ناونراوە. چەند گلێنەیەکی تایبەت بەم ماوەیە لە چەند ناوچەیەکی شوێنەواریی کوردستانی وەك: (گرد مەتارە و گردی حەسوونە و گردی شمشارە و گردی حەلەف و گردی چاغر بازاڕ و تەپە گەورە) دۆزراوەتەوە. بڕوانە: باقر، *المصدر السابق,* ص. ٢١٦; بصمة جي، فرج، *دليل المتحف العراقي*، بغداد، ١٩٦٠، ص. ٨.

[١٣٠] باقر, *مقدمة في تأريخ....* , ص. ٢٤٠.

[١٣١] **گردی مەتارە:** ئەم گردە بە دووریی ٣٤کم دەکەوێتە باشووری شاری کەرکوك و ٢٢٠م لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە، لەلایەن تیمێکی ئەمریکییەوە لە پەیمانگای رۆژهەڵاتیی زانکۆی شیکاگۆ لەساڵی ١٩٤٨دا کنە و پشکنینی تێداکراوە. بڕوانە: محیسن, *المصدر السابق*، ص. ٢٣٣;

Matthews, *op. cit.*, p. 72.

[132] Matthews, *op. cit.*, p. 72.

[١٣٣] **گردی حەلەف:** ئەم گردە ٥کم لە باشووری رۆژئاوای شاری سەرێ کانیێ (رأس العين) دوورە، لەلایەن تیمێکی ئەڵمانییەوە بەسەرپەرشتیی ماکس فۆن ئۆپنهایم لەساڵانی (١٩١١–١٩١٣ و ١٩٢٩) هەڵکۆڵینی تێداکراوە, پاشماوەی قۆناغی حەلەف لە خوارووی کەرکوك و حەمرین و دەشتی هەولێر (قالینج ئاغا) و شارەزوور و نەینەوا و دێر هال و خەرابەشەططانی و شاگر بازاڕو هەندێك ناوچەی تر بینراوەتەوە،

ز.) دەگەڕێتەوە. لەم ناوچەیە چەند جۆرێکی پاچ دۆزراوەتەوە، لەوانە پاچی دووسەر کە ناونراوە بە (**Maltese square**) کە خاچێکی چوارلایە و هەریەك لە سەرەکانی سێگۆشەیەکی بچووکە.[١٣٤] ماوەی **حەلەف** لە شارستانیی میسۆپۆتامیا، گرنگ و تایبەتە چونکە کانزاکاریی و بەکارهێنانی کانزای تێدا دەرکەوت، بەتایبەت کانزای (مس و قورقوشم).[١٣٥] لە گردی **بانا هیلك**,[١٣٦] کە یەکێکە لە نشینگەکانی شارستانیی حەلەف، پارچەی بەردی ئۆزیدی و دەمە داس دۆزراوەتەوە.[١٣٧]

لەکاتی هەڵکۆڵینی شوێنەواریی لە گۆڕەکانی **یاریم تەپە**، پارچەی شوێنەواریی زۆری تێدا دۆزراوەتەوە لە ناویشیاندا پارچەی لە مس دروستکراو و بەردی ئۆبسیدیان.[١٣٨]

---

لە باکووریش لە ساکجاکۆزۆ و دوموز تەپە و تورلوتیکی تەپە، پاشماوەی حەلەف دۆزراوەتەوە. بڕوانە: باقر، *مقدمة في تأريخ ....* ، ص. ٢١٧; بصمه جي، *المصدر السابق*، ص. ٩;

Campbell, S., "The Halaf Peroid in Iraq: Old sites and New", *Biblical Archaeologist*, Vol. 55, (1992), p. 185; Matthews, *op. cit.*, p. 73.

[١٣٤] باقر،، *مقدمة في تأريخ ....* ، ص. ٢١٨.

[١٣٥] باقر، *مقدمة في تأريخ ....* ، ص. ٢١٩-٢٢٠ ; Matthews, *op. cit.*, p. 89

[١٣٦] **بانا هیلك**: گردێکی بچووکی شێوە هێلکەییە، بەرزییەکەی ٤م، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی دیانا و ١کم لە ڕواندوزەوە دوورە, ٦٧٤م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. ئێستا لەناو شاری سۆراندایە. بڕوانە:

Watson, P. J., "The Soundings at Bana Hilk", *Prehistoric Archeology along the Zagros Flanks*, Vol. 105, University of Chicago, Oriental Institute Publications, (1983), p. 555; Matthews, *op. cit.*, p. 105;

[137] Matthews, *op. cit.*, p. 105.

[١٣٨] **یاریم تەپە**: ئەم شوێنەوارە بە یەکێك لە گردە شوێنەوارییەکانی ماوەی حەلەف دادەنرێت و دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی ئاویی بەدووریی ١٠کم لەباشووری ڕۆژئاوای شاری تلعفر, لەساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٦ لەلایەن تیمێکی سۆڤێتیی لە پەیمانگای شوێنەواری ڕۆژهەڵاتی نزیك بەسەرپەرشتیی (Nikol. Petrova) و (Rauf, M., Munchaev) هەڵکۆڵینی تێداکراوە. بڕوانە: لوید، سیتون، *آثار بلاد الرافدین من العصر الحجري القدیم حتی الغزو الفارسي*، ت: محمد طلب، دار دمشق للطباعة والصحافة والنشر، ط١، ١٩٩٣، ص. ٩٧;

Petrova, N. Y., A Technological Study of Hassuna Culture Ceramics (Yarim Tepe I Settlement), In: *Documenta Praehistorica*, Vol. 39, 2012, p. 75; Merpert. N. Y.and Munchaev. R. M., "The Earliest levels at Yarim

لەگردی **ئەرپەچییە**[139] نەخشێکی دەگمەن دۆزراوەتەوە کە نەخشی ژنێکە قژی هەیە و کەسێکیش کە بە تیروکەوان خەریکی راوکردنە. ئەمە جگە لەوەی لەم گردەدا هەندێك پارچە بەردی تیژ و بەردی بورکانیی شووشەیی رەش دۆزراونەتەوە.[140]

هەروەها **شارستانی عوبەید,**[141] (٦٠٠٠-٤٠٠٠ پ. ز.) لە چاخی بەردینی کانزایی، کە شوێنەوار و کاریگەریی ئەم چاخە لە هەموو ناوچەکانی میسۆپۆتامیا بڵاوبووەتەوە، هەروەك چۆن لە ناوچەی کوردستان بڵاوبووەتەوە و پێیوتراوە (عوبەیدی باکوور).[142]

لە **تەپەگەورە**،[143] کە بە یەکێك لە گوندەکانی عوبەیدی باکوور دادەنرێت، بەرد بۆ چەند ئیشێك بەکارهاتووە، لەوانە دروستکردنی چەك، وەك سەری گۆچان کە لە چینی هەشتەمیدا

---

Tepe I and Yarim Tepe II in Northern Iraq", *Iraq*, Vol. XLIX, (1987), p. 1; Matthews, *op. cit.*, p. 89.

[139] **گردی ئەرپەچییە** دەکەوێتە رۆژهەڵاتی موصڵ بەدووریی ٢٠ کم، لەساڵی ١٩٣٠ و ساڵی ١٩٧٠ هەڵکۆڵینی تێدا کراوە. بڕوانە: . Matthews, *op. cit.*, p. 85

[140] Matthews, *op. cit.*, p. 85.

[141] **شارستانی عوبەید** بەناوی گردی شوێنەواریی (عوبەید)ەوە ناونراوە، دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئوور بە دووری ٦کم و نزیکە لە شاری ناسرییە، بۆ یەکەمجار لە سەدەی بیستەم لەلایەن زانای شوێنەوارناس (لیۆناردۆ وولی) دۆزرایەوە. شتی بەجێماو و شوێنەواریی ئەم شارستانییە لە چەندین ناوچەدا بەدرێژاریی هەردوو رووباری دیجلە و فورات دۆزراوەتەوە, ئەم شارستانییە ماوەیەکی زۆری خایاندووە و دابەشکراوە بۆ چوار قۆناغ، شارستانیی ئەم سەردەمە بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت، ئەوانیش عوبەیدی باکوور و عوبەیدی باشوورە، یەکێك لە بەناوبانگترین گوندەکانی عوبەیدی باکور (تەپە گەورە)یە. بڕوانە کسار، اکرم محمد عبد، "فخار عصر العبید في العراق القدیم"، *سومر* ١و٢، (١٩٨٥-١٩٨٦) ص. ١٣;

Hamblin, J. H., *Warfare in the Ancient Near East to 1600 b. c. Holy Warriors at the Dawn of History*, Rutledge, London and New York, 2006, p. 34.

[142] باقر، *المصدر السابق*، ص. ٢٤٦.

[143] **تەپە گەورە:** دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی موصڵ بە دووریی ٢٥کم، یەکەمجار زانا و شوێنەوارناسی ئەمریکیی (ئیفرایم ئەڤیگدۆر سپیزەر) لەساڵی ١٩٢٧ دۆزییەوە و دواتر تیمێکی ئەمریکیی بەسەرپەرشتی ئەو زانایە لەنێوان ساڵانی (١٩٣١-١٩٣٨) هەڵکۆڵینیان تێداکردووە. ئەم شوێنە دەرخەری ماوەی سەردەمێکی دوورودرێژە کە نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ دەبێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: باقر، *المصدر السابق*،ص. ٢٢٩; بصمه جي، *المصدر السابق*، ص. ١٩; الباشا، *حضارة وادي الرافدین....* ، ص. ٣٧;

دۆزراوەتەوە. هەروەها کانزاشیان بەکارهێناوە، یەکەمجار کە مسیان بەکارهێناوە بە ساردیی کوتاویانە، بەڵام دواتر گەرمکراوە و لە قاڵب دراوە و چەقۆ و چەك و ئامێری تری لێ دروستکراوە، هەروەها لە **تەپەگەورە** پاچ دۆزراوەتەوە.[١٤٤]

**شارستانی وەرکا** لە دەوروبەری (٤٠٠٠-٣١٠٠پ. ز.) دەرکەوت، قۆناغی ئەم شارستانییە لە کوردستان پێشکەوتوو بووە، بە تایبەت لە پیشەسازیی کانزایی، تەنیا مسیان بەکارنەهێناوە، بەڵکوکانزای تریشیان بەکارهێناوە.[١٤٥]

یەکێك لە پاشماوەکانی ئەم ناوچە شوێنەوارییە لە ناوچەی **گرێ رەش** (**کرای رەش**)ە.[١٤٦] کە ئامرازی بەردینی لێدراوی تێدابووە، دوو کونکەری گەورە و دەمە چەقۆی لێدراو و کونکەری لە مس دروستکراویشی لێ دۆزراوەتەوە.[١٤٧]

---

Haex, O. M. C., Curvers, H. H., and Akkermans, P. M. M. G., Loon, M., N., To the Euphrates and beyond, Rotterdam, 1989, p. 76; Matthews, *op. cit.*, p. 88; Charvat, *op. cit*, p. 57-58.

١٤٤ باقر، *المصدر السابق*، ص. ٢٢٣.

١٤٥ **شارستانیی ئوروك**: ناوەکەی لەشاری ئوروك وەرگیراوە, ئێستا پێیدەوترێت الورکاء, دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی ناسرییە بەدووریی ٦٠کم لە رۆژهەڵاتی فوراتدا، لە تەوراتیشدا ناوی بە ئاراك هاتووە, گرنگترین دەسکەوتی ئەم سەردەمە بریتیبووە لە دەرکەوتنی نووسینی سەرەتایی، هەروەها لەم شارستانییەدا بۆ یەکەمجار مۆری لوولەیی لە چینی پێنجەم دەرکەوت، ئەمە جگە لە هونەری هەڵکۆڵێن کۆنترین بەڵگەی هونەریی ناسراویش لە میسۆپۆتامیا لەسەر بەکارهێنانی رم بۆ سەردەمی وەرکا دەگەڕێتەوە, ئەویش بریتییەلە (میلی راوکردنی شێر)، کە بەرزییەکەی (٨٠ سم) و لە بەردی ئاگرینی بورکانیی (بازلت) دروستکراوە، لەسەر رووبەکی ئەم میلە دوو دیمەنی هونەریی هەڵکۆڵراوە، لە دیمەنی سەرەوەدا پیاوێکی ریشدار دەبینین کە رمێکی بەدەستەوەیە و ئاراستەی سنگی شێرێکی کردووە تاوەکو بیچەقێنێت بە سنگیدا. بڕوانە: باقر، طه، *مقدمة في أدب العراق القديم*، دار الحرية للطباعة، جامعة بغداد، ١٩٧٦، ص. ١١، اسماعیل، بهیجة خلیل، "الکتابة"، *حضارة العراق*, ج١، بغداد، ١٩٨٥، ص. ٢٢١; باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات (تأريخ الفرات القديم)*، بغداد، ط ٢، ١٩٥٥، ص. ٦٨-٦٩.

١٤٦ **گرێ رەش**: ناوچەیەکی شوێنەوارییە بەدووریی ٦کم دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی ناوچەی شەنگال لەسەر رێگای تلعفر، لەلایەن سیتۆن لوید و رایتلینگەر لەساڵی ١٩٣٨ هەڵکۆڵینی تێداکراوە، ئەو پارچە

**لەدوای لەناوچوونی شارستانیی وەرکا دوو شارستانیی دەرکەوتن. لە باکوور شارستانیی نەینەوا (٥) لە دەوروبەری (٣١٠٠–٢٥٥٠ پ. ز.) و لە باشووریش شارستانییەکی تر دەرکەوت ئەویش بە شارستانیی جەمدەت نەصر[١٤٨] ناسراوە، لە چینی هەشتەمی ئەم ناوچەیەدا هەندێك شت دۆزراونەتەوە وەك: شووشەی بورکانیی رەش و بەردەئەستێ کە بۆ دروستکردنی دەمە چەقۆ و کرێنکە و ئامێری هەڵکۆڵین بەکارهاتووە.[١٤٩]**

---

**گلێنانەی لەسەر رووی گردەکە کۆکراونەتەوە بۆ سەردەمی وەرکا دەگەڕێنەوە. بڕوانە: حنون، نائل، "مواقع أثرية من الألف الرابع قبل الميلاد في شمال العراق"، *مهد الحضارات* ٦ و ٧، دمشق، (٢٠٠٩)، ص. ٣٠.**

[147] Charvat, *op. cit.*, p. 130.

[١٤٨] **نەینەوا پێنج: قۆناغێکی نوێیە لە باکووری میسۆپۆتامیا لە کۆتایی ماوەی ئوروك (٣١٠٠–٢٥٥٠ پ. ز.) دەرکەوت، ئەم سەردەمە هاوچەرخە لەگەڵ سەردەمی جەمدەت نەصر و سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەی یەکەم و دووەم و بەشێك لە سێیەم لە باشووری میسۆپۆتامیا. بڕوانە:**

Ahmed, *op. cit.*, p. 51.

**پێشتر ئەم بابەتە باسکراوە, بڕوانە: پەڕاوێزی (١٦) لە لاپەڕە(١٢)ی ئەم نامەیە.**

[149] Charvat, *op. cit.*, p. 135.

# ٤-١ کانزاکاری

## ١-٤-١ کورتەیەك دەربارەی کانزاکاریی

کانزاکان لە گرینگترین ئەو مادده خاوانەن کە مرۆڤ بەکاریهێناوە بۆ دروستکردنی ئەو ئامێرانەی کە بۆ ژیانی رۆژانەی پێویست بوون، لەگرنگترینی ئەو کەلوپەلانەی کە لێی دروستکردوون چەك و ئامێری کشتوکاڵیی, شتی جوانکاریی ناوماڵ و خشڵ و زێڕ و زیو بوون. بۆ یەکەمجار لە کوردستان کانزا لە دەوروبەری ٥٥٠٠ پ. ز. بەکارهاتووە و پێویستییەکانی خۆیان پێ جێبەجێکردووە.[١٥٠] ئەوەش گومانی تێدا نییە کە کانزاکاریی لە ناوچە

---

[١٥٠] الجادر, وليد, الصناعة التعدين, حضارة العراق, ج ٢, بغداد, ١٩٨٥, ص. ٢٣٩–٢٤٠.

شاخاوییەکانەوە دەستپێکردووە بە هۆی ئەوەی کانەکانی کانزاکان لە ناوچە شاخاوییەکاندا بوون.[١٥١]

کانزا لەو ماددە سەرەتاییانەیە کە خەڵکی پێویستیان بووە هەربۆیە شوێنی بوونی ئەم ماددە سەرەتاییانە بووبووە بنکەی سەرەکیی بۆ پەیوەندییە بازرگانییە دەرەکییەکانی میسۆپۆتامیا, بۆ نموونە مس لەو کانزایانە بووە کە خەڵکی میسۆپۆتامیا لە ئەنادۆڵ و ناوچەی کەنداوەوە هاوردەیان دەکرد.[١٥٢]

ئەو نموونە جیاوازانەی چەك لە ناوچەکەدا نیشانەی بوونی ئاستی پیشەسازییەکی پێشکەوتوو لە دروستکردنی چەکدا بە دیاردەخات.[١٥٣] توێژەرانی مێژووی شارستانییە کۆنەکان لە جیهاندا و بەتایبەتیی لە میسۆپۆتامیادا، قۆناغەکانی بەکارهێنانی کانزا بەپێی زۆرترین بەکارهێنانی کانزاکان لە سەردەمەکاندا ڕێکدەخەن, بۆنموونە ناوی سەردەمێکیان ناوە سەردەمی مس، سەردەمێکی تر برۆنز و پاشان ئاسن، هەرچەندە ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە کانزای تر نەبووبێت، بەڵکو تویتا و قورقوشم و ئاڵتون و زیو هەبوون و زۆریش گرنگ بوون و لەگەڵ کانزا سەرەکییەکاندا بەکارهاتوون.[١٥٤]

### ١-٤-٢ تواندنەوە و لە قاڵبدان

زۆربەی بابەتە دروستکراوەکان بەشێوەیەکی زۆرباش و تۆکمە و بە جوانیی بە قاڵب دروستکراون, قاڵبلێدانی برۆنز جۆراوجۆر بووە, بەڵام بەگشتیی یەکێك بووە لەم سێ ڕێگایە:

#### ١-٤-٢-١ قاڵبی کراوە (یەك پارچەیی)

---

[151] Maxwell-Hyslop, R., "Daggers and Swords in Western Asia: A Study from Prehistoric Times until 600 B.C.", *Iraq*, Vol. 8, (1946), p. 4.

[١٥٢] الهاشمي, رضا جواد, التجارة, *حضارة العراق*, ج ٢, ١٩٨٥, ص. ١٩٨.

[١٥٣] ساكز, هاري, *عظمة بابل*, ت: عامر سليمان إبراهيم، الموصل، ١٩٧٩, ص. ١٠٢.

[154] Muhly, J. D., "Metalle B", *RlA*, Vol. 8, Berlin, (1993), p. 11;
الجادر، *المصدر السابق*, ص. ٢٣٩-٢٤٠.

ئەم قاڵبە لەماوەی دروستکردنی ئامێرەکەدا دادەپۆشرا، ئەمەش قاڵبی یەك پارچە بوو کە کۆنترین وئاسانترین جۆری قاڵبلێدانە تا ئێستا زانرابێت.[١٥٥]

## ١-٤-٢-٢ قاڵبی داخراو (دوو پارچەیی)

ئەم قاڵبە بریتییەلە دوو نیوە شێوە کە لە یەکدەدرێن، ئەو شتانەی لەم رێگەیەوە دروستدەکران زیاتر لەشوێنێك لەیەکدراون ئەم جۆرە قاڵبانە پاچ و خەنجەریان لێ دروستدەکرا. بۆ نموونە خەنجەر، لەسەرەتادا دەمەکەی قاڵبکراوە پاشان رازێنراوەتەوە و چەکوشکاریی کراوە ئینجا پۆلیش کراوە لە دەرئەنجامدا دەمە خەنجەرێك ئامادە دەکرا, لەبەشی کۆتاییەکەی, ئەو بەشەی کە دەچێتە ناو مشتەکەی بەقاڵب لێدەدرا بۆ ئەوەی مشتەکەی بخرێتە سەر, پاش ئەمە قاڵبێکی تر لێدەدرا بۆ مشتەکەی ئەمیش چەکوشکاریی و پۆلیشدەکرا, ئەمە کارێکی کانزایی تۆکمە بوو لە نێوان دەمەکەی و مشتەکەی ئەنجامدەدرا, بەڵام لەڕووی کردارییەوە کارێکی قورس بووە, چونکە لەماوەی لێدانی هەردوو قالبەکە چینێکی تەنك لە ژەنگ وەکو توێکلێك دروستدەبوو و هەردوو بەشەکەی لە یەکتری جیادەکردەوە.[١٥٦]




---

[١٥٥] المعماري, رعد سالم محمد جاسم, *الأحجار والمعادن في بلاد الرافيدين في ضوء المصادر المسمارية*, رسالة الماجستير في الآثار القديمة، غير منشورة، جامعة موصل, كلية الآداب، ٢٠٠٦, ص. ١٠٦.

[156] Maxwell-Hyslop, K. R., Hodges, H. W. M., "A note on the significance of the technique of casting on as applied to a group of daggers from north-west Persia", *Iraq*, Vol. XXVI, (1964), p. 50.




وێنەی (١٤) چۆنیەتی دروستکردنی قالب بە گریمانە
Roaf, 1999, p. 126

### ١-٤-٢-٣ مۆمی تواوە

ئەم جۆرە قالبە تەکنیکێکە, لەسەرەتاوە قالبەکە بە مۆم دروستدەکرا و بەقوڕ سواغدەدرا، پاشان گەرمدەکرا بۆئەوەی مۆمەکە بتوێتەوە و ڕۆی بکەنە دەرەوە، ئینجا کانزا تواوەکەیان دەخستە شوێنی مۆمەکە پاشان کانزاکە ڕەقدەبوو و پاشەوەی ساردەبووەوە قالبەکە دەشکێنرا و ئەو شێوەیەی کە دەیانویست دەردەچوو, (**وێنەی ١٤**).[١٥٧]

### ١-٤-٣ مس

مس بە زمانی سومەریی **URUDU** و بە زمانی ئەکەدیی بە ***erû*** خوێنراوەتەوە.[١٥٨] مێژووی مزگەریی بۆ هەزارەی هەشتەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە, مس بۆ یەکەمجار لە کورردستان بە شێوەی پارچەی ئاسایی بەکاردەهات، واتە گەرم نەدەکرا، لە شوێنەواری حەسەنلو بابەتی کانزایی دۆزراوەتەوە, هەروەها دەرزییەکیش لە ناوچەی یاریم تەپە دۆزراوەتەوە.[١٥٩]

بەڵام توانەوەی مس لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پ. ز. زانرا، واتە لە دەوروبەری (٣١٠٠-٢٨٠٠ پ. ز.) کە پلەیەکی گەرمی زۆری دەویست[١٦٠] کە ١٠٨٣ پلەی سەدییە.[١٦١]

---

[١٥٧] المتولي, نوالة احمد محمود, *مدخل في دراسة الحياة الاقتصادية لدولة أور الثالثة في ضوء المصادر المسمارية المنشورة وغير المنشورة*، دار الحواء, ط ١, ٢٠٠٧, ص. ٢٨٦;

Roaf, M., *Cultural Atlas of Mesopotamia and the ancient Near East*, Oxford, 1990, p. 126; Khorasani, M. M., *Bronze and iron weapons from Luristan*, Antiguo Oriente: Cuadernos del Centro de Estudios de Historia del Antiguo Oriente, Vol. 7, 2009, p. 198-199.

[158] *CAD*, E, p. 32a.

[159] Carp, M., "Metalle", *RlA*, Vol 8, Berlin, (1993), p. 125.

[١٦٠] الجادر, *المصدر السابق*, ص. ٢٤٠-٢٤١.

یەکێك لە سەرچاوە نوسراوە گرنگەکانی بازرگانیی مس لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە لە کەنداوی عەرەبیشەوە هاتووە, بە بەڵگەی نووسینی مێخیی کە بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. لە ناوچەکانی ئێرانیشەوە مسیان هێناوە بەڵام گۆڕینی سەرچاوەی مس لە ئێرانەوە بۆ عومان گۆڕینی سیستمی بازرگانی دەخاتەڕوو لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.[١٦٢]

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لەناوچەی **کیماش** (**Kimaš**)[١٦٣] مس ناسراوە بەبەڵگەی دەقێك کە بۆ پاشا گودیا دەگەڕێتەوە و تیایدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| Ka-gal-ad[ki] | لەشاری کاگلاد |
| hur-sag-ki-mas-ka | لەشاخی کیماش |
| uruda mu-ni-ba-al[164]. | مسیان دەرهێنا |

وڵاتی ئەنادۆڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بازرگانیی مس لەگەڵ میسۆپۆتامیادا، بەتایبەتیی لەسەردەمی ئاشووریی کۆندا، بەبەڵگەی دەقێکی سەردەمی ئاشووریی کۆن[١٦٥] لە کانیش (کول تەپە) کە ناوەندێکی سەرەکی ئەم بازرگانییە بووە، لەو دەقەدا بۆمان دەردەکەوێت بازرگانیی مس لە ئەنادۆڵ لەدەستنیشانکردنی جۆری مسدا جۆرەها زاراوە بەکارهاتووە.[١٦٦] مس یەکێك بووە لە کاڵا بازرگانییەکان لەنێوان ئاشوورییەکان و وڵاتی ئەنادۆڵ.[١٦٧] کانزاکارەکانی میسۆپۆتامیا شارەزاییەکی باشیان لە بەکارهێنانی مس و قۆناغەکانی دروستکردنیدا (دەرهێنانی

---

[161] Jones, M., *Oxhide Ingots, Copper Production, and the Mediterranean trade in Capper and Other metals in the Bronze Age*, Master of Arts, Texas A&M University, 2007, p. 110.

[162] Carp, *op. cit.*, p. 128.

[١٦٣] **کیماش**: دەکەوێتە باشوری بەرزاییەکانی باشوری شاری کەرکوك. بڕوانە: المعماري, ٢٠٠٦، *المصدر السابق*, ص. ١١٥.

[١٦٤] المتولي, المصدر السابق, ص. ٢٩٢.

[١٦٥] بۆ بینینی خشتەکە و زاراوە ئاشوورییەکان دەربارەی مس لە **کانیش (کول تەپە)**، بڕوانە:
Jones, *op. cit., p.* 31-32.

[166] Jones, *op. cit., p.1.*

[١٦٧] لارسن، موکنز، "القصدير والنحاس في نصوص آشور"، *سومر٤٢*، (١٩٨٦), ص. ٧٦.

لە خۆڵە خاوەکەی و تواندنەوەی) هەبووە، ئەمەش لەبنیاتنانی شارستانییەکی تەواودا یارمەتیدەر بووە، چونکە کانزاکاریی بڕگەیەکی گرنگە لە ژیانی شارستانییدا.[١٦٨]

**١-٤-٤ برۆنز و تۆتیا**

لە دروستکردنی برۆنزدا مس سەرەکیترین کانزایە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ تۆتیا ، برۆنز لەکۆنترین ئەو کانزاکانە لەدروستکردنی چەك و بابەتەکانی تردا.[١٦٩] برۆنز لەزمانی سۆمەرییدا بە ZABAR خوێنراوەتەوە, بە زمانی ئەکەدییش بە ***siparru*** خوێنراوەتەوە.[١٧٠]

تۆتیا لە زمانی سۆمەرییدا بە **AN . NA** خوێنراوەتەوە و بەڵام لە ئەکەدییدا بە ***annaku*** خوێنراوەتەوە.[١٧١] بۆ یەکەمجار ناوی تۆتیا لە دەقێکی **شروباك** (**فارة**) دەرکەوت. لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی دووەم بەکارهێنانی تۆتیا لەگەڵ مس بۆ ئاسانی و باشتربوونی ئیشەکەبوو، لەبەرئەوەی بوونی تەنەکە وا دەکات کانزاکە لە پلەکی نزمتر بتوێتەوە و بۆ ئاسانکاریی زوو رەقبوونی کانزاکە گرنگ بوو.[١٧٢]

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. پیشەسازیی کانزایی لە میسۆپۆتامیادا گەیشتە لوتکە و لەڕووی تەکنیك و پارچە دروستکراوەکان لە ئاستێکی بەرزدا بووە.[١٧٣]

ڕێژەی مس و ماددەکانی تر لەو برۆنزەی کە بۆ دروستکردنی چەکەکان بەکاردەهێنرێت، جیاوازن, بەڵام پێکهاتەی برۆنزی باش ئەم ڕێژانەی تێدایە: (٩٠٪ مس، ٨٪ تەنەکە، ٢٪ زەرنیخ و ئاسن و نیکل.)[١٧٤]

پەیوەندی نێوان کانزاکاریی و بازرگانی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە میسۆپۆتامیا لەسەردەمی برۆنزدا زوو بەدیکرا, کانزای خاو، بەتایبەتیی خاوی مس و تەنەکە بەڕادەیەك گرنگ بوو لە سەردەمی برۆنزدا کە پانتاییەکی زۆری لەگرنگیپێدانی خەڵکدا داگیرکردبوو.[١٧٥]

---

[١٦٨] المتولي, *المصدر السابق*, ص. ٢٨٢.

[169] Jones, *op. cit.*, p. 32.
[170] *CAD*, P, p. 324.
[171] *CAD*, A II , p. 127a.

[١٧٢] المعماري، *المصدر السابق*, ص. ١٣٩.

[173] Jones, *op. cit.*, p. 8.
[174] Khorasani, *op. cit.*, p. 197.
[175] Jones, *op. cit.*, p. 2.

تەنەکە لە بازرگانیی نێوان ئاشوورییەکان و وڵاتی ئەنادۆڵدا رۆڵێکی گرنگی هەبووە، وێڕای ئەمەش، **دەقێکی** ئاشوورییەکان هەیە کە بۆ سەردەمی **شەمشی ئەدەدی یەکەم** دەگەڕێتەوە و بەڵگەمان **دەداتێ** لەسەر بوونی تەنەکە لە **شمشارە**، بەوەی کە ئاشوورییەکان داوایان لە شمشارە کردووە بەشێکی زۆر تەنەکەیان بۆ بنێرێت، ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە لەسەر ئەوەی کە شمشارە مەرکەزی گواستنەوەی تەنەکە بووە بۆ وڵاتی ئاشوور,[١٧٦] هەروەها بیروڕایەکی تریش هەیە کە تەنەکە لە زاگرۆس و ناوچەکانی رۆژهەڵات و باکووری زاگرۆسەوە بۆ وڵاتی ئاشوور چووە.[١٧٧]

تابلۆ مێخییەکانی **ئەلالاخ** (**تل عطشانة**) کە مێژووەکەی بۆ سەدەی پانزەی پ. ز. دەگەڕێتەوە, باسی مزگەریی و برۆنزکاریی بەرێژەیەکی بەرز لەو شارەدا دەکات, هەروەها **ئوگاریت** (لەژێر دەسەڵاتی میتانییەکان بووە) سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ بووە لە هەزارەی دووەمی پ. ز. تاڕووخانی لە ١٢٠٠ پ. ز.، ئەمەش بە دڵنیاییەوە کاریگەریی بۆ هەموو کوردستان هەبووە لەکاتێکدا کە میتانییەکان باڵادەست بوون.[١٧٨] سەرچاوەی کانزاکانیش بەزۆری لە کانەکانی ناوچەکانی زاگرۆس و تۆرۆس بوون.[١٧٩]

### ١-٤-٥ ئاسن

پاش ئەوەی ژیان پێشکەوت وکانزاکاریی پەرەیسەند، کانزای تری وەك ئاسن کە پێشترناسرابوو بەکارهاتووە, وتواوەتەوە.ئاسن لە سۆمەرییدا بە **AN. BAR** خوێنراوەتەوە، هاوکات بە ئەکەدیی ***بە parzillu*** خوێنراوەتەوە.[١٨٠] لە میسۆپۆتامیادا ناسینی ئاسن لە نیوەی هەزارەی دووەمی پ. ز. وایکرد بەکارهێنانی هەریەك لە مس و برۆنز لە دروستکردنی چەکدا وردەوردە کەمبێتەوە, ئەویش بەهۆی سەخت و رەق نەبوونیان وەك ئاسن لەلایەك و زۆریی سەرچاوەی ئاسن لەلایەکی ترەوە.[١٨١] بۆ نموونە پاش دۆزینەوەی ئاسن، بەزۆریی دەسکی خەنجەر

---

[١٧٦] المعماري، *المصدر السابق*, ص. ١٤١.

[177] Marf, D. A., (In Preparation), *Cultural Interactions between Babylonian and the northern Zagros (2500-331BCE)*, 2017, p. 154-155.

[178] Jones, *op. cit.*, p. 45-47.

[179] Marf, *op. cit.*, p. 154-155.

[180] Carp, *op. cit.*, p. 123.

[181] Goetze, A., "Warfar in Asia Minor", *Iraq*, Vol. XXV, (1963), p.129.

لەکۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. لە ئاسن دروستکراوە،[١٨٢] هەرچەندە ئاماژەدان بە ئاسن لە تۆمارە مێژووییەکاندا کەمە و ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە بەکارهێنانی ئاسن تا ئەوکاتە کەم و ناوازە بووبێت, بەڵام ئەوەی لە نوسراوەکاندا هاتووە ئەوەیە کە هەر یەك لە **شلمنەصەری یەکەم** (١٥٧٤-١٢٤٥ پ. ز.) و **توکولتی نونورتای یەکەم** (١٢٤٤-١٢٠٨ پ. ز.) تابلێت و پارچەی ئاسنیان داناوە، بەڵام تابلێتی ئاسن لە بناغەی بینای ئاشوورییەکاندا لەو سەردەمەدا نەماوە هەرچەندە ئاسنی خاو لە بانەکانی ئەنادۆڵدا بڵاوبووە، بەتایبەت لە (**کیزوادنا**) و (**نایری**) کە ئەگەری ئەوە هەبووە سەرچاوەی ئاسنی خاوی وڵاتی ئاشوور بوون لە هەردوو سەدەی ١٣ و ١٢ی پ. ز.، ئەمە جگە لەو ڕۆڵەی میتانییەکان گێڕاویانە لە بەبازارِکردنی شتومەکە ئاسنینەکاندا.[١٨٣]

باس لەوەش کراوە کە پاشا **توکولتی نونورتای دووەم** بە پاچی ئاسن ڕێگایەکی بەرەو بەرزاییەکانی فورات لێداوە، واش دەردەکەوێت کە ئەو خەنجەرە ئاسنانەی پاشای ئاشووریی **ئەدەد نیراری یەکەم** (١٣٠٧-١٢٧٥ پ. ز.) داوایکردوون، لە شاری **کیزوادنا** دروستکراون، لە هەمانکاتدا باس لە ناردنی دەمی خەنجەری ئاسنین بۆ وڵاتی ئاشوور کراوە وەك قەرەبویەك بۆیان لەپای ئەوەی ئەگەر تیغە ئاسنەکانیان لەو شارەوە درەنگ پێگەیشت.[١٨٤]

هەروەها بیرورِایەکی تر هەیە پێیوایە سەرچاوەی تەنەکەی ئاشوورییەکان ناوچەی **تەوریز** (**تەبریز**)ە,کە لەوانەیە بازرگانە ئاشوورییەکان گەیشتبێتنە ئەو دیوی زاگرۆس,[١٨٥] هەروەها لە گردی **سیتەك** خاوی ئاسن دۆزراونەتەوە, لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە شوێنەوارناسەکان پێیانوایە لە سەردەمی ئاسندا ئاسنگەرەکان لەو شوێنەدا کاریانکردووە.[١٨٦] هەروەها بینایەکی سەردەمی

---

[182] Maxwell-Hyslop, A note on the significance.... , p. 53.

[١٨٣] المعماري، *المصدر السابق*, ص. ١٤٥.

[184] Maxwell-Hyslop, K. P., "Assyrian Sources of Iron", *Iraq*, Vol. 36, (1974), p. 140 -142.

[185] Burney, C., the Economic Basis of Settled Communities in North-Western Iran, Levine, L. D., and Young, T. C., Jr., (eds.), Mountains and Lowlands: Essays in the Archaeology of Greater Mesopotamia, *Bibliotheca Mesopotamia* 7, Malibu, (1977), p. 6f.

[186] Saber, S. A., et al., "Final Report on the Results of Excavations in Tell Sitak", *Subartu* VI-VII, (2013), p. 251.

ئاسن لە وەڕاز لە باکووری **سیتەك** هەیە کە یەکێك بووە لە قەڵاکانی سەردەمی ئاسن و وا دیارە بۆ پاراستنی هێنانی ئاسن لە ناوچەکانی شاخی وەڕاز بووە.[١٨٧]

لەگەڵ ئەمانەشدا چەندەها سەرچاوەی سروشتی ئاسن دەستنیشانکراوە لە شاخەکانی باکووری ئێران لە ناوچەی بەرواری نزیك سنوری نوێی تورکیا,گوماندەکرێت یەکێك بووبێت لە سەرچاوەکانی دەرهێنانی ئاسن لە سەردەمە کۆنەکاندا, بەڵام پاشتر بەجێهێڵراوە, سەرچاوەیەکی تری ئاسن هەیە لە شاخەکانی هەریر (لە کۆندا پێیوتراوە **Kirruri**)، هەروەها لە شاخەکانی رۆژهەڵاتی زێی خواروو لە رۆژهەڵاتی شارۆچکەی دووکانی ئەمڕۆ، لەسەر شاخی **هەرووتە** و دەربەندی **تابین** نزیك دۆڵی **سورداش** گەشتیار دەتوانێت خاوی ئاسن ببینێت کە بەسەر شاخەکەدا بڵاوبووەتەوە (**وێنەی ١٥**).[١٨٨]



وێنەی (**١٥**) بوونی خاوی ئاسن لەسەر شاخی هەرووتە و دەربەندی تابین.
Marf, 2016, Fig. 2.10

---

[١٧٨] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم بابەتە:

Marf, D. A., (Forthcoming) Ancient Fortifications and Architectural Ruins between Lower Zab and Sirwan (Upper Diyala) rivers (Preliminary report on field work), Morello, N., et al., (eds.): *Beyond Military: Fortifications and Territorial Policies in the Ancient Near East*, Brill, 2017, p.4.

[188] *Ibid*.

# ٢- بەشی دووەم

## جۆرەکانی چەك و پێداویستیی جەنگیی لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا

له شوێنه جیاوازەکانی کوردستان له هەزارەی سێیەمی پ.ز.، لەئەنجامی گەڕان و پشکنین له دۆزراوەکان و هەڵکۆڵراوەکان و مۆره لولەییەکاندا بۆماندەردەکەوێت که نموونەی چەك له هەزارەی سێیەم زۆرن, سەرەڕای ئەوەی که ناوچەکانی کوردستان وەکو پێویست هەڵکۆڵینی تێدانەکراوە، لێرەدا گرنگترین ئەو چەکانه دەخەینەڕوو.

**٢-١ رم**

رم چەکێکه بۆ لێدان بەکاردێت، وەك باسکراوە له کۆنترینی ئەو چەکانەیه که مرۆڤی کۆن بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵان و شەڕکردن بەکاریهێناوە، چونکه چەکێکی سادە بووە و دەستکەوتنی ئاسان بووە، وەك ئەوەی پارچه بەردێك له زەوی هەڵگرتووەتەوە، ئینجا چاکسازییەکی کەمی تێدا کردووە بەوەی کۆتاییەکەی باریك کردووەتەوە تا ئەوەی تیژ و بڕەر بێت و توانای دڕین و بڕینی ئامانجەکەی هەبێت.[1]

لەهەندێك ناوچەی کوردستاندا له ئەنجامی گەڕان و کنه و پشکنیندا رم دۆزراوەتەوە, ئەمه جگه لەوەی که دیمەنی رم لەسەر هەڵکۆڵراوەکان و لەسەر جیٚ مۆرەکان بەدیدەکرێت.

**٢-١-١ دۆزراوەکان**

---

[1] عباس، منى حسن، *الجيش والسلاح في العراق القديم: منذ عصر فجر السلالات حتى نهاية العصر الأكدي*، أطروحة دكتوراه في الآثار، غير منشورة, كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص. ١٩١.

### ٢-١-١-١ ڕۆژئاوای کوردستان

### ٢-١-١-١-١ گردی بەیدەر[٢]

لە ژێر پەرستگایەکی سەرەکی گردی **بەیدەردا** گۆڕێك دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١**)، مێژووەکەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم دەگەڕێتەوە, ئەم گۆڕە (لە سەردەمی ئەکەدیدا) بەکارهێنراوەتەوە،[٣] ژمارەیەکی زۆر چەکی تێدا دۆزراوەتەوە، لەوانە دوو ڕمی لە مس دروستکراو هەن، درێژییەکەیان جیاوازییەکی کەمی هەیە (**وێنەی ٢**)، **یەکەمیان** شێوە گەڵایی درێژکۆلەیە و نووکێکی تیژی هەیە و شوێنی پێوەکردنی دەمی ڕمەکە بە کلکەکەیەوە باریك و بچووکە. **دووەمیان** سەری ڕمێکە لە شێوەی گەڵای دار دایە و لەوەی یەکەم قەبارەی بچووکترە. هاوشێوەکەی لە گردی **جودەیدە** دۆزراوەتەوە.[٤]

---

[٢] **گردی بەیدەر** دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و بەشی ڕۆژئاوای سێگۆشەی خابوور و باکووری پارێزگای حەسەکە بەدووریی **٣٥**کم، شێوەیەکی بازنەیی هەیە و بەرزییەکەی **٢٨**م تیرەکەی **٦٠٠**م، ڕووبەرەکەی نزیکەی **١٠٠**کم٢، بە شورایەکی **٢**کم دەورە دراوە، لەساڵی **١٩٩٣** بۆ یەکەمجار لەلایەن تیمێکی سوریی ئەورووپی کنە و پشکنینی تێداکراوە و نزیکەی **٢٠٠** پارچە تابلۆی مێخی و مۆری بازنەیی تێدا دۆزراوەتەوە. بڕوانە:

Haj Darwich, N., *Gefäßständer und zugehörige Gefäße in derMittel- und Spätbronzezeit in Mesopotamien,* Magisterarbeit Im Fach Orientalische Archäologie und Kunst, Martin-Luther-Universität Halle/Wittenberg, 2006, p. 53.

[٣] ئەم ڕمە ئێستا لە مۆزەخانەی دێرالزورە لە سوریا. بڕوانە:

Bretschneider, J., and Cunningham, T., "An Elite Akkadian Grave on the Acropolis at Tell Beydar, Lebeau, M., and Suleiman, A., Tell Beydar. The 2000-2002 Seasons of Excavations, The 2003-2004 Seasons of Architectural Restoration: A Preliminary Report", *Subartu* XVIII, (2007), p. 14-15.

[٤] **گردی جودەیدە:** یەکێکە لە گەورەترینی شوێنەوارەکانی دۆڵی **ئاموك** (**ئەعماق**)، لە باشووری ناوەڕاستی تورکیا و نزیکە لە سنووری سوریا، بەرزییەکەی **٣٠**م. لە چاخی بەردینی نوێوە (**٦٠٠٠** پ. ز.) تاوەکو سەردەمی بیزەنتییەکان نیشتەجێبوون تیایدا بەردەوام بووە، ئەم زنجیرە نیشتەجێبوونە درێژە بوو کە زانای شوێنەوارناسی ئەمریکیی (ڕۆبێرت برەیدوود) و تیمی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتیی زانکۆی شیکاگۆی




**وێنەی (١) گۆڕێك لە گردی بەیدەر.**

Bretschneider, 2007, p. 26.



**وێنەی (٢) دوو سەری ڕم لە گردی بیدەر.**

Bretschneider, 2007, fig. 17(8), 18(12)

---

کەمەندکێشی ئەو ناوچەیە کرد و لە ساڵانی (**١٩٣٣–١٩٣٨**) کنەو پشکنینیان تێدا ئەنجامدا، ئەمەش زۆر گرنگ بوو بۆ دیاریکردنی زنجیرەی شارستانیی دۆڵی ئاموك، لە ئەنجامی کنە و پشکنیندا شەش پەیکەری برۆنزی (سێیان هی پیاو و سێیان هی ژن)ە لە حەشارگەی ژێر ئەو گردەدا دۆزرانەوە کە کۆنترین جۆری ناسراون لە جیهاندا دۆزرابێتنەوە، لەمەوە ئەم گردە باش ناسرا. بڕوانە:

Demand, N. H., *The Mediterranean Context of Early Greek History*, Wiley-Blackwell, UK, 2011, p. 73.

### ٢-١-١-١-٢ چاغر بازار[٥]

لە گردی چاغر بازار ڕمێکی درێژی لە مس دروستکراو لە گۆڕی (١٣١) لەچینی یەك دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە،[٦] **(وێنەی ٣)**، درێژییەکەی ٢٧سم، ئەم ڕمە تا بەرەو نووکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە و پەراسودارە و کلکێکی بچووکی شکاوی هەیە.



وێنەی (٣) ڕم لە گردی چاغر بازار، Mallowan, 1937, Plate. XIV (E)

---

[٥] **چاغر بازاڕ**: ئەم گردە دەکەوێتە کەناری ڕاستی دۆڵی بەراز, بەدووریی ٤٦کم لە باکووری شاری حەسەکە و ٢٥کم لە باشووری ناحییەی عامودا، ڕووبەرەکەی ١٢٠کم و بەرزییەکەی لە دەشتەکانی دەوروپشتییەوە ٢١کم، یەکەم کەس کە کاری کنە و پشکنینی تێداکرد ماکس مالوان و وێندی مالوان بوون لەساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٧ و چەند چینێکی شوێنەواریان تێدا دۆزییەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی پێنجەم تا هەزارەی دووەمی پ.ز. دەگەڕێتەوە, کنەکردن تێدا وەستا و لەساڵی ١٩٩٩ دەستپێکردەوە لەلایەن تیمێکی هاوبەشی سوریی و بەلجیکی و بریتانی و بەردەوام بوون لە کنەکردن تا ساڵی ٢٠٠٢. بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە، بڕوانە:

McMahon, A., Tuna, Ö. and Bagdo, A. M., "New Excavations at Chagar Bazar, 1999-2000", *Iraq*. Vol. 63, (2001), p.201-221; Mallowan, M. E. L., "Excavation of Tell Brak and Chagar Bazar", *Iraq*, Vol. IX, (1947), p. 6; Mallowan, M. E. L. Mallowan, M. E. L. "The Excavations at Tall Chagar Bazar, and an Archaeological Survey of the Ḥabur Region", *Iraq*, Vol. 1, (1934), p. 1-59; McMahon, A., with Colantoni C., France J., and Soltysiak A., *Once There was a Place: Settlement Archaeology at Chagar Bazar, 1999-2002*, British Institute for the Study of Iraq, Printed by Short Run Press in Exeter, 2009, p. 11;

تل شاغر بازار, مقال منشور على الموقع الالكتروني الرسمي للمديرية العامة للآثار والمتاحف السورية والمتاح على هذا الرابط:

www.dgam.gov.sy/index.php?d=245&id=663 (1/6/2016)

[6] Mallowan, M. E. L., "The Excavations at Tall Chagr Bazar and an Archeological Survey of the Ḫabur Region, Second Campaign", 1936, *Iraq*, Vol. 4, (1937), p. 151.

### ٢-١-١-٢ باشووری کوردستان

#### ٢-١-١-٢-١ کەرکوك و دەوروبەری

سێ سەری ڕم لە کێڵگەکانی دەوروبەری کەرکوك دۆزراونەتەوە, لەم گۆڕەدا دوو دەرزی لە برۆنز دروستکراو دۆزراوەتەوە هەربۆیە ڕەنگە ئەمانیش لە برۆنز[٧] دروستکرابێتن, مێژووەکەیان بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەم دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٤**)،[٨] ئەم ڕمانە درێژ و باریك و پەراسودارن.



وێنەی (٤) دوو ڕم لە ناوچەی کەرکوك

هێلکاری: توێژەر

ڕمی سێیەمیان، هەمان مێژووی هەیە (**وێنەی ٥**)، ئەم ڕمە شێوە گەڵایی نارێکی پەراسودارە, نووکەکەی وەك بازنەیی لێهاتووەتەوە، شوێنی بەستنی بە کلکەکەیەوە شکاوە و کەمێکی ماوەتەوە.[٩]

---

[٧] **برۆنز**: دارِشتەیەکی کانزاییە لە مس و بڕێکی کەمی کانزاکانی تر دروست دەکرێت وەك زینك و تەنەکە و زەرنیخ، کاتێك ئەم کانزایانە تێکەڵ. بە مس دەکرێت مسەکە ڕەقتر دەبێت, بۆیە گونجاوە بۆ دروستکردنی بابەتی تیژ و ڕەقی وەکو چەك. بڕوانە:

Khorasani, *op.cit.*, p. 196.

[٨] ئەم ڕمە براوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لەبەغداد. بڕوانە:

Mühl, *op. cit.*, p. 138.

[٩] ئەم ڕمە براوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:

Mühl, *op.* cit., Tafel. 80 (3), p. 139.



وێنەی (٥) سەری ڕم لە ناوچەی کەرکوك

Mühl, 2013, Tafel. 80 (6)

**٢-١-١-٢-٢ گردی سلێمە**[١٠]

سەرە ڕمێك لە گردی سلێمە لە دەشتی حەمرین[١١] لە گۆڕی ژمارە (١١٥) لە چینی چوار کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدی دەگەڕێتەوە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٦**)، درێژییەکەی بەگشتیی ١٩,٣سم و درێژیی دەمەکەی ١٠,٣٧سم و پانییەکەی ٢,٨سم و تیرەی بازنەیی ١,٨سم.[١٢] سەرە ڕمێکی بچوکی نیمچە تەواوە، شانەکانی بۆ سەرەوە بچوکدەبێتەوە و دەمەکەی تیژە و قەراغەکانی زەرەری بەرکەوتووە، بەرەو کۆتایی کلکەکەی کونێکی درێژی هەیە کە هەردوو پارچەکە لەیەکدەدات.

---

[١٠] **گردی سلێمە:** ئەم گردە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ناحییەی سەعدییە بەدووریی ٢کم، یەکێکە لە گردە گەورە و فراوانەکانی دەشتی حەمرین و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیالە بەدووریی ١کم. چینی ١-٢-٣ لەم گردەدا پاشماوەی سەردەمی بابلی کۆن (ئیسن-لارسا)ی تێدا دۆزراوەتەوە، لە چینی چوارەمیشدا پاشماوەی سەردەمی ئەکەدیی دۆزراوەتەوە, بەپێی لێکۆڵینەوە لە دەقە مێخییەکان کە لەو چینە دۆزراوەتەوە. بڕوانە : رميض, صلاح سلمان, "القبور وموجوداتها الدفنية في تل. سليمة (حفريات سد حمرين/ ديالى ١٩٧٧-١٩٨٠)", *سومر ٤٩* , (١٩٩٧-١٩٩٨), ص. ١٦.

Philip, G, "New light on North Mesopotamia, in the Earlier Second Millennium B.C. Metal work from the Hamrin", *Iraq 57*, (1995), p. 122.

[١١] لە کاتی دروستکردنی بەنداوی حەمرین لەساڵانی نێوان (١٩٨١-١٩٨٦) بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری عێراقی هەستا بە زنجیرەیەکی کاری کنەکردنی فریاگوزاریی بۆ رزگارکردنی ئەو شوێنەوارانەی کە دەکەوتنە ژێر ئاوی دەریاچەکە، بە هاوکاریی تیمەکانی هەندێك زانکۆی جیهانیی ئەم کارە ئەنجام درا, لە ئاکامدا زانیاریی باش دەربارەی شارستانیی ناوچەکە کەوتە دەستی توێژەران. بڕوانە: ابو الصوف, بهنام, *تنقيبات انقاذية شاملة في حوض سد صدام*، بحوث آثار حوض سد صدام وبحوث اخرى, مديرية الكتب للطباعة والنشر, ١٩٨٧, ص. ٨.

[12] Philip, *op. cit.*, p. 134.



وێنەی (٦) سەری ڕم لە گردی سلێمە.

Philip, 1995, fig. 7(3)

### ٢-١-١-٢-٣ ئوچ تەپە[١٣]

دوو سەری ڕمی لە مس دروستکراو لە ناو گۆڕێك لەگەڵ کۆمەڵێك ئامێری لە مس دروستکراو لە نزیك گۆزەیەك دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەم پاشماوانە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٧**)،[١٤] ڕمی ژمارە یەك سەرێکی شێوە گەڵایی باریکی هەیە و کلکێکی پانی درێژی هەیە, بەڵام ڕمی دووەمیان سەرێکی درێژ و کلکێکی درێژی هەیە، بەپێی وێنەکە بێت هەردوو ڕمەکە توشی داخوران بوون.



٢ ١

وێنەی (٧) دوو سەری ڕم لە ئوچ تەپە, Steinkeller, 1981, Plate: 97 (7, 12)

---

[١٣] **ئوچ تەپە Uch Tepe**: دەکەوێتە بەشی باکووری دەشتی حەمرین و ٥٠٠م لە ڕۆژهەڵاتی گردی ڕەزووق دوورە، ناوەکەی تورکییە و بەمانای (سێ گرد) دێت. بڕوانە:

Steinkeller, P., *Early History at the Hamrin Basin in the Light at Textual Evidence*, *Uch Tepe*, Vol.1, 1981, p. 163-165.

[14] Steinkeller, *op. cit.*, p. 74.

### ٢-١-١-٣ باکووری کوردستان

#### ٢-١-١-٣-١ ئەرسەلان تەپە[١٥]

دوو سەری ڕمی درێژ لەم شوێنەوارە، لە گۆڕێکی تایبەت کە لەدەرەوەی نیشینگەکەدایە، دۆزراوەتەوە، لەم گۆڕەدا کە تەرمی مرۆڤێکی کامڵ(هەراش)ی تێدایە، کۆمەڵێک کەرەستەی ناشتنیشی تێدا بووە، لەوانە دوو سەری ڕم لە چینی (VIB2) دۆزراوەتەوە مێژووەکەیان بۆ (٣٠٠٠-٢٩٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە، کە لەوانەیە لە مس دروستکرابێتن.[١٦] یەکێکیان (**وێنەی ٨**)، سەرە ڕمێکی درێژی پەراسوودارە و شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی باریکە و کورتە، شانەکانیشی کەوانەییە.



وێنەی (٨) سەری ڕمێک لە ئەرسەلان تەپە. هێلکاریی توێژەر

Frangipane, 2011, fig. 45.7

[١٥] ئەرسەلان تەپە: ئەم شوێنەوارە لە کۆندا پێی دەوترا میلیدی دەکەوێتە چەقی دەشتی مەلاتییەی بەپیت ١٢کم دوورە لەلای ڕاستی قەراغی ڕوباری فورات پانتایەکەی ٤٠٠٠٠م٢ بەرزییەکەی ٣٠م، ئەم گردە چەندەها چین لە خۆدەگرێت کە لە ٦٠٠٠ هەزار ساڵ. پێش زاینەوە دەستپێدەکات تاسەردەمی هیتتی نوێ، لە لایەن زانکۆی ساپینزا (Sapienza) لە ڕۆما هەڵکۆڵینی تێدا کراوە.بڕوانە:

Frangipane, M., Arslantepe-Malatya: A Prehistoric and Early Historic Center in Eastern Anatolia, *Oxford Handbook of Ancient Anatolia*, Oxford University Press, 2011, p.126.

[16] Frangipane, *op. cit.*, p. 982.

دووەمیان (**وێنەی ٩**) سەری ڕمێکی درێژی پەراسوودارە و شانەکانی کەوانەییە و شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی درێژە، تا بەرەو کۆتایی شوێنی کلکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە، واتە کلکەکەی بەیەك شێوە و قەبارە دروستنەکراوە.





وێنەی (٩) سەری ڕمێك لە ئەرسەلان تەپە.                    هێلکاریی توێژەر

Frangipane, 2011, fig.45.7

## ٢-١-١-٣-٢ بیرەجیك[17]

چوار سەری ڕمی برۆنزیی لەناو گۆڕێك کە مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، دۆزراوەتەوە, ئەم سەری ڕمانە بەزۆریی بە درێژایی دیواری باکوور و باشووری گۆڕەکاندا دانراوون (**وێنەی ١٠**).[18] یەکەم و دووەم لە شێوەدا لەیەکدەچن و سێ پارچەین و پەراسوودار و شێوە گەڵایین، سێیەم و چوارەمیش هاوشێوەن، یەك پارچەن و پەراسوودارن.

---

[17] **بیرەجیك**: گۆڕستانێکی دێرینە و مێژووەکەی بۆ سەرەتای سەردەمی برۆنزی و بەدیاریکراویش بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای بەنداوی بیرەجیك بەدووریی ١٠٠٠م، ٤٥کم لە پارێزگای غازی عەنتابەوە دوورە, پاشئەوەی بڕیاری دروستکردنی بەنداوی بیرەجیك درا ئەم گۆڕستانە دۆزراوەتەوە، پاشان هەڵکۆڵینی تێداکراوە و ٣١٢ گۆڕی تێدا دۆزراوەتەوە. بڕوانە:

Sertok, K. and Ergec, R., "A New Early Bronze Age: Excavations Near the Birecik Dam, Southeastern Turkey, Preliminary Report (1997-98)", *Anatolica*, XXV, (1999), p. 87; Birecik Baraji Mezarligi, The Archaeological Settlements of Turkey - TAY Project, available at this site: http://www.tayproject.org/TAYages.fm$Retrieve?CagNo=441&html=ages_detail_e.html&layout=web (21/1/2107)

[197] Sertok, *op. cit.*, p. 93.




وێنەی (١٠) سەری ڕم لە بیرەجیك

Sertok, 1999, Fig. 10 (A-B-E-F)

**٢-١-٢ هەڵكۆڵراوەكان**: هەڵكۆڵراوەكان بەشێوەیەكی گشتیی لە شارستانیی كۆندا یەكێكن لە سەرچاوەی زانیارییەكانمان.[١٩]

**٢-١-٢-١ هەڵكۆڵراوی ئەشكەوتی گوندوك**

یەكێكە لە هەڵكۆڵراوەكانی ناوچەی كوردستان مێژووەكەی بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٢٠] (**وێنەی١١**)، ئەم هەڵكۆڵراوەی ئەشكەوتی گوندوك لە سێ تابلۆ پێكهاتووە.

---

[19] Wahby, T., "The Rock- Sculptures of Gunduk Cave", *Sumer* 4, (1948), p.144; Boese, J., Zur stilistischen und historischen Einordnung Des Felsreliefs von Darband-I-Gaur, *Studia Tran*, 1973, p. 4; Calmeyer, P., "Gundük", *RlA*, Vol. III, Berlin, (1971), p. 722.

[٢٠] ئەشكەوتی گوندوك دەكەوێتە گوندی گوندوك بە دووریی ١,٥كم لە دۆڵی شیفاگلی شێخی لە ڕۆژئاوای قەزای ئاكرێ، دووانیان كە لەسەر یەكن لە دەرەوەی ئەشكەوتەكەن, بەدووریی ١٢م لەلای چەپی دەروازەی ئەشكەوتەكە و بە بەرزیی ١٥م، نێوانی ئەو دوو تابلۆیەش نزیكەی ٢م دەبێت، بەڵام

### ٢-١-٢-١-١ تابلۆی یەکەم

لەم تابلۆیەدا ڕاوکەرێك، کە زیاتر لە کەسایەتیی پاشا دەچێت، دەردەکەوێت بزنە کێوییەك ڕاودەکات کاتێك کە بە لێدانێکی کوشندە ڕمێکی چەقاندووە بە پشتی نێچیرەکەدا، دەڵێن ڕمە بە بەڵگەی ئەوەی ئەم چەکە درێژە و ئەستورە و ڕاوکەرەکەش لێیەوە نزیکە.[٢١] ڕمەکە لەنێوان هەردوو شانی بزنەکە، کە نێچیرەکەیەتی، دەچەقێنێت، بزنەکەش بە پێشدا کەوتووە و دەستی ڕاستی بۆ ژێر سنگیی چەمیوەتەوە و لە ژێریدایە, بەڵام دەستی چەپی بۆ بەردەمیی درێژ بووەتەوە، قاچەکانیشی نەنوشتاونەتەوە و لە باری ئاساییدان.[٢٢] بەڵام ڕاوکەرەکە، کە دەموچاوی ڕووی لە پێشەوەیە، بەدووریەکی کەم لەپشتی بزنە کێوییەکەوە وەستاوە و وەك ئەوە وایە لاشەی لە جووڵەدا بێت و لەکاتی هاویشتنی ڕمەکەدا بێت، هەربۆیە دەستی ڕاستی لە پشتییەوەیەتی و بەشی سەرەوەی لاشەی بۆ دواوە گەڕاوەتەوە, بەڵام قاچەکانی بە ڕێکی و بەدوای یەکدان و ڕاستی لە دوای چەپییەوەیەتی.[٢٣]

---

تابلۆی سێیەم لەناو ئەشکەوتەکەدایە و لەسەر دیواری لای ڕاستیدا هەڵکۆڵراوە، یەکەم کەسێك لەسەر ئەم هەڵکۆڵراوەی نووسیوە ئەفسەر و ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیی ئەدمۆنز (C. J. Edmonds)ە لەساڵی ١٩٢٥دا. بڕوانە فندي، عبد الكريم، *قلاع بادينان وبعض المواقع الأثرية فيها*، لندن، ٢٠١٣، ص٨٢; الأمين، محمود، "استكشافات أثرية جديدة في شمال. العراق," *سومر ٤* , ج٢، (١٩٤٨)، ص٢٠٧.

[٢١] ڕای جیاواز هەیە لەسەر دیاریکردنی جۆری ئەم چەکە, هەندێك پێیانوایە تیرە، (بڕوانە: الأمين, *المصدر السابق*, ص. ٢٠٧) ، بەڵام توێژەری تر هەیە کە ئەو چەکە بە ڕم دادەنێت، بڕوانە: ( Ahmed, *op. cit.*, p. 93.)، هەروەها (تۆفیق وەهبی)یش هەر بە ڕم دایدەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ نموونەیەکی تری لەم شێوەیە لەسەر هەڵکۆڵراوەکان یاخود جێ مۆرەکان نابینرێت کە تیر بەو شێوەیە گەورە بێت. توێژەریش پێیوایە کە ڕمە، لەبەرئەوەی تیر وا درێژ و ئەستور نابێت, بەڵام لەبەرئەوەی وێنە لە بەردەستمان نییە بۆیە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڕیار بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕمە ئەی ئەوەی بە دەستی چەپییەوەیەتی چییە؟ ئەگەر ئەوە کەوانە ئەی بۆچی تیرەکەی ئاوا گەورە و درێژە؟

[٢٢] الأمين, *المصدر السابق*, ص. ٢٠٧. بەڵام شاخەکانی بزنە کێوییەکە بە شێوەیەکی روون دیارە کە شێوەیەکی قوچەکیی درێژی وەرگرتووە و بە شێوەی کەوانەیی چەماوەتەوە و لەنزیکی نووکەکانی چەمانەوەکە زیاتر دەبێت. بڕوانە: وهبی, توفيق, "المنحوتات الصخرية في كهف گندك في كردستان", *گۆڤاری کۆڕی زانیاری–دەستەی کوردی ١٦-١٧* ، بغداد, ١٩٨٧, ص. ٥٥٤.

[٢٣] وهبي، *المصدر السابق*، ص. ٥٥٤.



وێنەی (١١) هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی **گوندوك** تابلۆی یەکەم و دووەم

هێڵکاریی: توێژەر




وێنەی (١١-ا) هێڵکاریی لایارد بۆ ئەشکەوتی گوندوك، تابلۆی یەکەم و دووەم.

الأمين، ١٩٤٨، شكل ٩

### ٢-١-٢-١-٢ تابلۆی دووەم (خوارەوە)

دەکەوێتە خوارووی تابلۆی یەکەم،[٢٤] لەوپەڕی لای ڕاستییەوە دوو کەس هەن (١ و ٢)، کەسی (١) ڕمێکی چەقیو لە نێچیرێك دەردەهێنێت و کەسی (٢) خەریکە نێچیرەکە سەردەبڕێت.[٢٥]

### ٢-١-٣ میل

### ٢-١-٣ -١ میلی سەرکەوتنی نەرام- سین

لەم میلەدا شەڕکەرێکی لولوبییەکان لە بەرامبەر پاشا نەرام سین دەردەکەوێت (**وێنەی ١٢**)،[٢٦] کە ڕمێکی شکاو بە دەستی ڕاستییەوەیەتی و لە پێشی خۆیەوە ڕایگرتووە، سەری ڕمەکە تا رادەیەك گەورەیە و لە شێوەی گەڵای داری غاردایە.

---

[٢٤] ئەم تابلۆیە دیمەنی ئاهەنگگێران نیشاندەدات، لە کۆمەڵە کەسێك پێکهاتوون کە دووانیان بەرامبەر یەك دانیشتوون و کەسەکانی تریش لە پشتیان و لە ناوەڕاستیان وەستاون و سێ منداڵی تێدایە، هیچ شوێنەوارێکی ریش بە دەموچاویانەوە دیارنییە، بۆیە لەوانەیە هەموویان ژن بن، بەڵام دەگونجێت پیاویش بن لەبەرئەوەی چەندین کەسایەتیی پاشایانە لە ناوچەکانی زاگرۆس بەبێ ریش دەرکەوتوون. بڕوانە: فندي، *المصدر السابق*، ص. ٨٢; وهيي، *المصدر السابق*، ص. ٥٥٦-٥٥٧;

Ahmed, *op. cit.*, p. 93.

[25] Ahmed, *op. cit.*, p. 93.

[26] Börker-Klähn, J., *Altvorderasiatische Bildstelen und Vergleichbare Felsreliefs*, Vols. I-II, Baghdader Forschungen; Bd. 4, Mainz: Von Zabern. 1982, Fig. 26g.





وێنەی (١٢) شەڕکەرێکی لولوبییەکان     هێڵکاریی: توێژەر

Börkel-klähn, 1982, Fig. 26g



وێنەی (١٢-ا)، Orthmann, Winfried, Der alte Orient, Berlin, 1975, Abb. 104.

## ٢-١-٤ مۆرەکان

### ٢-١-٤-١ ئورکیش (گردی مۆزان)

دوو جیٚ مۆری لوولەیمان هەیە،کە ڕمی تیٚدا دەرکەوتبیٚت، یەکەمیان (**وێنەی١٣**) لە گردی مۆزان لە شاری ئورکیشی پایتەختی خورییەکان دۆزراوەتەوە و میٚژووەکەی بۆ سەردەمی سەرهەلٚدانی بنەمالٚەکانی سیٚیەم دەگەڕیٚتەوە, تیایدا ویٚنەی کەسیٚکی پالٚەوان دەردەکەویٚت کە ڕمیٚکی پیٚیە و لەپشتەوەی ئاژەلٚیٚك وەستاوە و ڕمەکەی لەسەر پشتی ڕاگرتووە، ئاژەلٚەکەش، کە لەوانەیە شیٚر بیٚت، ڕووی لە ئاژەلیٚکی ترە.[٢٧] سەری ڕمەکە دیار نییە تەنیا دەسکی ڕمەکە دیارە کە دریٚژ و باریکە.



ویٚنەی (١٣) جیٚ مۆریٚکی لولەیی لە شاری ئورکیش          هیٚلکاریی: تویٚژەر

حاج درويش, ٢٠١٦, الشکل ٦٢

---

[27] Buccellati, G. and Kelly-,Buccellati, M., "Der monumentale Palasthof von Tall Mozan/ Urkeš und die stratigraphische Geschichte des Ābi", *MDOG* 136, (2004), p. 31.

[٢٨] ئەم جیٚ مۆرە لە باشووری کۆشکی پاشا ئورکیش دۆزراوەتەوە، لە بەشی لای ڕاستی ئەم مۆرەدا نووسینیٚکی میٚخی هەیە کە تیٚبینی دەکریٚت ناویٚکی ئەکەدیی بیٚت بەلاٚم هەلٚگری نازناوی (endan) بە مانای پاشا یاخود بالاٚدەست دیٚت. بڕوانە:

بەڵام دووەمیان (**وێنەی ١٤**)،[٢٨] کە هەمان مێژووی هەیە وێنەی کەسێکە لاشەی بەرە و پێشەوەیە و دەموچاوی رووی لەلای چەپە، ئامێرێکی درێژیی نووك تیژ بەدەستی چەپییەوەیەتی و بەرەوپشتی ئاژەڵێك، کە پێدەچێت ئاسك بێت، ڕایگرتووە، بەڵام شتێك بە کۆتایی ئامێرەکەدا، پێش نووکەکەی، شۆڕبووەتەوە، ئامێرەکە لەوانەیە ڕم بێت، بەدەستەکەی تری رەنگە ئالای پێبێت.



وێنەی (١٤) جێ موریکی لولەیی لە ئورکیش.

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1988, fig. 36, p. 136

## ٢-٢ تەور

### ٢-٢-١ دۆزراوەکان

### ٢-٢-١-١ رۆژئاوای کوردستان

#### ٢-٢-١-١-١ گردی بەیدەر

لەگۆڕێکی گردی بەیدەردا دەمە تەورێکی کوندار، دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١٥**) هێشتا پاشماوەی تەختەکەی پێوە دیارە، درێژیی دەمەکەی ١٤سم، ئەم تەورە شوێنی دەسکەکەی

---

Kelly-Buccellati, M., "Artifacts from the Excavations (Mozan1)", *Bibliotheca Mesopotamica*, Vol. 20, Malibu, (1988), p. 73.

**شێوە بازنەیی درێژە، دەمێکی ڕێکی تیژی هەیە و لەلای سەرەتای دەمەکەیەوە کەمێك شکاوە, تا بەرەو نووکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە, هاوشێوەی ئەم تەورە لەچەند ناوچەیەکی تر دۆزراونەتەوە وەك: گردی نیپور و گردی بیعە و گردی بارسیپ.[٢٩] هەروەها لە گردی عوقەیر کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئەکەدی دەگەڕێتەوە .[٣٠] لە گۆڕستانی ئوریش هاوشێوەی ئەمە دۆزراوەتەوە.[٣١]**



وێنەی(١٥) دەمە تەورێك لە گردی بەیدەر
Bretschneider, 2007, fig. 20 (14)

## ٢-٢-١-١-٢ گردی عەربید[٣٢]

**سەرە تەورێك لە نێو گۆڕێك لە گردی عەربید دۆزراوەتەوە (وێنەی ١٦), مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی سەردەمی ئەکەدیی دەگەڕێتەوە، ئەم تەورە شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی**

---

[29] Bretschneider, *op. cit.*, p. 14-15.

[٣٠] عباس, *المصدرالسابق*, بۆ بینینی وێنەکە بڕوانە: الاشکال. **٢٣٠-٢٣١-٢٣٢**.

[31] Karpe, H. M., *Handbuch Der Vorgeschichichte, Dritter Band Kupferzeit, Dritter Teilband Tafeln*, C. H. Becksche Veriag Sbuchhandlung, 1974, Tafel. 72 (5).

[٣٢] گردی عەربید: دەکەوێتە کوردستانی ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستی سێگۆشەی خابوور بەدووریی **١٥**کم بۆ **٢٠**کم، یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی میتانییەکان، هەر لە قۆناغی حەلەفەوە تا سەردەمی بابلیی نوێ و هلینستی ژیان لەم شوێنە بەردەوام بووە. بڕوانە:

Reiche, A., Tell Abu Hafur "East’, Tell Arbid (North-Eastern Syria) and Nemrik (Northern Iraq) as Examples of Small-Scale Rural Settlements in Upper Mesopotamia in the Mittani Period, Bonatz, D. (Ed.), *The Archaeology of Political Spaces. The Upper Mesopotamian Piedmont in the Second Millennium BC*, Berlin, Boston, De Gruyter, 2014, p. 46.

درێژە و سەرێکی پانی هەیە تا بەرەو نووکەکەی بڕوات باریك و تەنك دەبێتەوە, بەشێوەیەکی گشتیی سەر بەرەو خوارە. هەر لەم گردەدا قاڵبێکی قوڕین بۆ هەمان تەور دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە کارگەیەك بۆ دروستکردنی کانزاکان هەبووبێت،[33] شێوەی ئەم تەورە نزیکە لە تەورەکەی گردی بەیدەر (**وێنەی ١٤**)، هاوشێوەی ئەم تەورە لە شاری کیش دۆزراوەتەوە.[34]



وێنەی (١٦) سەری تەورێك لە گردی عەربید

Kolinsiki, 2011, Fig. 19 (f)

شێوەیەکی تری تەوری برۆنزی لە یەکێك لە گۆڕەکانی گردی عەربید دۆزاوەتەوە, (ئەم گۆڕە ئێسك و پروسکی ئافرەتێکی تێدایە هەرچەندە ئەم گۆڕە ئێسقانی تری زۆری تێدایە و وا پێدەچێت گۆڕی بەکۆمەڵ بێت، یاخود ئەم گۆڕە دووجار بەکارهاتبێت لە دوو کاتی جیاوازدا), بۆ سەردەمی ئەکەدیی یاخود دوای ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە (**وێنەی ١٧**)،[35] ئەم

---

[33] ئەم پاچە براوە بۆ مۆزەخانەی حەلەب. بڕوانە:

Koliński, R., Report on the Activates of the Polish-Syrian Mission to Tell Arbid, Governorate of Hasake, Spring Season of 2009, *Chroniqve Archeologique en Serie, AL-Bassel Centre for Archeaological Research and Training the Directorate General of Antiquities and Museums*, Syria, 2011, p. 90.

[34] Karpe, *op.cit.*, Tafel. 198 (D- 17)

[35] هەر لەم گۆڕەدا سێ خەنجەر دۆزراونەتەوە بەڵام ژەنگ دایخوراندووە. لە ژوورەکانی شوێنەوارەکە کۆمەڵێك قاپوقاچاغ و شتی لە کانزا دروستکراو دۆزراونەتەوە، لەوانە دوو داس و شەش دەرزیی لەگەڵ بوونی قاڵبی شتی لە برۆنز دروستکراو، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی ئەم جێگەیە شوێنی کانزاسازیی بووە. بڕوانە:

تەورە درێژییەکەی ١١,٧سم و هێڵێك بەدەوریدا بۆ جوانیی کێشراوە, پاشماوەی دارەکەی هێشتا لە کونی کلکەکەیەوە دیارە، لە پشتی کونی کلکەکەی دەرچوونییەك وەك سەری چەکوش هەیە، لەوانەیە بێجگە لە جوانییەکەی بۆ لێدانی دوژمن لە نزیکەوە بەکارهاتبێت. هاوشێوەی ئەم تەورە لە گۆڕی (٥١) لە ئاشوور دۆزراوەتەوە (وێنەی ١٨).[٣٦]





وێنەی (١٧) تەورێك لە گردی عەربید هێڵکاریی توێژەر

Koliński, 2012, fig. 8.



وێنەی (١٨) تەورێك لە ئاشور.

Hochmann, 2010, tafel. 86 (x)

---

Koliński, *op. cit.*, p. 90.

[36] Koliński, R., Mickiewicz, A., University excavations in Sector P at Tell Arbid (spring 2009), *Polish Archaeology in the Mediterranean 21, (*Research 2009*)*, Polish Centre of Mediterranean Archaeology, University of Warsaw (PCMA UW), Wydawnictwa Univwersytetu Warszawskiego (WUW), 2012, p. 547-548; Hochmann, D.,*Gräber und Grüfte aus Assur von der zweiten Hälfter des 3. bis zur Mitte des 2. Jahrtausends v. Chr*. Harrassowitz VeRLAg. Wiesbaden, 2010, p. 82.

شێوە تەورێکی تر هەر لە گردی عەربید (**وێنەی ١٩**)، لەناو گۆزەیەك کە لەبەردەم دەموچاوی مردووەکەدا دانراوە، دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٣٧] ئەم تەورە شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی شێوە بازنەیی مل درێژە، لێواری سەرەوەی خەتێکی ڕاستە و لێواری خوارەوەی کەوانەییە، ئەم دەمی تەورە پەراسوداره هەرچەندە لەبەر بچووکیی لە ناو گۆزەکەدا باش ناتوانرێت وەسفبکرێت.




وێنەی (١٩) دەمە تەورێك لە گردی عەربید

Gernez, 2008, fig. 2.59.

### ٢-٢-١-١-٣ چاغر بازاڕ

تەورێکی لە مس دروستکراو لە ناوچەی چاغر بازاڕ مێژووەکەی بۆهەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٢٠**).[٣٨] ئەم تەورە لە شێوەی تەوری لێوار ڕاستەییەو هەردولای ڕێکە و نووکەکەی بەرەو خوارەوەیە و دەمی شوێنی چەسپکردنی کلکەکەی خڕە, لێوارەکانی پانە و تا بەرەو نوکەکەی بڕوات باریکتر دەبێتەوە لە شێوەی تەوری لێوار ڕاستەیی.

---

[37] Koliński, R., "Sir Max Mallowan's excavations at Tell Arbid in 1936", *Iraq*, Vol. 69, (2007), p. 80.
[38] Mallowan, the Excavations at Tall Chagr Bazar…. , *op. cit.*, p. 151.





وێنەی (٢٠) تەورێك لە ناوچەی چاغر بازار .                    هێلکاریی: توێژەر

Mallwan, 1937, Plate. XIV.(D)

**٢-٢-١-٢ باشووری کوردستان**

**٢-٢-١-٢-١ تە پە گەورە**

تەورێکی برۆنزیی لارێك لە چینی شەشەم لە شوێنەواری تەپە گەورە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٢١**).[39] ئەم تەورە دەمێکی پانی هەیە و بەشی سەرەوەی هێڵێکی ڕێکە و بەشی خوارەوەی کەوانەییە بۆ لای دەسکەکەی، دەسکەکەی شێوە لاکێشەییە.





وێنەی (٢١) تەور لە تەپە گەورە.                    هێڵکاریی: توێژەر

عباس، ١٩٩٧, صورة ٢٠٦.

**٢-٢-١-٢-٢ کەرکوك و دەوروبەری**

[39] Maxwell- Hyslop, R., Western Asiatic shaft-hole axes, In: *Iraq*, Vol. 11, 1949, p. 102.

لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك تەورێك دۆزراوەتەوە مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەم یان سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٢٢**).[٤٠] دەمی ئەم تەورە سەر بەرەو خوارە و تەنکە و لای خوارەوەی شوێنی کلکەکەی کەوانەییە و شوێنی پێوەکردنی کلکەکەشی شێوە هێلکەییە.



وێنەی ( کەرکوك (2)

## ٢-٢-١-٢-٣ گردی ماحوز[٤١]

تەورێکی جوانی ناوازە لە گردی ماحوز دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. (کە سەردەمی گۆڕانکارییە لە هەزارەی سێیەمەوە بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، (**وێنەی ٢٣**).[٤٢] ئەم دەمە تەورە بەشی سەرەوەی هێڵێکی ڕێکە و بەشی خوارەوەی لای شوێنی کلکەکەیەوە کەوانەییە, تا بەرەو دەمەکەی بڕوات پان دەبێتەوە، شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی شێوە هێلکەییە, لەبەشی خوارەوەیدا دوو

---

٤٠ ئەم پاچە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد براوە. بڕوانە:

Mühl, *op. cit*, p. 138.

[٤١] گردی ماحوز: دەکەوێتە باکووری میسۆپۆتامیاوە لە کەناری چەپی زێی بچووك لەسەر ڕێگای حەویجە نزیك کەرکوك، بۆ یەکەمجار لە لەلایەن تیمێکی شوێنەواری ئیسپانییەوە لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ و کنەکردنی تێداکراوە، جارێکی تر لەساڵی ١٩٩٧ کنە و پشکنینی تێداکراوەتەوە. بڕوانە:

Yarshater, E., the Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, *the Cambridge History of Iran*, Vol. 3 (2), Cambridge University Press, 1983, p. 1105.

[42] Mühl, *op. cit.*, p. 139.

**چاڵی شێوە دەمە داسی کراوەی تێدایە تا ناوەڕاستەکەی درێژ دەبێتەوە، کە مەبەست لەمە ڕەنگە بۆ جوانی بووبێت.**





**وێنەی (٢٣) سەری تەورێك لە گردی ماحوز** هێلکاریی: توێژەر

Mühl, 2013, Tafel. 81 (14)

### ٢-٢-١-٢-٤ گردی سلێمە

**دوو شێوە تەور لە گردی سلێمە دۆزراوەتەوە، شێوەی یەکەمیان (وێنەی ٢٤)، لە چینی چوارەم لە گۆڕێك (١٢٩) لە ژووری (٩) دۆزراوەتەوە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدیی دەگەڕێتەوە, ئەم تەورە درێژییەکەی بەگشتیی ١٢,٩سم, درێژیی دەمەکەی ٧,٩سم, پانیی دەمەکەی ٣,٦ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٥,٦سم و لەکەمترین ئاست ٣سم،[٤٣] ئەم تەورە دەمێکی تەنك و فراوانی هەیە و تا بەرەو دەمەکەی بڕوات پاندەبێتەوە، شوینی لێدانی پێوە دیارە, شوێنی کلکی تەورەکە شێوە هێلکەییە، بەشی دواوەی بەرزە و لەپێشەوە نزمە، پارچەیەکی درێژکۆلە بە ملی شوێنی کلکەیەوە لکێنراوە کە پێدەچێت پاش دروستکردنی قاڵبەکە پێوەیکرابێت و بۆ بەهێزکردن و پاراستنی کونی کلکەکەی بێت لە درز و شکان، لە دواوە دەرچوویەکی وەك قۆپچە هەیە، لەدەوری کونی کلکەکەی دوو ئەڵقە بۆ جوانکاری هەیە.**

---

[٤٣] ئەم پاچە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لەبەغداد براوە. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 131.



وێنەی (٢٤) پا چێك لە گردی سلێمە
Philip, 1995, fig. 6-(4)

شێوەیەکی تری تەور لە هەمان شوێن و سەردەم دۆزراوەتەوە کە لە مس دروستکراوە،[٤٤] ئەویش شێوەی تەوری کونداره لەشێوەی چاو (**وێنەی ٢٥**)، درێژیی سەرەکەی ٩,٦-٩,٩سم و پانییەکەی ٨,٥-٨,٧سم، ئەم سەرە تەورانە قەبارەیان بچووکە، بەشی سەرەوەیان وەك هێلێکی ڕێك وایە بۆ خوارەوە کەوانەیی بۆتەوە و لێوارێکی تیژی هەیە و دوو کونی تێدایە شێوە بازنەییە و لە شێوەی چاودایە.



وێنەی (٢٥) دوو سەری تەور لەگردی سلێمە

هێلکاری: توێژەر

هەر **لە گردی سلێمە** دوو تەوری ترمان هەیە (**وێنەی ٢٦**)، کە ئەوانیش هی هەمان سەردەمن و هەمان شێوەی وێنەی ڕابردوون (**وێنەی ٢٤**)، بەڵام ئەم دوو تەورە قەبارەیان گەورەترە درێژیی سەریان لەنێوان ٩,١-١٠,٢سم و پانییان لەنێوان ٨-٨,٣سم، تیرەی

[٤٤] عباس, *المصدر السابق*، ص. ٢٢٣ ,بۆ بینیی وێنەکە بڕوانە: الشکل,٣١٢-٢١٣.

**هەردوو بازنەکە ٢,٦-٢,٨سم و تیرەی بازنەیی سەرەکەی لە نێوان ٣,٢-٢,١سم،[٤٥] بەڵام دووەمیان کەمێکی بەشی سەرەوەی لای چەپی شکاوە، هاوشێوەی ئەم تەورانە لە وڵاتی شام زۆر دۆزراونەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەم جۆرە تەورە باو بووە و بەکارهێنانی زۆر فراوان بووە.[٤٦]**



وێنەی (٢٦) دووسەری تەور
لەگردی سلێمە
هێلکاری: توێژەر

[٤٥] عباس, *المصدر السابق*، ص. ٢٢٣, بۆ بینیی وێنەکە بڕوانە: الشكل,٢١٤ .

[46] Gernew, G., *L'armement en métal au Proche et Moyen-Orient des origines à 1750 av. J.-C.*, Thèse de doctorat d'Archéologie, Université de Paris 1 Panthéon-Sorbonne, 2008, p. 189.

### ٢-٢-١-٢-٥ گردی ئەحمەد ئەلحەتو[٤٧]

تەورێك لەم شوێنەوارە دۆزراوەتەوە مێژووەكەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەكانی یەكەم دەگەڕێتەوە, (**وێنەی ٢٧**) درێژیی دەمەكەی ١٠سم و تیرەی بازنەییەكەی ٢,١سم،[٤٨] سەری ئەم تەورە بچووك و بۆشە و كونی كلكەكەی بازنەییە و لێوارێكی بازنەیی بەشێوەی شریتێكی ئەڵقەیی لە بەشی سەرەوەیدا هەیە، لێواری سەرەوەی دەمەكەی ڕێك و تیژە و بەشی خوارەوەشی كەوانەییە، ئەمەش وایكردووە كە تا بەرەو شوێنی لێدانەكە (تیژییەكە)ی بڕوات پانتر دەبێت، شوێنی لێدانەكەشی ڕێك نییە





وێنەی (٢٧) تەورێك لە گردی ئەحمەد ئەلحەتو — هێڵكاریی توێژەر

عباس, ٩٩٧, شكل ١٧٩.

---

[٤٧] ئەحمەد ئەلحەتو: ئەم گردە دەكەوێتە دەشتی حەمرین و نزیكە لە شوێنەواری ئوچ تەپە بەدووریی ٣٠٠م. بڕوانە: سورنهاكن, ديتريش, "تنقيبات جمعية الشرق الألمانية في تل. أحمد الحتو (١٩٧٨-١٩٧٩)", سومر ٤٠ , (١٩٨٤), ص. ٥٨.

[٤٨] عباس، *المصدر السابق,* ص.٢١٩.

### ٢-٢-١-٣ باكووری كوردستان

#### ٢-٢-١-٣-١ بیرەجیك

لە ناو گۆڕێكی ئەم شوێنەوارەدا دوو سەرە تەوری برۆنزیی دۆزراوەنەتەوە، مێژووەكەیان بۆ نیوەی یەكەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٢٨**)،[٤٩] ئەم تەورانە تەخت و سافن و هیچ كونێكیان تیادا نییە بۆ پێوەكردنی كلكەكانیان.



وێنەی (٢٨) تەور لە بیرەجیك,Sertok, 1999, Fig. 10 (C-D)

### ٢-٢-١-٤ رۆژهەلاتی كوردستان

#### ٢-٢-١-٤-١ میرخێر

لە ناوچەی پشتی كوه لە شوێنەواری میر خێر سەری تەورێكی تەخت لە ناو گۆڕێك دوزراوەتەوە (**وێنەی ٢٩**)، مێژووەكەی بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٥٠] ئەم سەری تەورە تەخت و سادەیە شوێنی كلكی پێوەنییە.

[49] Sertok, *op. cit.*, p. 93.

[50] Begemann, *op. cit.*, P. 4.



## ٢-٢-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٢-٢-٢-١ هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاور[٥١]

[٥١] ئەم تابلۆ هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە دەربەندی گاور لە ناوچەی قەرەداغ، **٥٠**کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیی دوورە, یەکەم کەس کە لەسەر ئەم هەڵکۆڵراوە نووسیویەتی، ئەفسەر و ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیی ئەدمۆنز (C. J. Edmonds)ە لەساڵی **١٩٢٥**دا، ئەم تابلۆیە لە قەبارەی ئاسایی گەورەترە، زۆر بیروڕاهەیە لەسەر مێژووی ئەم تابلۆیە و پاشاکەی، بۆ نموونە: هەندێك لە شوێنەوارناسان وەك (Edmonds-Contenau-Herzfeld- Frankfort)، سەردەمەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدیی بەشێوەیەکی گشتیی دەگەڕێننەوە و پاشاکەیان دیارییەکردووە، بەڵام شوێنەوارناسەکانی وەك: (Smith-Nagel-Strommenger- Debevoise) پاشاکەیان دیارییکردووە و دەڵێن پاشا (**نەرام–سین**)ە، کەچی شوێنەوارناسانی وەکو (Moortgat- Boese- Orthmann- Börker-Klähn)، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئووری سێیەم و بەتایبەت بۆ پاشا **شولگی** دەگەڕێننەوە، بڕوانە:
Börker-klähn, *Altvorderasiatische Bildstelen* .... ,*op.cit.*, p. 137-138;
توێژەر و شوێنەوارناس (**دڵشاد زاموا**)یش هەمان بۆچوونی هەیە و مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوە بۆ سەردەمی ئووری سێیەم و بەتایبەتیش پاشا **شولگی** دەگەڕێنێتەوە. بڕوانە: زاموا, دڵشاد عزیز, "نەخشەکەی دەربەندی گاور: شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی", *سوبارتو* **١** , (**٢٠٠٧**), ل٧ ; بەڵام توێژەر و شوێنەوارناس (kozad Ahmed) ئەم پاشایە بۆ پاشا **ئیرڕیدوپیزیر** Erridu-pizir پاشای گووتیییەکان دەگەڕێنێتەوە. بڕوانە: Ahmed, *op. cit.*, p. 127-128.

ئەم هەڵکۆڵراوە هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ بڕوا وابوو هی پاشا (**نەرام–سین**) بێت، بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی ئاسان بوترێت هی سەردەمی ئووری سێیەمە (**وێنەی ٣٠**)،[٥٢] پاشا بەدەستی راستی تەورێکی پێیە و بەسەر شاخێکدا سەردەکەوێت, هاوکات دوژمنەکانی لەژێر پێیدایەتی، تەورەکە ئەستوورە و بەشی خوارەوەی شێوە هێلکەییە و بەشی سەرەوەی شێوەی سیٚ دانی هەیە، کلکی تەورەکە ئەستوور و درێژە و پاشا کۆتایی کلکی تەورەکەی هەڵگرتووە و لە ئامادەباشیدایە وەك ئەوەی بیەوێت بە تەورەکەی شەڕ بکات.

---

هەرچەندە شێوەی کڵاوەکەی بەڵگەیەکە بۆ راستی بوونی ئەوەی کە (نەرام–سین ) نییە, لەبەرئەوەی ئەم شێوە کڵاوە لەسەردەمی ئەکەدیی دەرنەکەوتووە، کە کڵاوێکی شاخداری شێوەنیوە گۆیی (قوبە)ی لەسەردایە کە زۆر جیاوازە لە کڵاوەکەی هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاور بەڵکو ئەم کڵاوە لەسەردەمی گودیا (٢١٤٤–٢١٢٤ پ. ز.) دەرکەوتووە هەروەها نەرام–سین نیشانەی خواوەندێتی پێوە دیارە بەڵام لەوەی دەربەندی گاور ئەم نیشانەیە نییە، هەروەها جیاوازی زۆر هەیە لە ریش و جوانکارییەکان و چەکەکانیاندا. بڕوانە:

Strommenger, E., "Das Felsrelief von Darband-i- Gaur", *BaM*, Vol. 2, Berlin, (1963), p. 83; Debevoise, N. C., "The Rock Reliefs of Ancient Iran", *JNES*, Vol. 1, (1942), p. 184; Johannes, B., *Zur stilistis chen und Historischen Einordnung des Felsreliefs von Darband-I-Gaur*, studia Iran, 1973, p. 4; Ahmed, *op. cit.*, p. 156.

[٥٢] زاموا, سەرچاوەی پێشوو, ل. ٧.





وێنەی (٣٠) پاشا بەدەستی راستی تەورێکیپێیە                    هێڵکاریی: توێژەر

وێنەگر: توێژەر

## ٢-٢-٣ مۆرەکان

### ٢-٢-٣-١ ئورکیش (گردی مۆزان)

لەجێ مۆرێکی ناوچەی ئورکیش مێژووەکەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم دەگەڕێتەوە (وێنەی ٣١)،[٥٣] چەکێك بە بەر پشتوێنی ئەو کەسەوەیە کە لە جێ مۆرەکەدا دەرکەوتووە و پێدەچێت تەور بێت, لەبەرئەوەی کلکی تەورەکە باریکە، سەری تەورەکەش دیارە، دەمی تەورەکە لێوارێکی تیژ و پانی هەیە، کۆتاییەکەی، واتە شوێنی پێوەکردنی دەمە تەورەکە بە کلکەکەیەوە باریك بووەتەوە.

[53] Kelly-Buccellati, *op. cit.*, p. 73.



وێنەی (٣١) جیٚ مۆرێکی لولـەیی لـە ئورکیش

Kelly-Buccellati, 1988, fig. 36, p. 136.

### ٢ – ٣خەدەنگ

چەکێکی کورتە بۆ لێدان بەکاردێت، لە دەمێکی ڕێکی نووکداری هەر دوولا تیژ و دەسکێك پێکدێت.[٥٤] هەرچەندە گەورەیی و بچووکیی، یاخود درێژیی و کورتیی خەدەنگ بەپێی حەزی کەسەکان بووە،[٥٥] بەڵام بەگشتیی درێژی خەدەنگ لە نێوان **٣٦**سم بۆ **٥٠**سم بووە.[٥٦]

### ٢–٣–١ دۆزراوەکان

### ٢–٣–١–١ ڕۆژئاوای کوردستان

### ٢–٣–١–١–١ گردی چاغر بازار

---

[54] The Editors of Encyclopedia Britannica, Bayonet, Encyclopedia Britannica, available at this site: https://www.britannica.com/technology/bayonet (6/3/2017)

[٥٥] العبيدى, صلاح حسين, أنواع الأسلحة العربية الإسلامية وأوصافها, *الجيش والسلاح*, ج ٤, دار الحرية للطباعة, بغداد, ١٩٨٨, ص. ١٢٩.

[56] Khorasani, *op. cit.*, p. 200.

خەدەنگێکی لە مس دروستکراو لە گۆڕێك لە چینی یەك لە گردی چاغر بازار دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ دەوروبەری **٢٥٠٠** پ. ز. (سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم) دەگەڕێتەوە.[٥٧] ئەم سەری خەدەنگ (**وێنەی ٣٢**) لەلای دەسکەکەیەوە فراوانە و کۆتاییەکەی کەوانەییە و هەتا بەرەو دەمەکەی بڕوات تەسك دەبێتەوە، شوێنی لێدانەکەی ڕێکە و لایەکانی شێوە ڕاستەیە، هاوشێوەی ئەمە لە کیش دۆزراوەتەوە.[٥٨]

بەڵام لە چینی دووەم، قاڵبی بەردین کە بۆ دروستکردنی چەند ئامرازێك بووە لەوانە سەری خەدەنگی تێدایە، دۆزراوەتەوە، (**وێنەی ٣٣**).[٥٩]



وێنەی (٣٢) سەری **خەدەنگ** لە چاغر بازار

Mallowan, 1937, Fig. 13 (1)



وێنەی (**٣٣**) قاڵبی دروستکردنی چەك.

Mallowan, 1937, platte. XV111(B)

---

[57] Mallowan, *op. cit.*, p. 35.
[58] Karpe, *op. cit.*, Tafel.199 (41).
[59] Mallowan, *op. cit.*, p. 153.

## ٢-٣-١-٢ باشووری کوردستان

### ٢-٣-١-٢-١ کەرکوك و دەوروبەری

چەندین پارچەی شوێنەواریی دۆزراوە کە سەر بەناوچەی بیرە نەوتەکانی کەرکوك بووە و بۆ قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە لە بازرگانانی شوێنەوار کڕدراوە، بۆچوونی بەهێز ئەوەیە لە گۆڕدا دۆزرابێتنەوە، لە ناویشیاندا دوو سەری خەدەنگ هەیە (**وێنەی ٣٤**)، یەکێکیان سەرێکی باریك و درێژکۆلەی هەیە و پەراسوداره دەسکەکەی تا بەرەو کۆتایی بڕوات باریك دەبێتەوە. دووەمیان سەرێکی شێوە گەڵایی پەراسوداری هەیە و دەسکەکەی باریکە و کۆتاییەکەی چەمیوەتەوە، هاوشێوەکەی لەو شوێنانەدا بینراوەتەوە کە ئەو شارستانییەی تێدا بڵاوبووە کە بە شارستانیی کورا-ئاراکسیس[٦٠] (لە ئەکالتسیکهی و کولباکیی) ناسراوە، مێژووەکەشی بۆ قۆناغی گۆڕانکاریی لە سەردەمی کالکۆلیتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز.گێردراوەتەوە.[٦١] پارچەیەکی تری هاوشێوەی لە تەل نەمل دۆزراوەتەوە، کە هەمان مێژووی بۆ دیاریکراوە.[٦٢]



وێنەی (**٣٤**) سەری **خەدەنگ** لە کەرکوك,Mühl, 2013, Tafel. 80 (1-2)

---

[٦٠] **کورا ئاراکسیس:** دوو شوێنن لە ناوچەی قەوقازن و لە کۆتایی هەزارەی چوارەم شارستانییەك لەوێ دەرکەوت، جۆرە گلێنەیەکی ڕەنگ تاریکیان دروستکردووە, ئەم جۆرە گلێنەیە بۆ زۆر ناوچە بڵاوبووەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم شارستانییە، بڕوانە:

Marro, C., and Others, "On the Genesis of the Kura-Araxes Phenomenon: A Reply to G. Palumbi and Ch. Chataigner", *Paléorient,* Vol. 41. 2, (2015), p. 157-162.

[61] Mühl, *op. cit.*, p. 121.

[٦٢] بۆ شارەزابوون لەم بابەتە و بینینی قەمەکە، بڕوانە:

Mühl, *op. cit.*, p. 121, Tafel. 56 (14).

سەری خەدەنگێکی تر هەر لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە, (**وێنەی ٣٥**)، ئەم سەری قەمەیە شێوە گەڵایی ئەستوورە و پەراسوداره, هاوشێوەی ئەم قەمەیە لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی شارستانیی ناسراو بە (کورا–ئەراکسیس) بینراوەتەوە، مێژووەکەشی بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ.ز.دەگەڕێتەوە، ئەم سەری قەمەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە نەرمە،[٦٣] هاوشێوەکەی کە لە مس دروستکراوە لە بینایەکی بازنەیی لە تەل ڕەزووق، بینراوەتەوە، کە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەم دەگەڕێتەوە.[٦٤]



وێنەی (**٣٥**)، سەری قەمەیەك لەکێڵگەکانی دەوروبەری کەرکوك هێڵکاریی توێژەر

Mühl, 2013, Tafel. 81 (6).

## ٢-٣-١-٢-٢-٢ ئوچ تەپە

لەناو گۆرێك کۆمەڵێك بابەتی لە مس دروستکراو لەنزیك گۆزەیەك دۆزراوەتەوە، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە.[٦٥] یەکێك لەو بابەتانە سەری خەدەنگی لە مس دروستکراوە (**وێنەی ٣٦**)، ئەم سەری خەدەنگە ئەستور و درێژە، هەتا بەرەو شوێنی

[٦٣] لە ساڵانی **١٩٥٥** و **١٩٦٢** کۆمەڵێك پارچەی شوێنەواریی هێنرانە مۆزەخانەی بەغداد، کە هی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك بوون، ڕای بەهێز ئەوەیە کە لە ناو گۆڕێکی بەردیندا دۆزراونەتەوە, کە لە بازرگانانی شوێنەوار کڕراون، و مێژووشیان بە کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایین دیارییکراوە، مۆر و پەیکەری بەردین و برۆنزیی و سەری قەمە (حەربە) لەو پارچە شوێنەوارییانەن. بڕوانە:
Mühl, *op. cit.*, p. 121-122.

[64] Gibson, M., and others, *Uch Tepe (1): Tell Razuq, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajamat, the Chicago-Copenhagen Expedition to the Hamrin*, Denmark, 1981, plate 97 (12).

[65] Steinkeller, *op. cit.*, p. 74.

لێدانەکەی بڕوات باریك و تیژ دەبێتەوە, شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی لە ناوەراستیدا شکاوە.



وێنەی (٣٦) سەری **خەدەنگ** لە ناوچەی ئوچ تەپە
Steinkeller, 1981, Plate. 97 (9-10)

## ٢-٣-٢ مۆرەکان

### ٢-٣-٢-١ ئورکیش (گردی مۆزان)

لە جێ مۆرێکی لولەیی لە ئورکیش, (**وێنەی ٣٧**)، پاڵەوانێکی رووت لەلای چەپەوە وەستاوە، بەدەستی ڕاستی خەدەنگێکی پێیە و بەرەو پشتی شێرێك ئاراستەی دەکات، بەدەستی چەپیشی هەردوو قاچی ئاسکێکی گرتووە و سەرەوخوار و بەپشتدا هەڵیگرتووە و سەری ئاسکەکە داوێتی لە زەوی، لەلای راستیشەوە پاڵەوانێکی تری رووت دەردەکەوێت رووی بەلای راستدا کردووە، بەڵام نیوەی سەرەوەی لەشی دەرناکەوێت بەهۆی تێکچوونی جێ مۆرەکەوە، دیمەنی ئەم مۆرە لە سەر مۆری سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم زۆر دووبارەبۆتەوە.[٦٦]



وێنەی (٣٧) جێ مۆرێکی لولەیی لە ئورکیش

حاج درويش, ٢٠١٦, الشكل ٦١

---

[٦٦] بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە: حاج درويش, *الآلهة والكائنات الاسطورية....* ، ص٨٦.

## ٢-٤ تیروكەوان

چەكێكە لە دوو بەش پێكدێت، كەوان كە لە ماددەیەكی نەرمی وەك دار, یان شتی تر بە چەماوەیی دروستدەكرێت و هەردوو سەری چەماوەكە بە ژێیەك بەیەكدەگەیەنرێت، ئەوی تریشیان تیرە كە دار یان كانزایە و باریك و رێكە و كۆتاییەكەی تیژكراوە، كلكی تیرەكە دەخرێتە ناوەڕاستی پەتەكە و سەرەكەی تریشی لەسەر ناوەڕاستی كەوانەكە ڕووەو ئامانجەكە دادەنرێت و ئینجا توند بۆ دواوە رادەكێشرێت و كاتێك بەردەدرێت بەهۆی ئەو هێزەی لە ئەنجامی راكێشانی پەتەكە و چەمانەوەی زیاتری كەوانەكە دروستبووە تیرەكە بەخێرایی دەردەچێت.[٦٧]

### ٢-٤-١ دۆزراوەكان

### ٢-٤-١-١ باشووری كوردستان

#### ٢-٤-١-١-١ گردی یەلخی[٦٨]

دوو سەری تیری شێوە جیاواز لە گۆڕێك لە چینی ٨ لە گردی **یەلخی** دۆزراوەتەوە، مێژووەكەی بۆ سەردەمی ئەكەدییەكان دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٣٨**).[٦٩] یەكەمیان شێوە سێگۆشەیی بچوكی ئەستورە شوێنی پێوەكردنی كلكەكەی بازنەیی ئەستورە دووەمیا شێوەی تیرەكە سێگۆشەیی تەنكی تەختە شوێنی پێوەكردنی كلكەكەی شكاوەو بچوكە.

---

[67] Bow and Arrow, The Columbia Encyclopedia, available at this site:

http://www.encyclopedia.com/social-sciences-and-law/political-science-and-government/military-affairs-nonnaval/bow-and- arrow. (5/3/2017)

[٦٨] گردی یەلخی **Yelkẖi**: دەكەوێتە ناوچەی حەمرین و بە دەشتێكی پانوبەرین دەورە دراوە، پاشماوەی هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایینی تێدا دۆزراوەتەوە، بۆ یەكەمجار لەساڵی ١٩٧٧ هەڵكۆڵین تێدا دەستی پێكردووە و تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بووە. بڕوانە:

Bergamini, G., and others, Tell Yelẖi, *The Land between Two Rivers*, Roma, 1986, p. 41-61.

[69] Bergamini, *op. cit.*, p. 157.



وێنەی (٣٨) دوو سەری تیر لە گردی یەلخی
Bergamini, 1986, p. 157.



هێڵکاریی توێژەر

## ٢-٤-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٢-٤-٢-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور

پاشا بە دەستی چەپی کەوانێکی هەڵگرتووە (**وێنەی ٣٩**)، ژێی کەوانەکە گرنجگرنجی بچووکە و بەشی سەرەوەی ژێیەکە بەباشیی دیارنییە، بەڵام بەدڵنییایەوە وەك بەشی خوارەوەی گرنج گرنجە, ئەمسەر و ئەوسەری کەوانەکە کە ژێیەکەیان پێوە بەستراوە شێوەیەکی خڕیان وەرگرتووە و کونێکی تێدایە بۆ توند بەستنەوەی ژێیەکە، ئەمەش هەتا ئێستا ماوە لەبەرئەوەی تا توندتر ببەسترێت تیرەکە زیاتر دەڕوات، کەوانەکەش ئەستوورە، کەوانەکەی بەبەری سنگیدا ڕاگرتووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی شەڕەکە وەستاوە یاخود دەیەوێت بە چەکێکی تریش شەڕ بکات.



وێنەی (٣٩) پاشا کەوانێکی هەڵگرتووە (وێنەگر توێژەر)



هێڵکاریی توێژەر

## ٢-٥ خەنجەر

خەنجەر لە رووكاردا وەك شمشێرێكی بچووككراوەیە، لە سەردەمانی كۆن و ناوەڕاستدا جیاكاریی لەنێوان خەنجەری درێژ و شمشێری كورتدا لە زۆركاتدا ناڕوون بووە.[٧٠] درێژیی خەنجەر بەشێوەیەكی گشتیی لەنێوان ٣٦سم بۆ ٤٠سم دەبێت.[٧١]

### ٢-٥-١ دۆزراوەكان

### ٢-٥-١-١ رۆژئاوای كوردستان

### ٢-٥-١-١-١ گردی بەیدەر

خەنجەرێكی لەمس دروستكراو لە گۆڕێكی گردی بەیدەر مێژووەكەی بۆ سەردەمی ئەكەدییە دەگەڕێتەوە دۆزراوەتەوە (**وێنەی٤٠**)، ئەم خەنجەرە هێشتا شوێنی مشتەكەی پێوەیە، وا پێدەچێت ئەم خەنجەرە بەكارنەهاتبێت و لە كیفەكەی هەڵنەكێشرابێت، دووكون لە دەسكەكەیدا هەیە و شانەكانی رێكە و بەشی سەرەوەی پانە و تا بەرەو نوكەكەی بڕوات باریك و تەنك و تیژ دەبێتەوە، هاوشێوەی ئەم خەنجەرە لە تل البیعە[٧٢] و گۆڕستانی ئووریش دۆزراوەتەوە.[٧٣]



وێنەی (٤٠) خەنجەرێك لە گردی بەیدەر, Bretschneider, 2007, fig. 14 (1)

---

[70] Dagger, Encyclopedia Britannica, available at this site: https://www.britannica.com/technology/dagger. (1/3/2017)

[71] Khorasani, *op. cit.*, p. 200.
[72] Bretschneider, *op. cit.*, p. 12.
[73] Hockmann, 2010, *op. cit.*, tafel 20 (3), tafel 21(2483c), tafel 23 (2490o), tafel 28 (2503d).

هەر لەو گۆڕەی گردی بەیدەردا (**وێنەی ٤١**) خەنجەرێکی تر هەیەکە لە سەروی پەیکەیکەرێکی قورینەوە دانرابوو.[٧٤] ئەم خەنجەرە پانەو تابەرەو نوکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە, شانەکانی ڕێکەو شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی دوو کونی تێدایە کە هێشتا مشتەکەی پێوە ماوە، و ئەم خەنجەرە پێوەی دیارە کە بەکارهاتووە.



وێنەی (٤١)خەنجەرێك لە گردی بەیدەر

Bretschneider, fig. 18 (m14)

هەر لەم گۆڕەدا و لەم شێوە خەنجەرە خەنجەرێکی تری لە مس دروستکراو ( **وێنەی ٤٢**)، دۆزراوەتەوە و کیف (کێلان)ەکەشی لەگەڵدایە، ئەم خەنجەرە بەکارهاتووە بە بەڵگەی ئەوەی پاشماوەی ماددەی ئەندامیی پێوەیە.[٧٥] ئەم خەنجەرە دوو کون لە دەسکەکەیدا هەیە بۆ جێگیرکردن و شانەکانی چاڵە و بەگشتیی خەنجەرەکە پانە.




وێنەی (٤٢) خەنجەرێك لە گردی بەیدەر

Bretschneider, 2007, fig. 20 (22)

[74] Bretschneider, *op. cit.*, p. 15.
[75] Bretschneider, *op. cit.*, p. 18.

## ٢-١-١-٥-٢ گردی عەربید

لە گۆڕێك لە گردی عەربید، سێ خەنجەری برۆنزی دۆزراونەتەوە، کە بە بۆچوونی (Craham Philips) مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدیی یاخود پاش ئەکەدیی دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٤٣**).[٧٦] ئەم خەنجەرانە هاوشێوەی یەکن و داخوراون. شوێنی کونیان پێوە نییە، دەسکەکانی دووانیان شکاوە یەك دانەیان دەسکێکی باریکی خڕی پێوە ماوە، هەرسێکیان شوێنی دەسکەکەیان بۆ دەمەکەیان کەوانەییە و تا بەرەو نوکەکانیان بڕوات باریك دەبنەوە.



هێڵکاریی توێژەر





وێنەی (٤٣) سێ خەنجەر لە گردی عەربید

Koliński, 2012, fig. 8.

[76] Koliński, University excavations in Sector ....., 2012, p. 547-548.

شێوەیەکی تر (**وێنەی ٤٤**) لە خەنجەر هەر لە گردی عەربید لە گۆڕێکدا دۆزراوەتەوە،[٧٧] ئەم خەنجەرە پەراسودارەو وا پێدەچێت کونی تێدا نەبێت، نووکەکەشی زۆر باریکە.




وێنەی (٤٤) خەنجەرێك لە گردی عەربید

Gernez, 2008, fig. 2.59

هەر لە گردی عەربید (**وێنەی ٤٥**) شێوەیەکی تری خەنجەر لە گۆڕێکدا دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٧٨] ئەم خەنجەرە دەسکەکەی سێ کونی تێدایە و شانەکانی ڕێکە و تا خوارەوە دەڕوات و نوکەکەی کەوانەییە.



Koliński, 2012, Fig. 19 (g).,وێنەی (٤٥) خەنجەرێك لە گردی عەربید

---

[٧٧] سەبارەت بەم گۆرە بڕوانە لاپەرە (٨٠)ی ئەم نامەیە.

[78] Koliński, *op.cit.*, p. 91.

هاوشێوەی ئەم خەنجەرە کە سێ کونی تێدایە زۆر بڵاوە، نموونەشی لە مۆزەخانەی غازی عەنتاب دەبینرێت (وێنەی ٤٦),[٧٩] درێژی ئەم خەنجەرە ٢٣,٩سم[٨٠] و بە هەمان شێوە سێ کون لە دەسکەکەیدایە.



وێنەی (٤٦) نموونەی خەنجەرێك لە مۆزەخانەی غازی عەنتاب

Summers, 1991, fig. 12

### ٢-٥-١-١-٣ چاغر بازار

دوو خەنجەری لە مس دروستکراو (وێنەی ٤٧)، لە گۆڕی (١٦٦) لە ژووری ١٩ لە چینی یەك دۆزراونەتەوە مێژووەکەیان بۆ دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠ پ. ز دەگەڕێتەوە.[٨١] یەکەمیان دەمە خەنجەرێکی ئاساییە درێژییەکەی ٢٣سم و شوێنی مشتەکەی سێ کونی تێدایە بۆ پێوەکردنی دەسکەکەی، شانی خەنجەرەکە ڕێکە و بۆ شوێنی لێدانەکەی کەمێك تەسك دەبێتەوە، هاوشێوەی ئەم خەنجەرە کە سێ کونی تێدایە لە ئاستی یەك لە گۆڕستانی ئوور و کیش دۆزراونەتەوە و مێژووەکانیان بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم

---

[٧٩] بۆ بینینی نموونەکانی تر بڕوانە:
Summers, G. D., "Metalwork in Gaziantep Museum said to be a Hoard from the Region of Sakçagözü", *AnSt*, Vol. 41, (1991), p. 191, fig. 12.

[٨٠] لەساڵی ١٩٧٥دا ١٤ بابەتی جۆراوجۆری لە مس دروستکراو, لەلایەن کەسێکەوە بۆ مۆزەخانەی غازی عەنتاب هێنران، لە ناویشیاندا چەك هەبوون، ئەم بابەتانە لەلایەن مۆزەخانەی غازی عەنتابەوە کڕران، بەڵام هەتا ئێستا دڵنیایی لە مێژووەکەیان و لە شوێنەکەیاندا نییە، هەرچەندە بڕوا وایە لە ناوچەی سەکچە گوزییەوە هاتبێت و مێژووەکەشی بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز. بگەڕێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Summers, *op. cit.*, p. 173.

[81] Mallowan, *op. cit.*, Fig. 13 (2-3).

دەگەڕێتەوە.[٨٢] دووەمیان درێژییەکەی ٢٠سم و شوێنی مشتەکەی شکاوە و دوو کونی پێوەیە و وا دیارە سێ کون بووە، دەمەکەی شێوەی سێگۆشەییە بەرەو نوکەکەی، کە کەمێکی شکاوە، زۆر باریك دەبێتەوە. ئەم خەنجەرە زۆر لە خەنجەرەکەی گردی عەربید دەچێت (بڕوانە وێنەی ٤٥).




وێنەی (٧

7, Fig. 13 (2-3)

## ٢-٥-١-٢ باشووری کوردستان

### ٢-٥-١-٢-١ تەپە گەورە

لە شوێنەواری تەپە گەورە خەنجەرێکی لە مس دروستکراو و لە چینی شەشەم کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدیی، دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٤٨**)، درێژییەکەی ٢٨سم و ئەو بەشەی کە لە ناو دەسکە دارەکەیدا چەسپکراوە درێژییەکەی ١٠سم و

---

[82] Karpe, *op. cit.*, Tafel.171(6).

پانییەکەی ٦سم،[٨٣] ئەم خەنجەرە سێ کونی بزماری تێدایە بۆ چەسپکردنی دەسکەکەی، شانەکانی ڕێکە و خەنجەرێکی پانە و نوکەکەی شکاوە.



وێنەی (٤٨) خەنجەرێك لە تەپە گەورە

هێڵکاری: توێژەر

هەروەها شێوە خەنجەرێکی تری لە مس دروستکراو لە هەمان شوێن و لە هەمان سەردەم دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٤٩**)، درێژییەکەی **٢٢**سم,[٨٤] ئەم خەنجەرە نوکەکەی و هەردوو لاکەی تیژە و یەکێك لە لاتەنیشتەکانی دوو شوێنی شکاوی پێوەیە, شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی شکاوە و زۆر کورتە.



وێنەی (٤٩) خەنجەرێك لە تەپە گەورە

الدباغ, ١٩٨٨, لوح ١٩ (٥١)

---

[٨٣] الدباغ, السلاح في عصور.... ، ص.٣٥, لوح ١٩ (٥٠).

[٨٤] الدباغ، *المصدر السابق*، ص. ٣٥.

### ٢-٥-١-٢-٢ گاسور

دوو خەنجەری لە مس دروستكراو لە ناو گۆڕەكانی یۆرغان تەپە دۆزراونەتەوە مێژووەكەیان بۆ سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕێتەوە, یەكێك لەوانە (**وێنەی ٥٠**) لە گۆڕی (N120-2) دۆزراوەتەوە و درێژییەكەی ٥سم،[٨٥] ئەم خەنجەرە شانەكانی بە ڕێكی هاتووەتە خوارەوە و بەشی سەرەوەی پانە و تا بەرەو نوكەكەی بڕوات باریك دەبێتەوە, شوێنی پێوەكردنی دەسكەكەی بچوك و باریكە و هیچ كونێكی تێدا نییە بۆ چەسپكردنی دەسكەكەی.



وێنەی (٥٠) خەنجەرێك لە یۆرغان تەپە

Mühl, 2013, Tafel. 74(6).

دووەمیان ( **وێنەی ٥١**) لە گۆڕی ٥-٦ لە نزیك سەری مردووەكەدا، لەگەڵ مۆرێكدا، دۆزراوەتەوە و درێژییەكەی ٥سم,[٨٦] ئەم خەنجەرانە شوێنی دەسكەكەیان بچووكەو هیچ كونێكیان تێدانییە بۆ بەستنەوەی دەسكەكانیان شێوەیەكی ڕێكیان هەیەو نوكەكانیان تیژە.



وێنەی (٥١) خەنجەرێك لە یۆرغان تەپە,Mühl, 2013, Tafel. 74 (1)

### ٢-٥-١-٢-٣ گردی بەكراوە[٨٧]

---

[85] Mühl, *op. cit*., p. 142.

[٨٦] ئەم خەنجەرە ئێستا لە مۆزەخانەی دیرالزور. بڕوانە:

Mühl, op. cit., p. 142.

سێ خەنجەری برۆنزی لە گردی بەکراوە لە گۆڕی (BA 1108) دۆزراونەتەوە مێژووی ئەم خەنجەرانە دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز.لە دەوروبەری (٢٠٠٠-١٨٠٠پ.ز.)[88] ( **وێنەی ٥٢**) خەنجەری یەکەمیان دەمی درێژ کۆلەییەو شانەکانی بەرەو ناوەوە چاڵ بوو, کە مێك تەختتە و لێوارەکانی تیژەو تا بەرەو دەمەکەی بروات باریك دەبێتەوە شوێنی مشتە کۆڵەکەی یەك کونی تێدا دیارە بەڵام وای پێدەچێت کونی تری تێدا بێت, بەڵام شکاوەو دیار نییە دووەمیان کەمێك درێژتر دەردەکەوێت و پانتریشە شانەکانی کەوانەیی سوچ دارە خەتێکی پەراسوییی لە ناوەراستی دا هەیە, تا خوارەوە لای چەپی بەرەو نووکەکەی خوار بۆتەوە شوێنی مشتەکەشی سێ کونی دوابەدوای یەکی تێدایە بەڵام واپێدەچێت ژەنگ دایخورانبێت.

---

[87] **گردی بەکراوە:** ئەم گردە لە دەشتی شارەزوورە و ٥کم لە باشووری پارێزگای هەڵەبجەوە دوورە، گردێکی شێوە چوارگۆشەیە، لەساڵی ١٩٦١دا بۆ ماوەی ٢ مانگ هەڵکۆڵینی تێداکراوە و هەشت چینی شوێنەواریی تێدا دۆزراوەتەوە، چینی یەکەم بۆ دەوروبەری ١٢٠٠ پ. ز. و چینی دووەم بۆ دەوروبەری ١٢٠٠-١٠٠٠ پ. ز. و چینی سێیەم بۆ دەوروبەری ٨٠٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە، لە چینی ٤-٨ دەردەکەوێت شارستانییەکی پێشکەوتووی تێدا بووە کە لەوانەیە بۆ سەدەی ١٨-١٥ پ. ز. بگەڕێتەوە، لەوانەشە خوورییەکان خاوەنی ئەم چینانە بن. بڕوانە: الحسني, محمد باقر, "حفريات تل. بكراوا", *سومر* ١٨ , (١٩٦٢), ص.١٤١-١٤٤;
Miglus, P., and others, "Excavation at Bakr Awa 2010 and 2011", *Iraq*, Vol. 75, January (2013), p. 43.
[88] Miglus, *op. cit.*, p. 58.




وێنەی (**٥٢**) دوو خەنجەر لە گردی بەکراوە          هێلکاری تویژەر

Miglus, 2013, fig. 22

سێیەمیان (**وێنەی ٥٣**)، مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. ئەم خەنجەرەیان نوکەکەی و هەردوو لاکەی تیژن و یەکێك لە لاتەنیشتەکانی دوو شوێنی شکاوی پێوەیە, شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی شکاوە و زۆر کورتە، نموونەی لەم خەنجەرە لەسەردەمی ئەکەدیی و بنەماڵەی ئووری سێیەم دۆزراوەتەوە، کە شتێکی ئاسایی بووە لەکاتی ناشتنی مردووەکاندا لە ناو گۆڕەکاندا دابنرێن.[٨٩] ئەم خەنجەرە زۆر لە خەنجەرەکەی تەپە گەورە دەچێت (**وێنەی ٤٩**).

[٨٩] بۆ بینینی ئەم نموونانە بڕوانە:

Mühl, *op. cit.*, Tafel, 90 (15), 79 (6), 88 (9).



وێنەی (٥٣) خەنجەرێك لە گردی بەكراوە

هێلكاری: توێژەر

**٢-٥-١-٢-٤ گردی سلێمە**

خەنجەرێكی دەسكدارلە گردی سلێمە لە گۆڕی (١٨٦) لە ژووری ١٦ لە چینی چوار دۆزراوەتەوە, مێژووەكەی بۆ سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕێتەوە (**وێنەی٥٤**)، درێژیی گشتیی ٢٢,٣سم و درێژیی دەمەكەی ١٩,٥سم و زۆرترین فراوانیی ٤,٣ سم.[٩٠] ئەم خەنجەرە شان خڕە و پانە، لێوارەكانی لەسەرخۆ تەنك دەبێتەوە, نوكەكەی فەوتاوە و دەسكەكەی تەنك وكورتە و پاشماوەی كونی پێوە نییە, لەناوەڕاستییەوە شكاوی تێدایە. هاوشێوەی ئەم خەنجەرە لە گۆڕێكی ناوچەی كیش دۆزراوەتەوە, كە مێژووەكەی بۆ هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٩١]



وێنەی (٥٤) خەنجەرێك لە گردی سلێمە

Philip, 1995, fig. 9-(5)

[٩٠] ئەم خەنجەرە براوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 139.

[91] Karpe, *op. cit.*, Tafel. 199 (58).

## ٢-٥-١-٣ رۆژهەڵاتی کوردستان

### ٢-٥-١-٣-١ پشتی کوه

خەنجەرێك لەناوچەی لوڕستان لە پشتی کوه دۆزراوەتەوە، هەرچەندە دڵنیا نین لە مێژووەکەی، بەڵام لەوانەیە بۆ کۆتایی هەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پ. ز. بگەڕێتەوە.[٩٢] ئەم خەنجەرە سێ کون لە مشتەکەیدایە، بەڵام کونەکان لە ئاستی یەك نین، دووکون لە خوارەوەو کونێك لەسەرەوەیە بەشێوەی سێگۆشە، خەتێك لە ناوەڕاستیدا هەیە، مشتەکەی بچووکە و شانێکی کەمێك کەوانەیی هەیە بۆ داکوتانی تەختەکەی، نوکێکی تیژی هەیە (**وێنەی ٥٥**). هاوشێوەی ئەم خەنجەرە لە گۆڕێك لە کیش دۆزراوەتەوە.[٩٣] ئەم شێوە خەنجەرە کە مشتەکەی ئەستوورە و بەدرێژایی دەمەکەی، لە مشتەکەیەوە بۆ نوکەکەی، پەراسوودارە زۆرجار لەکاتی پێکدادانددا شکاوە, لەبەرئەوەی دەمەکەی پان و تەنکە، ئەم جۆرە خەنجەرە لە رۆژئاوای ئێرانیشدا باوبووە[٩٤] و لە (کیش)یش دۆزراوەتەوە.[٩٥]



وێنەی (٥٥) خەنجەرێك لە ناوچەی پشتی کوه

Sol, 2010, fig. 9

## ٢-٥-١-٤ باکووری کوردستان

---

[92] Sol, B., Tombs of the Early Bronze Age I-III, Ilam District, Region of Salihabad, Hareinck, E. & OveRlAet, B., *Luristan Excavation Documents, Vol. VIII Early Bronze Age Graveyards to the West of the Kabir Kuh (Pusht-I Kuh, Luristan)*, 2010, p. 20.
[93] Karpe, *op. cit.*, Tafel. 199 (59).
[94] Maxwell-Hyslop, Daggers and Swords in …., *op. cit.*, p. 3.
[95] Karpe, *op. cit.*, tafel. 199 (59)

### ٢-٥-١-٤-١ تیتریش هۆیوك[96]

خەنجەرێکی برۆنزیی لە ناو گۆڕی (B94,56) دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز.(سەردەمی ئەکەدی) دەگەڕێتەوە **(وێنەی ٥٦)**،[97] ئەم خەنجەرە دوو کون لە دەسکەکەیدا هەیە و تا ئێستا پەرچ (پیم)ەکانی تێدا ماوە، ئەم خەنجەرە تەختە و نوکێکی تیژی هەیە بەڵام ژەنگ دایخوراندووە.



وێنە (٥٦) خەنجەرێك لە تیتریش هیوك

Sertok, 1999, fig. 8

### ٢-٥-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٢-٥-٢-١ هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاور

لە **(وێنەی ٥٧)**، پاشا خەنجەرێکی کردووە بە بەر پشتوێنەکەیدا کە تەنیا دەسکەکەی دیارە، تا ئێستا لە هیچ هێڵکارییەکدا کە بۆ هەڵکۆڵراوەکە کراوە ئەم خەنجەرە دیقەت نەدراوە،[98] بەڵام لە سەردانێکی مەیدانییدا توێژەر ئەم دەسکی خەنجەرەی بینیوە, شێوەی دەسکەکەی

---

[96] تیتریش هۆیوك: ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە شاری شانلی ئورفە بەدووریی ٤٥کم، وەك سەنتەرێکی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردن لە باشووری تۆرۆس کاریکردووە, خۆیشی کانزای خاوی ناردووە بۆ باشوور. بڕوانە:

Sertok, and Ergec, *op. cit.*, p. 230.

[97] Sertok, *op. cit.*, p. 231.

[98] ئەوەندەی توێژەر زانیاریی لەسەر بێت.

خرِە، بەڵام لەبەر ئەوەی کردویەتی بە بەر پشتوێنوکەیدا بەشەکانی تری دیار نین و نازانین شێوەی چۆن بووە.



وێنەی (٥٧) دەربەندی گاور، پاشا خەنجەرێکی پێیە

(وێنەگر: توێژەر)

## ٢-٥-٣ مۆرەکان

### ٢-٥-٣-١ ئورکیش (گردی مۆزان)

لەسەر دوو جێ مۆر کە لەم شوێنە دۆزراونەتەوە و مێژووەکەیان بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم دەگەڕێتەوە، خەنجەر دەرکەوتووە, لە یەکەمیاندا (**وێنەی ٥٨**)، کەسێك خەنجەرێکی بە دەستەوەیە و لەپشتی شێرێك دەدات، لەلای چەپی

**دیمەنەکەشەوە ئاژەڵێك دەبینرێ.[٩٩] کۆتایی مشتی خەنجەرەکە شێوە گۆیی گەورەیە و دەسك (مشت)ەکەشی تەنیا شوێنی گرتنەکەیەتی، هەرچی دەمەکەیەتی تا بەرەو نوکەکەی بڕوات باریك و تیژ دەبێتەوە.**



وێنەی (٥٨) جێ مۆرێکی لولەیی لە ئورکیش        هێڵکاریی توێژەر

حاج درويش, ٢٠١٦, الشكل, ٦٠

**دووەمیان (وێنەی ٥٩) جێ مۆرێکیترە کە دیمەنی ڕاوکردن پیشاندەدات، پاڵەوانەکە خەنجەرێك بە دەستی چەپییەوەیەتی و لە پشتی شێرێك دەدات کە هێرش دەکاتە سەر ئاسکێك.[١٠٠] ئەم خەنجەرە نوکەکەی زۆر تیژە و ناوەڕاستەکەی فراوانترە و دەسکەکەی کەمێك درێژە و کۆتاییەکەشی وەکو سەری بزمارە، پاڵەوانەکەش جلی لەبەردا نییە.**

---

[٩٩] حاج درويش, *المصدر السابق*، ص. ٨١.

[١٠٠] حاج درويش, *المصدر السابق*، ص. ٨٠ .




وێنەی (٥٩) جیٚ مۆرێکی لوولەیی لە ئورکیش

حاج درويش, ٢٠١٦, الشكل ٥٨

## ٢-٦ چەقۆ

ئامێریکە بۆ ژیانی رۆژانە بەکاردێت، لەوانەیە وەکو چەکیش بۆ لێدان بەکارهاتبێت، لەسەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکاندا ئاسان نییە خەنجەر و چەقۆ لەیەك جیابکرێنەوە، لەبەرئەوەی هەردووکیان لێواری تیژیان هەبووە.[١٠١]

### ٢-٦-١ دۆزراوەکان

#### ٢-٦-١-١ باشووری کوردستان.

##### ٢-٦-١-١-١ گردی جیگان[١٠٢]

---

[١٠١] عباس، *المصدرالسابق*، ص. ٢٤٨.

[١٠٢] **گردی جیگان** گەورەترین و فراوانترینی گردەکانی حەوزی بەنداوی موصڵە، دەکەوێتە گۆشەی بەیەکگەیشتنی ڕووباری دیجلە بەدووری ١٠کم لە باشووری ناحیەی فایدە، بۆ یەکەمجار لەلایەن تیمێکی شوێنەواری نەمساویەوە لە زانکۆی (ئینس بروك) لەساڵی ١٩٨٣دا هەڵکۆڵینی تێداکراوە. لەم گردەدا شوێنەواری چەندین ماوەی مێژوویی دۆزراوەتەوە، لەوانە: حەلەف و نەینەوا پێنج و سەردەمی ئەکەدیی و زۆرینەی ماوەی هەزارەی دووەمی پ. ز. تا شارستانیی هێلینستیی ئیسلامیی. بڕوانە: الأسود, حکمت بشير, *التنقيب في تل. جيگان*، مجموعة من الباحثين، *بحوث آثار حوض سد صدام وبحوث أخرى*, مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٧, ص. ٧١.

هەندێك ئامێری لە مس دروستكراو لە شوێنەواری گردی جیگان دۆزراوەتەوە كە مێژووەكەیان بۆ سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕێتەوە و لە ناویاندا چەقۆ هەیە (**وێنەی ٦٠**)،[١٠٣] چەقۆكە لەشێوەی گشتییدا لە خەنجەر دەچێت, بەشی سەرەوەی پانە و تا بەرەو خوارەوە بچێت باریك و تیژ دەبێتەوە, شوێنی پێوەكردنی دەسكەكەی زۆر باریك و بچووكە.



وێنەی (٦٠) چەقۆیەك لە گردی جیگان.

هێلكاری: توێژەر

## ٢-٦-٢ مۆرەكان

### ٢-٦-٢-١ جیَ مۆرەكانی شاژن ئوقنیتوم

چەند جیَ مۆرێك هەیە بۆ چێشتلێنەری شاژن **ئوقنیتوم** هاوسەری **توپكیش Tupkiš Uqnitum DAM** دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٦١**)،[١٠٤] تێیدا ژنێك دەبینرێت چەمیوەتەوە و رووی لەلای راستە و دوو ئامێر بە هەردوو دەستییەوەیەتی و لەناو دوو گۆزەی ڕا دەدات كە لەسەر بنكەیەك دانراون، كە لەوانەیە خواردنەوەیەك ئامادەبكات, لەپشت ئەم ژنەوە

---

[١٠٣] الأسود, *المصدر السابق*، ص. ٧٦, بۆ بینینی وێنەكە بڕوانە: الصورة ١٥, الشكل ٧٦.

[١٠٤] ئەم جیَ مۆرە بۆ چێشتلێنەری شاژن ئوقینتووم كە ناوی تولی (Tuli) بووە دەگەڕێتەوە، لەوانەیە سەرۆكی چیشتلێنەرەكان بووبێت بۆ ئامادەكردنی گۆشتی بەرخ، لەم مۆرەدا دوو كەس دەردەكەون كە یەكێكیان چەمیوەتەوە و بەكارەكانی خۆی هەڵدەستێت و دوو رانە گۆشتیش لە سەرووی سەریەوە هەڵواسراوە, كەسی دووەم كاوڕێكی بە دەستەوەیە و بە دەستەكەی تری چەقۆیەكی پێیە و لەلای سەریەوە مانگێكی كەوانەیی (هیلالی) دەركەوتووە. جێی ئاماژەیە كە ئەم مۆرە لەسەر زەوییە كەڵەكەبووەكەی كۆشكی پاشا دۆزراوەتەوە. بڕوانە:

Buccellati, G., *Urkesh and the Question of Early Hurrian Urbanis, Urbanization and Land Ownership in The Near East*, Harvard College, Vol. 2, 1999, p. 245-246.

قەسابێك هەیە کە بەدەستێکی کاوڕێك رادەکێشێت و بەدەستەکەی تری چەقۆیەکی پێیە و لە بەردەمیدا گۆزەیەکی بچوك هەیە لەسەر بنکەیەك دانراوە، قەسابەکە جلێکی لەبەردایە کەمێك لەسەرووی ئەژنۆیەتی، لە سەروی کاوڕەکەوە نوسینێك هەیە کە بە تەواوەتی سڕراوەتەوە, لەلای راستی مۆرەکەوە نووسینێك هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە تولی (Tuli) چێشتلێنەری شاژن بووە. لێرەدا ئەم چەقۆیە بۆ مەبەستی شەڕکردن نەبووە، بەڵام لەم جۆرە لەوانەیە بۆ مەبەستی شەڕکردنیش بەکارهاتبێت، چەقۆکە پان و نوك تیژە و دەسکێکی بچوکی هەیە بەقەد ناودەستی قەسابەکەیە.



وێنەی (٦١) جیٚ مۆرێکی کۆشکی شاژن ئوقنیتووم

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 8, p. 22.

لەجیٚ مۆرێکی تر،[١٠٥] (**وێنەی ٦٢**)، سیٚ کەس دەردەکەوێت، لای چەپەوە ژنێك دانیشتووە, دوو کەسەکەی تریش کاهینن و روویان لەیەکە و گایەکی سەربڕراویان سەرەوخوار بەدەستەوەیە، کەسی (A) هەردوو قاچی گاکەی بەدەستەوەیە و کەسی (B) بە

[١٠٥] ئەم جیٚ مۆرە لەسەر زەوییە کەڵەکەبووەکەی کۆشکی پاشا دۆزراوەتەوە. بڕوانە:

Buccellati G. and Kelly-Buccellati M., "Urkesh as a Hurrian Religious Center", *SMEA*, Roma, (2005), p. 36-37.

دەستی چەپی کلکی گاکەی گرتووە و بەدەستی راستی چەقۆیەکی نوك تیژی شێوە سێگۆشەی پێیە، لەشوێنی پێوەکردنی دەمی چەقۆکە بە دەسك (کلك)ەکەیەوە پارچەیەکی ئەستووری شێوە پیتی (V) چەسپکراوە کە رەنگە بۆ توندوتۆڵکردنی چەقۆکە یان پاراستنی دەستی بەکارهێنەر یان هەردووکیان بێت، دەسکەکەی درێژە و لەناو دەستی قەسابەکەوە کەمێك دەرچووە، دیارە ئەم چەقۆیە بۆ مەبەستی سەربڕینەکە بەکارهاتووە.



وێنەی (٦٢) جیٚ مۆرێکی لولەیی خورییەکان هێڵکاریی: توێژەر

Kelly-Buccellati, 2005, fig. 7, p. 38.

## ٢-٧ شمشێر[١٠٦]

شمشێر چەکێکی هێرشبردنە و بۆ لێدان و بڕین وبەرگری لە خۆکردن بەکاردێت.[١٠٧] دەمێکی درێژی ڕێك یان کەوانەیی هەیە, لە زۆربەی کاتدا دەسکی هەیە, شێوەی دەمەکەشی کاری شمشێر دیاریدەکات کە بۆ لێدانە یاخود بڕینە, ئەگەر هاتوو دەمەکەی کەمێك

---

[١٠٦] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە شمشێر بڕوانە: زکي، عبد الرحمن, *السيوف في العالم الاسلامي*, مصر، ١٩٥٧، ص. ٢ ومابعدها; بن سلام, أبي عبيد القاسم، *كتاب السلاح*، ط٢، بيروت, ١٩٨٥، ص. ١٧.

[١٠٧] عبد الله، يوسف خلف، *الجيش والسلاح في العهد الآشوري الحديث*، ط ١، بغداد، ١٩٧٧، ص. ٢٢٤.

کەوانەیی بوو و لایەکی تیژ بوو ئەوە زیاتر بۆ بڕین بەکاردێت, بەڵام ئەگەر هەردوو لای دەمەکەی تیژ بوو یاخود لایەکی تیژ و نوکیشی تیژ بوو بێت ئەوا لە زۆرینەی کاتدا بۆ لێدان بەکارهاتووە. شمشێر کە لەکانزا دروستکرابێت و وەك چەك بەکارهاتبێت لە ماوەی (هەزارەی سێیەم پ. ز.) دەرکەوتووە کە ڕێك و کورت و هەردوو لای تیژ بووە، بۆیە زۆر لە خەنجەر چووە، ئەگەر هاتوو شمشێر لە کانزایەکی ڕەق دروستنەکرێت ئەوا لە کاتی لێدان (وەشاندن)ـێکی بەهێزدا دەشکێت یان دەچەمێتەوە.[١٠٨] لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کێشەیە چارەسەرکراوە بەوەی کە دەمەکەی درێژتر کراوە و ناوەڕاستیشی ئەستوور و گۆپکەدار کراوە،[١٠٩] دەسکەکەشی لە دار و ئێسقان یاخود لە مادەکانی تر دروستکراوە.[١١٠]

## ٢-٧-١ مۆرەکان

### ٢-٧-١-١ ئورکیش

لە جیَ مۆرێکی توپکشی پاشای خوورییەکان (**وێنەی ٦٣**)،کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ٢٢٨٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە دیمەنی خواوەندێك بە ڕیشێکی درێژ و مێزەرێکی کورتی خەتخەتەوە دەردەکەوێت و تاجێکی لە سەردایە و شمشێرێك بەدەستی ڕاستییەتی،[١١١] دیمەنەکانی تر روون نین.[١١٢] لەم جیَ مۆرەدا خواوەند وەك جەنگاوەر دەردەکەوێت، ئەویش بەوەدا دیارە کە تەنوورەیەکی کورتی لە پێدایە و چەکیشی بە دەستەوەیە، تەنیا ئەوە دیارە کە

---

[١٠٨] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٢٥٤.

[109] Khorasani, *op. cit.*, p. 203.

[١١٠] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٢٥٤.

[111] Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M., "The Royal Storehouse of Urkesh: The Glyptic Evidence from the Southwestern Wing", *AfO*, Vol. 42, (1995), p. 13.

[112] *Ibid.*

**لەلای چەپی ئەم مۆرە نووسینێکی مێخی هەیە، دەمی ئەم شمشێرە لە دەمی داس دەچێت[١١٣], بەلآم زیاتر چەماوەتەوە، دەسکی شمشێرەکەش درێژە.**



وێنەی (٦٣) جێ مۆرێکی پاشای خووری (توپکیش)          هێڵکاریی: توێژەر

Buccellati and Kelly-Buccellati,

1996, fig. 6, K4, p. 99

**هەروەها جێ مۆرێکی گرنگ هەیە بۆ پاشا (Ishar-kīnum) دەگەڕێتەوە (وێنەی ٦٤)،[١١٤] پاشا بە دەستێکی شمشێری پێیە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە کە لەسەر پشتی دوو شێرە، شێرەکان پشتیان لە یەکە، کەسێکی بچووك لە بەردەمیدایە، لە بەرامبەریشیان لەلای**

---

[١١٣] شمشێر کە دەمەکەی لە شێوەی دەمە داسدا بێت لەسەر مۆری ئەکەدیی بینراوە، ئەمەش پەیوەندی بە خواوەند عەشتارەوە هەبووە. بڕوانە:

Solyman, T., *Die Entstehung und Entwicklung der Gotterwaffen im alten Mesopotamien und ihre Bedeutung*, Beirut, 1968, Taf. XXI, Abb. 195, 197 und 199-201.

بەلآم لە چاخی بابلی کۆنەوە ئەم جۆرە چەکە وەکو چەکی خواوەند نرگال، خواوەندی جیهانی خوارەوە و مردوان وێنەکراوە, هەروەك هێمای خواوەندی جەنگ نینورتا بووە، کە وێنەکێشراوە هاوکات گورزێکی بەدەستەوەیە سەری شێری پێوەیە. بڕوانە:

Solyman, *op. cit.*, Taf. LXXV, Abb. 401, Taf. LXXXV, Abb. 453-454.

[١١٤] ناوی دەسەڵاتدارەکە ئەکەدییە و ناسناوەکەی خورییە, لەوانەیە ئەم دەسەلاتدارە کوڕی توپکیش بێت لە تەرام ئەگادای ژنی کە کچی (نەرام سین)ە. بڕوانە:

[43] Buccellati, Urkesh as a Hurrian…. , p. 39.

چەپەوە کەسێکی ریشدار وەستاوە و کاسەیەك بەدەستی راستییەوەیەتی و شلەیەك دەکاتە ناو گۆزەیەکی ترەوە کە لەبەردەم یەکێك لە شێرەکاندایە و شتێکیش بەدەستی چەپییەتی، لە بەشی سەرەوەش وێنەی خۆرێك یان ئەستێرەیەك دەرکەوتووە، و لە لای راستی ئەم جیٚ مۆرە نوسینێکی مێخی هەیە.



هێڵکاریی: توێژەر        وێنەی ژمارە (٦٤) جیٚ مۆرێکی لوولەیی (Ishar- kīnum)

Buccellati and Kelly- Buccellati, 2005, fig. 6.

## ٢-٨ گورز

گورز، پێشیدەوترێت تێلا یان دار عەسا، چەکێکی شەڕکردنە، بۆ تێکشکاندنی خودە و لێدانی دوژمن لە کاتی پێکهەڵپرژانی نزیك (شەڕی دەستەویەخە)دا بووە، بەڵام وەك هێمای خواوەند و دەسەڵات و پلەوپایەیش بەکارهاتووە، بەکارهێنانی گورز لە میسۆپۆتامیادا بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، گورز وەك هێمای خواوەندەکان بەکارهاتووە، پاشا و کەسایەتیی و پیاوە ئاینییەکان و ئەوانەی کە خاوەن پلەوپایەی باڵا بوون گورزیان دەبرد بۆ پەرستگاکان وەك دیاریی بۆ خواوەندە جیاجیاکان.[١١٥] گورز لە دار یان لە مادەیەکی تری

---

[١١٥] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٢٥٨.

سوك دروستكراوه و به مادەی گرانبەها رازێنراوەتەوە، لەبەرئەوەی زیاتر هێمای دەسەڵات بووە.[١١٦]

## ٢-٨-١ میلەكان

### ٢-٨-١-١ میلی پیر حسین[١١٧]

نموونەی گورزمان لە میلی پیر حسین هەیە (وێنەی ٦٥)، كە بۆ سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕێتەوە، تیایدا پاشا دەردەكەوێت گورزێك بە دەستی چەپێوەیەتی.[١١٨] هەرچەندە ئەم پارچەیە شكاوە بەڵام بە شێوازی گرتنەكەی بێت دەبێت گورزی پێ بێت.[١١٩]

---

[١١٦] الدباغ، *المصدر السابق*، ص. ٤٠.

[١١٧] **میلی پیر حسین**: ئەم میلە لە گوندی پیر حسین كە دەكەوێتە باكووری ڕۆژئاوای دیاربكر بە دووری ٢٥كم لە كوردستانی توركیا، دۆزراوەتەوە و لە بەردی بازلت دروستكراوە، بەرزییەكەی ٥٢سم و پانییەكەی ٤٢سم، پاشماوەی ئەم میلە بۆ سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕێتەوە و زۆربەی توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم پاشایە (نەرام-سین)ە, بەڵام نووسینەكە ناوی نەرام-سینی تێدا نییە و تەنیا باس لە كاری ئاوەدانكردنەوە و بیناسازیی دەكات, ئەم میلە ئێستا لە مۆزەخانەی ئەستەمبووڵە. بڕوانە:
Hansen, *op. cit.*, p. 203; Ahmed, *op. cit.*, p. 86;

[١١٨] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٢٦٠.

[١١٩] لە (مەسەلە)ی ئێ ئەنناتوم خواوەند نینگیرسو وەستاوە گورزێك بە دەستی ڕاستییەوەیەتی كە سەرەكەی خڕە و بە گاڵۆكێكی بچووكەوە چەسپكراوە، دەیكێشێت بە سەری دیلەكاندا كە لەناو تۆڕێكی كون گەورەدان، لە لای چەپی وێنەكەوە یەكێك لە دیلەكان سەری لە تۆڕەكەوە دەرهێناوە و بە هەردوو دەستی تاڵی تۆڕەكەی گرتووە, بۆ بینینی وێنەكە بڕوانە:
Frankfort, H., *The Art and Architecture of the Ancient Orient*, Yale University Press, New Haven and London, 1996, p. 73.



وێنەی

س

3,

03.

## ٢-٨-١-٢ میلی (**جبل البیضة**)[١٢٠]

ئەم میلە وێنەی پیاوێکی ریشدارە گورزێکی پێیە، لەژێر پێیدا و لە بەشی خوارووی میلەکەدا وێنەی دوو پیاو بە قەبارەی بچوك هەڵکۆڵراوەن (**وێنەی ٦٦**).[١٢١]

---

[١٢٠] دوو میلن دەکەونە باشووری شاخی عبد العزیز، دۆزراونەتەوە. ئەم دوو میلە لە بەردی بازلتی رەش هەڵکۆڵراون، بەرزیی یەکێکیان ٣,٦٠م, پێدە چێت ئەم میلە بۆ فەرمان ڕەوایی ناوخۆی ئەو ناوچەیە بگەڕێتەوە (بڕوانە: Ahmed, *op. cit.*, p. 92-93). بۆ دیاریکردنی مێژووەکەیان لەبەرئەوەی نووسینیان لەسەرنییە دڵنیانین بەڵام لە رووی هونەرییەوە زۆرتر لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی دووەم دەچێت ( شێوەی لوت و سەری). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هونەری ئەم سەردەمە، بڕوانە: حاج درویش, *الآلهة والكائنات*...., ص. ١٩-٢٢;
Strommenger, E., *the Art of Mesopotamia*, London, 1964, *p. 24*-25, fig, 10-11-12.

[121] Akkermans, P. M. M. G., and Schwartz, G. M., *the Archaeology of Syria, from Complex Hunter- Gatherers to Early Urban Societies (c. 16,000-300 b.c)*, Cambridge University, 2003, p. 274.



### ٢-٨-٢ مۆرەكان

#### ٢-٨-٢-١ ئوركيش (گردی مۆزان)

لەجیٚ مۆریٚك لە ئوركیش (**ویٚنەی ٦٧**)، دیمەنی خواوەند بە دوو ڕوو پیشاندراوە، لە لایەكییەوە خواوەندیٚك هەیە كە گورزیٚكی پیٚیە،[١٢٢] لەوانەیە خواوەندی خۆر (شمش)[١٢٣] بیٚت

---

[122] Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, The Royal Storehouse...., p. 26.

[١٢٣] **خواوەندی خۆر**: دەركەوتنی خواوەندی خۆر لە هونەردا بۆ سەرەتای سەردەمی ئەكەدیی دەگەڕیٚتەوە، لە ریٚگەی ئەو تیشكانەی كە لەسەر شانییەوە دەردەچیٚت ئەم خواوەندە دەناسریٚتەوە، هەروەها شتیٚكی بەدەستەوەیە لە مشار دەچیٚت، زۆرجار قاچیٚكی بەرزكردۆتەوە و لە كاتی سەركەوتندایە، واتە لە جیهانی خوارەوە بەرەو جیهانی سەرەوە دەڕوات. بڕوانە: حاج درويش، *الآلهة والكائنات الاسطورية*....., ص. ٣٣;

ئەم خواوەندە (١) لەناو دەرگای ئاسماندا دەردەكەوێت, لەكاتی سەركەوتندایە لە جیهانی خوارەوە بۆ جیهانی سەرەوە بەبیٚ بوونی هیچ شاخێك، یەكێك لە قاچەكانی بەر دەرگای ئاسمان دەكەوێت، گورزێك یا مشارێك بەدەستییەوەیەتی. لێرەدا گورزێكی پێیە, جلێكی درێژی چین چین لەبەردایە و تاجێكی لەسەردایە لە سیٚ یان چوار جووت شاخ پێكهاتووە، لەپشت ئەم خواوەندە پاشماوەی كەسێكی تر هەیە. (دەركەوتنی خواوەندی خۆر كە گورزێك بە دەستێكیەوەیەتی، زۆربەی كات تایبەتە بە شەڕی نێوان خواوەندەكان)،[١٢٤] ئەو گورزەی كە بە دەستییەوەیەتی دەسكێكی باریك و كورتی هەیە و سەرەكەی لە خوارەوە بۆ سەرەوە فراوان بۆتەوە، وەك هەرمێی سەرەوخوار.




وێنەی (٦٧) جیٚ مۆرێكی لوولەیی خواوەندەكان لە ئوركیش هێڵكاریی: توێژەر

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 9, p. 25.

---

Jordan, M., *Dictionary of Gods and Goddesses*: Facts on File library of Religion and Mythology, Second Edition, 2004, p. 272-273.

[124] Boehmer, R. M., "Die Entwicklung der Glyptik während der Akkad-Zeit", *UAVA 4*, Berlin, (1965), Abb. 304, 339, 342.

لەجێ مۆرێکی تر، (**وێنەی ٦٨**)، خواوەند دەردەکەوێت گورز بە دەستی چەپییەوەیەتی.[١٢٥] بەڵام هیچ وێنەیەکی تری چەك لەم مۆرەدا دەرنەکەوتووە، بەڵام نووسینێکی مێخیی هەیە کە ناوی خاوەن مۆرەکەیە (Išḫar-beli)، کە ناوێکی ئەکەدییە, ئەم گورزە کلکێکی درێژ و سەرێکی خڕی بچووکی پێوەیە و لەسەر شانی ڕایگرتووە.



هێڵکاریی: توێژەر وێنەی (٦٨) جێ مۆرێکی خوورییەکان

Buccellati and Kelly- Buccellati, 2001, fig .3, p. 64.

### ٢-٨-٢-٢ گردی براك[١٢٦]

---

[125] Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M., "Royal Palace at Urkesh and the Daughter of Naram-Sin", *AAAS* 44, (2001), p. 64.

[١٢٦] گردی براك **(Nagar)**: دەکەوێتە ناوچەی سێگۆشەی خابوورەوە و ٤٢کم لەشاری حەسەکەوە دوورە. ناوی لە دەقە مێخییەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز.دا هاتووە، ئەم گردە سەنتەرێکی فەرمانڕەوایەتی گرنگ بووە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا, لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. بەدواوە گەشەسەندنی بەخۆوە بینیوە و گرنگی و بەهاکەی تا هەزارەی دووەمی پ.ز. بەردەوام بووە, لە سەردەمی بابلی کۆن بەدواوە ناوی ناگار لە سەرچاوە مێخییەکان نایەت و هەندێك لە توێژەران پێیانوایە لەبەرئەوەیە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ناوار (Nawar). بڕوانە:

Oates, J., Molleson, T. and Sokysia, A., "Equids and an acrobat: closure rituals at Tell Brak", *Antiquity*, Vol. 82, June, (2008), p. 15; Emberling, G., After Collapse: The Post Akkadian Occupation in the Pisé Building Tell Brak; Weiss, H., *Seven Generations since the fall of Akkad*, Harrassowitz Verlag, Wiesbaden, 2012, p. 68; Novák, *op. cit.*, p. 393; Eidem, J., "Nagar", *RlA*, Vol. 9, 1/2, Berlin, (1998), p. 75-77.

جیٚ مۆرێك لە گردی براك دۆزراوەتەوە (وێنەی ٦٩)، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان دەگەڕێتەوە، خاوەنی ئەم مۆرە فەرمانبەرێکی ئەو سەردەمەیە کە ئیشەکەی نووسین بووە.[١٢٧] دوو دیمەن لەسەر ئەم مۆرە نیشان دەدرێت، لەلای راست دوو خواوەند بەرامبەر یەك لەسەر تەختەکەی دانیشتوون و هەریەکەیان خواردن بە ئاژەڵێك دەدات, لەلایەکەی ترەوە دوو خواوەند شەڕ دەکەن کەسی دووەم گورزێکی شکاوی بەدەستەوەیە کە نیشانەی دۆڕاندنێتی لە شەڕەکەدا.



٢

هەروەها چەند جیٚ مۆرێك هەن کە هاوچەرخی سەردەمی ئەکەدیین و بۆ پاشای خوورییەکان توپکیش و شاژنەکەی ئوقنیتوم و خزمەتکارەکانیان دەگەڕێنەوە.[١٢٨] ئەم مۆرانە لە کۆگای کۆشکی پاشای ئورکیش دۆزراونەتەوە (٢٢٨٠ پ. ز.)،[١٢٩] یەکێك لەوانە (وێنەی٧٠)، چاککراوەتەوە و جارێکی تر کە کراوە بە سیٚ بەشەوە، دیمەنی کەسێك

[127] Oates, *op. cit.*, fig. 171, p. 137.
Buccellati, G. and Kelly- Buccellati, M., Tell Mozan. In: The Oxford Encyclopedia… , p. 78.
[129] Hansen, *op. cit*., p. 226.

دەردەکەوێت لەسەر کورسیەك دانیشتووە وا دەردەکەوێت (پاشا) بێت،[١٣٠] و لە کەشێکی زۆر هێمندا دانیشتووە، جلێکی چین چین لەبەردایە وگورز بەدەستی ڕاستییەوەیەتی،[١٣١] ئەم گورزە نیشانەی دەسەڵات بێت.[١٣٢] لە بەردەمیدا کەسێکی قەبارە بچووك وەستاوە دەستێکی لەسەر قاچی پاشاکە داناوە، لەلای چەپی مۆرەکەش ڕەبەنێك بە پێوە وەستاوە و شتێك پێشکەشی پاشا دەکات، لە نێوانی ڕەبەنەکەو کەسە قەبارە بچووکەکەدا ئەستێرەیەکی گەورە هەیە, لە پشتی پاشاوە نووسینێکی مێخی هەیە بەڵام بەهۆی شکاوی ئەو لایەوە نازانرێت چی نوسراوە، لە بەشی خوارەوەش ئاژەڵێك دەرکەوتووە. ئەو گورزەی بەدەستییەوەیەتی سەرێکی شێوە تۆپی بچووك و دەسکێکی باریکی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم شێوە گورزە تەنیا ڕەمزی دەسەڵات بووە نەك بۆ شەڕکردن بەکارهاتبێت.



وێنەی (٧٠) جیٚ مۆرێکی پاشای خورییەکان — هێڵکاریی: توێژەر

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1996, fig. 7, p. 98.

[130] Buccellati, G. and Kelly-Buccellati, M., "The Seals of the King of Urkesh: Evidence from the Western Wing of the Royal Storehouse AK", *WZKM*, Vol. 86, Malibu. (1996), p. 72.
[131] Buccellati and Kelly-Buccellati, *op. cit.*, p. 75.
[132] Buccellati and Kelly-Buccellati, *op. cit.*, p. 72.

## ٢-٩ ئالاَ

ئالاَ لەئەنجامی کنەو پشکنیندا نەدۆزراوەتەوە ئەویش بەهۆی ئەو ماددەیەی کە ئالاَکەی لێدروستکراوە ماددەیەك بووە فەوتاوە و نەماوە, هەروەها لە هەڵکۆڵراوەکان و لەسەر مۆرەکانیش لەهەزارەی سێیەمدا دەرنەکەوتووە، بەلاّم لەسەر پەیکەرێك کە لە باستکی (باسطکی)[133] دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەکەدیی دەگەڕێتەوە و بەشێك لەم پەیکەرە شکاوە کە لەوانەیە ئالاّی هەڵگرتبێت (**وێنەی ٧١**)،[134] ئەم دیمەنە وەکو دیمەنی پاڵەوانی ڕووتە، کە لەسەر مۆرەکانی سەردەمی ئەکەدیی دەردەکەوێت.

---

[133] گردی باستکی: دەکەوێتە قەزای زاخۆ، نزیك شارۆچکەی سمێل، ئەم پەیکەرە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ لەکاتی لێدانی جادەی قیردا دۆزراوەتەوە و پێشکەشی مۆزەخانەی عێراق کراوە. پێوانەی بنکەکەی ٧١,٥سم و بەرزییەکەی ١٠سم و بەرزی بەشە ماوەکەی پەیکەرەکە ٢٣سم و بەشی سەرەوەی پەیکەرەکە ١٨سم. ئەو شوێنەی کە پەیکەرەکەی لێ دۆزراوەتەوە پێکدێت لە دوو گردۆلکە، یەکێکیان گەورەیە و دووەمیان بچووکە و دەکەوێتە لای باکووری یەکەمیانەوە بە دووریی ١٠٠م, ئەم پەیکەرە لەسەر بەرزاییەکی بچووك لەلای بەشی ڕۆژهەلاّتی دەستە راستی ڕێگاکەوە بە قووڵی نزیکەی ٢م دۆزراوەتەوە. بڕوانە: رشید, فوزي, "دراسة أولیة لتمثال. باسطکي", *سومر* ٣٢، (١٩٧٦), ص. ٤٩– ٥١.

[134] Hansen, *op. cit.*, p. 195.



وێنەی (٧١) پەیکەری باستکی پەیکەری باستکی بەگریمانە

Hansen, 2003, fig.58. رشید, ١٩٧٦, ص. ٥٢

### ٢-١٠ جلو بەرگ ( پۆشاکی )ی سەربازی [١٣٥]

### ٢-١٠-١ هەڵکۆڵراوەکان

### ٢-١٠-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور

پاشا دەردەکەوێت (**وێنەی ٧٢**), تەنوورەیەکی سادە و بێ نەخشونیگاری لەبەردایە تا ئەژنۆی بەڵام بە جموجۆڵەوە کورت دەردەکەوێت.[١٣٦] کورتیی تەنوورەکەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە پۆشینی ئەم جۆرە جلوبەرگە لەکاتی شەڕدا بۆ ئاسانیی جموجۆڵ پێوەی لەبەرکراوە.

---

[١٣٥] سەرچاوەی سەرەکیی کە زانیاریمان زیاد دەکات لەسەر جلوبەرگ، ئەوانەن کە لە هەڵکۆڵراو و نەخشکراوەکانی سەر مۆرە لولەییەکان دەستماندەکەوێت. بڕوانە:

Rhea, K. and Nejat, N., *Daily Life in Ancient Mesopotamia*, 1998, p. 153.

[136] Ahmed, *op. cit.*, p. l56.



وێنەی (٧٢) هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور
وێنەگر: توێژەر.

### ٢-١٠-٢ میل

### ٢-١٠-٢-١ میلی نەرام-سین ( میلی سەرکەوتن )

شەڕکەرە لوللوبییەکان (**وێنەی ٧٣**)، دەرکەوتوون جلێکی کورتی سادەی بێ نەخشونیگاریان لەبەردایە، ئەوەش وا پێدەچێت جلی شەڕکردن بێت کە تا سەر ئەژنۆیانە, پارچە پێستەیەك یان کەولێکیان لەسەر شانیان داناوە ،[١٣٧] بەڵام ئەم پارچە پێستەیە بەپشتیانەوە نییە بەڵکو وا پێدەچێت نیوەی لاشەیان یان لایەکی لاشەیانی داپۆشیبێت، شێوەی کۆتاییەکەشی لە کلکی ماسیی دەچێت.

---

[137] Ahmed, *op. cit.*, p. 78.





وێنەی (٧٣) میلی سەرکەوتنی نەرام–سین.

هێڵکاریی: توێژەر

شەڕکەرە لولبییەکان دەرکەوتووە

دیاکونوف, ٢٠٠٨, ل٥٧١.

### ٢-١٠-٣ مۆرەکان

### ٢-١٠-٣-١ ئورکیش

لە جێ مۆری (**وێنەی ٧٤**) خواوەندە شەڕکەرەکە بەشی سەرەوەی لاشەی رووتە و بەشی خوارەوەی تەنوورەیەکی کورتی سادەی لەبەردایە.



وێنەی (٧٤) پاشای خووریی توپکش.

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 5, p. 11.

### ٢-١٠-٣-٢ گردی براك

لەم جێ مۆرەدا (وێنەی ٧٥)، [١٣٨] لە بەشی لای چەپی مۆرەکە سێ خواوەند دەردەکەون کە دوانیان شەڕ دەکەن (١-٢)، کەسی یەکەم وا پێدەچێت کراسێکی کورتی لەبەردابێت لە سەروی ئەژنۆیەوەیەتی، لەبەرئەوەی هیچ پشتوێنێکی پێوە نییە بۆ راگرتنی تەنوورە ئەگەر تەنوورەی لەبەردابێت، دووەمیان تەنوورەیەکی لەبەردایە و لای راستی تەنوورەکەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و دامێنەکەی لێوارێکی ئەستووری هەیە، سێیەمیان تەنوورەیەکی خەتخەتی تا خوار ئەژنۆی لەبەردایە و چمکی لای چەپی بەرزبووەتەوە.

---

[١٣٨] پێشتر لەم جێ مۆرە دواوین.بڕوانە لاپەڕە (١٢٥)ی ئەم نامەیە.




وێنەی (٧٥) جیٚ مۆرێك لە گردی براك

Oates, 2001, fig. 171.

## ٢-١١ پۆشاکی سەر

پۆشاکی سەر بۆ داپۆشینی سەر و گوێچکە و مل بەکارهاتووە تاوەکو بیانپارێزێت، هەروەها بیستنی دەنگ و هاتوهەرا لە جەنگدا کەمدەکاتەوە، چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ورەی شەڕکەر، پاشا و تیرهاوێژ و بەشەکانی سوپا لە سەریان کردووە، پۆشاکی سەر لە پێستە یان قوماش دروستکراوە. هەندێکجار پاشا و میرەکان پۆشاکی سەر ی گرانبەها (پۆشاکی سەری ئاڵتوونی)یان لەسەرکردووە و رەنگە تەنیا لە رێوڕەسمە ئایینییە رەسمییەکاندا بووبێت.[١٣٩]

[139] Abrahami, P., Battini, L., *Les Armées du Proche-orient ancient: IIIE -I ER MILL. AV. J. C.*, Actes du Colloque International Organisé à Lyon les 1er et 2 décembre 2006, Maison de l’Orient et de la Méditerranée, 2008, p. 9.

## ٢-١١-١ هەڵکۆڵراوەکان

### ٢-١١-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور

لە (وێنەی ٧٦) پاشا دەبینرێت کە پۆشاکی شێوە نیوەگۆی لەسەردایە و تەواوی سەری داپۆشیوە،[١٤٠] ئەم پۆشاکی سەرە شاخدار نییە و لێوارەکەی پانە.[١٤١] لەم جۆرە پۆشاکی سەر ە سەردەمەکانی دواتر، لەشوێنەوارە هونەرییەکادا دەبینرێت.[١٤٢]



وێنەی (٧٦) پۆشاکی سەرەکەی پاشا لەدەربەندی گاور

(وێنەگر: توێژەر)

---

[١٤٠] عباس، *المصدرالسابق*، ص.٢٩٦.

[141] Ahmed, *op. cit.*, p. 156.

[١٤٢] لەسەردەمی لەگەشی دووەم پاشا گودیا دەردەکەوێت ئەم شێوە کڵاوەی لەسەردایە، تا سەردەمەکانی دواتریش بەردەوام دەبێت. بڕوانە: حاج درویش, نضال. محمود, *هونەری کۆنی میسۆپۆتامیا*، کۆمەڵێك وانەی وتراوە، قۆناغی ماستەر، بەشی شوێنەواری کۆن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی, ٢٠١٤-٢٠١٥., ل. ٦٠.

## ٢-١١-٢ میل

### ٢-١١-٢-١ میلی نرام-سین (میلی سەرکەوتن)

شەڕکەرە لولـلوبییەکان دەردەکەون (وێنەی٧٧)،[١٤٣] پۆشاکێکی نەرمیان لەسەردایە لەوانەیە لە پێستە دروستکرابێت،[١٤٤] هەندێکیان قژیان درێژە و لەژێر پۆشاکی سەریانەوە شۆڕبۆتەوە.



وێنەی (٧
لولوبی
064, fig,

لەمیلی نەرام-سین لە پیر حسین وێنەی (٧٨)، پاشا دەردەکەوێت, پۆشاکێکی شێوە گومەزی هێڵداری لەسەردایە.

143 Strommenger, E., *The Art of….* , fig, 123.

144 Ahmed, *op. cit.*, p. 78.



وێنەی (٧٨) میلی نەرام–سین

Hansen, 2003, fig. 130.

## ٢-١١-٣ مۆرەکان

پۆشاکی سەر کاتی شەڕ لە سێ جێ مۆردا دەرکەوتووە، لە (**وێنەی ٧٩**)دا کەسێك دەبینرێت دەمووچاوی هەڵپێچاوە, بەڵام بەشی سەرەوەی لاشەی رووتە, وا دادەنرێت ئەمە شەڕکەر بێت، پۆشاکی نوکداری لەسەردایە دوو پارچەی پێوەیە بە لاجانگەکانیدا شۆڕ بوونەتەوە بۆ ژێر چەناگەی، ئەم پۆشاکی سەرە زیاتر تایبەت بووە بۆ سەردەمی خوورییەکان, کە لەوانەیە لە پێستە یاخود قوماش دروستکرابێت.[١٤٥] مۆرەکە نوسراوێکی پاشای ئورکیش (توپکیش)ی لەسەرە، تەنها ئەم بەشەی مۆرەکە دەرکەوتووە و بەشەکانی تری دیار نین.[١٤٦]



وێنەی (٧٩) جێ مۆرێکی لولەیی پاشای خووریی (توپکش)

Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 5.

---

[145] Ahmed, *op. cit.*, p. 207.
[146] Buccellati and Kelly- Buccellati, *op. cit.*, p. 75.

له (**وێنەی ٧٤**)دا پاشای خووریی توپکیش دەرکەوتووە پۆشاکی سەر ێکی شاخداری لەسەردایە, لە (**وێنەی ٧٥-٢**)شدا خواوەند دەرکەوتووە پۆشاکی سەر ێکی شاخداری لەسەردایە.

## ٢-١٢ پشتوێن

خەڵکانی میسۆپۆتامیا پشتوێنیان بەکارهێناوە، کە هێمای هێز بووە بۆ پیاوان، هەروەها بۆ ڕاگرتنی جل و هەڵگرتنی چەك بووە لەکاتی جەنگکردندا.[١٤٧]

### ٢-١٢-١ هەڵکۆڵراوەکان

#### ٢-١٢-١-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور

لەم هەڵکۆڵراوەدا(**وێنەی ٨٠**) پاشا دەردەکەوێت پشتوێنێکی پانی لە پشتدایە لە چوار هێڵی ئاسۆیی پێکهاتووە.[١٤٨]



وێنەی (٨٠) هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور، پاشا دەبینرێت پشتوێنێکی لەپشدایە

وێنەگر: توێژەر

---

[١٤٧] الجادر، وليد، الأزياء والتراث، *حضارة العراق، ج ٤*، بغداد، ١٩٨٥، ص. ٣٢٤.

[148] Ahmed, *op. cit.*, p. 148.

## ٢-١٣ گالیسکەی جەنگیی

گالیسکە لە گرنگترینی ئەو تەکنۆلۆژیایانەیە کە مرۆڤ بۆ مەبەستی گواستنەوە و بازرگانیی، پاشتریش بۆ جەنگ, پێی گەیشتووە، بەکارهێنانی گالیسکەی جەنگی لەدوای ماڵیکردنی هەردوو ئاژەڵی کەر و ئەسپ هاتۆتە ئاراوە، ڕای بەهێزیش ئەوەیە لە کۆتایی هەزارەی چوارەمدا ئەسپ پەروەردە و ماڵیی کرابێت.[١٤٩] ئەمەش دوای ئەوە هاتووە کە کانزاکاریی پەرەیسەندووە و ئامێری بڕینەوەی دار داهێنراوە و لەم ڕێیەشەوە ڕەوڕەوە دروستکراوە.[١٥٠]

دەتوانین بڵێین گالیسکە چەکێکی هێرشبەرە و کاریگەرییەکی کارای لە جەنگدا هەبووە، یەکێکە لە گرنگترینی چەکەکان و رۆڵێکی باڵای هەبووە لە سەرکەوتن لە شەڕەکاندا.[١٥١] هەرچەندە ئاژەڵی گا بۆ ڕاکێشانی گالیسکە بەکارهاتووە, بەڵام بۆ گالیسکەی جەنگیی لەبار نەبووە.[١٥٢]

پارچەکانی گالیسکە لە دار دروستکراون، ئینجا بە ماددەی کانزایی جێگیرکراون و بە پێستە بەستراونەتەوە، واتا گالیسکەکان لە تەختە دروستکراون، پێستەش بۆ بەستنەوەی

---

[149] Teufer, M., Der Streitwagen: Eine, indo-iranische Erfindung? Zum Problem der Verbindung von Sprachwissenschaft und Archaäologie, *Archäologische Mitteilungen aus Iran und Turan*, Band 44, Berlin, 2012, p. 281.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ماڵیی کردنی ئەسپ، بڕوانە:

Benzel, K., The Horse in the Ancient Near East, *Beyond Babylon, Art, Trade and Diplomacy in the second millennium B.C.*, 2009, p. 155-161.

[١٥٠] العربات، مقال. منشور على الموقع الالكتروني لـ(الموسوعة العربية) والمتاح على هذا الرابط:

www.arab-ency.com/ar/%D8%A7%D9%84%D (31\12\2015)

[١٥١] الطائي, محمد حمزة حسين, "عربات الآلهة والملوك في العراق القديم في ضوء المدونات البابلية والآشورية", *آداب الرافدين ٧٦*, (٢٠١٣), ص. ٤٦٨.

[152] Schwartz, *op. cit.*, p. 1-2.

پارچەکانی بەیەکترەوە،[153] هەروەها بۆ ڕاخستنی ناو سندوقی گالیسکەکەش بەکارهێنراوە، هەندێکجاریش ماددەی بەنرخ بۆ ڕازاندنەوەی بەشەکانی بەکارهاتووە.[154] لە (**وێنەی ٨١**) هەندێك بەشی بەستنەوەی گالیسکە دەخەینەڕوو، کە لە ئەلالاخ دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[155]



وێنەی (٨١) هەندێك پارچە بۆ بەستنەوەی گالیسکە لە ئەلەلاخ.

Feldman, 2010, fig. 6

**گالیسکەی جەنگیی لەگەڵ ئەوەی بۆ هاویشتنی تیر بەکارهاتووە و لەکاتی ڕۆیشتنیدا بە خێرایی ١٦-١٩کم لە سەعاتێکدا توانیویانە تیرەکە ٦٠م دوورتر بهاوێژن, بەکاریش هاتووە**

---

[153] Chariot (Vehicle), by: The Editors of Encyclopedia Britannica, available at this site:
www.britannica.com/technology/chariot (7/12/2016);
Plubins, R. Q., Chariot, Ancient History Encyclopedia, available at this site:https://www.ancient.eu/chariot/ (7/12/2016)

[154] Feldman, 2010, *op. cit.*, p. 71.
[155] *Ibid.*

بۆ هاویشتنی ئاگر بۆ سەر دوژمنەکانیان.[156] لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. گالیسکەی چوار چەرخە بوو بە ئامرازێکی گرنگ لە جەنگدا.[157]

لە کوردستاندا گالیسکە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام نموونەی قوڕینی بچوك (تێراکۆتا)[158] هەیە وەك ئەوەی لە چینی شەشەم لە تەپەگەورە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٨٢**)، مێژووەکەی بۆ دوا چارەکی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[159] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گالیسکە لەو سەردەمەدا لە کوردستان بەکارهاتووە.



وێنەی (٨٢) گالیسکەیەك لە تەپە گەورە

الدباغ, ١٩٨٨، ص.٧٦.

هەروەها سێ نموونەی گالیسکەی برۆنزیی لە مۆزەخانەی ئورفە هەن,[160] مێژووەکەیان بۆ چارەکی کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ. ز. گەڕێنراوەتەوە (**وێنەی ٨٣**)، ئەم سێ نموونەیە

---

[156] Littauer, M. A., and Crouwel, J. H., Kampfwagen, B., "Archäologisch", *RlA*,Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 345.

[157] Littauer, *op. cit.*, p. 345.

[158] تێراکۆتا وشەیەکی ئینگلیزییە بۆ پارچەیەکی بچووك کەلە قور دروستکرابێت، بەکاردێت.

[159] الطائي، المصدر السابق، ص. ٤٦٨; عباس، *المصدر السابق*، ص.٢٣٣; الدباغ، *المصدر السابق*، ص.٤٢.

[160] ئەم نموونانە لەرێگەی جوتیارەکانەوە گەیشتونەتە مۆزەخانەکە، ئەوانیش لە کاتی کێڵانی زەویدا لە ئابامور هیوك، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای سوروچ، دۆزیویانەتەوە. بڕوانە:

Kulakoğlu, F., "Recently Discovered Bronze Wagon Models from Sanliurfa, South Eastern Anatolia", *Anadolu/ Anatolia 24*, (2003), p. 63.

بەشێوەیەکی گشتیی لەیەك دەچن, لێرەدا باسی نموونەی دووەم دەکەین کە گالیسکەیەکی چوارچەرخەیە، پشتەکەی بە پارچەیەکی برۆنزیی لاکێشەیی داپۆشراوە، سەرەکەی قۆقزە و قەراغەکانی بۆ پێشەوە هاتوون، بۆ نیشاندانی سەقفی گالیسکەکە دوو کون لەملاولای هەن, پلێتی خوارەوەی گالیسکەکە بە جیا لێیدراوە و قەراغەکانی تۆزێك بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە.[١٦١]



٢

وێنەی (٨٣) نموونەی گالیسکە لە ئورفە

Kulakoğlu, 2003, fig. 1

دەقەکان ئاماژە بە بەکارهێنانی گوێدرێژ (کەر)یش دەکەن بۆ ڕاکێشانی گالیسکە،[١٦٢] بەتایبەت لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.[١٦٣] بەڵگەیەکی هونەریش ئەمە دەسەلمێنێت کە جێ

---

[161] Kulakoğlu, *op. cit.*, p.64.

[١٦٢] زاموا, دلشاد عزیز, "کەر و ئەسپ, لە هونەری میسۆپۆتامیا", *گۆڤاری مێرگ* **٦٣** , (٢٠١٠), ل. ٦٥.

مۆرێکە و لە گردی براك دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٨٤**)،[١٦٤] مێژووەکەی بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم دەگەڕێتەوە, لەم جێ مۆرەدا چوار گوێدرێژ (کەر) دەردەکەوێت گالیسکەیەکی چوارچەرخەی جەنگی ڕادەکێشن، لەم شێوە گوێدرێژە لەسەر ئاڵای ئووریش دەردەکەوێت.[١٦٥] گالیسکەی چوارچەرخە لە هونەری هەزارەی سێیەمی پ. ز. زۆر دەرکەوتووە، بەڵام بۆ کاروباری ڕۆژانە بووە نەك شەڕکردن.[١٦٦]



وێنەی (٨٤) دەرکەوتنی گالیسکە لە گردی براك.

Oates, 2008, fig, 1

---

[163] Farber, W., "Kampfwagen (Streitwagen). A. Philologisch", *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 342-344.

[١٦٤] کۆنترین بەڵگەیەك کە لە بەردەستدابێت و پشتی پێ ببەسترێت هێمایەکی نووسینی وێنەییە لە شاری وەرکا دۆزراوەتەوە، ئەم هێمایەش لە دوای ساڵی ٣٠٠٠ پ. ز. بە ماوەیەکی کورت بەکارهێنراوە، ئەم هێما وێنەییە لە هێمایەکەوە وەرگیراوە کە بە مانای خلیسکێنە دێت, دیمەنی لاتەنیشتی خلیسکێنە پیشاندەدات کە دەکرێت بە دوو گا بەسەر زەویدا ڕابکێشرێت. بڕوانە: الدباغ، *المصدر السابق*, ص. ٤٠
;

Oates, J., Molleson, T. and Sokysia, A., "Equids and an Acrobat: Closure Rituals at Tell Brak", *Antiquity*, Vol. 82, June, (2008), p. 390-391.

[١٦٥] بۆ بینینی ئاڵای ئوور، بڕوانە:

Frankfort, *H.*, *The Art and Architeecture….* , p. 74.

[166] Farber, *op. cit.*, p. 33.

لە جیٚ مۆرێکی گردی بەیدەر (**وێنەی ٨٥**)، کە مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە, گالیسکەی جەنگی دەرکەوتووە, ئەم جیٚ مۆرە لە دوو بەش پێکدێت و سیٚ شێوە گالیسکەی تێدایە, بەشی سەرەوەی دیمەنی شەڕ و گالیسکەیەك نیشاندەدات، شوێنی دانیشتنەکەی و قەڵغانەکەی بەدیدەکرێت, شۆفێری گالیسکەکە ڕەشمەی ئاژەڵێك ڕادەکێشێت, لەبەردەم گالیسکەکەدا دوژمنێکی کەوتوو دەبینرێت،[167] گالیسکەکە کەسی تری تێدا نییە و تەنها ئەو کەسە دیارە کە ڕەشمەی گالیسکەکەی پێیە، بەڵام کەسە کەوتووەکە نیشانەی شەڕە، هەروەها دوو کەسیش لەلای چەپی وێنەکەوە هەن وەك ئەوە وان کەوانیان بەدەستەوە بێت. لە بەشی خوارەوەی لای ڕاستیش گالیسکەیەکی تر دەبینرێت کەسێك بەپێوە وەستاوە دیمەنی لەمجۆرە کە دوژمنەکان لەبەردەم ئاژەڵەکان کەوتوون، جۆرێکی ستانداردی دیمەنی گالیسکەکانە.



وێنەی (٨٥) جیٚ مۆرێك لە گردی بەیدەر

Velbmeijer, 2013, fig. 6(a)

[167] Velbmeijer, A. J. and Ikram, A., Chasing chariots, Proceedings of the first international Chariot Conference (Cairo 2012), 2013, p. 182.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەڵگە هەیە لەسەر بەکارهێنانی لغاو لە گردی براکدا، لەو چینەی بۆ سەردەمی ئەکەدیی دەگەڕێتەوە، ئەویش دەرکەوتنی شوێنەوارەکانی لغاوە لەسەر ددانەکانی ئەسپ،[١٦٨] هەروەها لە سەر جێ مۆرێك لەسەر تابلۆیەکی نوسین، ئەسپ دەبینرێت بۆ سواریی بەکارهاتووە, ئەم جێ مۆرەش بۆ سەردەمی پاشا (شوسین)ی پاشای بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە.[١٦٩]

---

[168] Teufer, *op. cit.*, p.285.

[169] Seild, U., Pferd, C., "Darstellungen", *RlA*, Vol. 10, Berlin, (2003-2005), p. 490.

# ٣- بەشی سێیەم

## جۆرەکانی چەك و پێداویستیی جەنگیی لە هەزارەی دووەمی پێش زایندا

## ٣-١ رم

### ٣-١-١ دۆزراوەکان

### ٣-١-١-١ رۆژئاوای کوردستان

#### ٣-١-١-١-١ چاغر بازاڕ

شەش سەری ڕمی لە مس دروستکراوی قەبارە جیاواز لە چینی یەك لە چاغر بازاڕ دۆزراونەتەوە. مێژووەکەیان بۆ دەوروبەری ١٩٠٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی١**)،[1] رمەکانی ژمارە:١ و ٢ و ٤ لە گۆڕی (١٥٤) ژووری ٩ دۆزاونەتەوە. **یەکەم** درێژییەکەی ٣٣ سم ، پەراسوداره شوێنێکی پێوەکردنی کلکەکەی درێژە، **دووەم** درێژییەکەی ٣٣ سم و هاوشێوەی ئەوەی یەکەمە و پەراسوداره و شوێنی مشتەکەی بە قەیدی مس قایمکراوە، **سێیەم** کە لە گۆڕی ١٤٣ ژووری ٢ دۆزراوەتەوە، درێژیەکەی ٢١,٥ سم و ئەم سەرە ڕمە هاوشێوەی ئەوانی پێش خۆیەتی بەڵام بچووکترە، **چوارەم** درێژییەکەی ١٨ سم و هاوشێوەی ئەوانی پێش خۆیەتی بەڵام دەمەکەی پانترە، هەرچی **پێنجەمە** لە گۆڕی (١٣) لە ژووری ٦ دۆزراوەتەوە و درێژییەکەی ١٣,٥ سم و سەری زۆر باریك و بچووکە و شوێن کلکەکەی باریك و درێژە، کۆتا دانەشیان کە **شەشەمە** لە گۆڕی (٩١) لە ژووری ٤٣ دۆزراوەتەوە و درێژییەکەی ١٠,٥ سم و قەبارەکەی زۆر بچووکە و شوێن کلکەکەشی بچووکە و لەوانەیە بە هۆی شکانەوە بێت.

---

[1] Mallowan, the Excavations at Tall Chagir Bazar…., p. 135-136.



١ ٣ ٤ ٥ ٦

وێنەی (١) شەش سەری ڕم لە چاغر بازاڕ.

Mallowan, 1937, fig. 13 (10-11-12-13-14-15).

## ٣-١-١-٢ باشووری کوردستان

### ٣-١-١-٢-١ دێکۆن[٢]

دوو سەری ڕمی لە برۆنز دروستکراو لە چینی دووەمی ئەم گردە دۆزراوەتەوە و یەك پێوانەیان هەیە (**وێنەی ٢**)، درێژییەکەیان ٥,٦٦ سم و پانییەکەیان ٢ سم، ئەستوورییەکەیان ٠,٥ سم،

[٢] دێکۆن: ئەم گردە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری سلێمانیی لە سەرچنار، لەسەر یاڵێکی بەرزە و ڕووبەرەکەی (٥٠-١٠٠ م). بڕوانە:

Abdallah, Z., R. Mühl, S. and Wolter, F., *Report salvage Excavation in Dekon, Serchnar*, 2013, p. 1.

مێژووەکەیان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە.[3] ئەم سەری ڕمانە کورت و بچووکن و پەراسوودارن, شوێنی پێوەکردنی کلکەکەیان لولەییە.



هێڵکاریی:توێژەر

هێڵکاریی: توێژەر

وێنەی (٢) دوو سەری ڕم لە دێکۆن.

Abdallah, 2013, p. 10

### ٣-١-٢-٢ گردی شمشارە

لە گۆڕێکی گردی شمشارە دە سەری ڕم دۆزراونەتەوە, سیانیان لە برۆنز (**وێنەی ٣**)[4] و حەوتەکەی تریشیان لە ئاسن (**وێنەی ٤**) دروستکراون و شێوەو قەبارەیان جیاوازە, هەر دە سەری ڕمەکە مێژووەکەیان بۆ نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[5] (وێنەی ١,٣) ئەم ڕمە شانەکانی زۆر چاڵەو شێوەی سێگۆشەیی وەرگرتووە, شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی کورتە, دووەمیان سەری ڕمێکی تەختی ئاساییە و شانەکانی ڕێکە, سێیەمیان سەرە ڕمێکی پەراسوودارە بە شێکی لای نوکەکەی شکاوە و شوێنی پێوە کردنی کلکەکەی بازنەییە.

---

[3] Abdallah, *op. cit.*, p. 10.

[4] عبد الله, – عباس, *المصدر السابق* , ص. ١٣٣ .بۆبینینی وێنەکە بڕوانە: شکل ٢٤.

[5] عبد الله – عباس, المصدر السابق, ص.١١٢.



وێنەی (٣) کۆمەڵێك سەری ڕم لە گردی شمشارە.

هێلکاری: توێژەر



وێنەی (٤) کۆمەڵێك سەری ڕم لە گردی شمشارە.

هێلکاری: توێژەر

### ٣-١-٢-٣ گردی بەکراوە

**لە گۆڕێکی گردی بەکراوە (BA 1108/179) (وێنەی ٥) سەرە ڕمێك دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی سەردەمی برۆنزی یەکەم (سەرەتای هەزارەی دووەم ٢٠٠٠-١٨٠٠) پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٦] ئەم سەرە ڕمە دەمێکی کەوانەیی هەیە و قەبارەی مامناوەندە و پەراسوودارە و شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی درێژ و شەش لایە.**

---

[6] Miglus, *op. cit.*, p. 58.



وێنەی (٥) سەری ڕم لە گردی بەکراوە Miglus, 2013, Fig. 22

هەر لەگردی بەکراوە لە ناو گۆڕێك (**وێنەی ٦**) سەرە ڕمێکی لە مس دروستکراو لە چینی چوارەم دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ دەوروبەری ساڵانی (١٨٠٠-١٥٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە.[٧] ئەم سەری ڕمە تەنکە و شێوەی گەڵاییە.



وێنەی (٦) سەرە ڕمێك لە گردی بەکراوە, الحسني, ١٩٦٢, لوح ٥ (٧)

هەر لەم ناوچەیەدا لەگۆڕێکی چینی شەشەم سەری ڕمێکی لە مس دروستکراو دۆزراوەتەوە (وێنەی ٧)، مێژووەکەی بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٨] ئەم سەرە ڕمە درێژکۆلە و پەراسودارە.





وێنەی (٧) سەرە ڕمێك لە گردی بەکراوە. هێڵکاریی: توێژەر

الحسني, ١٩٦٢, لوح ٥ (٤).

---

[٧] الحسني, *المصدر السابق*, ص. ١٤٧.

[٨] الحسني, *المصدر السابق*, ص. ١٥٢.

### ٣-١-١-٢-٤ گردی سلێمە

پێنج سەری ڕمی برۆنزی لە چینی دووەمی ئەم گردەدا دۆزراونەتەوە، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە، (**وێنەی ٨**).[٩] **یەکەمیان** لە گۆڕی (**٩٤**) لەژووری **٥٠** دۆزراوەتەوە, درێژییەکەی بەگشتیی **١٢,٩** سم و درێژی دەمەکەی **٦,٥** سم و پانییەکەی **٢,٩** سم و تیرەی بازنەییشی **١,٣** سم,[١٠] سەرە ڕمێکی بچووکی سووکە و شێوەی پیتی V ئینگلیزییە، ئەم سەری ڕمە پەراسودار و ڕاستەییە و لێوارەکانی وردەوردە تەنك دەبێتەوە و تیژ دەبێت، شوێنی کلکەکەی بەرەو کۆتایی وردەوردە گەورە دەبێت.

**دووەمیان** شوێنی دۆزینەوەکەی نادیارە، درێژییەکەی بەگشتیی **١٣,٥** سم و درێژی دەمەکەی **٧** سم و پانییەکەی **٢,٨** سم و تیرەی بازنەیی **١,٢** سم،[١١] دەمە ڕمێکی تەواوە و شانێکی کەوانەیی هەیە و سەرەکەی لە شێوەی پیتی V ئینگلیزییەدایە، لێوارەکانی بە خراپی شکاون و پاشماوەی دوو هێڵی تەنکی لێدراو بە لێوارەکانییەوە هەیە.

**سێیەمیان** لەژووری **١٢١**دا بووە و سەرە ڕمێکی شکاوە درێژییەکەی بەگشتیی **٧,٦** سم و درێژیی دەمەکەی **٥,٥** سم و پانییەکەی **٢,٢** سم,[١٢] زۆربەی لایەکانی فەوتاوە و کەمێکی شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی ماوە و شێوەی خڕە.

بەڵام **چوارەمیان** تەنیا چینەکەی دیارە کە چینی دووەمە, قەبارەکەی ئاساییە و درێژییەکەی بەگشتیی **١٤** سم و درێژیی دەمەکەی **١١,٤** سم و پانییەکەی **٢,٩** سم,[١٣] ئەم سەرە ڕمە بەشێکی کۆتاییەکەی شکاوە و زۆربەی لایەکانی فەوتاوە و پەراسوودارە.

---

[٩] ئەم ڕمانە براون بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:
Philip, *op. cit.*, p. 133.

[10] Philip, *op. cit.*, p. 133.

[11] *Ibid.*

[12] Philip, *op. cit.*, p. 134.

[13] *Ibid.*

**پێنجەم** و کۆتاییش لە گۆڕی (٥٥) دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی **٢٥,٣** سم و درێژی دەمەکەی **١٦,٢** سم و پانییەکەی **٢,٦** سم، سەرە ڕمە گەورەیە و زۆربەی کۆتاییەکەی فەوتاوە، شانی دەمەکەی کەوانەییە و بەرەو نوکەکەی بچووك دەبێتەوە، لێوارەکانی زیانی زۆریان پێگەیشتووە, شانەکانی هاوتەریبن دیارە بە قاڵب دروستکراون, بەدرێژایی دەمەکەی سێ پەراسوی هەیە و وەك هێڵی نەخشاندن لە نووکەکەیەوە شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی درێژدەبێتەوە.




وێنەی (٨) پێنج سەری ڕم لە گردی سلێمە.

Philip, 1995, fig. 7 (1-2-3-5-6).

### ٣-١-١-٢-٥ گردی دێر هال:[١٤]

لە چینی چوارەم لە گردی دێر هال سەرە ڕمێکی برۆنزی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٩**)، مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە.[١٥] ئەم سەری ڕمە لەشێوەی گەڵای دار دایە.



وێنەی (٩) سەری ڕم لە ناوچەی دێرهال.

Oguchi, 1987, p. 57.



هێڵکاریی: توێژەر

### ٣-١-١-٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### ٣-١-١-٣-١ دینخا تەپە[١٦]

---

[١٤] دێرهال: ئەم گردە دەکەوێتە ناوەڕاستی گوندی دێرهال ناوچەی بەنداوی موصل لە باکووری ڕۆژئاوای گردی جیگان بەدووریی ٤ کم لە باشووری گردی فسنە، بۆ یەکەمجار لەساڵی **١٩٨٣**دا لەلایەن تیمێکی شوێنەواریی یابانییەوە بە سەرپەرشتیی هیدیۆ فوجی (Hideo Fuji) کنە و پشکنینی تێداکراوە. بڕوانە:
Oguchi, H., Tell Der Hall, *Researches on the antiqutties of Saddam Dam Basin Salvage and other Researches*, 1978, p. 54.

[15] Oguchi, *op. cit.*, p. 54.

[١٦] **دینخا تەپە**: دەکەوێتە دۆڵی شنۆ نزیک دەریاچەی وورمێ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران، لە ساڵی **١٩٦٦** بۆ یەکەمجار کنە و پشکنینی تێداکراوە، لە گۆڕستانێکی ئەم ناوچەیە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئاسنی یەك

لە نێو گۆڕەکانی شوێنەواری دنخا تەپە سێ سەری ڕم دۆزراونەتەوە (**وێنەی ١٠-١١-١٢**) مێژووەکەیان بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[١٧]

---

و دوو دەگەڕێتەوە. لەساڵی **١٩٦٨** جارێکیتر کنەوپشکنین تیایدا دەستپێکردووەتەوە و ئەوەی دۆزراوەتەوە بە زۆریی هی سەردەمی برۆنز بوو, بەپێی بەڵگەکان تێبینی ئەوە کراوە لەنێوان حەسەنلو و دنخا تەپە ڕاستەوخۆ پیشەوەران هاتوچۆیان دەکرد و شتومەکەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد, هەردوو شوێنەوارەکە (حەسەنلو و دنخاتەپە) مردووەکانیان بە یەك شێوە ناشتووە. گۆڕستانەکە هەردوو سەردەمی ئاسنی یەك و دووی تێدایە، واتە دنخا تەپەی دوو سەردەمی ئاسنی یەکەمە، دنخا تەپەی سێ سەردەمی ئاسنی دووەمە، دنخا تەپەی چوار سەردەمی برۆنزە. بڕوانە:

Muscarella, O. W., the Iron Age at Dinkha Tepe, Iran, *Metropolitan Museum Journal*, Vol. 9, 1974, p. 35,48; *Encyclopedia Iranica*, Denka Tepe, available at this site: http://www.iranicaonline.org/articles/denka-dinkha-tepe (14/1/2017)

تەنیا زانیاریی لەسەر دیاریکردنی سەردەمەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبن، ئەو کنە و پشکنینانەن لەشوێنەواری **حەسەنلو** کراون و بوونەتە ستانداردی پۆلێنکردنی مێژووی سەردەمی برۆنز و ئاسن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم شوێنەوارە (حەسەنلو) یەکێکە لە گەورەترین گردەکانی باشووری دەریاچەی وورمێ, کۆنترین چینی ئەم گردە بۆ چاخی نیولیتی دەگەڕێتەوە. لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە نیشتەجێبوون لەم ناوچەیەدا سەرلەنوێ دەستپێکردۆتەوە، ئەمەش لە چینی شەشەمیدا کە بۆ سەدەی (١٧ پ. ز.) دەگەڕێتەوە, دۆزراوەتەوە، سێ چینی (٥-٣)ی بۆ سەردەمی ئاسن دەگەڕێتەوە, کۆنترین چینی ئەم قۆناغە چینی پێنجەمە (١٢٥٠-١٠٠٠ پ. ز.) و دوای ئەویش چینی چوارە (١٠٠٠-٨٠٠ پ. ز.) پاشان چینی سێیەم B کە بۆ (٨٠٠-٦٠٠ پ. ز.) ئەمانەش هاوکاتی سەردەمی ئاسنی (١-٢-٣) بوون. بڕوانە:

Muscarella, O., *W., Bronze and Iron, Ancient Near Eastern Artifacts in the Metropolitan Museum of Art*, New York, 1988, p. 15; Piller, C. K., The Iranian Highlands in the 2nd and 3rd Millennium BC: the Period of Early History, *Persiens Antike Pracht, Katalog der Ausstellung des Deutschen-Bergbau-Museums Bochum, 2004-2005*, Bochum, 2004, p. 316.

[16] Muscarella, the Iron Age at Dinkha Tepe, Iran…., p. 60.

یەکێکیان (**وێنەی ١٠**)، لەسەر قاچی چەپی مردووەکەیە و وا دیارە کلکەکەی بەسەر هەموو لاشەیدا درێژبووەتەوە، ئەم سەری ڕمەلە برۆنز دروستکراوە و قەبارەکەی ئاساییە و ناوەڕاستی دەمەکەی تانزیکی نوکەکەی پەراسودارە، شوێنی قایم کردنی دیسکەکەی بە تەواوی ماوە.



وێنەی (١٠) سەری ڕمێك لەدنخا تەپە.

Muscarella, 1974, fig. 8.

بەڵام دووەمیان جیاوازترە (**وێنەی ١١**) لە برۆنز دروستکراوە و لە گۆڕی ژمارە (Bga39) لە دنخا تەپە دۆزراوەتەوە. ئەم ڕمە لەلای چەپی تەرمەکەدا بووە, کلکەکەی بەسەر لاشەیدا درێژبووەتەوە و پاشماوەی کلکە دارەکەی هێشتا لەشوێنی پێوەکردنی کلکەکەیدا ماوە، دەمەکەی کورتە و شوێنی لێدانەکەی شێوە گەڵاییە و پەراسودارە.



وێنەی(١١) سەری ڕمێك لە دنخا تەپە.

Muscarella, 1974, fig. 26.

سەبارەت بە سێیەمیان (**وێنەی ١٢**)، کە لە گۆڕی B10a (B12) دۆزراوەتەوە[١٨] و لەلای چەپی مردووەکەدا دانراوە، دەمی ئەم ڕمە درێژە و شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی کورتە، نوکەکەشی وەك سەرە ڕمەکانی تر پەراسودارە.

[18] Muscarella, *op. cit.*, p. 67.



وێنەی (١٢) سەرە ڕمێك لە دنخا تەپە.

Muscarella, 1974, fig. 39.

### ٣-١-١-٣-٢ باباجان[19]

لە ئەنجامی کنەوپشکنین لە گردی باباجان بە ئەندازەیەکی بەرچاو لە ئامێرو کەرەستەی جەنگی بە دیار کەوتووە کە خۆیان لەسەری ڕمی جۆراوجۆر دەبیننەوە بۆ نموونە لە گۆڕی ژمارە (٣) لە چینی 5A لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گردی باباجان گۆڕی جەنگاوەرێکە، ئەم گۆڕە دەوڵەمەندە بە دیاریی، تیایدا دە سەری ڕمی لە برۆنز دروستکراو دۆزراونەتەوە, مێژووەکەیان بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز.دەگەڕێتەوە.[20] ئەم سەری ڕمانە هەموویان پەراسودارن و هەمان شێوەیان هەیە و تەنیا لە قەبارەدا جیاوازن (**وێنەی ١٣**).

یەکەم/ درێژییەکەی ١٢,٥ سم و پانییەکەی ١,٨ سم

---

[19] گردی باباجان: گردێکی شوێنەوارییە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی لوڕستان، ١٠کم لە شاری نوورئابادی پارێزگای لوڕستانەوە دوورە. یەکەمجار لەلایەن تیمێکی شوێنەواریی پەیمانگای شوێنەوارناسیی زانکۆی لەندەنەوە بە سەرپەرشتیی شوێنەوارناس کلەیر گۆف (Clare Goff)ەوە بۆ ماوەی چوار وەرز لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٩) کنە و پشکنینی تێداکراوە و چەند چینێکی لێهەڵدراوەتەوە، چینی (٤ و ٥) بۆ چاخی برۆنزیی دەگەڕێتەوە. بڕوانە:

Goff, C., "Excavations at Bābā Jān: The Bronze Age Occupation", *Iran*, Vol. XIV, (1976), p. 19; Henrickson, R. C., BĀBĀ JĀN TEPE, Encyclopedia Iranica, III, p. 292-293, available online at: http://www.iranicaonline.org/articles/baba-jan-tepe. (31/1/2017)

[20] Goff, *op. cit.*, p. 24.

دووەم/ درێژییەکەی ١١,٥ سم و پانییەکەی ١,٨ سم

سێیەم/ درێژییەکەی ١٢,٥ سم و پانییەکەی ٢,٢ سم

چوارەم/ درێژییەکەی ١٠,٨ سم و پانییەکەی ٢,١ سم

پێنجەم/ درێژییەکەی ١٢,٩ سم و پانییەکەی ١,٩ سم

شەشەم/ درێژییەکەی ١٢,٦ سم و پانییەکەی ٢,٠ سم

حەوتەم/ درێژییەکەی ١٣,١ سم پانییەکەی ٢,٠ سم

هەشتەم/ درێژییەکەی ١٢,٧ سم پانییەکەی ١,٩ سم

نۆیەم/ درێژییەکەی ١٣,٥ سم پانییەکەی ٢,٠ سم

دەیەم/ درێژییەکەی ١٣,٥ سم پانییەکەی ٢,٠ سم



وێنەی (١٣) سەری ڕم لە

باباجان

Goff, 1927, Fig. 11.

## ٣-١-٢ مۆرەکان

### ٣-١-٢-١ نوزی

لە نوزی سێ جێ مۆر دۆزراونەتەوە (وێنەی ١٤)،[٢١] لەم جێ مۆرەدا، کە خواوەند و دوو کەسی تر دەردەکەون، دیمەنی سەرەکیی پێشکەشکردنە، تیایاندا خواوەند لەسەر تەختەیەك کە لە شێوەی بازنەی بچوك بچوك دایە و لەوانەیە هێمای شاخ بێت، دانیشتووە، بەدەستی چەپی شتێکی هەڵگرتووە لە باوەشێن دەچێت بەڵام لە بازنەی بچوك بچوك دروستکراوە، لەنێوان خواوەندەکە و مرۆڤەکەدا کەسێك لە ناوەڕاستدا وەستاوە, پێدەچێت خواوەندێکی یاریدەدەر بێت، کڵاوێکی شێوە نیوە گۆیی شاخداری لەسەردایە کۆتاییەکەی شێوە گۆییە، تەنورەیەکی پارچە پارچەی لەبەردایە تا قولە پێیەتی و بە پشتوێنێك بە قەدییەوە بەستراوە, قاچی چەپی بەرزکردۆتەوە بۆ سەر دوو بازنە و بەدەستی چەپی ڕمێکی بە سەرەوخواریی بەدەستەوەیە و رووی کردۆتە مرۆڤەکە کە پێدەچێت پاشا بێت، سەری ڕمەکە شێوە سێگۆشەییەکی درێژە و بنکەی سێگۆشەکە ڕێك نییە و بۆ ناوەوە شکاوەتەوە.



وێنەی (١٤) دیمەنی پەرستش لەبەردەم خواوەند نیشان دەدات.    هێڵکاریی: توێژەر

Stein, 2009, fig. 19, p. 562.

---

[21] Stein, D., "Winged Disks and Sacred Trees at Nuzi", *SCCNH*, Vol. 18, ed. Willhelm, G., Maryland, (2009), fig. 19, p. 562.

جیٚ مۆرێکی تر لە چینی میتانیی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١٥**)، بەڵام بابەت و شێوازی دروستکردنی ئەم مۆرە زۆر لە هونەری سەردەمی ئەکەدی دەچێت. هەروەها ئەم بابەتە لەسەر مۆری سەردەمی بابلی کۆنیش دووبارە دەبێتەوە، لەوانەیە ئەم مۆرە بۆ یەکێك لەم سەردەمانە بگەڕێتەوە و تا سەردەمی میتانیی بەکارهاتبێت.[٢٢] دیمەنی ناو جیٚ مۆرەکە شەڕکردنی راوچییەکە لەگەڵ شێرێك.[٢٣] کەسی لای چەپی مۆرەکە بەدەستی راستی رمێکی لە پشتییەوە بەرەو پێشەوەی هێناوە و هێرش دەکاتە سەری شێرەکە لەپشتی ئەم پاڵەوانەشەوە دوو هێمای پیرۆز هەن ئەوانیش ئاژەڵێکی ئەفسانەیی لێکدراوە کەسەری مارە و دووپشکێکن،[٢٤] بەشی راستی مۆرەکە دیمەنی شەڕە لە نێوان شێرێك و بزنە کێوییەك، شێرەکە پەلاماری بزنەکە دەدات و بزنەکە لای کردووەتە دواوە، لە پشت بزنە کێویەکەوە پاڵەوانێکی ڕووت هەیە خەنجەرێکی نوك درێژکۆلەی شێوە سێگۆشەیی بەدەستی چەپی هەڵگرتووە و دەستی راستی بەرزکردۆتەوە.



وێنەی (١٥) جیٚ مۆرێکی نوزی.

Starr, 1937, Pl. 119 (A).

---

[22] Starr, *op. cit.*, p. 444.
[23] Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations at Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1932*, Vol. I, Text, Harvard University press, 1939, p. 444.
[24] Herles, M., Götterdarstellungen Mesopotamians in der 2. Hälfte des 2. Jahrtausends v. Chr (das anthropomorphe im Verhältnis zum Symbol, *Alter Orient und Altes Testament*, Band 329, Münster, 2006, p. 65.

لە (**وێنەی ١٦**).[٢٥] کە دیمەنی ڕاوکردن نیشان دەدات، کەسێك لەوپەڕی لای ڕاستی مۆرەکە لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە, ڕمێکی کورتی پێیە و لەسەر پشتی ئاژەڵێك ڕایگرتووە، مۆرەکە بەدیمەنی ئاژەڵی و هێڵی حەلەزۆنی پرکراوەتەوە.



وێنەی (١٦) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 416.

### ٣-١-٢-٢ شوێنی تر

لە باکووری میسۆپۆتامیا و سوریا کۆمەڵێك مۆری لولەیی هەن کە بۆ سەردەمی میتانیی دەگەڕێنەوە, زۆربەیان سیفەت و هێمای مۆرە میتانییەکانی تێدایە.

لە جیٚ مۆرێکی باکووری سوریا (**وێنەی ١٧**)، لە بەشی لای چەپی مۆرەکە بوونەوەرێك دەبینرێت کە مرۆڤی گایە، بەدەستی چەپی ڕمێکی درێژی پێیە و ڕمەکەی بۆ سەرەوە ڕاگرتووە, لە بەشەکانی تری مۆرەکەدا دیمەنی جیاواز دەبینرێت.

---

25 Stein, D., The Seal Impressions (Text), Wilhelm, G. (Hrsg.), *Das Archiv des Šilwa-Tessub, heft 8*, Wiesbaden, 1993, Fig. 416.



وێنەی (١٧) جیۆ مۆرێکی لوولەیی لە باکووری سوریا.

Keel-L. and Teissier, 2004, p. 409, fig. 341 .

بەڵام جیۆ مۆری (**وێنەی ١٨**) کە هی باکووری میسۆپۆتامیایە، دیمەنی ڕاوکردن نیشاندەدات لەگەڵ دیمەنی مرۆڤ و ئاژەڵ.[26] لەبەشی سەرەوەدا وێنەی ڕمێك بە ئاسۆیی دیارە ئەمەش واتا ڕمەکە هاوێژراوە.



وێنەی (١٨) جیۆ مۆرێك لە باکووری میسۆپۆتامیا

Keel-L. and Teissier, 2004, p. 289, fig. 357.

[26] Herles, *op. cit.*, p. 54.

## ٣-٢ تەور

### ٣-٢-١ دۆزراوەکان

لە ئەنجامی کنەوپشکنین چەندەین جۆری تەور لە شوێنەوارەکانی کوردستان لە هەزارەی دووەمی پ. ز.دا دۆزراونەتەوە. تەورەکان جۆراوجۆرن، لە ڕووی قەبارە و شێوەوە سەرنجی توێژەرانیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە. بەپێی شوێن و سەردەم، تەورەکان بەم شێوەیە پۆلێندەکرێن.

#### ٣-٢-١-١ رۆژئاوای کوردستان

#### ٣-٢-١-١-١ چاغر بازاڕ

لە گۆڕی (١٣١) لە چینی یەك تەورێك دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ دەورووبەری ساڵانی (١٨٠٠-١٦٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە,[27] دڵنیا نین لە مس یان لە برۆنز دروستکراوە (**وێنەی ١٩**)، درێژییەکەی ٢١ سم, ئەم تەورە بەکارهاتووە، دەمەکەی ڕێکە، بەشی سەرەوەی پێوەکردنی دەستەکەی کەمێك چاڵە و دوو دەرچووی سەرخڕی پێوەیە یەکێکیان گەورەترە، لەوانەیە بۆ جوانیی بێت، بەشی خوارەشی کەوانەیی و ئەملاولاکەی درێژبوونەتەوە کۆتاییەکەیان خڕە. تائێستا لەم جۆرە تەورە لە هیچ شوێنێکی تری کوردستان نەدۆزراوەتەوە.



وێنەی (١٩) تەورێك لە چاغر بازاڕ. هێڵکاریی: توێژەر

Mallowan, 1937, plate XV.

---

[27] Mallowan, *op. cit.*, p. 138.

شێوەیەکی تری تەور لەگۆڕێك لە چینی یەك لە شوێنەواری چاغر بازاڕ دۆزراوەتەوە, مێژووەکەی مشتومڕی لەسەرە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی توێژەران بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەم بۆ دەوروبەری (**١٥٥٠–١٥٠٠**پ. ز.) دەیگەڕێننەوە (**وێنەی ٢٠**).[٢٨] ئەم تەورە چوار پەراسوی ئاسۆیی هەیە دەوری شوێنی دەسکەکەی داوە, لێواری سەرەوەی دەمی تەورەکە کەمێك ڕێکە و لێواری خوارەوەی و شوێنی لێدانەکەشی کەوانەییە, لە بەشی خوارەوەی و لەنێوان دەمەکەی و شوێنی کلکەکەیدا پارچەیەکی درێژکۆلەی یەك لا ڕێك شۆڕبۆتەوە و لەوانەیە بۆ پشتیوانی کلکەکەی بێت. لەم شێوە تەورە لە نەمروود دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٢١**)، هەرچەندە, کەمێك تازەترە و قاڵبەکەشی کەمێك جیاوازە بەڵام زۆر لەو دەچێت، لەوانەیە بەرهەمی یەك کارگەبن. هاوشێوەی ئەم تەورە لە چەند ناوچەیەکی تر هەیە وەك ناوچەکانی عەجەم هیوك و ئوگاریت (رأس شمرە) و ئەلالاخ و بوغاز کۆی.[٢٩]



وێنەی (**٢٠**) تەورێك لە چاغر بازاڕ.

Curtis, 1982, fig. 1.

---

[28] Curtis, J. E., "Some Axe-Heads from Chagar Bazar and Nimrud", *Iraq*, Vol. 45, (1983), p. 73.
[29] Curtis, *op. cit*, fig. 3 (1, 2, 5, 6, 7).



وێنەی (٢١) تەورێك لە نەمرود.

Curtis, 1982, fig. 2.

### ٣-٢-١-٢ باشووری كوردستان

#### ٣-٢-١-٢-١ گردی شمشارە

لە گۆڕێكی گردی شمشارە لە چینی شەشەم تەورێكی برۆنزی ناوازە لەگەڵ قاڵبێكدا دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٢٢**), مێژووەكەی بۆ دەوروبەری (٢٠٠٠-١٦٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە.[٣٠] ئەم تەورە كونی كلكەكەی لەباری ئاسۆییدا هێلكەییە و بەشی سەرەرەوەی چاڵە و كەوانەییە و خوارەشی دەرچووە و كەوانەییە و لێواری سەر و خواری كونی كلكەكە ئەستوورە، هەڵتۆقیوییەكی بچووك لە ناوەڕاستی پشتەكەیدا هەیە كە ڕەنگە مەبەست لێی بۆ پێداكێشان یان بەهێزكردنی شوێنی دەسكەكەیان بووبێت. بەشی سەرەوەی دەمەكەی ڕێكە و بەشی خوارەشی كەوانەییەكی كراوەیە، شوێنی لێدانەكەی تیژە و لەبەرئەوەی بەكارهاتووە ڕێك نییە و قرنجاوە، لە لێواری سەرەوەی كونی كلكەكە هێڵێكی ڕێك بەرەو بەشی سەرەوەی

[٣٠] عبد الله - عباس, *المصدر السابق*, ص. ١١٢.

دەمەکەی تا نزیکی شوێنی لێدانەکەی درێژدەبێتەوە. بەڵام قاڵبەکە لەچینی پێنجەم دۆزراوەتەوە.[٣١]



وێنەی (٢٢) تەورێك وقاڵبێك لە گردی شمشارە.

عبد الله, عباس، ٢٠١٥, شكل ٢٣.

### ٣-٢-١-٢-٢ کەرکوك و دەوروبەری

لەگردێکی بچووکی ناوچەی کەرکوك تەورێك دۆزراوەتەوە مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلی کۆن دەگەڕێتەوە (**وێنەی٢٣**)، ئەم تەورە تەنکە و دەمەکەی پانە و دوو کونی تێدایە لەشێوەی ژمارە هەشتی ئینگلیزی, شوێنی لێدانەکەی کەوانەییە و سەروی دەمەکەی کەمێك شکاوە. ئەم شێوە تەورە زۆر بەربڵاوە لە ناوچەکانی دەریایی ناوەڕاست.[٣٢]



وێنەی (٢٣) سەری تەور لە ناوچەی کەرکوك.

Mühl, 2013, Tafel.79, (1)

[٣١] عبد الله - عباس, *المصدر السابق*, ص. ١١٢.

[32] Mühl, *op. cit.*, p. 162.

### ٣-٢-١-٢-٣ گردی فەخخار[٣٣]

تەورێکی برۆنزیی لە ژووری ١٤ لە چینی دووەم لە کۆشکی سەوز دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٢٤**)،[٣٤] ئەم تەورە باش دروستکراوە و دەمەکەی تەنك دەردەکەوێت، شوێنی دەسکەکەی بازنەیی و شێوە قوڕگییە و لە هەردوو سەرییەوە لێوارێکی دیار و بەرزی هەیە و هێڵێك بەدەوریاندا کێشراوە, دەمەکەی لەباری پانیدایە و تا بەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات تەنك دەبێتەوە، تیغەکەی زۆر تیژە.



وێنەی (٢٤) تەورێك لەگردی فەخخار

محمود, ١٩٧٠, اللوح ٢٣.

---

[٣٣] **گردی فوخار (کورو خانی):** ئەم گردە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری کەرکوك بە دووری ٤٥ کم و باشووری ڕۆژئاوای شوێنەواری نوزی بەدووریی ٣٥ کم، بۆ ماوەی سێ مانگ لە ماوەی نێوان (٢٢-١٠-١٩٦٧ تا ٢٧-١-١٩٦٨) لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتیی شوێنەواری عێراقەوە هەڵکۆڵینی تێداکراوە. بڕوانە:الخالصی, محمود یاسین, "تل الفخار, حفریات الموسم الأول ١٩٦٧-١٩٦٨", *سومر* ٢٦ , (١٩٧٠), ص. ٥٢.

[٣٤] الخالصی, *المصدر السابق*, ص. ٥٢.

### ٣-٢-١-٢-٤ گردی یەلخی

تەورێکی برۆنزیی لە چینی Vb لە گۆڕی (T٢٢١) لە تەل یەلخی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٢٥**)، مێژووەکەی بۆ دەوروبەری (٢٠٠٠-١٧٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە.[٣٥] کونی کلکەکەی تەسك و باریك و شێوە هێلکەییە و پاشماوەی کلکە دارەکەی پێوەیە و سەر و خواریشی چاڵ و کەوانەییە و کەوانەکانیش بە دوو بەرزیی شێوە قۆپچە کۆتاییان دێت، پارچەیەکی دەنوکئاسای گەورە بە پشتییەوەیەتی، قەدی دەمەکەی ئەستور و پەراسوودارە و تا بەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات پان و تەنك دەبێتەوە، شوێنی لێدانەکەشی تەنك و کەوانەییە.



وێنەی (٢٥) سەری تەورێك لەگردی یەلخی

Bergamini, 1986, p. 316, fig. 122.

جۆرێکی تری تەوری برۆنزیی هەر لە گردی یەلخی لە ناو گۆڕی (T٢١٢) لە چینی Vb دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ دەوروبەری (٢٠٠٠-١٧٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٢٦**),[٣٦] ئەم تەورە دەمەکەی پانە و دوو کونی درێژکۆلەی شێوەی چاوی تێدایە، لە ناوەڕاستیدا پەراسودارە، شوێنی لێدانەکەی کەوانەییە، بەشی سەرەوەی لە باری پانیدا چەمێنراوەتەوە و کونی کلکەکەی لێدروستکراوە. زۆر لە تەورەکەی ناوچەی کەرکوك دەچێت (**بڕوانە وێنەی ٢٣**).

---

[34] Bergamini, G., and others, *Tell Yelḫi, The Land between Two Rivers*, Roma, 1986, p. 316.

[36] Bergamini, *op. cit.*, p. 316.



وێنەی (٢٦) سەری تەور لەگردی یەڵخی

Bergamini, 1986, fig. 123, p. 316.

### ٣-٢-١-٢-٥ شوێنەواری ئەربیلوم

تەورێكی برۆنزیی لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە, خاوەنەكەی ناوی نانیە (راب ئیكەلی Rab-ekalli) سەرۆكی كارمەندانی كۆشكی ئەربێلابووە، مێژووی ئەم تەورە بۆ سەردەمی پاشای ئاشووریی تیگلات پیلێسەری یەكەم (Tiglathpileser I) (١١١٤-١٠٧٦ پ. ز.) دەگەڕێتەوە.[٣٧] ئەم تەورە (**وێنەی ٢٧**)، كونی كلكەكەی شێوە هێلكەییە و چوار پارچەی دەرچوو بەدەوریدا كێشراوە، لێواری سەرەوەی دەمەكەی ڕێكە و لێواری خوارەوەشی كەوانەییە و قەدەكەشی ئەستوور و تەسكە و تا بەرەو شوێنی لێدانەكەی بڕوات تەنك و پان دەبێتەوە و كۆتاییەكەشی تەنك و تیژە. لە بەشی خوارەوەی و لەنێوان دەمەكەی و شوێنی كلكەكەیدا پارچەیەكی درێژكۆلەی یەك لا ڕێك شۆڕبۆتەوە و لەوانەیە بۆ پشتیوانی كلكەكەی بێت ئەم تەورە هەمان شێوەی تەورەكەی چاغر بازاڕ و تەورەكەی نەمرودە (**بڕوانە وێنەی ٢٠-٢١**).

[٣٧] ئێستا لە مۆزەخانەی لەندەنە لە بریتانیا. بڕوانە:
MacGinnis, *op. cit.*, p. 60.



وێنەی (٢٧) تەورێك لە ئەربیلوم

MacGinnis, 2013, p. 60.

### ٣-٢-١-٢-٦ گردی حەلاوە[٣٨]

تەورێکی برۆنزیی لە ناو گۆڕی (٥١) لە ژووری ١٩٤ لە چینی دووەم دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی ١٥,٥ سم, درێژی دەمەکەی ١١ سم و پانییەکەشی ٤,٥ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٣,٩ سم و لە کەمترین ئاست ٢,٢ سم.[٣٩] ئەم تەورە (**وێنەی ٢٨**) هەمان شێوەی ئەو تەورەیەی هەیە کە لە گردی شمشارە (**وێنەی٢٢**) دۆزراوەتەوە، تەنیا دەمەکانیان نەبێت، ئەوەی گردی شمشارە (وێنەی ٢٢) پێوەی دیارە زۆر بەکارهاتووە، چونکە دەمەکەی کەل بووە، بەڵام ئەمەی گردی حەلاوە (وێنەی ٢٨) دەمەکەی زۆر بەرێکی ماوەتەوە و وا دیارە کەم

---

[٣٨] **گردی حەلاوە:** ئەم گردە ١٢کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەرە تەپەوە دوورە و نزیك گوندی کەشکۆل جەدیدە (کشکول الجدیدة)یە, هەڵکۆڵین لەم گردەدا لەساڵی ١٩٧٨دا دەستپێکردووە و دوو وەرز هەڵکۆڵین لەهەمان ساڵ بەردەوام بووە. ئەو چەکانەی لەم باسەدا باسدەکرێن و لەم گردەدا دۆزراونەتەوە هەموویان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێنەوە. بڕوانە:

Najim, A., "Tell Hallawa", *Sumer* 35, (1979), p. 432; Philip, *op. cit.*, p. 122.

[٣٩] ئەم پاچە لە مۆزەخانەی زانکۆی موصل دانراوبوو. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 122.

بەکارهاتووە. لێکچوونی ئەم دوو تەورە ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەردووکیان لە یەك شوێن دروستکرابن.



وێنەی (٢٨) تەورێك لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig. 3 (1).

لە هەمان شوێن و لە هەمان گۆڕ هەر لەگردی حەلاوە تەورێکی تر دۆزراوەتەوە (وێنەی ٢٩), درێژییەکەی بەگشتیی ١٤,٧ سم, درێژی دەمەکەی ١٠,٥ سم و پانییەکەشی ٤,٧ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست٤,١ سم و لە کەمترین ئاست ٢ سم.[٤٠] ئەم تەورە هاوشێوەی تەورەکە پێشووە (**وێنەی ٢٨**)، تەنها ئەوەندە نەبێت کە کونی کلکەکەی لە ناوەڕاستدا شکاوە و پارچەکەی لەگەڵدایە.



وێنەی (٢٩) تەورێکی لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig. 3 (2).

---

[٤٠]: ئەم پاچە براوە بۆ مۆزەخانەی زانکۆی موسڵ. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 122-123.

جیاواز لەو دوو تەورەی سەرەوە جۆرێکی تری تەور هەر لە گردی حەلاوە لە ژووری **٥٥** لە چینی دووەم دۆزراوەتەوە, ئەم جۆرەش بریتیە لە دوو تەور، **یەکێکیان** (**وێنەی ٣٠**) درێژییەکەی بەگشتیی **١٩,٧** سم, درێژی دەمەکەی **١٦,١** سم و پانییەکەشی **٤,٢** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست **٦,٨** سم و لە کەمترین ئاست **٤,٤** سم.[41] ئەم تەورە کونی پێوەکردنی کلکەکەی هێلکەییە، لەباری ئاسۆییدا بەشی سەرەوەی کونی پێوەکردنی کلکەکەی کەمێك چاڵە، بەپێچەوانەی بەشی خوارەوەی کە تەواو چاڵە و لێوارەکەی کەوانەییەکی تەواوە، دەمەکەشی دوولا رێکە (درزێك لە باری پانیی لە ناوەڕاستیدایە) و تا بەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات کەمێك تەنك دەبێتەوە و شوێنی لێدانەکەشی کەوانەییە.

**دووەمیان** لە گۆڕی (**٤١**) دۆزراوەتەوە, درێژییەکەی بەگشتیی **١٩,٣** سم, درێژیی دەمەکەی **١٥,٣** سم و پانییەکەشی **٣,٩** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٨ سم و لە کەمترین ئاست **٥,٤** سم.[42] ئەم تەورە کونی پێوەکردنی کلکەکەی لە باری ئاسۆییدا هێلکەییە، بەشی سەرەوەی کونەکە کەمێك چاڵە (لەوەی پێشوو چاڵترە) و خوارەوەشی تەواو چاڵە و لێوارەکەی کەوانەیی کراوەیە، دەمەکەی دوو لا رێکە (لای سەرەوەی کەمێك خواروخێچی تێدایە) و پەراسوودارە و تا بەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات وردەوردە تەنك دەبێتەوە، کۆتاییەکەشی واتە شوێنی لێدانەکەی کەمێك کەوانەییە.

---

[41] Philip, *op. cit.*, p. 125.

[42] هەردوو پاچەکە براون بۆ مۆزەخانەی زانکۆی موسڵ. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 125.




وێنەی (٣٠) دوو تەور لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig. 4 (1-2).

هەر لە گردی حەلاوە سێ نموونەی تر هەن لە رووی شێوەوە لەوانەی پێشوون کە لەم گردە دۆزراونەتەوە، جیاوازن, بەڵام هی یەك سەردەم و یەك چینن (**وێنەی ٣١**)، یەکەمیان لە ژووری ١٧ لە گۆڕی ژمارە (٥) کە گۆڕی مێردمنداڵێکە دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی ١٨,٨ سم, درێژی دەمەکەی ١٣ سم و پانییەکەی ٤,٨ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٦,٦ سم و لە کەمترین ئاست ٢,٢ سم. شوێنی پێوەکردنی کلکەکەی شێوە هێلکەییە و پاشماوەی کلکەکەی هێشتا پێوەیە، پارچەیەکی دەنوکئاسای گەورە بە ئاراستەی سەرەوە بە پشتییەوەیەتی، ئەم تەورە زۆر لە تەورەکەی گردی یەلخی دەچێت (بڕوانە **وێنەی ٢٥**)، تەنها ئەوە نەبێت کە دەمەکەی بەگشتیی پانترە و تا بەرەو کۆتاییەکەی بڕوات پانتر دەبێتەوە و شوێنی لێدانەکەشی تەنك و پان و کەوانەییە.

**دووەمیان** لە ژووری ١٤٢ دۆزراوەتەوە, درێژییەکەی بەگشتیی ١٨,٦ سم, درێژی دەمەکەی ١٢,٤ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٧ سم و لە کەمترین ئاست ٢,٥ سم،[٤٣] هەمان شێوەی تەورەکەی پێشووە، بەڵام شوێنی لێدانەکەی وەك ئەوەی یەکە م کەوانەییەکی ڕێك نییە، بەڵکو کەلی و داخوراوییەکی هەیە کە ڕەنگە لەبەر زۆر بەکارهێنان وایلێهاتبێت.

**سێیەمیان** لە ژووری ٤٣ لە ژێر دیواری پەرستگاکە دۆزراوەتەوە, درێژییەکەی بەگشتیی ٢١,٥ سم, درێژی دەمەکەی ١٦ سم و پانییەکەی ٦,٢ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٦,٢ سم و لە کەمترین ئاست ٢,١ سم.[٤٤] هەمان شێوەی دوو تەورەکەی پێش خۆیەتی، بەتایبەت تەوری یەکەم، بەڵام لای خوارەوەی دەمەکەی کەوانەییترە و ئەمەش وایکردووە کۆتایی دەمەکەی و شوێنی لێدانەکەی پانتر فراوانتر بێت. هاوشێوەی ئەم تەورانە لە گۆڕستانی ئوور دۆزراوەتەوە.[٤٥]

---

[43] Philip, *op. cit.*, p. 127-128.

[٤٤] ئەم پاچانە لە مۆزەخانەی زانکۆی موسڵ دانراون. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 127-128.

[45] Karpe, *op. cit.*, Tafel. 172 (1-11-20).



وێنەی (٣١) سێ تەور لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig. 5 (1-2-3).

شێوەیەکی تری تەور لە هەمان سەردەم و هەمان چین، لە گۆڕێکی گردی حەلاوە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٣٢**)، لە ژووری ١٧، درێژییەکەی بەگشتیی ١٧,٧م, درێژی دەمەکەی ١٢,٨ سم و پانییەکەشی ٦,٦ سم, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٥,٧ سم و لە کەمترین ئاست ٣,٣ سم.[٤٦] تەورێکی دەم باوەشێنی درێژکۆلەیە، کونێك لە دەمەکەیدایە کە نازانرێت بۆچییە، ڕەنگە بۆ هەڵواسینی تەورەکە بەکارهاتبێت، پارچەیەك بەشوێنی پێوەکردنی

---

[٤٦] ئەم پاچە لە مۆزەخانەی زانکۆی موصلّ دانراوە. بڕوانە:
Philip, *op. cit.*, p. 130-131.

کلکەکەیەوە لکێنراوە، دیارە بە مەبەستی جوانکاریی و قایمکردنە, دەمی کونی کلکەکە لە سەر و خوارەوە چاڵە.



وێنەی (٣٢) پا چێك لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig. 6 (1).

**٣-٢-١-٢-٧ گردی سلێمە**

لەم گردەدا چەند جۆرێك تەور دۆزراوەتەوە یەكێك لەوانە لە گۆڕی (٢٨) لە ژووری ٦١ لەچینی (یەك)دایە، مێژووەكەی بۆ سەردەمی بابلیی كۆن دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٣٣**)،[٤٧] درێژیی ئەم تەورە بەگشتیی ١٦,٤ سم, درێژیی دەمەكەی ١١,٧ سم و پانییەكەی ٥,١ سم, بەرزی كونی كلكەكەی لە بەرزترین ئاست ٤,١ سم و لە كەمترین ئاست ٢ سم، بەڵام كونی كلكەكەی بەتەواوەتی شكاوە و لە دەمەكەی بووەتەوە. ئەم تەورە زۆر لە تەورەكەی گردی حەلاوە وگردی شمشارە دەچێت (**بڕوانە وێنەكانی ٢٢-٢٨-٢٩**)، نموونەی ئەم تەورانە لە گردەكانی حەلاوە و سلێمە و شمشارە پێماندەڵێت كە ئەمانە بەرهەمی ناوخۆیین و جیاوازن لە تەورەكانی ناوچەكانی تر.



وێنەی (٣٣) تەورێك لە گردی سلێمە.

Philip, 1995, fig. 3-3.

---

[٤٧] ئەم پاچە براوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 123.

شێوەیەکی تر لە تەور لە گردی سلێمە دۆزراوەتەوە, ژمارەیان چوار تەورە (**وێنەی ٣٤**)، **یەکەم** لە گۆڕی (**١٥٥**) لە چینی سێیەمدا بووە، درێژییەکەی بەگشتیی **١٥,٥** سم, درێژی دەمەکەی **١١,١** سم و پانییەکەی **٣,٨** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست **٥,٦** سم،[48] کونی پێوەکردنی کلکەکەی ڕێکە، دەمەکەی پەراسووداره و بەشی سەرەوەی ڕێکە و شوێنی لێدانەکەی خوارییەکی تێدایە و بەشی خوارەوەشی کەمێك بۆ لای کلکەکەی باریك بۆتەوە.

**دووەم** لە گۆڕی (**٥٩**) لە چینی دووەم دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی **١٦,٨** سم, درێژی دەمەکەی **١٢,٥** سم و پانییەکەی **٥,١** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست **٧,٤** سم و لە کەمترین ئاست **٦** سم.[49] کونی کلکەکەی شکاوە، دەمەکەی پەراسووداره، سەر و خواری دەمەکەی و شوێنی لێدانەکەشی ڕێکە، ئەم تەورە کەمێك جیاوازترە لە تەورەکانی تر لەبەرئەوەی ئەستورە و قەبارەی گەورەترە.

**سێیەم** لە چینی سێیەم لە ژووری (**٤١**) لە گۆڕی (**٩٣**) دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی **١٦,٣** سم, درێژی دەمەکەی **١٢,٥** سم و پانییەکەی **٤,٨** سم,[50] تەنکە شوێنی کلکەکەی شکاوە و پارچەیەکی لێبووەتەوە، سەر و خواری دەمەکەی کەمێك ڕێکە و تا بەرەوتیغەکەی بڕوات فراوان دەبێت و بە درێژایی دەمەکە هێڵێکی تێدایە و دوو هێڵی کورتی لێبووەتەوە و گومان دەکرێت درز بێت، شوێنی لێدانەکەی کەمێك کەوانەییە و پارچەیەکی زیادەی پێوەیە.

**چوارەم** لەگۆڕی (**٩٧**) لەژووری (**٥**) لە چینی سێیەم دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی **١٢,٨** سم, درێژی دەمەکەی **٩,٦** سم و پانییەکەی **٣,٤** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست **٤,٤** سم.[51] ئەم تەورە بچووکتر و سوکترە لە سێ تەورەکەی تر، کونی

---

[48] Philip, *op. cit.*, p. 125.
[49] *Ibid.*
[50] *Ibid.*
[51] Philip, *op. cit.*, p. 127.

کلکەکەی لەسەرەوە ڕێکە و لە خوارەوەش کەوانەییە، بەشی سەرەوەی دەمەکەی ڕێکە و بەشی خوارەوەی کەمێك کەوانەییە و شوێنی لێدانەکەشی کەوانەییە، لە باری ئاسۆییدا هێڵێك لە ناوەڕاستی دەمەکەیدا هەیە و بەشی خوارەوەی هێڵەکە چاڵ دەردەکەوێت، ئەم تەورانە هاوشێوەی تەورەکانی گردی حەلاوەن (**بڕوانە وێنەی ٣٠**)، وا پێدەچێت هەموو ئەم تەورانە لە جۆرێکی تایبەت بن کە لەو ناوچەیە دروستکراون.




وێنەی (٣٤) چوار تەور لە گردی سلێمە, Philip, 1995, fig. 4-(4-5-6-7)

شێوەیەکی تری تەور لە گۆڕی ژمارە (٣١) لە ژووری (٥٣) لە چینی دووەم لە گردی سلێمە دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی ١٨,٥ سم, درێژی دەمەکەی ١٢,٤ سم

پانییەکەی **٥,٧** سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست **٦,٣** سم و لە کەمترین ئاست **٣** سم (**وێنەی ٣٥**).[٥٢] ئەم تەورە زۆر لە سێ تەوری گردی حەلاوە دەچێت (**بڕوانە وێنەی ٣١**)، تەنیا پشتی شوێنی کلکەکەی نەبێت کە هەڵتۆقیوە و وەك ئەوان دەنوکئاسا نییە، ئەم تەورە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە، بە تایبەت شوێنی لێدانەکەی شکاوە و داخوراوە.



وێنەی (**٣٥**) تەورێك لە گردی سلێمە.

Philip, 1995, fig. 5 (4).

هەر لە گردی سلێمە دوو تەوری تری شێوە جیاواز دۆزراونەتەوە، شێوەکەیان دەم باوەشێنە (**وێنەی ٣٦**).[٥٣] **یەکەمیان** لە گۆڕی (١٧ یان ١٨) لە ژووری (١) لە چینی یەکەم دۆزراوەتەوە. درێژی دەمی تەورەکە **١٠,٨** سم و پانییەکەی **٥,٧** سم.[٥٤] بەشی زۆری کونی کلکەکەی فەوتاوە و ئەو بەشە کەمەی کەماوە ئاماژە بەوە دەکات شێوەکەی لە هەردوو سەرەوە چاڵە بەرەو ناوەڕاست، دەمەکەی شێوە باوەشێنییە و تەنگەکەی شێوە چوارگۆشەییە، شوێنی لێدانەکەی تووشی داخوران بووە و ئاسەواری بەکارهێنان بەدەمەکەیەوە ماوە.

---

[٥٢] ئەم پاچە براوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 129.

[٥٣] ئەم زاراوەیە لەلایەن توێژەر بەکارهاتووە بۆ جیاکردنەوەی دەمی پاچەکان نەك بۆ دەستنیشانکردنی جۆر.

[54] Philip, *op. cit.*, p. 133- 135.

**دووەمیان** لە چینی یەکەم دۆزراوەتەوە و ژمارەی گۆڕ و ژوورەکەی نەزانراوە، درێژییەکەی بەگشتیی ١٣ سم, درێژی دەمەکەی ١٠,٤ سم و پانییەکەی ١٠,٨ سم.[55] ئەم تەورە لەوەی یەکەم گەورەترە، نیوەی کونی کلکەکەی فەوتاوە و ئەو بەشە کەمەی کەماوە ئاماژە بەوە دەکات شێوەکەی لە هەردوو سەرەوە چاڵە بەرەو ناوەڕاست و لێوارەکانی کونی کلکەکەی دوو هێڵی ئەستووری پێوەیە و لەوانەیە پارچەی دەنوکئاسا بە پشتەکەیەوە بووبێت، تەنگەی دەمەکەی ئەستور و شێوە چوارگۆشەیە و بەرەو شوێنی لێدانەکەی زۆر پان دەبێتەوە و شێوەی باوەشێنی وەرگرتووە، شوێنی لێدانەکەشی تەواو کەوانەییە و کەلی و قرنجاوی پێوە دیارە.




وێنەی (٣٦) دوو تەور لە گردی سلێمە. هێڵکاریی: توێژەر

Philip, 1995, fig. 6-(2-3).

### ٣-٢-١-٢-٩ گردی ئەلسیب[56]

[55] *Ibid.*

[56] **گردی ئەلسیب:** یەکێکە لەو گردانەی حەوزی بەنداوی حەمرین، لە کاتی تەواو بوونی بەنداوەکەدا نقوم بووە. دەکەوێتە ڕۆژئاوای قەزای (جەلەولا) بەدووریی ١٥کم, لە دەشتێکی پان و فراواندایە, لە شوێنێکدایە

تەورێکی برۆنزیی لە گۆڕی ژمارە (٢٠) دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٣٧**)، درێژییەکەی بەگشتیی ١٩,٧ سم, درێژی دەمەکەی ١٥,٦ سم و پانییەکەی ٣,٦ سم, بەرزی کونی کلکەکەی لە بەرزترین ئاست ٧,٧ سم و لە کەمترین ئاست ٥,١ سم.[٥٧] کونی کلکی ئەم تەورە لە سەرەوە ڕێکە ولە خوارەوە چاڵە و لێوارەکەی کەوانەییە، پاشماوەی کلکەکەی هێشتا پێوە ماوە، بەشی سەرەوەی دەمەکەی ڕێکە و بەشی خوارەوەشی ڕێکە و لەنزیکی شوێنی لێدانەکەی کەمێك خوار دەبێتەوە، هێڵێکی ئاسۆیی بە ناوەڕاستی دەمەکەی هاتووە، شوێنی لێدانەکەی ڕێکە بەڵام مەیلی بە لای خوارەوەدایە. ئەم تەورە هاوشێوەی تەورەکانی گردی سلێمە و گردی حەلاوەیە. (**بڕوانە وێنەی ٣٤,٣٠**)



وێنەی (٣٧) تەورێك لە گردی ئەلسیب.

Philip, 1995, fig. 4-1.

### ٣-٢-١-٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

---

لە هەموو بەشەکانی تری حەوزەکە زیاتر نشینگەی نوێی تێدایە ئەویش بە هۆی بەپیتی خاکەکەی و نزیکیی لە ڕوباری دیالە کە ئاوێکی زۆری تێدایە. بڕوانە.النجفي, حازم محمود, "الكشف عن جزء من مدينة ميتورنات القديمة في تل السيب", *سومر ٤٥*, ١٩٨٨, ص٦٤-٦٥.

[٥٧] ئەم پاچە ئێستا لە مۆزەخانەی عێراقە لە بەغداد. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 123.

## ٣-٢-١-٣-١ لوڕستان[٥٨]

چەند شێوە تەورێك لە لوڕستان دۆزراونەتەوە، هەرچەندە مێژووەکەیان دیار نییە بەڵام یەکەمیان گوماندەکرێت بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. بگەڕێتەوە, بەڵام چوارەکەی تر بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێنەوە.[٥٩]

**یەکەمیان** (**وێنەی ٣٨**)، **درێژییەکەی ١٣,٥ سم.**[٦٠] ئەم تەورە کونی کلکەکەی بازنەییە و پشتەکەی لێوارێکی ئەستوری پێوەیە، بەشی سەرەوەی بەگشتیی رێکە و بەشی خوارەوەی دەمەکەی گۆشەیەکی کراوەیە، تەنگەی دەمەکەی ئەستورە و تا بەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات پان و فراوان دەبێت، شوێنی لێدانەکەشی رێك نییە و کەمێك کەوانەییە و مەیلی بە لای خوارەوەدایە.





---

[٥٨] **لوڕستان**: رۆژئاوای ئێران و دۆڵەکانی باکووری کوردستانیش دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتیی پانتاییەکەی ٣٠,٠٠٠ کم[٢]، شاخەکانی لوڕستان بە کانزا دەڵەمەندن، بەتایبەتیی مس و توێتاکە کە بۆ دروستکردنی برۆنز پێویستن, ئەمەش دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ کاری کانزاسازیی لە ناوچەکەدا و رێگەخۆشکەر بوو بۆ لێدانی قاڵبی مس. بڕوانە:

Culican, W., *Ancient Peoples and Places (The Medes and Persians)*, London, 1965, p. 17; Khorasani, 2009, *op. cit.*, p. 185.

[59] Khorasani, *op. cit.*, p. 199.

[٦٠] ئێستا لە مۆزەخانەی ئۆتاگۆیە لە نیوزلەندا. بڕوانە:

Maxwell-Hyslop, R., "An Axe from Luristan in the Otago Museum", Dunedin, New Zealand, *Iraq*, Vol. 12, (1950), p. 52.

وێنەی (٣٨) تەورێك لە لوڕستان. هێڵکاریی: توێژەر

Maxwell, 1950, p. 50

**دووەمیان (وێنەی ٣٩)**، کونی کلکەکەی بازنەییە و شێوەی ملێکی درێژە, لێواری سەرەوەی پانەو ڕێکەو تابەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە, لێواری خوارەوەی کەوانەییە و باریکە، شوێنی لێدانەکەی ڕێك نییە بەڵکو تا بەرەو خوارەوە بڕوات زیاتر دەچەمێتەوە.



وێنەی (٣٩) سەری تەورێك لە لوڕستان. هێڵکاریی: توێژەر

Khorasani, 2009, Fig.4.

**سێیەمیان** (وێنەی ٤٠)، شوێنی کلکەکەی بازنەییە و شێوەی ملێکی کورتی هەیە, لە پشتییەوە سەری ئەسپێکی پێوەلکێنراوە کە لەوانەیە بۆ جوانی و ڕازانەوە لێدان بێت. چوار بازنەی دەرچوو بەدەوری کونی کلکەکەیدا دروستکراوە, لە لێواری سەرەوەی تەورەکە نزیك کونی کلکەکەی ئاژەڵێکی تر لەسەر هەر چوار پەلی کەوتووە (دانیشتووە). دەمەکەی شێوە باوەشێنی سەر بەرەو خوارە.



وێنەی (٤٠) سەری تەورێك لە لوڕستان.



هێڵکاریی: توێژەر

Khorasani, 2009, Fig.5.

**چوارەمیان** (**وێنەی ٤١**)، دەمە تەورێکی باریکەو شوێنی کلکەکەی بازنەییە و لە باری ئاسۆییدا چوار هێڵی بازنەیی پێوەیە و چوار دەرچوی شێوە نیوەپەنجە لە پشتییەوەیەتی, لێواری سەرەوەی دەمەکەی ڕێکە و پانە و تابەرەو شوێنی لێدانەکەی بڕوات کە مێك باریك دەبێتەوە و لێواری خوارەوەشی کەوانەییە و کەمێك پانە، شوێنی لێدانەکەی ڕێکە بە لای خوارەوەدایە.



وێنەی (٤١) سەری تەورێك لە لوڕستان.



هێڵکاریی: توێژەر

Khorasani , 2009, Fig.6.

**پێنجەمیان** (**وێنەی ٤٢**)، دەمە تەورێکی ڕێکە و کونی کلکەکەی هێلکەییە و بەشی خوارەوەی جوان کراوە بە سەری باڵندەیەك، پشتەکەشی سێ پارچەی دەرچووی پێوەیە لە شێوەی لولپێچی, دوو هێڵ وەك دەماری دەست لە دوو پارچەی پشتەکەی بەرەو دەمی

**تەورەکە درێژ دەبنەوە و ئینجا بە هەردوو لێواری سەر و خواری دەمەکەیدا تا شوێنی لێدانەکەی دەڕۆن، شوێنی لێدانەکەشی رێکە و کەلییەك لە ناوەڕاستیدایە.**



وێنەی (٤٢) سەری تەورێك لە لوڕستان.

Khorasani, 2009, Fig.7.



هێڵکاریی: توێژەر

### ٣-٢-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٣-٢-٢-١ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە[٦١]

[٦١] **دەربەندی بێلولە:** ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە زنجیرە چیای بەمۆ بە دیوی گەرمیان نزیك گوندی باخە هەنارە, سەر بە ناوچەی هۆرێن شێخانە نزیك دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی. بیروڕای زۆر هەیە لەسەر ناوی پاشاکە، هەندێك دەڵێن هی (X-X irbirini کوڕی Ikkibsahmat), دیاکۆنۆف پێی وایە ئەمە کارێکی هونەری پاشای گوتیی (لیشیر-پیر ئینی–Lešir- Pir Inni)ـە یان (تار –دوننی Tar-dunni)، بەڵام شوێنەوارناسان (القره داغي) پێیانوایە ناوی دەربەندی بێلولە پێدەچێت لە ناوی بیل لوللووە (bel-lullu) هاتبێت کە لە زمانی ئەکەدی بە واتای سەردار یان گەورەی لوللوبییەکان دێت,

بەڵام لە ناوچەی شارەزوور و زەهاودا چەند شارێك کە ناوەکانیان یەك شێوە پاشگریان هەیە وەك: ناوی شارەکانی (Halila, Atlila, Kinabilila), کە لە تۆمارە ئاشورییەکاندا هەبووە, لەبەرئەوەی ئەگەر ناوی بێلولەش لەو جۆرە بێت ئەوە پەیوەندی بە ناوی لولـلوبییەکانەوە نییە و هەر هەمان جۆرە پاشگرە. بەشێوەیەکی گشتیی بەرزیی هەڵکۆڵراوەکە لەنێوان (٦١–٨٩ سم) و پانییەکەشی لەنێوان (٨٥–١٥٢ سم)، وا دەردەکەوێت بەبۆنەی سەرکەوتنەوە ئاهەنگ بگێرێت, نووسینێك هەیە لەلای راستی هەڵکۆڵراوەکە، ئەو هونەرمەندەی وێنەکەی کێشاوە لەوانەیە هەمان کەس بێت کە نووسینەکەی لەسەر پەیکەرەکە هەڵکەندووە و پێدەچێت هونەرمەندەکە خۆی خوێنەوار نەبووبێت و نووسینی کۆلکەخوێنەوارێکی تۆمارکردووە، لەبەرئەوە دەبینین نووسینەکە هەڵە و خواروخێچی زۆری تێدایە وەك ئەوە وایە وێنەی نووسینەکە کێشرابێتەوە نەك نووسرابێتەوە. ئەم هەڵکۆڵراوە لەو کاتەوەی لەلایەن Rawlinson لە ساڵی ١٩٣٦ دۆزراوەتەوە چەند جارێك لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، زۆر بیروڕا هەیە لەسەر مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوە، شوێنەوارناسان (Debevois – Herzfeld) دەڵێن هی سەردەمی ئەکەدییە، بەڵام شوێنەوارناس (Contenaen) دەڵێت هی سەردەمی گودیایە و شوێنەوارناسان (Calmeyer- Farber) دەڵێن هی سەردەمی بابلی کۆنە، بەڵام شوێنەوارناس (دڵشاد مارف) پێیوایە ئەم نەخشە بەپێی هەندێك وردەکاریی ئایکۆنۆگرافییاکەی بێت بۆ سەدەی ١٩ پ. ز. دەگەڕێتەوە و لە ڕووی هونەرییەوە دەکرێت وردەکارییەکانی ناو ئەم نەخشەیە بەراورد بکرێت بە هاوسەردەمەکانیان بە سەردەمی (ئاشووریی کۆن و بابلیی کۆن)، بۆ نموونە ملوانکەکەی جەنگاوەرەکەی بێلولە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو ملوانکانەی کە لەسەردەمی بابلیی کۆن لە ملی هەندێك لە پیاوەکانی ئەم سەردەمە لە دیمەنە هونەرییەکان دەردەکەون بەتایبەت لە شاری ماری لە سەردەمی زمری لم, هەروەها جوڵەی جەنگاوەرەکەی بێلولە و شێوەی قاچ خستنەسەر ملی دیلەکە و دەست بەرزکردنەوەی دیلەکە بەتەواوەتی هاوشێوەی جوڵەی پاشا و دیلەکەی ماردینە, کە شوێنەوار ناسان پێیانوایە میلی شەمشی ئەدەدی یەکەم بووە و ئەویش بە هەمان شێوە لەسەدەی ١٩ پ. ز. ژیاوە. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:

Marf, D. A., (In Preparation), *Cultural Interactions between Babylonian and the northern Zagros (2500-331BCE)*, 2017; Postgate, J. N. and Roaf, M. D., "The Shaikhan Relief", *Al- Rãfidãn*, Vol. XVIII, (1997), p. 143; Börker-klähn, *op. cit*, p. 139;

القره داغی, *المصدر السابق*, ص. ٤٤.

**کەسی سەرەکیی (وێنەی ٤٣)، لەم هەڵکۆڵراوەدا تەورێك لە بەر پشتوێنەکەیدایە،[٦٢] قاچی لەسەر یەکێك لە دیلەکان داناوە و هەردوو دەستی دیلەکە لە پشتییەوەیەتی, دیلەکەی تریش لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە و دەستێکی بەرزکردۆتەوە کە وا پێدەچێت لێی بپاڕێتەوە، ئەم دیلانە هیچ جۆرە چەکێکیان پێ نییە.**



وێنەگر: توێژەر

[62] Postgate, *op. cit.*, p. 148; Marf, *op. cit*., p. 56.



وێنەی (٤٣) کەسی سەرەکی تەورێك بە بەر پشتوێنەکەیدا کراوە.

هێڵکاریی: توێژەر

### ٣-٢-٢-٢ هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی[٦٣]

---

[٦٣] **هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی**: ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە نزیك هەڵکۆڵراوی سەرپۆل زەهاو لە رۆژهەڵاتی کوردستان, لەم هەڵکۆڵراوەدا کەسێك بە ناوی ئانۆبانینی ناوی هاتووە, کە پاشای لولـلوبیەکان بووە, زۆرێك لە توێژەران لە دیاریکردنی مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوە پشتدەبەستن بە نموونەی نووسینی سەرەتای چاخی بابلیی, واتا سەدەیەك دوای کۆتاییهاتنی بنەماڵەی ئووری سێیەم و پێش سەردەمی گونگانوم (Gunganum)ی پاشای لارسا، دەرکەتنی گورز لەم هەڵکۆڵراوەدا لەگەڵ بازندا بیروڕاکە دەگۆڕێت، بەپێی بۆچوونی (Börker-Klähn) سەرەتای سەردەمی ئورنەمو (Ur-Nammu)یە. بڕوانە:

Börker-klähn, *op. cit.*, p. 138-139.

لەکاتێکدا، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، لەسەردەمێکی کۆنتردا واتە لە سەردەمی ئەکەدییدا لە دیمەنێکدا خوداوەند ئیشتار بازن دەداتە نرام–سین، بۆ ئەم بابەتە بڕوانە:

یەکێکە لە هەڵکۆڵراوەکانی ناوچەی کوردستان، مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٤٤**)، لەم هەڵکۆڵراوەدا پاشا ئانوبانینی دەردەکەوێت[٦٤] بەدەستی ڕاستی تەورێکی پێیە.[٦٥] هەرچەندە سەرچاوەکان بە شمشێر ناوی دەبەن، بەڵام توێژەر پێیوایە ئەمە تەورە، لەبەرئەوەی کلکێکی درێژی هەیە و بەشی خوارەوەی کەمێك بۆ دەرەوە دەرچووە و دەمی تەورەکە لە شێوەی حەرفی B ئینگلیزییە یان لەشێوەی چاو دایە، هەروەها خواوەند

---

Hansen, *op. cit.*, Fig. 133, p. 206.

لەم هەڵکۆڵراوەدا پاشا ئانۆبانینی کڵاوێکی لێوار پانی لە سەردایە، تەنوورەیەکی قاتقاتی لەبەردایە و پێڵاوێکی لە پێدایە, پاچ و تیروکەوانی پێیە و قاچی چەپی لەسەر سکی دوژمنێك داناوە کە بە ڕووتی لەسەر پشت کەوتووە، لەبەرامبەریشیدا خواوەند ئیشتار لەسەر شاخێك وەستاوە بە دەستێکی بازنێکی دەداتێ، لە پێش (ئانۆبانینی)یشدا و لەئاستی سەریدا ئەستێرەیەك هەیە، لەخوارووی دیمەنەکەشدا شەش دیلی رووت بە ریز دەردەکەون، ئەوەی پێشەوایان کڵاوێکی پەڕداری لە سەردایە و لەوانەیە پاشا یان گەورەکەیان بێت بەپێی نموونەی نووسینەکە بێت مێژووی هەڵکۆڵراوەکە بۆ دوای سەردەمی بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە. بڕوانە: الجميلي, عامر عبدالله, الجبال في الكتابات العراقية القديمة, كلية الآثار, جامعة الموصل, بحث منشور على هذا الرابط:

http://dramerart.blogspot.com/2011/07/blog-post.html (10/12/2015); Nasrabadi, B. M., "Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis", *ZA* 94, (2004), p. 292; Herzfeld, E., *Iran in the Ancient East*, London-New York, 1941, p. 183; Ahmed, *op. cit.*, p. 24-248; Frayne, D., "Old Babylonian .Period (2003-1595 BC)", *RIME 4*, Toronto, (1990), p. 703

64 Compareti, M., "The Eight Pointed Rosette: A Possible Important Emblemin Sasanian Heraldry", *Parthica: Incontri Di Culture Nel Mondo Antico*, Roma, No. 9, (2007), p. 206.

٦٥ هەرچەندە دوو شوێنەوارناس (Nasrabadi -Ahmed) ئاماژە بەم چەکە دەدەن کە شمشێرە، (بڕوانە: Nasrabadi, *op. cit.*, Abb. 5, p. 291; Ahmed, *op. cit.*, p. 247) بەڵام (Debevoise) ناوی ئەم چەکە دەبات وەك چەکێك دەمەکەی هەڵگەڕاوەتەوە و ناڵێت چییە (بڕوانە: Debevoise, *op. cit.*, p. 80-81.), ئەم چەکە لە دوو هەڵکۆڵراوی (سەرپول زەهاب و ئیدین سین) کە پاشتر باسیان دەکرێت دەردەکەون.

ئیشتاریش یەکێك لەو چەکانەی کە بەپشتیدا هەڵیواسیوە تەورێکە کە ئەویش هەمان شێوەی هەیە، دوو چەکەکەی تریش گورزن, کە نیشانەی دەسەڵاتە.



**وێنەی (٤٤) هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی**

Ahmed, 2012, p. 306, Fig. 2b.



### ٣-٢-٢-٣ هەڵكۆڵراوی سەرپۆل زەهاو[٦٦]

کەسی سەرەکیی لەم هەڵكۆڵراوەدا (وێنەی ٤٥)، بەپێوە وەستاوە لەوانەیە پاشا یاخود سەرکردەیەکی شەڕ بێت، قاچی چەپی لەسەر لاشەی دوژمنێك داناوە کە لەسەر پشت کەوتووە، بەدەستی ڕاستی تەورێکی پێیە زۆر لەو تەورە دەچێت کە بەدەستی پاشا

---

[٦٦] **هەڵكۆڵراوی سەرپۆل زەهاو:** ئەم هەڵكۆڵراوە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوا لە بەشی باکووری ئەو شاخەی کە روباری ئەلوەند لەیەك جیا دەکاتەوە, ئەم هەڵكۆڵراوە لەپێشدا بە ئانوبانینی II ناسرابوو, بەڵام دواتر سەلمێندرا کە دەگەڕێتەوە بۆ پاشا ئیددین-سین (Iddi(n)sin, یان زابا زونای کوری ئیددین-سین, ئەم هەڵكۆڵراوە، درێژیەکەی ١٢٧ سم، وێنەی کەسێکە راوەستاوە و لە سەرویەوە مانگێکی کەوانەیی هەیە و خۆر لە ناویدایە, لە نووسینەکەدا باسی هەڵكۆڵینی دیمەنی هەڵكۆڵراوەکە لە شاخی باتیر دەکات, هەروەها باسی خواوەندی پارێزەر نیشبا کە خواوەندی هەڵكۆڵەرەکەیە و ناوەکەی شێواوە، دەکات, لەبەرئەوەی جوڵەی کەسەکە لێرەدا جیاوازە لەوەی کە لە هەڵكۆڵراوی ئانوبانینی دا هاتووە, هەروەها لە جوڵەی ئەو خواوەندانەی کە لە نموونەی دەقی نەفرەتلێکردندا هاتووە, هەربۆیە واپێدەچێت ئەم هەڵكۆڵراوە تازەتر بێت لە هەڵكۆڵراوی ئانوبانینی, بەپێی شێوەی نووسینەکەش بێت هەڵكۆڵراوەکە بۆ سەردەمی شوسین دەسەڵاتداری ئوور و گونگونوم دەسەڵاتداری لارسا دەگەڕێتەوە. نووسینەکە ئەکەدییە ناو و نازناوی پاشا و پاشماوەی دەقەکە دووررودرێژە. ئانۆبانینی پاشای لوللوبییەکان کە بەسەر کۆمەڵێك لە دوژمنەکانیدا سەرکەوتووە، تەواوی نووسینەکە رەنگە بەرز ڕاگرتنی داگیرکردنی ناوچەکە بوو بێت لەلایەن سیموررومەوە، زمانی دەقەکە و شێوازی نووسینەکە و خشتەی ناوی خواوەندەکان و نازناوەکانیان، و بەتایبەت نیشبا Nishba و نین-ئان-سیاننا Nin- An- Sianna ، هەموو ئەمانە لێکچوونێکی زۆر دەردەخەن لەنێوان ئەم هەڵكۆڵراوە و هەڵكۆڵراوی بێتواتە، رەنگە ئانۆبانینی ناوی ئیددین-سینی سڕیبێتەوە و ناوی خۆی لەسەر هەڵكۆڵراوەکە دانابێت، بوونی ناوی ئانۆبانینی لە میلی هەڵەدنیدا ئاماژەیە بۆ هاوسەردەم بوونی ئانۆبانینی لەگەڵ ئیددین-سیندا یاخود لەو کۆنترە (بۆ مێژووی سەردەمی ئیددین-سین بڕوانە لاپەرە (١٩١), پەراوێزی ژمارە (٦٧)ی ئەم نامەیە) بڕوانە:

Ahmed, *op. cit.*, p. 248-250; Hrouda, B., *Irnische Denkmäler*, Lieferung 7, Reige II: Iranische Felsreliefs C: Sarpl-I Zohāb, Die Reliefs I-IV, Berlin, 1976, p. 3; Börker- Klähn, *op. cit.*, p. 138.

(ئانوبانینی)یەوەیە, بەڵام تەورەکەی دەستی ئەم کۆتاییەکەی رێکە و بۆ دەرەوە قۆقز نەبووە، لەژێر هێڵی خوارەوەی پەیکەرەکەدا نووسینێك دەبینرێت کە بەهۆی کەشوهەواوە شێواوە.



وێنەی (٤٥) هەڵکۆڵراوی ئیدین سین لە سەرپولی زەهاب

Ahmed, 2012, p. 308, Fig. 4a.



### ٣-٢-٢-٤ هەڵكۆڵراوی ئیددین–سین.[٦٧]

لەم هەڵكۆڵراوەدا و لەلای چەپدا پاشا ئیددین–سین دەردەكەوێت بەدەستی ڕاستی تەورێكی پێیە (**وێنەی ٤٦**).[٦٨] تەورەكە دەسكێكی درێژی هەیە و دەمەكەی لە شێوەی حەرفی B ئینگلیزییدایە و هەمان شێوەی تەورەكانی هەڵكۆڵراوەكانی پێشووە (هەڵكۆڵراوی ئانوبانینی و ئیددین– سین لە سەرپولی زەهاب).



وێنەی (٤٦) هەڵكۆڵراوی پاشا ئیدین –سین Iddi(n)- Sin.

Ahmed, 2012, fig.11a.

---

[٦٧] ئەم هەڵكۆڵراوی ئیددین –سین Iddi(n)–sin دەكەوێتەگوندی (بەردی سانجیان) لە ناحییەی بێتواتە لە باكووری رۆژئاوای قەزای ڕانیە دۆزراوەتەوە. بەرزییەكەی ١٥٠ سم و پانییەكەی ١٧٧ سم، ئەم هەڵكۆڵراوە نەخشدارە بۆ پاشا ئیددین–سین پاشای شانشینی سیموررروم دەگەڕێتەوە. پاشا لە لای چەپی هەڵكۆڵراوەكەوە وەستاوە و قاچی چەپی لەسەر دوژمنەكەی داناوە، خواوەندێك، لەوانەیە ئیشتار بێت، لەبەرامبەریەتی. بە بڕوای (Hrouda) ئەم هەڵكۆڵراوە بۆ سەردەمی ئیسین دەگەڕێتەوە, ئێستا لە مۆزەخانەی ئۆرشەلیمە لە ئیسرائیل. بڕوانە:

Shaffer, A., and Wasserman, N., "Iddi(n)-Sin King of Simurrum: New Rock- Relief Inscription and a Reverential Seal", *ZA* 93, (2003), P. 1; Ahmed, 2012, *op cit*., p. 273; Frayne, D. R., "Simurrum", *RlA*,Vol. 12, Berlin, (2009), p. 510.

[٦٨] هەرچەندە زۆربەی سەرچاوەكان بە شمشێر ناوی دەبەن. بڕوانە:

Shaffer, *op. cit*., p. 3.



هێڵکاریی: توێژەر

### ٣-٢-٣ مۆرەکان

#### ٣-٢-٣-١ نوزی

لە جێ مۆری (**وێنەی ٤٧**) دیمەنی شەڕی خواوەندەکان لەگەڵ یەك نیشاندەدات هەردوو خواوەندەکە لەگەڵ یەك شەڕدەکەن و هەردووکیان (کەسی١ و کەسی٢) لەوانەیە تەوریان پێبێت. لە پشتیانەوە کەسێك کە لەوانەیە پاشا بێت, شمشێرێکی شێوە دەمە داسی بەدەستەوەیە.[٦٩] هەروەها دوو بزنە کێوی دەردەکەون پشتیان لەیەکە و لە ناوەڕاستیاندا داری

---

[69] Stein, D., "Winged Disks and Sacred Trees at Nuzi", *SCCNH*, Vol. 18, ed. Willhelm, G., Maryland, (2009), Fig 16, p. 588.

ژیان هەیە، لە بەشی سەرەوەشدا دوو بزنە کێوی دەرکەوتوون, لە پشتیانەوە ئاژەڵی تر دەرکەوتوون، هێڵێك بەژێر مۆرەکەدا هاتووە بە شێوەی پرچی هۆنراوە (قژی هۆنراوە).[٧٠]




وێنەی (٤٧) جیّ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1988, abb. 5.

### ٣-٢-٣-٢ گردی ئە سمەر[٧١]

---

[70] Stein, *op. cit.*, p. 202.

[٧١] **گردی ئە سمەر**: ئە سمەر,کە (ئیشنۆننا)شی پێدەڵێن، ناوچەیەکی شوێنەوارییە دەکەوێتە دەشتی دیالەوە لە پارێزگای دیالە، بەدووریی ٨٠ کم لە باکووری رۆژهەڵاتی بەغداد. لە سییەکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن تیمێکی شوێنەواریی پەیمانگای رۆژهەڵاتیی زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکییەوە بە سەرۆکایەتیی زانای شوێنەوارناس (هێنری فرانکفۆرت)ـەوە بە چەند قۆناغێك کنەوپشکنینی تێداکراوە، چەندین پارچەی شوێنەواریی تێدا دۆزراوەتەوە. گرنگترینیان ١٢ پەیکەری لە بەرد دروستکراوی قەبارە جیاوازە، بەپێی لیکۆڵینەوەی ئەو تیمە ئەم ناوچەیە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان دەگەڕێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Kris-Hirst, K., *Tell Asmar - The Early Dynastic Mesopotamian Capital of Eshnunna*, available at this site: https://www.thoughtco.com/tell-asmar-capital-of-eshnunn (4-2-2017)

لە جێ مۆرێکی شانشینی سیمورروم کە بۆ پاشا زابازونا Zabazuna کوڕی پاشا ئیدین–سین Iddi(n)-Sin دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٤٨**),[٧٢] لەلای چەپی مۆرەکەوە پاشا دەردەکەوێت بە دەستی چەپی تەورێکی بە دەستەوەیە، کڵاوێکی بنکە فراوانی لە سەردایە و جلێکی کورتی لە بەردایە و قاچی راستی لە سەر یەکێك لە دوژمنەکانی کە بە پشتا کەوتووە داناوە. ئەمەش هێمای تەواوبوونی شەڕەکە و سەرکەوتنی پاشایە بەسەر دوژمنەکانیدا. پاشا لە بەرامبەر خواوەند ئیشتار وەستاوە و تەورەکەی هەمان شێوەی تەورەکانی هەر سێ هەڵکۆڵراوەکەی پێشوو (پاشا ئیدین –سین و ئانوبانینی و سەرپولی زەهاب )ی هەیە کە پێشتر باسمانکردوون.



وێنەی (٤٨) مۆرێکی لولەیی پاشا زابازونا کوری ئیدین –سین.

Sollberger, 1980, fig. IV.

شێوەی ئەم تەورە لە جێ مۆرێکی باشووری میسۆپۆتامیا (**وێنەی ٤٩**)، کە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە دەبینرێت.[٧٣] تیایدا خواوەند ئیشتار وەستاوە و بە دەستی ڕاستی تەورێکی پێیە.

---

72 Sollberger, E., "Two New Seal Inscriptions", *Anatolian Studies*, Vol. XXX, (1980), p. 64-65.

73 Collon, D., *First Impressions: Cylinder Seals in the Ancient Near East*, London, British Museum Publications, 1987, p. 46.



وێنەی (٤٩) خواوەند ئیشتار تەورێکی پێیە.

Collon, 1986, fig. 167.

### ٣-٤ خەدەنگ

### ٣-٤-١ دۆزراوەکان

### ٣-٤-١-١ ڕۆژئاوای کوردستان

### ٣-٤-١-١-١ گردی مۆزان

لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لەم گردەدا ژمارەیەك ئامێری برۆنزی لە چینی C4 لە گۆڕی (٢) دۆزراوەتەوە لە نێوانیاندا دوو سەری خەدەنگ هەیە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن (**وێنەی ٥٠**),[٧٤] ئەم سەری خەدەنگانە درێژییەکەیان لە نێوان ١٢-١٣ سم, هەمان شێوەیان هەیە شوێنی پێوەکردنی کلکەکەیان شێوەی لولەیی وەرگرتووەو لەبەشی پێشەوەی داخراونییە و دەمەکەیان ساف و ڕێکو تەنکە.

---

[74] Dohmann-Pfälzner, H. and Pfälzner P., "Ausgrabungen der Deutschen Orient-Gesellschaft in der zentralen Oberstadt von Tall Mozan/Urkeš, Bericht über die kooperation mit dem IIMAS durchgeführte Kampagne 1999", *MDOG* 132, (2000), p. 185.



وێنەی (٥٠) دوو سەری خەدەنگ  لە گردی مۆزان

Dohmann-Pfälzner, 2000, Abb. 4.

## ٣-٤-١-٢ باشووری کوردستان

### ٣-٤-١-٢-١ ناوچەی کەرکوك

لە گۆڕێکی ناوچەی کەرکوك، سەری یەك خەدەنگ دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٥١**)، مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٧٥] ئەم سەری خەدەنگە کلکێکی ئەستووری هەیە و پەراسوودارە تا دەمەکەی کە شێوە گەڵایی درێژکۆلەیە، شانەکانی کەوانەییە.



وێنەی (٥١) سەری خەدەنگ لە دەورووبەری کەرکوك.

Mühl, 2013, Tafel-80, (5)

### ٣-٤-١-٢-٢ گردی فەخخار

لە گۆڕێکی گردی فەخخار خەدەنگ یەکی لە مس دروستکراو لە ژووری ١٤ لە چینی دووەم لە کۆشکی سەوز دۆزراوەتەوە. مێژووەکەی بۆ نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز.

---

[75] Mühl, *op. cit.*, p. 163.

دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٥٢**).[٧٦] خەدەنگ کە بەشێوەیەکی تەخت و تەنك دروستکراوە و کۆتاییەکەی شکاوە.





وێنەی (٥٢) خەدەنگ لەگردی فەخخار.            هێڵکاریی: توێژەر

محمود, ١٩٧٠, اللوح ٢٤.

### ٣-٤-١-٢-٣ گردی ماحوز

لە گردی ماحوز یەك خەدەنگ (**وێنەی ٥٣**)، دۆزراوەتەوە, مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٧٧] کلکەکەی پانە و نیوەی پێشەوەی کلکەکەی شکاوە، دەمەکەی پەراسوداوە و ئەم لاولاکانی خواروخێچە و بە تەواوەتی تێکچووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زۆر بەکارهێنانی.



وێنەی (٥٣) سەری خەدەنگ لە گردی ماحوز.

Mühl, 2013, Tafel-81, (13).

[٧٦] محمود, *المصدر السابق*, ص. ٧١.

[77] Mühl, *op. cit.*, p. 163.

### ٣-٤-٢ مۆرەکان

#### ٣-٤-٢-١ نوزی

لەم جێ مۆرەدا (**وێنەی ٥٤**) کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە, تیایدا کەسایەتییەکی گەورە دەبینرێت (لەوانەیە پاشابێت), بەدەستی راستی ئامێرێکی ڕاوکردنی پێیە، لەوانەیە خەدەنگ بێت و رووە و سەرپشتی ئاژەڵێك ڕایگرتووە لە بەردەمیدا بزنێك ڕاوەستاوە. لەلای چەپەوە دیمەنێکی تر هەیە دوو کەسن لەنێوانیاندا کاهینێك هەیە دەموچاوی لە شێوەی باڵندەیە, هەروەها لەلای راستەوە ژنێکی ڕووت ڕاوەستاوە، هەندێك هێمای وەك مانگ و بازنەی خۆر، لەوانەیە تەنیا بۆ پرکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی مۆرەکە بێت، دەبینرێت.



وێنەی (٥٤) جێ مۆرێکی میتانی لەنوزی. هێڵکاریی: توێژەر

Herles, 2006, Tafel. 64 (165).

لە جێ مۆرێکی میتانییەکان کە لە نوزی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٥٥**)، لەلای چەپ دوو کەس دەبینرێت، کەسی (١) خەدەنگ یەکی لە بەرامبەر کەسی (٢) ڕاگرتووە. لەلای راستی مۆرەکە سێ ستون نووسین هەیە بەڵام نووسینەکان سڕراونەتەوە.



١

٢

وێنەی (٥٥) جێ مۆرێکی میتانی لەنوزی.

Herles, 2006, Tafel. 71 (223).

## ٣-٥ تیروکەوان

### ٣-٥-١ دۆزراوەکان

### ٣-٥-١-١ باشووری کوردستان

#### ٣-٥-١-١-١ گردی کەرهولی خواروو [٧٨]

لەگۆڕی جەنگاوەرێکی گردی کەرهولی خواروو، کۆمەڵە چەکێکی برۆنزیی دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٥٦**)، ژمارەیان (٦) دانەیە و پێنجیان گومانی تێدا نییە کە سەری تیرن تەنیا یەکێکیان نەبێت لەسەری خەدەنگ دەچێت، مێژووەکەیان بۆ (١٦٠٠-١٤٠٠پ. ز.) دەگەڕێتەوە.[٧٩] .ئەم سەرە تیرانە قەبارە و شێوەیان جیاوازە.



وێنەی (٥٦) سەری تیر لە ناوچەی کەرهولی خواروو.

الأسود, ١٩٨٧, لوح ٢٤.

---

[٧٨] **کەرهولی خواروو**: دەکەوێتە بەشی خوارووی لای ڕۆژئاوای بەنداوی موسڵ لە ناوچەی ئاسکی کەڵەك، ئێستا کەوتووەتە ژێر ئاوەکەوە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤بۆ ماوەی سێ مانگ هەڵکۆڵینی تێداکراوە. بڕوانە: الأسود, حكمت بشير, التنقيب في كرهول السفلي, في: *بحوث اثار حوض صدام وبحوث اخرى,* مجموعة من الباحثين, ١٩٨٧, ص. ٦٨.

[٧٩] الأسود, التنقيب في كرهول السفلي ......, ص.٧٠.

### ٣-٥-١-١-٢ دێرهال

لە ناوچەی دێرهال لە چینی چوارەم سەری تیری برۆنزی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٥٧**)، مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٨٠] ئەم سەری تیرە زۆر لە گەڵای دار دەچێت شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی چەمیوەتەوە و باریکە.



وێنەی (٥٧) سەری تیر لە گردی دێرهال. هێڵکاریی: توێژەر

Oguchi, 1978, p.57.

### ٣-٥-١-١-٣ گردی فەخخار

لەگۆڕێکی گردی فەخخار سەری تیری لە مس دروستکراو (**وێنەی ٥٨**)، لە ژووری ١٤ چینی دووەم لە کۆشکی سەوز دۆزراوەتەوە. مێژووەکەی بۆ نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٨١] ئەم سەری تیرە شێوە گەڵایی درێژکۆلەیە و پەراسودارە.

---

[80] Oguchi, *op. cit.*, p. 57.

[٨١] الخالصي، *المصدر السابق*, ص. ٧١.





وێنەی (٥٨) سەری تیر لە گردی فەخخار.          هێڵکاریی: توێژەر

محمود, ١٩٧٠, للوح ٢٤.

## ٣-٥-١-١-٤ گردی زوبەیدییە[٨٢]

حەوت سەری ڕمی لە برۆنز دروستکراو لەم گردەدا دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٥٩**)، دووانیان لە چینی دووەمە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی کاشییەکان دەگەڕێتەوە، ئەوانی تر لە چینی یەکەم دۆزراونەتەوە، ئەم سەری تیرانە هەموویان یەك شێوەیان هەیە و لە شێوەی گەڵای (غار)دان. لە هەردوولاوە پەراسودارن و بەم شێوانەی خوارەوەن:

---

[٨٢] **گردی زوبەیدییە:** دەکەوێتە دەشتی حەمرین, ئێسا کەوتۆتە ناو بەنداوی حەمرین، لە پێش دروستکردنی بەنداوەکەدا لەساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لەلایەن تیمێکی ئەڵمانییەوە بە سەرپەرشتی R.M.Boehmer هەڵکۆڵینی تێداکراوە. بڕوانە:

Zettler, R., L., (Review) "Tell Imlihiye, Tell Zubeidi, Tell Abbas by Rainer Michael Boehmer and Heinz-Werner Dämmer", *JNES*, Vol. 51, No. 3, the University of Chicago Press, (1992), p. 231; Boehmer, R. M., Ausgrabungen im Gebiet des heutigen Hamrin-Stausees, *Deutsches Archoloäologisches Institut, Orient-Abteilung–Außenstelle Baghdad 50 Jahre Forshungen im Irak*, 1955-2005, p. 79-82.; Haj Darwich, *Gefäßständer und zugehörige….*, p. 18; Boehmer, R. M., - Boehmer, R. M. and Dammer, H. W., Tell Imlihiye Tell Zubeidi Tell Abbas, Mit drei Beitragen von Karlheinz, *BaF*, Band 7, Hamrin Report 13, VeRLAg Philipp von Zabern Mainz Am Rhein, Germany, 1985, p. 25.

**یەکەمیان** درێژییەکەی ٧,٥ سم و پانییەکەی ١,٨ سم.

**دووەمیان** درێژییەکەی ٥,٥ سم و پانییەکەی ١,٦ سم.

**سێیەمیان** لە ناو گۆزەیەکی شکاودا دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی ٧,١ و پانییەکەی ٦,٤ سم.

**چوارەمیان** درێژییەکەی ٧,٦ سم و پانییەکەی ١,٥٣ سم.

**پێنجەمیان** درێژییەکەی ٥,٧ سم و پانییەکەی ٢,٥ سم.

**شەشەمیان** درێژییەکەی ٣,٢ سم و پانییەکەی ١,٨ سم.

**حەوتەمیان** درێژییەکەی ٥,٧ و پانییەکەی ١,٦ سم.




وێنەی (٥٩) چەند سەری ڕمێك لە گردی زوبەیدییە

Boehmer, 1985, Tafel (666-672).

## ٣-٥-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٣-٥-٢-١ هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی

له (**وێنەی ٦٠**)دا پاشا ئانوبانینی بەدەستی چەپی تیروکەوانێکی هەڵگرتوە.[83] دەمی کەوانەکەی کەمێك فراوانە و هیچ شوێنەوارێکی بەستنەوەی ژێیەکە بە کەوانەکەوە دەرناکەوێت.



وێنەی (٦٠) پاشا ئانۆ بانینی

Compareti, 2007, Fig. 1.

### ٣-٥-٢-٢ هەڵکۆڵراوی ئیددین- سین

پاشا بەدەستی چەپی کەوانێکی پێیە (**وێنەی ٦١**).[84] کەوانەکە زۆر چەماوەتەوە و شوێنی بەستنەوەی ژێیەکە بە کەوانەکەوە لە بەشی خوارەوەیدا شێوە بازنەییە، بەشی خوارەوەی ژێیەکە گرنج گرنجە یاخود بە پەتێکی باریك بەستراوە.

---

[83] Debevoise, *op. cit.*, p. 80.
[84] Shaffer, *op. cit.*, p. 3.



وێنەی (٦١) پاشا ئیددین–سین کەوانێکی پێیە.                هێڵکاریی: توێژەر

## ٣-٥-٢-٣ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە

لەم هەڵکۆڵراوەدا کەسی سەرەکیی کەوانێکی هەڵگرتووە (**وێنەی ٦٢**)،[٨٥] ژێی کەوانەکە سافە و هیچ نەخشێکی تێدا نییە، شوێنی بەستنەوەی کەوانەکە بە ژێیەکەوە، واتە ئەم سەرو ئەو سەری کەوانەکە، چەماوەتەوە بۆ ناوەوە, کەوانەکەی زۆر ئەستوورە و لە سێ هێڵ پێکهاتووە، هەرچەندە ئێستا وا دیار نییە و لە دوو هێڵ پێکهاتووە.

---

85 Postgate, *op. cit.*, p. 148.



هێڵکاریی: تویێژەر                وێنەی (٦٢) هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلولە

کەسی سەرەکی کەوانێکی پێیە (وێنەگر: تویێژەر)

### ٣-٥-٣ مۆرەکان

### ٣-٥-٣-١ نوزی

جێ مۆرێکی شوێنەواری نوزی، مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٦٣**)، دیمەنی ڕاوکردن نیشاندەدات، ئەم جۆرە مۆرانە لە ناوچەی نوزی دەگمەنن لەبەرئەوەی خاوەنی ئەم مۆرانە ژمارەیان زۆر کەمە لەناو خەڵکی نوزیدا، چونکە پلە نزمترن لە خەڵکی خورییەکان.[٨٦] ئەم ڕاوکەرە بە تیروکەوان ئاژەڵەکان ڕاودەکات و هەگبەیەکیش

[86] Starr, *Nuzi*, In: Report on the Excavations…., p. 445.

بەپشتییەوەیەتی، کەوانەکەی ڕاگرتووە و لەکاتی هاویشتنی تیرەکەدایە, کەوانەکەی ئەستوورە و کەمێك چەماوەتەوە و تیرێکیش ئاسکێکی پێکاوە.



وێنەی (٦٣) جێ مۆرێك لە نوزی.                    هێڵکاریی: توێژەر

Starr, 1939, 119 (F).

هەروەها لە مۆری (وێنەی ٦٤)، نازانرێت لە کوێ دۆزراوەتەوە (کڕاوە)، بەهەمان شێوەی مۆری پێشوو ڕاوکەرێك دەبینرێت بە تیروکەوان ئاسکێك ڕاودەکات، ڕاوکەرەکە لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە و دەیەوێت تیرێك بگرێتە ئاسکێك کە لەکاتی راکردندایە و سەری بە لادا سوڕاندووە و سمەکانی پێشەوەی بەرزکردوونەتەوە، راوکەرەکەش تیرەکەی لەکەوانەکەدا بە ئاراستەی نێچیرەکە داناوە و ژێیەکە، کە بە هیچ شێوەیەك لە مۆرەکەدا دەرنەکەوتووە، رادەکێشێت و لە سەروبەندی هاویشتنی تیرەکەدایە، هەربۆیە کەوانەکە تەواو چەماوەتەوە, درەختێك لەنێوانیاندایە و پێدەچێت راوکەرەکە خۆی لەپەنایدا حەشاردابێت, هێمای خۆر و مانگی کەوانەیی (هیلالی) لە سەروی راوکەرەکەیە.



وێنەی (٦٤) مۆرێکی سەردەمی میتانییەکان.

Herles, 2006 Tafel. (77) 269.

### ٢-٣-٥-٣ شوێنی تر

لە جێ مۆرێکی میتانییەکان کە لە باکووری سوریا دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٦٥**),[87] پاشایەك لە سەر کورسیەك دانیشتووە تیروکەوانێکی پێیە، کەوانەکەی چەماوەتەوە و دیارە لەکاتی هاویشتنی تیرەکەدایە، ژێی کەوانەکە، لە بەردەمیشیدا نەخشی زەخرەفەیی و ئاژەڵی دەرکەوتووە, لە پشتییەوە پیاوێك وەستاوە لە رەبەن دەچێت و دارێکی بۆ سێبەرکردنی پاشا راگرتووە.



وێنەی (٦٥) جێ مۆرێکی میتانییەکان لە باکووری سوریا. هێڵکاریی: توێژەر

Keel.Leu. and Teissier, 2004, fig. 380.

---

87 Keel-L. and Teissier, B., Mitannian Seals, *Die vorderasiatischen Rollsiegel der Sammlungen “Bible+ Orient” der Universität Freiburg Schweiz,* Universty of Fribourg, Academic Press Fribourg, Vol. XVIII, 2004, fig 380, p. 464.

لە جیٚ مۆرێکی سەردەمی میتانییەکان (**وێنەی ٦٦**)، ڕاوکەرێك دەبینرێت بە تیروکەوان باڵندەیەك ڕاودەکات و باڵندەکە لە بەرامبەریەتی, ڕاوکەرەکە لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە و تیرەکەی راکێشاوە و کەوانەکەی زۆر چەماوەتەوە و لەکاتی هاویشتنی تیرەکەدایە.[88]





وێنەی (٦٦) جیٚ مۆرێکی میتانی لە باکووری میسۆپۆتامیا.                    هێڵکاریی: توێژەر

Keel-leu. and Teissier, 2004, fig.166Z.

لە هاوشێوەی ئەم مۆرانە لە جیٚ مۆرێکی سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاست دەبینرێت.[89]

## ٣-٦ خەنجەر

### ٣-٦-١ دۆزراوەکان

### ٣-٦-١-١ رۆژئاوای کوردستان

#### ٣-٦-١-١-١ چاغر بازاڕ

چەند شێوە خەنجەرێك لە چینی یەك لە گۆڕی (١٦٧) لە چاغر بازاڕ دۆزراوەتەوە، یەکێك لەوانە لە مس دروستکراوە (**وێنەی ٦٧**)، مێژووەکەی بۆ نێوانی ١٩٠٠-١٦٠٠ پ. ز.

---

[88] بۆ بینینی دیمەنی زیاتری هاوشێوەی ئەم جیٚ مۆرە، بڕوانە:

[88] Keel-leu. and Teissier, *op. cit.*, fig. 167-170-171- 172- 173- 174- 175- 176- 177-178.

[89] Herles, *op. cit.*, Tafel, (77) 270.

دەگەڕێتەوە، درێژییەکەی ٢٢ سم.[٩٠] مشتەکەی دوو کونی تێدایە و شانەکانی نوکەکەی کەوانەیین، ئەملاولای دەمەکەشی کەوانەیین.



وێنەی (٦٧) خەنجەرێك لە چاغر بازاڕ.

Mallowan, 1937, Fig. 13 (4).

یەکێکی تریان خەنجەرێکی لە مس دروستکراوە و لە گۆڕی ( ١٤٣) لە ژووری (٢) لە چینی یەکەم دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ نێوانی سالآنی ١٩٠٠–١٦٠٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٦٨**)، درێژییەکەی ٢١,٥ سم.[٩١] مشتەکەی باریکە و هیچ ئاسەواری کونی پێوە نییە، شانەکانی کەوانەییە، دەمەکەی وردەوردە باریك دەبێتەوە و نوکەکەی تیژە، لە باری ئاسۆییدا ئەستوورییەك لە ناوەڕاستی تەواوی دەمەکەیدا هەیە.



وێنەی (٦٨) خەنجەرێك لە چاغر بازاڕ.

Mallowan, 1937, Fig.13 (5).

---

[90] Mallowan, M. E. L., "The Excavations at Tall Chagar Bazar and an Archaeological Survey of the Habur Region. Second Campaign", *Iraq,* Vol. 4, (1937), p. 135.

[91] Mallowan, *op. cit.*, p, 135.

هەروەها لە گۆڕی (١٨٦) لە چینی یەکەمی ئەم شوێنەوارە دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بۆ سالآنی ١٧٠٠ پ. ز. دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٦٩**)، درێژییەکەی ٢٨ سم.[٩٢] ئەم خەنجەرە شەش کون لە مشتەکەیدا هەیە، ئەمەش جیاوازە لە خەنجەرەکانی تر. مشتێکی گەورەی هەیە و زۆر نایابە شانەکانی کەمێك لە دەسکەکەی گەورەترە و بە رێکی دێتە خوارەوە تا نووکەکەی و نوکەکەی کەمێك شکاوە.



وێنەی (٦٩) خەنجەرێك لە چاغر بازاڕ.

Mallowan, 1937, Fig.13 (6).

هەروەها دوو خەنجەری تر لە گۆڕی ژمارە (٩٥) لە ژووری (٣٤) لە چینی یەك لە چاغر بازاڕ دۆزراوەتەوە, مێژووەکەیان بۆ سالّی ١٧٠٠پ. ز.(سەردەمی کاشییەکان) دەگەڕێتەوە، یەکەمیان (**وێنەی ٧٠**)، درێژییەکەی ١٤,٥ سم، شانەکانی خوارە و قەبارەی بچووکترە لە خەنجەری ئاسایی، تا بەرەو دەمەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە شوێنی لێدانەکەی خرە، دووەمیان قەبارەی زۆر بچوکەو درێژییەکەی ١٠ سم و شێوەی گەلآییە.



(٧٠) دوو خەنجەر لە چاغر بازاڕ,Mallowan, 1937, Fig. 13(7-8)

[92] Mallowan, *op. cit.*, p, 135.

### ٣-٦-١-١-٢ گردی مۆزان

لە چینی (c4) لە گۆڕی (٢) خەنجەرێکی برۆنزیی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٧١**), مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٩٣] ئەم خەنجەرە مشتەکەی دوو کونی تێدایە بۆ پێوەکردنی رووپۆشی تەختە و هێشتا پاشماوەی ئەو ررپۆشە تەختەییە بە مشتەکەیەوە ماوە, دەمەکەی تەخت و پەراسودار و شێوە گەڵایی درێژکۆڵەیە.



وێنەی (٧١) خەنجەرێك لە گردی مۆزان

Dohmann-Pfälzner, 2000, Abb. 5.

### ٣-٦-١-٢ باشووری کوردستان

### ٣-٦-١-٢-١ نوزی

لە ناوچەی نوزی شێوە خەنجەرێکی جوان و ناوازە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٧٢**), مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە .[٩٤] ئەم خەنجەرە مشتەکەی ماوە و کونێك لە ناوەڕاستیدایە و هەردوو لای کەوانەییە و ناوقەدەکەی باریکترە و کۆتاییەکەی پانە، دەمەکەی دوولا تیژە و دوو پەراسوی هەیە وردەوردە باریك دەبێتەوە و بەگشتیی دەمەکەی کەمێك خوارە.



وێنەی (٧٢) خەنجەرێك لە نوزی, Stein, 1998, fig. 8.

[93] Dohmann-Pfälzner, *op. cit.*, p. 201.
[94] Stein, "Winged Disks and Sacred…., P. 646.

### ٣-٦-١-٢-٢ ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك

دوو خەنجەر لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٧٣**)، مێژووەکەیان بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[٩٥] **یەکەمیان** خەنجەرێکی درێژکۆلەیە و تا بەرەو نووکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە، بەڵام شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی جیاوازە کونێکی تێدایە و لە کونی دووەمی بەولاوە فەوتاوە. **دووەمیان** خەنجەرێکی درێژکۆلەیە، شوێنی پێوەکردنی مشتەکەی بێکونە و باریك و کورتە دیارە چەقێنراوەتە ناو مشتەکەی، کلکەکەی بەرەو شانەکانی لە هەردوو لاوە کەوانەییە، دەمەکەی تەختە و بەرەو نوکەکەی وردەوردە باریك دەبێتەوە و کۆتاییەکەی تیژە، لایەکی کەلییەکی تێدایە.




وێنەی (٧٣) دووخەنجەر لە ناوچەی کەرکوك.

Mühl, 2013, Tafel-79 (5-6).

---

[95] Mühl, *op. cit.*, p. 163.

### ٣-٦-١-٢-٣ یۆرغان تەپە

لە شوێنەواری یۆرغان تەپە خەنجەرێکی لە برۆنز دروستکراو لە پەرستگای F دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٧٤**)، مێژووەکەی بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە،[٩٦] ئەم خەنجەرە یەك کون لە مشتەکەیدا هەیە، دەمەکەی تەخت و پانە, لایەکی لە نزیکی نوکەکەی شکاوە, ئەمەش بەڵگەی بەکارهێنانێتی.



وێنەی (٧٤) خەنجەرێك لە یۆرغان تەپە.

Mühl, 2013, Tafel, 74, (13) .

### ٣-٦-١-٢-٤ ئوچ تەپە

لەگۆڕێکی ناوچەی ئوچ تەپە لە چینی ٧ خەنجەرێکی لەمس دروستکراو دۆزراوەتەوە کە لە نزیك سەری مردووەکەدا بووە, مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلیی کۆن, یان ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٧٥**)[٩٧] ئەم خەنجەرە دووکون لە دەسکەکەی دایە و شانەکانی کەوانەیین، دەمەکە تەختە و تا بەرەو نوکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە و کۆتاییەکەی تیژە, بەگشتیش کەمێك خوارە.



وێنەی (٧٥) خەنجەرێك لە ئوچ تەپە.

Steinkeller, 1981, Plate. 100 (5).

---

[96] Mühl, Tafel, 74, (13) .

[97] Steinkeller, *op. cit.*, p. 80.

### ٣-٦-١-٢-٥ گردی حەلاوە

سێ خەنجەر لە چینی دووەمی گردی حەلاوە دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٧٦**)، مێژووەکەیان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە، ژمارە ١ و ٢ لە ژووری A١٤ لە گۆڕی ژمارە (٧) دۆزراونەتەوە.[٩٨]

**یەکەمیان** درێژیی گشتیی ٢٥ سم و درێژی دەمەکەی ١٦,٥ سم و زۆرترین فراوانی ٤,١ سم، شوێنی مشتەکەی شکاوە و دوو کونی هەیە بۆ چەسپکردنی رووپۆشی مشتەکەی، شانەکانی تیژ نین، دەمەکەی پان و تەختە و رووەو نوکەکەی زۆر تەسک و باریك نابێتەوە و کۆتاییەکەی تیژە.

**دووەمیان** لە گۆڕی ژمارە ٧ دۆزراوەتەوە، درێژی گشتیی ٢١,٦ سم درێژی دەمەکەی ١٧,٨ سم و زۆرترین فراوانی ٤,٢ سم، بەشێکی کلکەکەی شکاوە و ئەوەشی ماوەتەوە خوار بووە و پاشماوەی تەختەی مشتەکەی پێوە ماوە، شانەکانی کەوانەیین، دەمەکەی تەنکە و لێوارێکی کەمێك چاڵی یان شکاوی پێوەیە، پێش نوکەکەشی لە باری ستوونیدا درزێکی تێدایە، نوکەکەی شکاوە و کۆڵ بووە.

**سێیەمیان** لە ژووری (١٧) لە گۆڕی ژمارە (٥) دۆزاوەتەوە، درێژی گشتیی ١٩,٩ سم درێژی دەمەکەی ١٧,٥ سم و زۆرترین فراوانی ٤,٣ سم، خەنجەرێکی تەختی شان کەوانەییە، کلکەکەی و هەردوو لای دەمەکەی شکاوە و نوکەکەی کۆڵ بووە.

---

[٩٨] ئەم خەنجەرانە بۆ مۆزەخانەی زانکۆی موسل براون. بڕوانە:
Philip, *op. cit.*, p. 136.




وێنەی (٧٦) سێ خەنجەر لە گردی حەلاوە.

Philip, 1995, fig 8 (1-2-3).

### ٣-٦-١-٢-٦ گردی ئەلسیب

دوو خەنجەر لە گردی ئەلسیب دۆزراونەتەوە, مێژووەکەیان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٧٧**)، **یەکەم** لە گۆڕی (٧ یان ١٤) دۆزراوەتەوە، درێژی گشتیی ٢٥ سم و درێژی دەمەکەی ٢٠,٥ سم و زۆرترین فراوانی ٥ سم.[٩٩] کلکەکەی ڕاستەییە و بە تەواوی ماوە درزێکی بچووکی تیایە، کونێکی تێدایە بۆ داکوتینی تەختەی مشتەکەی، شانەکانی خڕن، دەمەکەی ڕێك و پەراسودار و دوو لا تیژە و تا بەرەو کۆتاییەکەی بڕوات زۆر باریك دەبێتەوە و نوکێکی تیژی هەیە.

**دووەم** لە چینی بابلی کۆن لە گۆڕی (٢) دۆزراوەتەوە، درێژی گشتیی ٢٣,٩ سم درێژی دەمەکەی ١٧,٥ سم زۆر ترین فراوان ٣,٥ سم. دەسکەکەی تەختە و سێ کونی تێدایە بۆ چەسپکردنی تەختەی مشتەکەی و بەیەك هێڵ دابەشکراوە دوو کونەکەی خوارەوەی وەك خۆی ماوەتەوە، شانەکانی گۆشەدارن، دەمەکەی تەختە و لایەکانی تیژکراون و تا بەرەو کۆتاییەکەی بڕوات کەمێك تەسك دبێتەوە و نوکەکەی تیژە.

---

[٩٩] ئەم خەنجەرانە براون بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:
Philip, *op. cit.*, p. 137.



وێنەی (٧٧) دوو خەنجەر لە گردی ئەل سیب.

Philip, 1995, fig 8-(4-5).

### ٣-٦-١-٢-٧ گردی سلێمە

شەش خەنجەر لە گردی سلێمە دۆزراونەتەوە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی بابلیی کۆن دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٧٨**)،[١٠٠] **یەکەمیان** لە چینی دووەمدا بووە, بەڵام شوێنی دۆزینەوەکەی نەزانراوە، درێژیی گشتیی ٢٧ سم و درێژیی دەمەکەی ٢١,٢ سم و زۆرترین فراوانیی ٤,٣ سم، ئەم خەنجەرە دوو کون لە دەسکە رێك و لاکێشەییەکەیدا هەن، شانەکانی گۆشەیین، دەمەکەی لە باری پانییدا شێوە نیسکییە و لێوارەکانی بەرەو کۆتاییەکەی کەمێك کەوانەییە، لێوارەکانی لێدراوی پێوەن، نووکەکەی کۆڵە.

**دووەم** خەنجەرێکی دەسك دارە لە چینی ٣ لە گۆڕی ژمارە(١٨٥) دۆزراوەتەوە درێژی گشتیی ٢٦ سم درێژی دەمەکەی ١٩,٩ سم زۆر ترین فراوان ٤,٦ سم ئەم دەمە خەنجەرە

---

[١٠٠] ئێستا لە مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد. بڕوانە:

Philip, *op. cit.*, p. 138-139.

شانەکانی چاڵە بەرەو دەمەکەی لە باری پانییەکەی شێوە نیسکییە لێوارەکانی بەرەو نووکەکەی لێدراوی پێوە دیارە, سێ کون لە دەسکەکەیدا هەیە.

**سێیەم** لە چینی دووەم, بەڵام شوێنی دۆزینەوەکەی نەزانراوە درێژی گشتیی ٢٠,٢ سم درێژی دەمەکەی ١٥,٣ سم زۆر ترین فراوان ٣,١ سم, ئەم خەنجەرە دەسکەکەی چەمیوەتەوە هیچ کونێکی تێدانییە, شانێکی چوارگۆشەیی هەیە و لایەکی شکاوە, لەباری پانییدا شێوە نیسکیە, و لە ناوەڕاستیدا درزێکی تێدایە.

**چوارەم** لە چینی دووەم ژووری ٥٥ دۆزراوەتەوە درێژی گشتیی ١٩,٨ سم درێژی دەمەکەی ١٥,٢ سم زۆر ترین فراوان ٤,٨ سم, ئەم دەمەخەنجەرە شانەکەی کەوانەییە و دەسکەکەی دوو کونی تێدایە لە یەك ئاست ئەوەی خوارەوەیان بە ژەنگ داخوراوە .دەمەکەی لە باری پانییدا شێوە نیسکییە و لێوارەکانی تیژەو تا بەرەو نوکەکەی بڕاوت باریك دەبێتەوە.

**پێنجەم** لە چینی ١ لە ژووری ٢ دۆزراوەتەوە درێژی گشتیی ٢٣,١ سم یان زیاترە درێژی دەمەکەی ٢٠,٧ سم زۆر ترین فراوان ٣,٩ سم یان زیاترە ئەم دەمە خەنجەرە شانەکانی خرە و لێوارەکانی داخوراوی پێوەیە و پەراسودار دەردەکەوێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە هێڵێکی راست, مشتەکەشی لە ژێر کونی یەکەمێوە شکاوە و لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی گشتیی وەك خۆی ماوە.

**شەشەم** و کۆتاییی شوێنی دۆزینەوەی نەزانراوە درێژی گشتیی ١٣,٧ سم زۆر ترین فراوانی ٣ سم دەمی خەنجەرەکە تەنکەو شانەکانی چوار گۆشەییە لێوارەکانی کەمێك چاڵە بۆ ناوەوە, پەراسویەکی تەنکی هەیە دەمەکەی کورتە و بچوکە.




وێنەی (٧٨) حەوت خەنجەر لە گردی سلێمە.

Philip, 1995, fig 9 (1-2-3-4-5).

### ٣-٦-١-٢-٨ گردی زوبەیدییە

دوو خەنجەری برۆنزیی لە چینی دووەم لەم گردەدا دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٧٩**)، یەکەمیان لە ژوورێکدا دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی بەگشتیی ٤٠ سم و درێژیی دەسکەکەی ١٤,٣ سم، لەوانەیە مێژووەکەی بۆ سەردەمی کاشییەکان بگەڕێتەوە.[١٠١] ئەم خەنجەرە مشتێکی درێژی هەیە و لە دار دروستکراوە و پاشان رووپۆشکراوە و دوو کونی تێدایە بۆ قایمکردنی، مشتەکەی ئەستوورە و بەرەو کۆتایی باریك دەبێتەوە و کۆتاییەکەی وەك چەتری کراوە وایە، لەنێوانی

[101] Boehmer, *op. cit.*, p. 62-63.

**مشتەکەی و شانەکانیدا دوو چاڵی هەن، شانەکانی گۆشە وەستاون، دەمەکەی درێژ و تەخت و ڕێك و باریکە و تا بەرەو کۆتاییەکەی بڕوات کەمێك باریك دەبێتەوە و نوکەکەی کۆڵە.**



**وێنەی (٧٩) خەنجەرێك لە گردی زوبەیدییە.**

Boehmer, 1985, Tfel.149 (647)

**دووەمیان (وێنەی ٨٠)، خەنجەرێکی ترە و لەگۆڕێك دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی ٢٧,٢ و درێژیی دەسکەکەی ٩,٦ سم، مێژووەکەی دیار نییە, بەڵام زۆر لەو خەنجەرانە دەچێت کە لە سەردەمی ئیسنی دووەمدا هەبوون، ئەم خەنجەرە لە سێ لاوە شکاوە بێجگە لە نووکەکەی، دەسکەکەی بە تەختە ڕووپۆشکراوە و تا ئێستا پاشماوەی رووپۆشەکەی پێوە ماوە، هەروەها ڕێك نییە و لای دەمەکەوە ئەستوورە و بەرەو کلکەکەی بەشێوەیەکی کەوانەیی باریکدەبێتەوە و لە کۆتاییدا پانە، دەمەکەی باریکە و بەرەو نوکەکەی زۆر تەسك نابێتەوە و لایەکی ڕێك کەلییەکی تێدایە.**



**وێنەی (٨٠) خەنجەرێك لە گردی زوبەیدییە.**

Boehmer, 1985, Tafel. 149 (647)

### ٣-٦-١-٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

#### ٣-٦-١-٣-١ دینخا تەپە

لە گۆڕێکدا دوو خەنجەر لە ناو گۆزەیەك دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٨١**)، مێژووەکەیان بۆ دینخای سێ (سەردەمی ئاسنی دوو) دەگەڕێتەوە.[١٠٢] ئەم دوو خەنجەرە کلکەیان ماوە و یەك کونیان تێدایە. **یەکەمیان** دەسکەکەی باریك وکورت و ڕێکە و کۆتاییەکەی کۆڵە، شانەکانی کەوانەیین، دەمەکەی پان و ڕێك و تەختە و تا بەرەو کۆتاییەکەی بڕوات کەمێك تەسك دەبێتەوە و نوکەکەی کۆڵە، لایەکی دەمەکەی ڕێك نییە و لە نزیکی نوکەکەی قرنجاوییەکی تێدایە.

**دووەمیان** دەسکەکەی پانە و کەمێك درێژە و کۆتاییەکەی کۆڵە، شانەکانی لە ئاستی یەکدا نین گۆشەدارن، دەمەکەی تەخت و ڕێکە و لەناوەڕاستییەوە بەرەو کۆتاییەکەی زۆر باریك دەبێتەوە و ئینجا بە ڕێکی تا نزیکی نوکە کۆڵەکەی دەڕوات.



وێنەی (٨١) دوو خەنجەر لە دینخاتەپە.

Muscarella, 1974, Fig.6.

---

[102] Muscarella, *op. cit.*, p. 40.

### ٣-٦-١-٣-٢ لوڕستان

لەم ناوچەیە سێ نمونەی خەنجەری لە برۆنز دروستکراو دۆزراونەتەوە, مێژووەکەیان بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[١٠٣]

**یەکەمیان** (وێنەی **٨٢**)، دەسك (شوێنی مشت)ەکەی خڕ و ئەستوورە و لە نیوەیدا باریکدەبێتەوە، شانی کەوانەییە، دەمەکەی پەراسوداره و بەرەو کۆتاییەکەی کەمێك باریك دەبێتەوە و نوکەکەی تیژە.



وێنەی (٨٢) خەنجەرێك لە لوڕستان.

Mushtagh Khorasani, 2009, fig.1.

**دووەم** (وێنەی **٨٣**)، خەنجەرێکی رێکە، مشتەکەی ماوە و لە برۆنز دروستکراوە و کۆتاییەکەی قارچکئاسایە, دەمەکەی ئەستوورە و لێوارەکانی تیژ دەرناکەون و بەرەو کۆتایی کەمێك باریك دەبێتەوە و نوکەکەی زۆر تیژ نییە.



وێنەی (٨٣) خەنجەرێك لە لوڕستان.

Khorasani, 2009, fig. 2.

---

[103] Khorasani, *op. cit.*, p. 198-199.

سێیەم (**وێنەی ٨٤**) خەنجەرێکی شێوە جیاوازە، مشتەکەی ماوە و دوو بەشە و ئەڵقەیەکی ئەستوور لەنێوانیاندایە، بەشی یەکەمی پێوەی لکێنراوە و شوێنی گرتنەکەی خڕە و کۆتاییەکەی لە زینی ئەسپ دەچێت، بەشی دووەمیشی خڕە بەڵام ئەستوورتر و کورتترە، شانەکانی گۆشەیین، دەمەکەی پەراسوودارە و تا بەرەو نووکەکەی بڕوات زۆر باریك دەبێتەوە و شێوەی سێگۆشەیەکی درێژکۆلەی وەرگرتووە و نوکەکەی تیژە.



وێنەی (٨٤) خەنجەرێك لە لوڕستان.

Khorasani, 2009, fig. 2.

## ٣-٦-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٣-٦-٢-١هەڵکۆڵراوی ئانو بانینی

پاشا خەنجەرێکی کردووە بە پشتوێنەکەیدا (**وێنەی ٨٥**)، تەنیا دەسکەکەی دیارە و وا پێدەچێت دەسکەکەی ئەڵقەیەکی پێوە بێت، شمتەکەی چاڵە و هەردوو سەرەکەی ڕێکە و لە کۆتاییەکەیدا دەرچوویەکی پێوەیە.



وێنەی (٨٥) مشتی خەنجەرەکەی ئانۆ بانینیی , هێڵکاریی: توێژەر

### ٣-٦-٢-٢ هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو

کەسی سەرەکی خەنجەرێکی پێیە وکردویەتی بەپشتوێنەکەیدا (**وێنەی ٨٦**),[104] تەنیا کۆتایی دەسکی خەنجەرەکەی دیارە و شێوەکەی خڕە.



وێنەی (٨٦) هەڵکۆڵراوی ئیددین-سین لە سەرپولی زەهاو

Postgate, 1997, fig. 6, p. 151.

### ٣-٦-٢-٣ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە

کەسی سەرەکیی خەنجەرێکی بە دەستی ڕاستی هەڵگرتووە (**وێنەی ٨٧**)، خەنجەرەکە لە شێوەی هێلکەیی درێژکۆڵەدایە دوو دەمی هەیە لەبەرئەوە پاشا ناوەڕاستی خەنجەرەکەی گرتووە، هەرچەندە لە هەندێك سەرچاوەدا وێنەکەی کەمێك جیاوازە، کورتیی دەمی خەنجەرەکە لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ئازایی و چاونەترسی خاوەنەکەی، چونکە لەنزیکەوە شەڕدەکات و لە دوژمنەکەی زۆر نزیك دەبێتەوە.

---

104 Ahmed, *op. cit.*, p. 249-250.



وێنەی (٨٧) خەنجەرێك بە دەستی ڕاستی کەسی سەرەکی            هێڵکاریی: تویژەر

وێنەگر: تویژەر

### ٣-٦-٣ مۆرەکان

### ٣-٦-٣-١ گردی لەیلان[١٠٥]

**جێ مۆری (وێنەی ٨٨) مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئاشووریی کۆن دەگەڕێتەوە.[١٠٦] لەم جێ مۆرەدا بوونەوەرێکی ئەفسانەیی دەبینرێت، خەنجەرێك بەدەستی ڕاستییەوەیەتی، بە دەستەکەی تری کلکی ئاژەڵێکی گرتووە لەوانەیە گا بێت.**

---

[١٠٥] **گردی لەیلان**: گردێکی شوێنەواریی گەورەیە و دەکەوێتە پارێزگای حەسەکە بەدووریی **٢٥** کم لە باشووری شاری قامیشلی. لەساڵی **١٩٧٧-١٩٧٨** لەلایەن تیمێکی شوێنەواریی زانکۆی (یێڵ)ی ئەمریکی بەسەرۆکایەتیی زانای شوێنەوارناس هارڤی ڤایس، کنەوپشکنین تێیدا دەستپێکردووە و بە چەند قۆناغێك کاری تێداکراوە. سەرەتای نیشتەجێبوون لەم گردەدا بۆ هەزارەی شەشەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. بڕوانە:

Weiss, H., Tell Leilan and the Dynamics of Social and Environmental Forces across the Mesopotamian Dry-Farming Landscape, *Schriften der Max Freiherr von oppenheim-Stiftung 18, 100 Jahre Archäologische Feldforschungen in Nordost-Syrien*, Wiesbaden, 2013, p. 101.



وێنەی (٨٨)جیٚ مۆرێك لـە گردی لـەیلان

باربیری، ١٩٨٨-١٩٨٩, الـشكل ١٧.

### ٣-٦-٣-٢ نوزی

لـە جیٚ مۆرێك لـە نوزی کە پێشتر باسکراوە (**وێنەی ٨٩**)، دوو خەنجەر دەردەکەوێت، یەکێکیان بەدەستی چەپی پاڵەوانە ڕووتەکەوەیە (کەسی١)، دەمەکەی سێگۆشەیی پانە و کۆتاییەکەی باریك و درێژە، مشتەکەی کورت و باریکە، ئەوی تریان بە دەستی ڕاستی پاڵەوانەکەی ترەوەیە (کەسی٢) و ڕووەو دەموچاوی شێرەکە ڕایگرتووە، ئەم خەنجەرە هاوشێوەی ئەوەی یەکەمە تەنها ئەوەندە نەبێت کە نوکەکەی درێژ نییە.[١٠٧]




وێنەی (٨٩) جیٚ مۆرێك لـە نوزی

Starr, 1934, Pl. 119 (A).

---

[١٠٦] باريرى, دومينيك, "تل ليلان ١٩٨٧ الأختام وطبعات الاختام", *الحوليات الأثرية السورية*, ٣٨-٣٩, (١٩٨٨-١٩٨٩).

[107] Starr, *op. cit.*, p. 444.

لە (**وێنەی ٩٠**)، خواوەندی کەشوهەوا دەرکەوتووە لەلای چەپی مۆرەکەوەیە. بەدەستی ڕاستی چەکێکی پێیە لەوانەیە خەنجەر بێت، دوو بوونەوەری تریش لە لای راستی مۆرەکەوەن.



وێنەی (٩٠) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 404.

لە جیٚ مۆری (**وێنەی ٩١**)دا (کەسی ١) وەستاوە و لە پشتییەوە خواوەندێك دەرکەوتووە بەدەستی ڕاستی ئامرازێکی پێیە کۆتاییەکەی وەك مانگ وایە، بەدەستی چەپی خەنجەرێکی پێیە و لەکاتی لێداندایە, قاچی لەسەر پشتی گایەك داناوە.



وێنەی (٩١) جیٚ مۆرێکی میتانی لە نوزی.

Herles, 2006, 59 (132).

لە (**وێنەی ٩٢**) بوونەوەرێك لە لای ڕاستی جیٚ مۆرەکەوەیە لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە، دوو شت بە هەردوو دەستییەوەتی لە خەنجەر دەچن, لە ناوەڕاستیشدا خواوەندی کەشوهەوا لەسەر پشتی شێرێکی باڵدار دەبینرێت، ئەو کەسەی بەردەم خواوەند پێدەچێت پاشا بێت و عیبادەتی بۆ بکات.



١

وێنەی (٩٢) جیٚ مۆرێکی میتانی لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. 60 (135).

لە جیٚ مۆری (**وێنەی ٩٣**) لەلای چەپی مۆرەکە کەسێك وەستاوە و ڕووتە و دوو خەنجەر بە هەردوو دەستییەوەیەتی و دەیەوێت لە ئاژەڵێك بدات و بیکوژێت، لە پشتی ئاژەڵەکەوە کۆمەڵێك بازنەی پێکەوە لکاو لەشێوەی هێڵێکی پاندا دەردەکەوێت کە لەوانەیە وێنەی زنجیرە شاخ بنوێنێت، لە پشتی ئەم دیمەنەوە خواوەند تێشوب لەسەر پشتی ئاژەڵێکی باڵدار وەستاوە و دوو چەپکە هەورە بروسکەی بە هەردوو دەستی هەڵگرتووە، لە پشتی ئەمەشەوە دیمەنێکی تر هەیە ئەویش دوو بزنەکێویی شاخدارن و لەسەر قاچی دواوەیان وەستاون و پشتیان لەیەك کردووە و سەریان سوڕاندووەتەوە و سەیری یەکتری دەکەن و لەژێر پێیاندا ئاژەڵێکی تر هەیە.



وێنەی (٩٣) جیٚ مۆرێکی میتانی لەنوزی

Herles, Tafel, 2006, 62(150)

## ٣-٧ چەقۆ

### ٣-٧-١ دۆزراوەکان

### ٣-٧-١-١ باشووری کوردستان

#### ٣-٧-١-١-١ با سموسیان[١٠٨]

چەقۆیەکی لە کانزا دروستکراو لە چینی چوارەم دۆزراوەتەوە (وێنەی ٩٤)، مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، درێژیکەی ٢٢,٧ سم،[١٠٩] ئەم چەقۆیە شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی زۆر باریکە، دەمی چەقۆکەش پانە و تا بەرەو نوکەکەی بڕوات باریك دەبێتەوە و نوکەکەی کۆڵە.



وێنەی (٩٤) چەقۆیەك لە با سمۆسیان

Abu-al suf, 1970, Plate 19.

#### ٣-٧-١-١-٢ گردی بەکراوە

دوو چەقۆی لە مس دروستکراو لەناو گۆڕێکی چینی شەشەمی ئەم گردەدا دۆزراونەتەوە. مێژووەکەیان بۆ دەوروبەری (١٨٠٠-١٥٠٠ پ. ز.) دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٩٤-A**).[١١٠] ئەم دوو دەمە چەقۆیە تەخت و پانن دەسکەکانیان شکاوە.

---

[١٠٨] گردی با سموسیان: گەورەترین گردی دەشتی بتوێنە, دەکەوێتە باشووری شارۆچکەی ڕانیە بەدووریی ١٢ کم. بڕوانە:

Abu-al Soof, B., "Mounds in The Rania Plain And Excavation at Tell Basmusian", *Iraq*, Vol. XIX, (1970), p. 75.

[109] Abu-al Soof, *op. cit.*, p. 65.

[١١٠] الحسيني, *المصدر السابق*, ص. ١٤٩.



وێنەی (A-٩٤) دوو چەقۆ لە گردی بەکراوە.

الحسيني,١٩٦٢, لوح ٤ (٦-٧)

هەروەها چەقۆیەکی لاشکاویش لە گەڵیاندا دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٩٥**).[111]



وێنەی (٩٥) چەقۆیەکی شکاو لە گردی بەکراوە.

الحسيني, ١٩٦٢, لوح ٣ (٦-٧)

### ٣-٧-١-١-٢ گردی زوبەیدییە

لە چینی دووەمی ئەم گردەدا دەمە چەقۆیەکی برۆنزیی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٩٦**), مێژووەکەی بۆ سەردەمی کاشییەکان دەگەڕێتەوە, درێژییەکەی ١٣,٤ سم پانییەکەی ١,٣ سم ئەستوورییەکەی ٠,٢١ سم.[112] ئەم چەقۆیە شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی ماوە و کۆتاییەکەی کەمێك خرە، هەردوو لای دەمەکەی و نووکەکەی تیژە.

[111] الحسيني, *المصدر السابق*, ص. ١٥٢.

[112] Boehmer, *op. cit.*, p. 63.



وێنەی (٩٦) چەقۆیەك لە گردی زوبەیدییە.

Boehmer, 1985, Tafel. 148 (651)

### ٣-٧-١-٢ رۆژهەڵاتی کوردستان

### ٣-٧-١-٢-١ دینخا تەپە

لە گۆڕی (B8e) دەمە چەقۆیەکی لە ئاسن دروستکراو لە دینخا تەپە دۆزراوەتەوە, مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز دەگەڕێتەوە (**وێنەی ٩٧**).[113] ئەم دەمە چەقۆیە قەبارەی گەورەیە و پانە و نوکەکەی خوارە و لای راستی نوکەکەی شکاوە, شوێنی پێوەکردنی دەسکەکەی رێك و کورتە و هیچ کونێکی پێوە نییە بۆ بەستنی دەسکەکەی.



وێنەی (٩٧) دەمە چەقۆ لە دینخا تەپە.

Muscarella, 1974, Fig. 48.

113 Muscarella, *op. cit.*, p. 72.

## ٣-٧-٢ مۆرەکان

### ٣-٧-٢-١ گردی براك

ئەم جێ مۆرەی (**وێنەی ٩٨**) بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە, لەلای راستیدا دیمەنی کەسێکە وەستاوە و بەدەستی راستی ئاژەڵێکی بە سەرەوخواری هەڵگرتووە, بەدەستی چەپیشی چەقۆیەکی پێیە (لەوانەیە بیەوێت ئاژەڵەکە سەربڕێت)، لایەکەی تری مۆرەکە دیمەنی شێرێکە هێرشدەکاتە سەر بزنێکی شاخدار, وێنەی باڵندەیەکیش لەسەروی ئەم دیمەنانە کێشراوە, لەپاڵ ئەمانەشدا سەری گا وهەندێك دیمەنی تر دەبینرێت.[١١٤]



وێنەی (٩٨) جێ مۆرێکی میتانییەکان لەگردی براك.

Matthews, 1997, fig. 79.

### ٣-٧-٢-٢ نوزی

لە جێ مۆرێکی سەردەمی میتانییەکان (**وێنەی ٩٩**)، خواوەندێك لەلای ڕاستی مۆرەکە دەردەکەوێت چەقۆیەکی پێیە لەبەرامبەر پاشا ڕای گرتووە و خواوەند لاماش لە پشتیانەوە وەستاوە و هەردوو دەستی بەرزکردۆتەوە بۆشایی مۆرەکەش بە چەند هێمایەك پڕکراوەتەوە.

---

114 Matthews, op. *cit.*, p. 5.



وێنەی (٩٩) جێ مۆرێکی میتانییەکان لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. 62 (153).

### ٣-٧-٢-٣ شوێنی تر

لە جێ مۆرێکی میتانییەکان (**وێنەی ١٠٠**)، پاشا لەسەر کورسییەك دانیشتووە و بەدەستی ڕاستی چەقۆیەکی پێیە، یەکێکیش لەسەر ئەژنۆ لەبەرامبەری دانیشتوە و وەك ئەوە وایە لێی بپاڕێتەوە، وێنەی ئەستێرە و مانگیش لە بەشی سەرەوەی مۆرەکە دەبینرێت.



وێنەی (١٠٠) جێ مۆرێکی میتانی ئاشوور.

Herles, 2006, Tafel. 73 (236).

## ٣-٨ شمشێر

### ٣-٨-١ مۆرەکان

### ٣-٨-١-١ گردی براك

لە یەکێك لە مۆرەکانی گردی براك کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە (**وێنەی ١٠١**)، کەسێك وەستاوە (کەسی ١) و دەستی ڕاستی بەرزکردووەتەوە و لەوانەیە

شتێکی بەدەستەوە بێت، بەدەستی چەپی چەکێکی پێیە کۆتاییەکەی لەدەمی داس دەچێت و لەوانەیە شمشێر بێت.



١

وێنەی (١٠١) جێ مۆرێك لە گردی براك.

Matthews, 1997, fig. 67, p. 51.

لە جێ مۆرێکی تری گردی براك (**وێنەی ١٠٢**) دیمەنی پیاوێکی وەستاو (کەسی ١) دەبینین بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە و دەمی شمشێرەکە لە دەمی داس دەچێت.[١١٥]



١

وێنەی (١٠٢) جێ مۆرێ لە گردی براك.

Matthews, 1997, fig. 70.

[115] Matthews, op. cit., p. 52.

### ٣-٨-١-٢ نوزی

کۆمەڵێك جیٚ مۆر لە نوزی دۆزراونەتەوە مێژووەکانیان بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە و وێنەی شمشێریان لەسەرە، وەك (**وێنەی ١٠٣**)[١١٦]



وێنەی (**١٠٣**) جیٚ مۆرێکی سەردەمی میتانییەکان لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. 64 (165).

لە (**وێنەی ١٠٤**)[١١٧] خواوەندێك لەبەرامبەر خواوەندی کەشوهەوا (تێشوب Teššub)[١١٨] وەستاوە و بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە و دەمەکەی لەشێوەی داسدایە، زۆر لە خواوەندی هیتییەکان دەچێت.[١١٩] خواوەند تیشوب ڕاوەستاوە و قاچی چەپی خستۆتە سەر

---

[١١٦] بۆ شارەزایی باسی ئەم جیٚ مۆرە بڕوانە لاپەرە (٢١٦)ی ئەم نامەیە.

[117] Herles, *op. cit.*, fig.(59) 126.

[118] Jordan, M., *Dictionary of Gods and Goddesses*: Facts on File library of Religion and Mythology, Second Edition, 2004, p. 310.

[١١٩] رضا, هاژە عبد الجبار, *الأزياء والملابس في آثار كوردستان خلال الألف الثالث والثاني ق. م.*: دراسة آثارية–فنية, رسالة ماجستير في الآثار، غير منشورة, كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية،٢٠١٦, ص. ١١٩, صوره (١٥٩–١٦١).

پشتی ئاژەڵێك و بەدەستی چەپی نیشانەی رووناكیی پێیە و بەدەستی ڕاستیشی شمشێرێكی پێیە، تەنوورەیەكی درێژی لەبەردایە بەشی پێشەوەی كراوەتەوە و پشتوێنێكی پانی لەپشتدایە، لە بەشی لای ڕاستی مۆرەكەدا دوو بوونەوەر دەركەوتوون نیوەی سەرەوەی لاشەیان مرۆڤە و نیوەكەی خوارەوەشیان ئاژەڵە و هەر یەكەیان دەستی بە لایەكی ئاڵایەكەوە گرتووە كە لە شێوەی ئەستێرەیەكی گەورە دایە لە ناو بازنەیەكدا و بەسەر دارێكی بەرزەوەیە و لە ئاستی باڵای هەردووكیاندایە.[١٢٠]



وێنەی (١٠٤) جیّ مۆرێك لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. (59) 125.

لە (وێنەی ١٠٥) خواوەند تێششوب لەلای چەپی مۆرەكەوە وەستاوە و قاچی لەسەر شێرێكی باڵدار كە ئاو لە دەمییەوە دەردەچێت، داناوە, بەدەستی راستی شمشێرێكی پێیە كەسێكیش بەدەستی چەپی ئاژەڵێكی پێیە قوربانی دەكات و لە بەرامبەری وەستاوە و دەستێكی بەرزكردۆتەوە، لە ناوەڕاستیاندا هێمای مانگ و خۆر هەیە لەسەر بنكەیەك دانراوە، لە هەردوو لای مۆرەكە نووسینی مێخی هەیە.

[120] Jordan, *op. cit.*, p. 31.



وێنەی (**١٠٥**) جیۆ مۆرێك لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. (59) 130.

**لەم جیۆ مۆرەدا (وێنەی ١٠٦)، دوو کەس دەرکەوتوون کە یەك جۆر چەکیان پێیە، یەکێکیان کەسێکی قەبارە بچووکە لەوپەڕی لای چەپی مۆرەکەیە و بە دەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە، ئەوی تریان بوونەوەرێکی ئەفسانەیی باڵدارە لەسەر پشتی گایەك وەستاوە و بەدەستی چەپی شمشێرێکی پێیە، بەڵام کۆتایی مشتی شمشێرەکە کە کەوانەیی و سەرپانە دەبینرێت.**



وێنەی (**١٠٦**) جیۆ مۆرێك لە نوزی.

Herles, 2006, Tafel. (67) 195.

**لە جیۆ مۆری (وێنەی ١٠٧) پاشایەك وەستاوە و رووی لەلای راستە و باڵندەیەك لەسەر شانی چەپییەتی و ئاژەڵێکی شاخدار کە پێدەچێت بزن بێت لەبەردەمیدا لەسەر دوو قاچی وەستاوە، پاشا جلێکی درێژی لەبەردایە و بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە. کەسێك لە**

بەرامبەری وەستاوە، پێدەچێت خواوەند لاما بێت، هەردوو دەستی بەرزکردووەتەوە, کەسی سێیەم لەنێوان کەسی سەرەکی و نووسینەکەدایە، وا پێدەچێت خزمەتکار بێت, لەلای چەپی مۆرەکە نوسینێکی مێخی هەیە لە سێ دێڕ پێکهاتووە.



وێنەی (١٠٧) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Herles, 2006, (68) 198.

لە (**وێنەی ١٠٨**),[١٢١] خواوەندی کەشوهەوا قاچی لەسەر پشتی شێرێکی باڵدار داناوە، دەستی ڕاستی بروسکی پێیە, بە دەستی چەپی شمشێرێکی پێیە، هەر چەندە شمشێرەکە دەمەکەی دیار نییە و لەسەر جیٚ مۆرەکە سڕاوەتەوە.

---

[121] Wäfler, M., *Die Siegelabrollungen von Tall al-Hamīdīya*, Masterarbeit in Vorderasiatischer Archäologie am Institut für Archäologie der Universität Bern, 2008, p. 10



وێنەی (١٠٨) جیٚ مۆرێك لە نوزی

Wäfler, 2008, Abb. 5 (C).

لە (**وێنەی ١٠٩**) کەسێك وەستاوە هەردوو دەستی بەرزکردووەتەوە، لەوانەیە خواوەند لاما بێت، لەبەرامبەر پاشادا, پاشاش بەدەستی راستی شمشێرێکی پێیە دەمی شمشێرەکە لە دەمی داس دەچێت، کەسێکی تریش لە پشتییەوە وەستاوە لەوانەیە خزمەتکار بێت، لە لای چەپ و لە بەشی خوارەوەدا دوو کەسی قەبارە بچووك وەستاون و هەردووکیان دەستیان بە بنکەیەکەوە گرتووە گۆزەیەکی لەسەرە.




وێنەی (١٠٩) جیٚ مۆرێك لە نوزی. هێڵکاریی: توێژەر

Wäfler, 2008, Abb. 7 (b); Porada, 1948, fig. 94.

لە (**وێنەی ١١٠**)دا لەلای ڕاستی مۆرەکە دوو کەس وەستاون، (کەسی ٢) بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە دەمی شمشێرەکە لە دەمی داس دەچێت، مەیمونێك لەبەردەمیدایە، لەبەرامبەریشی کەسێك وەستاوە شتێك بەدەستی ڕاستییەتی. لە ناوەڕاستی مۆرەکەدا نووسینێکی مێخی هەیە کە لە پێنج ستونی عەمودی پێك هاتووە لەو پەری لای چەپی مۆرەکە کەسێك وەستاوە.



وێنەی (١١٠) جیَ مۆرێك لە نوزی

Porada, 1948, fig. 699; Wäfler, 2008, Abb. 19 (f).

هەروەها لە جیَ مۆرێکدا (**وێنەی ١١١**)، ڕاوکەرێك دەردەکەوێت شمشێرێکی دەم ئاسایی بەپشتیدا هەڵواسیوە و دەستی ڕاستی بۆ بردووە، بەدەستی چەپیشی ئاژەڵێکی سەربەرەوخوار هەڵگرتووە، ڕاوچییەکە جلێکی درێژی پێشکراوەی لەبەردایە.



وێنە

هەروەها لە (**وێنەی ١١٢**)[١٢٢] زۆر دیمەن دەردەکەوێت، لەلای چەپی وێنەکە کەسێك لەوانەیە کەسایەتی پاشابێت، دەردەکەوێت و بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە دەمی شمشێرەکە لە دەمی داس دەچێت، **خواوەند لاما**[١٢٣] لە بەرامبەری وەستاوە و هەردوو دەستی بەرزکردووەتەوە. کەسێك لە ناوەڕاستیاندا لەسەر ئەژنۆیەکی رووەو پاشا دانیشتووە و سەری بەرزکردووەتەوە و تەماشای پاشا دەکات. لە بەشی لای ڕاستی مۆرەکەدا دیمەنی جیاواز دەردەکەوێت.



وێنەی (١١٢) جێ مۆرێك لە نوزی.

Porada, 1944-1945, fig. 651.

---

[122] Porada, E., *Seal Impression of Nuzi*, Vol. 24, The American Schools of Oriental Research, (1944-1945), Fig. 651.

[١٢٣] **خواوەند لاما**: خواوەندێکی تایبەت بە تاکەکەسان بووە, ڕۆڵی نێوەندگیریی نێوان مرۆڤ و خواوەندە گەورەکانی بینیوە و کاری پاراستنی مرۆڤ بووە لە هێزە شەڕەنگێزەکان, بۆ یەکەمجار ئەم خواوەندە لەسەر مۆرەکانی سەردەمی ئەکەدیی لە هونەری میسۆپۆتامیادا دەردەکەوێت, لەسەر مۆری میتانییەکانیش لە نوزی دەردەکەوێت، ئەم خواوەندە زۆربەی کات هەردوو دەستی بەرزکردوونەتەوە تا ئاستی چەناگەی، بەهۆی ئەم دەستبەرزکرنەوەوە دەزانرێت خواوەند لامایە. بڕوانە: حاج درویش، *المصدر السابق*, ص. ١١٠، بۆ زانیاریی زیاتریش بڕوانە:

Coulter, C. R., and Turner, P., *Encyclopedia of Ancient Deities*, Routledge, Taylor Francis Group, New York, 2000, p. 282.

لە (**وێنەی ١١٣**) پاشا وەستاوە و بەدەستی راستی شمشێرێکی شێوە دەمە داسی پێیە.[١٢٤] لە بەرامبەریدا **خواوەند لاما** وەستاوە، هەندێك دیمەنی تری وەك ئاژەڵ و داری ژیان و چەند کەسێکی قەبارە بچووك دەردەکەون.[١٢٥]



وێنەی (١١٣) جێ لە نوزی　　　هێلکاریی توێژەر

Porada, 1944 -1945, fig. 653.

لە جێ مۆرێکی تر (**وێنەی ١١٤**)، لەلای راستی مۆرەکە پاشا دەردەکەوێت (کەسی ١) و بەدەستی چەپی شمشێرێکی پێیە، لەبەردەمیدا سێ کەس دەردەکەون، (کەسی ٢) لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە و دەستێکی بەرزکردووەتەوە وەك ئەوەی سڵاو بکات و دەستەکەی تری لە پشتییەوەیەتی و لەسەروی سەری هێمای مانگ هەیە, بەڵام (کەسی ٣) هەردوو دەستی بەرزکردووەتەوە لە بەرامبەر پاشا, (کەسی ٤) بەهەمان شێوەی کەسی پێشی خۆی هەردوو

---

[١٢٤] بۆ بینینی دیمەنی هەمان شێوە بڕوانە:

Porada, *op. cit.*, Fig. 654.

[١٢٥] **داری ژیان:** ئەو دارەیە لە هونەری میسۆپۆتامیادا لەسەر مۆر و گڵێنە و وێنەی سەر دیوارەکان دەردەکەوێت، دارێکی قەد رێك و کەمێك درێژە و چواردەوری بە کۆمەڵێك نەخش و زەخرەفەی دیکەی وەك گەڵا و گوڵ و بەری دارەکە گیراوە. داری ژیان جیاوازە لە داری پیرۆز، لەبەرئەوەی داری ژیان بەری هەیە و داری پیرۆز بەری نییە. بڕوانە: مارف, دلشاد عزیز, *أختام اسطوانية غير منشورة في متحف السليمانية*, رسالة ماجستير في الآثار, غير منشورة, كلية الآداب، جامعة صلاح الدين, أربيل, ٢٠٠٦, ص١٩١; الباشا, حسن, *الفنون القديمة فى بلاد الرافدين*, القاهرة، ط١, ٢٠٠٠, ص. ١٠٩.

دەستی بەرزکردووەتەوە، لە ناوەڕاستی کەسی (٣ و ٤) بزنێك هەیە، لە بەشی چەپیش نووسینێکی بزماری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دوو ریز ئاسك لە سەر و خواری مۆرەکە هەیە، ریزی سەرەوە ٦ ئاسکە و هی خوارەوەش ٧.




وێنەی (١١٤) جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1988, abb. 7.

لە (وێنەی ١١٥) کە پێشتریش باسی لێوەکراوە،[١٢٦] کەسی سێیەم، لەوانەیە پاشا بێت، شمشێرێکی شێوە دەمە داسی بەدەستەوەیە.[١٢٧]

---

[١٢٦] بروانە لاپەرە (٢٠٩-١١٠)ی ئەم نامەیە.

[7] Stein, "Winged Disks and Sacred…., Fig 16, p. 588.




وێنەی (١١٥) جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1988, abb. 5.

لەجێ مۆرێکی تر (وێنەی ١١٦)، پاشایەك دەبینرێت وەستاوە و شمشێرێکی پێیە و لەبەردەمیدا کاهینێك وەستاوە و دەموچاوی دەمامکێکی پێوەیە لە شێوەی بزنە کێوی,[١٢٨] لەپشتی پاشاکەوە کاهینێکی تر وەستاوە، لە بەشی سەرەوەی لای راستی ئەم مۆرەدا ئاژەڵێك دەردەکەوێت لەکاتی پشوودان دایە و لە خواری ئەمەشەوە هێمایەك هەیە لە لقوپۆپی دار دەچێت و لەسەروی ئەمەشەوە بوونەوەرێکی باڵدار هەیە.



وێنەی (١١٦) جێ مۆرێك لە نوزی.

Porada, 1944 -1945, Fig. 93.

[128] Curtis, J. E. and Reade, E., *Art and Empire Treasures from Assyria in The British Museum*, London, 1995, p. 6

هەروەها لە (**وێنەی ١١٧**)[١٢٩] دیمەنی ئاینی کێشراوە, پاشا لە بەرامبەر خواوەند وەستاوە و لە ناوەڕاستیاندا ئاژەڵێك بەرەو رووی پاشا لەسەر هەردوو قاچی وەستاوە، پاشا بەدەستی چەپی شمشێرێکی پێیە دەمەکەی لە شێوەی دەمە داس دایە، لەلای راستی ئەم جێ مۆرەدا دیمەنی ژمارەیەك ئاژەڵ دەردەکەون لەنێوانیاندا **بوونەوەری باڵدار** (**Sphinxes**) دەبینرێت.[١٣٠]



وێنەی (١١٧) جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 2001, fig. 1.

[129] Stein, D., "The Pula-Ḫali Family Archive (Seals and Sealing Practice)", *SCCNH*, Vol. 11, ed. Owen, D. I. and Wilhelm, G., Maryland, (2001), p. 250.

[١٣٠] **بوونەوەری باڵدار** (**Sphinxes**) شێرێکی باڵدارە و سەری مرۆڤە، لەسەر ئەو مۆرانەی نوزی زۆر دەردەکەوێت کە بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەسەر مۆرەکانی ناوچەی سوریا دەرکەوتوون کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە، هەروەها لەسەر مۆرەکانی سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاست دەردەکەوێت. بڕوانە: حاج درویش، "نضال محمود، من واششوكاني إلى رأس العين، لمحة تاريخية عن موقع تل فخيرية وأهم مكتشفاته الأثرية"، *ژین ٦* ، (٢٠١٤), ص. ٢٢;
Herles, *op. cit.*, p. 272-282.

لە نوزی کۆمەڵێك جێ مۆری لولەیی دۆزراوەتەوە هی ئەرشیفی خێزانی (**پولا خالی**)یە (**Pula-Ḫali**) (**وێنەی ١١٨**)،[١٣١] بە شێوەیەکی گشتیی دیمەنی ئەم جێ مۆرە داری ژیان نیشاندەدات کە دوو کەس لەملاولای دارەکە وەستاون، کەسی لای چەپ کە لەوانەیە پاشا بێت شمشێرێك بە دەستی راستییەوەیەتی، دەمی شمشێرەکە لە دەمی داس دەچێت، لە بەرامبەری کەسێك وەستاوە و هەردوو دەستی بەرز کردوونەتەوە، لەناوەڕاستیاندا داری ژیان هەیە، لە بەشی لای راستی ئەم جێ مۆرە دوو بوونەوەری باڵدار دەردەکەون (گریفین) و لە ناوەڕاستیاندا شریتێکی حەلەزۆنی هەیە.



وێنەی (١١٨) جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 2001, fig.165.

لە (**وێنەی ١١٩**) کەسێك وەستاوە لەبەردەم پاشادا دەمامکی کردووە، پاشا بەدەستی راستی شمشێرێکی لەشێوەی دەمە داس پێیە، کەسێکیش لە پشتی پاشاوە وەستاوە لەوانەیە خواوەندی پلە دوو بێت.

---

[١٣١] لە نوزی کۆمەڵێك جێ مۆری لوولەیی لە ئەرشیفی خانەوادەی (**Pula-ḫali**)دا دۆزراوەتەوە، ئەم خانەوادەیە بە دامەزرێنەری (**Tupšarriniwe**) دادەنرێت، کە گوندێکی بچووکە و بەدووریی ٣ کم دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای نوزی لە نزیك تەل فوخار لە هەرێمی ئارابخا. ئەم مۆرانە بەپێی ئەو دیمەنانەی لەسەریان دەردەکەون هەمان سیفەتی مۆرە میتانییەکانن، لە چەند کۆمەڵەیەکدا پۆلێنکراون. بڕوانە:

Stein, *op. cit.*, p. 251.



وێنەی (١١٩) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Porada, 1948, fig. 93.

لە جیٚ مۆری (**وێنەی ١٢٠**)، کەسی (٢) دەبینرێت جلێکی درێژی لەبەردایە و بەدەستی چەپی شمشێرێکی پێیە دەمەکەی گەورە و چەماوەیە, لەبەردەم خواوەند لاما دا (کەسی ١) وەستاوە, لە پشتییەوە خواوەندێك دەرکەوتووە بەدەستی چەپی ئامرازێکی پێیە کۆتاییەکەی وەك مانگ وایە, قاچی لەسەر پشتی گایەك داناوە.



وێنەی (١٢٠) مۆرێکی میتانییەکان لە نوزی دۆزراوەتەوە.

Herles, 2006, Tefel. (69)132.

لە جیٚ مۆێکی تردا (**وێنەی ١٢١**) لەوپەڕی لای چەپی مۆرەکەدا پاشا وەستاوە بە دەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە مشتەکەی درێژە و کۆتاییەکەی چەماوەتەوە، لەبەردەمیدا ئاژەڵێك هەیە کە لەسەر هەردوو قاچی وەستاوە، لەپشت ئاژەڵەکەوە کەسێك وەستاوە و هەردوو دەستی

بەرزکردووەتەوە، لەوانەیە خواوەند لاما بێت، لەبەردەمی ئەمیشدا ئاژەڵێك لەسەر هەردوو قاچی وەستاوە.



وێنەی (١٢١) جیَ مۆرێکی نوزی

Porada, 1948, fig. 494.

لە جیَ مۆری (**وێنەی ١٢٢**) لەلای ڕاستدا خواوەندێك (کەسی ٢) وەستاوە هێمایەکی بەدەستەوەیە، لەبەرامبەریشی کەسێك وەستاوە، لەوانەیە پاشا بێت، بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە, کەمێکی کۆتایی دەمی شمشێرەکە دیار نییە.[١٣٢]



٢

وێنەی (١٢٢) جیَ مۆرێك نوزی

Porada, 1948, fig. 636.

---

[١٣٢] بۆ بینینی جیَ مۆری زیاتری لەم شێوەیە، بڕوانە:
Porada, *op. cit.*, fig. 650-651-652-653.

له جیٚ مۆرێكی تر (**وێنەی ١٢٣**)، دوو كەس لە ناوەڕاستی مۆرەكە وەستاون و لەبەرامبەر یەكن، (كەسی ١) بەدەستی ڕاستی شمشێرێكی پێیە, دەمی شمشێرەكە لە دەمی داس دەچێت، كەسێكی قەبارە بچووك لە ناوەڕاستیاندا وەستاوە، لەملاولای مۆرەكە دیمەنی ئاژەڵ دەبینرێت.



وێنەی (١٢٣) جیٚ مۆرێك لە نوزی.                    هێڵكاریی: توێژەر

Porada, 1948, fig.704.

له جیٚ مۆرێكی تر (**وێنەی ١٢٤**)، كەسێك دەبینرێت لە لای چەپی مۆرەكە، لەوانەیە پاشا بێت، بەدەستی ڕاستی شمشێرێكی پێیە دەمەكەی گەورەیە و بەشێوەیەكی گشتیی ئەم شێوە شمشێرە كەم دەبینرێت، لەبەردەمی ئەم كەسەدا هەندێك ئاژەڵ دەبینرێت, لە لای ڕاستی مۆرەكە چوار ستوونی نووسین هەیە، بەڵام نووسینەكە سڕراوەتەوە یاخود هێشتا نووسینەكە نەنوسراوە.



وێنەی (١٢٤) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Porada, 1948, fig. 796.

هەروەها لە (**وێنەی ١٢٥**)، [١٣٣] کەسێك وەستاوە لەوانەیە پاشا بێت بەدەستی چەپی شمشێریکی پێیە دەمی شمشێرەکەی لە دەمە داس دەچێت.کەسایەتییەکی تریش لەبەرامبەری وەستاوە هەردوو دەستی بەرزکردوونەتەوە، لەوانەیە خواوەند لاما بێت، لەلای ڕاستی جیٚ مۆرەکەش دیمەنی ئاژەڵ دەرکەوتووە.



وێنەی (١٢٥) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 2.

لە جیٚ مۆری (**وێنەی ١٢٦**)دا دیمەنی سەرەکیی دوو کەسن و لەلای چەپ و ناوەڕاستی مۆرەکە وەستاون. کەسی لای چەپ بەدەستی چەپی چەکێکی پێیە و تەنیا دەسکەکەی دیارە بەڵام لەوانەیە شمشێر بێت، لەبەرئەوەی زۆر لە جیٚ مۆری (وێنەی ١٢٥) دەچێت، ئەو کەسەی

[133] Stein, The Seal Impressions…. , Fig. 2.

چەکەکەی بەدەستەوەیە لەوانەیە خواوەند بێت چونکە دەموچاوی لەسەر لایە, لە ناوەڕاست و لەلای راستی مۆرەکەوە دیمەنی ئاژەڵ و باڵندە و نەخشی زەخرەفیش دەبینرێت.



وێنەی (١٢٦)جیّ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 17.

لەم جیّ مۆرەی (**وێنەی ١٢٧**)دا لەلای چەپ مرۆڤی گا دەبینرێت، بەدەستێکی نیشانەی خواوەندی مانگ و بەدەستەکەی تریشی هێمای خواوەندی خۆر هەیە. کەسێکی تریش لە لای ڕاستی مۆرەکە وەستاوە و شمشێرێکی پێیە و ئاژەڵێکیش لەبەردەمیدایە.



وێنەی (١٢٧) جیّ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 337.

هەروەها لە (**وێنەی ١٢٨**)دا هەر چەندە دیمەنەکان باش دیار نین, بەڵام کەسی لای چەپی مۆرەکە بەدەستی راستی شمشێرێکی چەماوەی پێیە. ئاژەڵێکیش لەناوەڕاستی مۆرەکەدا دەرکەوتووە، لەوپەڕی لای ڕاست شمشێرێك دەرکەوتووە، بەڵام ئەمە دووبارە بوونەوەی دیمەنەکەی لای چەپە نەك هی کەسێکی تر.



وێنەی (١٢٨) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 54.

لەجیٚ مۆری (**وێنەی ١٢٩**) کەسێك وەستاوە لە ناوەڕاستی مۆرەکەدا بەدەستی راستی چەکێکی پێیە لەوانەیە شمشێر بێت, ئاژەڵێکیش لەبەردەمیدایە.



وێنەی (١٢٩) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 119.

هەروەها لە (**وێنەی ١٣٠**)دا سیٚ کەس دەرکەوتوون، کەسی ناوەڕاست بەدەستی راستی شمشێرێکی پێیە بەڵام دەست و مەچەکی کەسەکە دەرنەکەوتووە.



وێنەی (١٣٠) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 159.

جیٚ مۆری (وێنەی ١٣١) دیمەنی ڕاوکردن نیشاندەدات، کەسی سەرەکیی بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی پێیە و بەدەستی چەپی ئاژەڵێکی سەر بەرەو خوار هەڵگرتووە لەوانەیە بەچکە ئاسك بێت, دوو ئاژەڵی تریش لەسەر دوو پیٚ لەبەرامبەری وەستاون, کەسێکی تریش لەپشت ڕاوکەرەکەوە وەستاوە و هەردوو دەستی بەرز کردووەتەوە, لەوانەیە خواوەند لاما بێت.



وێنەی (١٣١) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 343.

لە (وێنەی ١٣٢)دا سیٚ کەسایەتی بەپێوە وەستاون، کەسی لای چەپی مۆرەکە (کەسی ١) بەهەردوو دەستی شمشێرێکی چەماوەی هەڵگرتووە, کەسی (٢) لەوانەیە پاشا بێت, لەبەرامبەریدا خواوەند لاما وەستاوە و دەستەکانی بەرز کردوونەتەوە, دیمەنی ئاژەڵ و نەخشی زەخرەفیش دەبینرێت.




وێنەی (١٣٢) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 507.

لە جێ مۆری (**وێنەی ١٣٣**) سێ کەسایەتی دەرکەوتوون، کەسی ناوەڕاست، وا پێدەچێت پاشا بێت، شمشێرێکی چەماوەی پێیە، لەبەردەمیدا دارێك هەیە, دوو کەسەکەی تر لەپشتی و لەبەردەمیدا وەستاون. هەروەها نەخشی زەخرەفیش و دیمەنی ئاژەڵ دەرکەوتوون.



وێنەی (**١٣٣**) جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 655.

لە جێ مۆرێکی تردا (**وێنەی ١٣٤**)، سێ کەسایەتی دەرکەوتون کەسی ناوەڕاست شمشێرێکی بەدەستەوەیە بەشی پێشەوەی دەمەکەی دیار نییە، بەڵام بەو کۆتاییە کەمەی لە دیمەنەکەدا هەیە پێدەچێت چەماوە بێت، هەروەها شمشێرەکە زۆر لەوەی دیمەنی مۆری (**وێنەی ١٣٣**) دەچێت, هەروەها دیمەنی ئاژەڵ و رووەك و هێڵی حەلەزۆنی تێدایە.



وێنەی (**١٣٤**)جێ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 671.

لە جیٚ مۆرێکی تردا (**وێنەی ١٣٥**)، دوو کەس بە بیٚ سەر دەرکەوتوون، ئەوەی لای چەپی مۆرەکە شمشێرێکی مشت (دەسك) درێژی دەم چەماوەی بە دەستەوەیە, هەروەها وێنەی دوو ئاژەڵیش دەرکەوتوون, یەکێکیان سەرەو خوارە.



وێنەی (**١٣٥**)جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 781.

لە جیٚ مۆری (**وێنەی ١٣٦**)دا نیوەی کەسێك لەلای چەپی مۆرەکە دەرکەوتووە، بەدەستی چەپی شمشێرێکی چەماوەی پێیە، هەروەها دوو کەسی تر دەرکەوتوون سەریان دیار نییە، لەگەڵ وێنەی ئاژەڵی تر.



وێنەی (**١٣٦**) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 802.

لە (**وێنەی ١٣٧**) دوو کەس دەرکەوتوون هەر یەکەیان دەستی لەسەر شانی ئەوی تریان داناوە و نازانرێت بەمەبەستی شەڕکردن وایان کردووە یاخود مەبەستێکی تریان هەبووە، کەسی لای چەپی مۆرەکە بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی دەم چەماوەی پێیە, هەروەها دیمەنی ئاژەڵ و باڵندە دەرکەوتوون.



وێنەی (١٣٧) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 447.

لە جیٚ مۆرێکی تر (**وێنەی ١٣٨**)، سیٚ کەسایەتی دەرکەوتوون، ئەوەی ناوەڕاست شمشێرێکی دەم چەماوەی هەڵگرتووە کۆتایی دەمەکەی دەرنەکەوتووە, بەڵام وەك (**وێنەی ١٣٧**) وایە، هەروەها دیمەنی نەخشی زەخرەفیش دەرکەوتووە.



وێنەی (١٣٨) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 792.

لە (**وێنەی ١٣٩**)دا دوو کەس دەرکەوتوون دوا بەدوای یەك دەڕۆن، هەردووکیان بەدەستی ڕاستیان شمشێریان پێیە و شمشێرەکانیش دەم چەماوەن، وێنەی ئاژەڵی جیاواز دەرکەوتووە، لەوانەیە مەبەست لەوە بێت ئەم دوو کەسە ڕاو دەکەن یان هەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی مۆرەکەیە.



وێنەی (**١٣٩**) جیّ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig.707.

لە (**وێنەی ١٤٠**)دا کەسی ناوەڕاست، لەوانەیە پاشا بێت، شمشێرێکی پێیە، خواوەند لاما لەپشتییەوە وەستاوە و دەستەکانی بەرز کردوونەتەوە, کەسایەتییەکی تریش لەلای راستی مۆرەکەوە وەستاوە قاچێکی لەسەر ئاژەڵێك داناوە، لەوانەیە خواوەندی مانگ بێت لەبەرئەوەی هێمایەکی بەدەستەوەیە کۆتایەکەی شێوەی مانگە.



وێنەی (١٤٠) جیّ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 525.

لە (**وێنەی ١٤١**)دا دوو کەس دەرکەوتوون و کەسێکی قەبارە بچووك لەناوەڕاستیاندایە، شمشێرێك لەوپەڕی لای ڕاستی مۆرەکەدا دەرکەوتووە, بەڵام پێدەچێت لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی چاپی مۆرەکە بێت و شمشێرەکە بەدەستی کەسی لای چەپ بێت.



وێنەی (١٤١) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 806.

### ٣-٨-١-٣ مۆری سەردەمی کاشییەکان ( بابلیی ناوەڕاست )

لە (**وێنەی ١٤٢**)دا جیٚ مۆرێك دەبینرێت کە لە شوێنەواری گردی زوبەیدییە دۆزراوەتەوە. لەلای راستی مۆرەکە سیٚ کەس وەستاون و هەرسێکیان جلەکانیان لەیەك دەچن و درێژن, پیاوی ناوەڕاست بەدەستی راستی شمشێرێکی پێیە, شمشێرەکە مشت (دەسك)ێکی درێژ و دەمێکی بچووکی هەیە، لە بەشی سەرەوە وێنەی دوو ئاژەڵ دەبینرێت, لە بەشی لای چەپیش پێنج دێڕ نووسین هەیە.



وێنەی (١٤٢) جیٚ مۆرێکی سەردەمی بابلیی ناوەڕاست.

Herles, 2006, Tafel. (80) 298.

**هەروەها جیٚ مۆری (وێنەی ١٤٣) کە لە ڕێگەی کڕینەوە هاتووە، زۆر لە دیمەنی مۆری پێشوو دەچێت، لەلای چەپی مۆرەکە سێ کەس وەستاون و کەسی ناوەڕاست شمشێرێکی پێیە،[١٣٤] لەسەروی سەریانەوە دوو باڵندە دەبینرێت, هەروەها لەلای ڕاستی مۆرەکە پێنج دێڕ نووسین بە ستوونیی هەیە.**



**وێنەی (١٤٣) جیٚ مۆرێکی سەردەمی کاشییەکان**

Herles, 2006, Tafel. (80) 299.

## ٣-٨-١-٤ شوێنی تر

**جیٚ مۆرێکی میتانییەکان کە لە باکووری سوریا دۆزراوەتەوە (وێنەی ١٤٤), وێنەی خومبابا نیشاندەدات لەنێوان دوو کەس (١ و ٣)، هەردوکیان چەکیان پێیە، گوماندەکرێت دوو کەسەکە گلگامێش و ئێنکیدۆ Enkidu بن شەڕ لەگەڵ خومبابادا بکەن، (کەسی ٢) لەسەر ئەژنۆیەکی دانیشتووە.[١٣٥] هەندێك دیمەنی تری ئاژەڵە ئەفسانەییەکان دەبینرێن، (کەسی ١) بەدەستی چەپی شمشێرێکی پێیە.**

---

[١٣٤] بۆ بینینی مۆری زیاتر لەم شێوەیە، بڕوانە :

Herles, *op. cit.*, Tafel. (81)302-305-306-307.

[١٣٥] ئەم مۆرە لە ڕێگەی کڕینەوە هاتووە. بڕوانە:

Keel-Leu. and Teissier, *op. cit.*, p. 300.




وێنەی (١٤٤) جێ مۆرێکی میتانییەکان لە باکووری میسۆپۆتامیا.

Keel-Leu and Teissier, 2004, fig. 353.

لە جێ مۆرێکی میتانییەکان (**وێنەی ١٤٥**)، کە لە ئێمار Emar[١٣٦] دۆزراوەتەوە و زۆر لە دیمەنی مۆری پێشوو دەچێت، لەلای راستی مۆرەکە پیاوێك وەستاوە کلاوێکی شێوە گومەزیی لەسەردایە و جلێکی درێژی لەبەردایە و بەدەستی راستی شمشێرێکی شێوەی مانگی هیلالی پێیە و بەرزی کردووەتەوە بۆ سەر شانی, خواوەند لاما لەبەرامبەری وەستاوە و دەستەکانی بەرز کردووەتەوە، لەناوەڕاستیاندا ئاژەڵێك لەسەر هەردوو پێی وەستاوە،[١٣٧] لەلای چەپەوە پاڵەوانێکی رووت شێرێکی بە سەرەوخواریی بەدەستەوەیە.



وێنەی (١٤٥) جێ مۆرێکی میتانییەکان لە ئیمار,.Eixler, 2006, fig. 1

[١٣٦] ئەم مۆرە لەساڵی **١٩٩٦** لە کاتی هەڵکۆڵین لە ناوچەی ئیمار(مەسکەنەی ئێستا) کە دەکەوێتە لێواری ڕۆژئاوای فورات لە مەسکەنە دۆزراوەتەوە. بڕوانە:

Eixler, W., *Ein mittanisches Rollsiegel aus Emar/Balis*, Baghdader Mitteilungen, 37, 2006, p. 468.

[137] Eixler, *op. cit.*, P. 456.

لە (**وێنەی ١٤٦**) کە مۆرێکی سەردەمی میتانییەکانە بەڵام کڕاوە، لەلای ڕاستی مۆرەکە پاشا لە بەرامبەر خواوەند وەستاوە و دەستێکی بەرز کردووەتەوە و جلێکی درێژی لەبەردایە و کڵاوێکی لێوار پانی بازنەیی لەسەردایە، خواوەندیش کڵاوێکی شاخداری لەسەردایە و تەنوورەیەکی لەبەردایە پێشەوەی کراوەتەوە، بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی شێوە دەمە داسی پێیە، لەپشتیانەوە و لە لای چەپی مۆرەکە خواوەندێك لەسەرتەختەکەی دانیشتووە و لەبەرامبەریشی پاشایەك وەستاوە و جلێکی کورتی لەبەردایە.



وێنەی (١٤٦) مۆرێکی میتانییەکان.

Herles, 2006, Tafel (68)202.

## ٣-٩ گورز

### ٣-٩-١ هەڵکۆڵراوەکان

#### ٣-٩-١-١ هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین

لەم هەڵکۆڵراوەدا (**وێنەی ١٤٧**)، خواوەندێك لەبەرامبەر پاشا ئیددین-سین وەستاوە و بەدەستی ڕاستی گورزێکی پێیە. هەرچەندە سەری گورزەکە دیار نییە بەهۆی شکانی هەندێك پارچەی هەڵکۆڵراوەکە, بەڵام بە شێوەی هەڵگرتنەکەی بێت گورزە.



وێنەی (١٤٧) هەڵکۆڵراوی پاشا ئیددین –سین.

Postgate, 1997, fig. 8.

### ٣-٩-٢ مۆرەکان

### ٣-٩-٢-١ گردی یەلخی

لە ژووری ٣/٣٢ لەچینی A3 جێ مۆرێکی سەردەمی بابلیی کۆن دۆزراوەتەوە, مێژووەکەی بۆ ( ١٧٦٠-١٦٠٠ پ. ز ) دەگەڕێتەوە (**وێنەی ١٤٨**).[١٣٨] ئەم جێ مۆرە لەسەر تابلۆیەکی بچووکە هی پیاوێکە ناوی Innisha,[١٣٩] کەسێکی تێدایە رووی لەلای چەپە و بەدەستی چەپی گورزێکی پێیە، کراسێکی کورتی لەبەردایە تا خوار ئەژنۆیەتی و شانی داپۆشراوە, لە پشتییەوە سێ دێر نوسین هەیە، بەشی سەرەوەی ئەم مۆرە فەوتاوە، زەوییەکە لەژێر پێیدا دیارە، لەپشتی ئەم کەسە دیمەنی باڵای کەسێك دیارە دەستی بەرز کردووەتەوە و چەمیوەتەوە بۆ پێشەوە، ئەم باڵایە نابینرێت تەنیا دەستی راستی نەبێت لە جێ مۆرەکەدا دیارە.

---

[138] Bergamini, *op. cit.*, p. 166.

[139] *Ibid*.



وێنەی (١٤٨) جیٚ مۆرێکی گردی یەلخی.

Bergamini, 1986, p. 166.

### ٣-٩-٢-٢ شوێنی تر

لە پێنج جیٚ مۆردا، کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمیتانییەکان دەگەڕێتەوەن گورز دەبینرێت، لە یەکەمیاندا کە لە گردی براك دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١٤٩**)، کەسێك لەلای ڕاستی جیٚ مۆرەکە وەستاوە بەدەستی چەپی گورزێکی قەبارە بچووکی پێیە.



وێنەی (١٤٩) جیٚ مۆرێك لە گردی براك.

Matthews, 1997, fig. 70.

لە جیٚ مۆری دووەمدا (**وێنەی ١٥٠**)، کە لە نوزیی دۆزراوەتەوە,[١٤٠] دیمەنی سەرەکیی کەسێکە دانیشتووە و بە قامیشێك خواردنەوەیەك دەخواتەوە لەناو گۆزەیەکدایە، کەسێکی تر لە پێشیەوە دانیشتووە و گورزێکی پێیە و خەریکە دەیسرەوێنێتە باڵندەیەك, هەروەها دیمەنی ئاژەڵ و باڵندەش دەبینرێت.



وێنەی (١٥٠) جیٚ مۆرێك لە نوزی.

Stein, 1993, Fig. 16.

لە جیٚ مۆری سێیەمدا کە لە قوبرص دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١٥١**)، لەلای چەپی مۆرەکە خواوەندی کەشوهەوا دەردەکەوێت لەسەر پشتی گایەك وەستاوە و بەدەستی چەپی لایەنی کەم دووگورزو و چەکێکی پێیە، بە دەستی ڕاستی جولەیەکی کردووە وەك پیشاندانی کارامەیی و توانایی لی وەشاندنی گورزوزدا.



وێنەی (١٥١) جیٚ مۆرێك لە قوبرص.

Herles, 2006, Tafel. (62) 149.

---

140 Stein, *op. cit.*, Fig 16.

لە چوارەم جیٚ مۆردا (**وێنەی ١٥٢**)، کە لە نوزی دۆزراوەتەوە، دوو دیمەن دەردەکەون, لەلای راست خواوەندێك لەسەر تەختی پاشایی، کە لە شێوەی ئاژەڵدا دروستکراوە، دانیشتووە و کلاوێکی شاخداری لەسەردایە و بەدەستی راستیی لەوانەیە گورزێکی پێبێت لە شێوەی ئەستێرە یان رووناکییە, لەلای چەپیشەوە خواوەندێك وەستاوە ئەمیش گورزێکی بەدەستی راستی هەڵگرتووە و کەسێکیش لەبەردەمیدا وەستاوە.



وێنەی (١٥٢) جیٚ مۆرێك لە نوزی

Herles, 2006, Tafel. 70 (216).

کۆتا جیٚ مۆریش (**وێنەی ١٥٣**)، شوێنی دۆزینەوەکەی دیارنییە، دیمەنی شەڕی خواوەندەکان نیشاندەدات, لەلای راستی مۆرەکەدا پاشایەك وەستاوە و بەدەستی چەپی گورزێکی پێیە و لەبەرامبەریشی خواوەند (سین) وەستاوە و ئەویش گورزێك بەدەستی راستییەوەیەتی، لەلای چەپیش بوونەوەرێکی باڵدار وەستاوە و لە پشتیشییەوە مرۆڤێکی قەبارە بچووك وەستاوە.



وێنەی (١٥٣) جیٚ مۆرێکی میتانییەکان, Herles, 2006, Tafel. (69) 211

## ٣-١٠ هەگبە

هەگبە بۆ هەڵگرتنی تیر بەکارهاتووە. لەو کاتەوەی کە تیروکەوان بەکارهێنراوە مرۆڤ هەگبەی ناسیوە، ئەمەش دوو پێداویستی گرنگی جەنگاوەری تیرهاوێژ بوو بە دڵنیاییەوە هەر جەنگاوەرێك تیروکەوانی بەکارهێنابێت دەبێت هەگبەشی پێبووبێت.

## ٣-١٠-١ هەڵكۆڵراوەكان

### ٣-١٠-١-١ هەڵكۆڵراوەی دەربەندی بێلولە

لەم هەڵكۆڵراوەدا پاشا دەركەوتووە هەگبەیەك لە خوار دەستی راستییەتی (**وێنەی ١٥٤**), ئەم هەگبەیە لە شێوەی لوولەییە و لە سێ بەش پێكهاتووە و پێنج كۆتایی (كلك)ی تیری تێدا دەركەوتووە، دانانیشی لە زەویدا مانای تەواوبوونی جەنگەكەیە.



وێنەی (١٥٤) هەگبە لە دەربەندی بێلولە

وێنەگر: توێژەر

## ٣-١٠-٢ مۆرەكان

### ٣-١٠-٢-١ نوزی

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. یەك نموونەی هەگبە هەیە (**وێنەی ١٥٥**)، ئەویش دیمەنێكی راوكردنە، راوكەرەكە هەگبەیەكی پێیە لە شێوەی زەنگۆڵەدایە و سەری چوار تیری تێدایە.



وێنەی (**١٥٥**) جێ مۆرێك لە نوزی.

Starr, 1939, 119 (F).

## ٣-١١ جل وبەرگ( پۆشاك )ی سەربازی

### ٣-١١-١ دۆزراوەكان

#### ٣-١١-١-١ زرێ

پارچەیەكی لە كانزا دروستكراوە، بەشی سەرەوەی لاشەی سەربازەكان دادەپۆشێت و وا باشتر بووە لەژێرەوە جلێكی تری لە پێستە دروستكراوی لەبەردابێت بۆ ئەوەی رەقی زرێكە كاریگەریی لەسەر سەربازەكە نەبێت. زرێش هەبووە لە پێستە دروستكراوە.[١٤١]

#### ٣-١١-١-١ -١ نوزی

پارچەیەك لە زرێیەكی لە پەڕەی مس دروستكراو لەم ناوچەیە دۆزاوەتەوە (**وێنەی ١٥٦**)، هی خورییەكانە و مێژووەكەی بۆ نیوەی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.[١٤٢]

---

[١٤١] عباس, *المصدر السابق*, ص. ٣٠١.

[١٤٢] ئێستا لە مۆزەخانەی عێراقییە لە بەغداد. بڕوانە: بصمجي, فرج, *كنوز المتحف العراقي*, بغداد, ١٩٧٢، ص. ٤٧٣.



وێنەی (١٥٦) زرێیەك لە نوزی.

بصمجي, ١٩٧٢, ١٣٥;

Starr, 1937, Plate. 126.

## ٣-١١-٢ هەڵکۆڵراوەکان

### ٣-١١-٢-١ هەڵکۆڵراوەکەی ئانوبانینی

لەم هەڵکۆڵراوەدا پاشا دەردەکەوێت (**وێنەی ١٥٧**), بەشی سەرەوەی لەشی رووتە و بەشی خوارەوەی تەنوورەیەکی کورتی لەپێدایە تا سەر ئەژنۆیەتی، تەنوورەکەی لەشێوەی پلیسییە و وا پێدەچێت دوو پارچەی لەسەریەك بێت و لێوارێکی پانیان هەیە.[١٤٣] بەڵام تەنوورەکە نەخشونیگاری لەسەرە بەشێوەی شەپۆلی درێژکۆلە، ئەم جۆرە جلە هی شەڕکردنە بەگوێرەی ئەوەی کە کورتە, بۆ ئەوەی رۆیشتن و جوڵەی لەش لەکاتی شەڕکردندا ئاسان بن.

---

[١٤٣] دیاکونوف, *سەرچاوەی پێشوو*, ص. ١٥١.



وێنەی (١٥٧) هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی.

Compareti, 2007, Fig. 1.

## ٣-١١-٢-٢ هەڵکۆڵراوەکەی سەرپولی زەهاو

پاشا **ئیددین–سین** (**وێنەی ١٥٨**)، بەشی سەرەوەی رووتە و بەشی خوارەوەی تەنوورەیەکی کورتی لەبەردایە تا سەر ئەژنۆیەتی، لەلای چەپی تەنوورەکەوە شریتیکی نەخشکراو بەشێوەیەکی ئاسۆیی هەیە, کە لە پشتوێنەکەیەوە بۆ لای ئەژنۆی راستی درێژبووەتەوە, ئەو بەشە ماوەی شریتەکە بەلای بەشی چەپی لێواری خوارەوەی تەنوورەکەیدا رۆیشتووە.[١٤٤] بەڵام دیلەکە دیار نییە جلی لەبەردایە یان نا، هەرچەندە لەوانەیە تەنوورەیەکی لەبەردابێت تا سەروی ئەژنۆی، چونکە پشتوێنێك دیارە کە لە چوار خەتی ئاسۆیی پێکهاتووە.

---

[144] Hrouda, *op. cit.*, p. 3-5 .



وێنەی (١٥٨) هەڵکۆڵراوی سەرپولی زەهاب

Börker- Klähn, 1982, Fig.30.

### ٣-١١-٢-٣ هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین

پاشا ئیددین-سین لە (**وێنەی ١٥٩**) دەردەکەوێت جلی شەڕی لەبەردایە و بەشی سەرەوەی لەشی رووتە و تەنوورەیەکی کورتی لەبەردایە دەگاتە سەر ئەژنۆی و لە دوو پارچە پێکهاتووە. کۆتایی پارچەکانی نەخشێنراون بە هێڵی ئاسۆیی لەشێوەی چوارگۆشەی بچوك و لایەکی تەنوورەکە لە لایەکەی تری درێژترە,[١٤٥] بەڵام سەبارەت بەدیلەکە کە لەژێر پێی پاشاکەدایە، وا پێدەچێت تەنوورەیەکی کورتی لەبەردا بێت بە بەڵگەی ئەوەی پشتوێنی لەپشتدایە.[١٤٦]

---

[١٤٥] رضا, *المصدر السابق*, ص. ١٣٨.

[١٤٦] رضا, *المصدر السابق*, ص. ١٣٨.



وێنەی (**١٥٩**) هەڵکۆڵراوی پاشا ئیددین –سین Iddi(n)- Sin.

Postgate, 1997, fig. 8.

### ٣-١١-٢-٤ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە

کەسی سەرەکیی دەردەکەوێت (**وێنەی ١٦٠**)، بەشی سەرەوەی رووتە و بەشی خوارەوەی تەنوورەیەکی کورتی لەبەردایە تا سەر ئەژنۆیەتی و لێواری پێشەوە و بەشی خوارەوەی تەنوورەکە نەخشونیگاری تێدایە.





وێنەی (١٦٠) کەسی سەرەکی تەنورەیەکی کورتی لەبەردایە.        هێڵکاریی: توێژەر

وێنەگر: توێژەر

## ٣-١١-٣ مۆرەکان

لەسەر جێ مۆری (**وێنەی ١٦١**)، پاشا زابازونا Zabazuna کوڕی پاشا ئیددین-سین Iddi(n)-Sin وەستاوە، بەشی سەرەوەی رووتە و تەنوورەیەکی کورتی تا ئەژنۆی لەبەردایە و بە پشتوێنێك جێگیرکراوە و هەردوولای بەسەریەکدا دراوە، پشتوێنەکە لە پێشەوە وەك ئەوە وایە گرێدرابێت، چمکێکی پشتوێنەکەی شۆڕبووەتەوە.



وێنەی (١٦١) مۆرێکی لولەیی پاشا زابا- زونا کوری ئیدین-سین، Sollberger, 1980, Fig.IV

لە (وێنەی ١٦٢) کە پێشتر باسی لێوەکراوە, کەسی ١ جلێکی درێژی کراوەی لەبەردایە و هیچ شتێکی تر نابینرێت.



وێنەی (١٦٢) جیٚ مۆرێکی میتانی لەنوزی.

Herles, 2006, Tafel.71 (223).

لە (وێنەی ١٦٣)، دیمەنی شەڕی خواوەندەکان لەگەڵ یەك نیشاندەدرێت،[١٤٧] خواوەندی (١) بەشی سەرەوەی رووتە و بەشی خوارەوەی تەنووریەکی سادەی درێژی پێشکراوەی لەبەردایە، خواوەندی (٢) بەشی سەرەوەی رووتە و وا پێدەچێت تەنوورەیەکی کراوەی لەبەردا بێت. ئەو خواوەندەی لە پشتیانەوە وەستاوە لایەکی شانی رووتە و جلەکەی تا خوار ئەژنۆیەتی و لە بەشی پێشەوەی چەند خەتێکی شێوە ستوونی تێدایە.




وێنەی (١٦٣) جیٚ مۆرێك لە نوزی دیمەنی شەری خواوەندەکان.

Stein, 1988, abb, 5.

---

[147] Porada, *op. cit.*, p. 48.

جلوبەرگی سەربازیی لە جیٚ مۆرێك لە باکووری سوریا، کە پێشتر باسی لێوەکراوە (**وێنەی ١٦٤**)، هەیە. لەم مۆرەدا (کەسی ١) وا پێدەچێت تەنوورەی لەبەردابێت، خومبابا (کەسی ٢) رووتە و تەنیا پشتوێنێکی لە پشتدایە و لەنێوان دوو کەسدایە، (کەسی ٢) تەنوورەیەکی کورتی تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە و بە پشتوێنێکی پان کە چوار خەتی ئاسۆیی تێدایە، جێگیر کراوە، هەروەها (کەسی ٣) رووتە.



٢ ١

وێنەی (١٦٤) جیٚ مۆرێکی میتانییەکان لە باکووری سوریا.

Keel-Leu. and Teissier, fig. 353.

## ٣-١٢ پۆشاکی سەر

### ٣-١٢-١ هەڵکۆڵراوەکان

#### ٣-١٢-١-١ هەڵکۆڵراوەکەی ئانوبانینی

پاشا ئانوبانینی دەبینرێت (وێنەی ١٦٥)، کڵاوێکی نیوەگۆی لێوارپانی لەسەردایە شێوەی نیوە بازنەییە,[١٤٨] بەڵام دیلەکان لە خوارەوەی هەڵکۆڵراوەکەدان, یەکەم کەسیان کە لە پێشیانەوەیە کڵاوێکی پەڕداری شێوە تاجی لەسەردایە،[١٤٩] لەوانەیە ئەوەگەورەیان بێت.



وێنەی (١٦٥) پاشا ئانوبانینی

Compareti, 2007, Fig.1.

#### ٣-١٢-١-٢ هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین

پاشا ئیددین-سین دەرکەوتووە (وێنەی ١٦٦) داپۆشەرەکەی سەری نیوەگۆی لێوارپانی نەخشکراوی لەسەردایە، نەخشی لێوارەکە لەشێوەی پێنج نیوە مانگی مانگی هیلالیدایە.[١٥٠]

---

[١٤٨] دیاکونوف, *سەرچاوەی پێشوو*, ل. ١٥١.

[149] Nasrabadi, *op. cit.*, p. 301.

[150] Ahmed, *op. cit.*, p. 274.

خواوەند ئیشتار سەری داپۆشیوە بە كڵاوێك كە چوار جووت شاخی پێوەیە,[151] بەڵام دیلەكەی ژێر پێی پاشا كڵاوێكی خڕی لەسەردایە وا پێدەچێت لە پێستە دروستكرابێت.



وێنەی (١٦٦) پاشا ئیددین-سین

Postgat, 1997, fig. 8.

### ٣-١٢-١-٣ هەڵكۆڵراوی دەربەندی بێلولە

پاشا دەردەكەوێت (وێنەی ١٦٧)، كڵاوێكی شێوە نیوەگۆیی لە سەردایە، كڵاوەكە لێوارێكی پانی پێوەیە كە رەنگە ناوچاوپێچ بێت.[152]



وێنەی (١٦٧) هەڵكۆڵراوی دەربەندی بێلوولە,وێنەگر: توێژەر

---

[151] *Ibid*

[152] **ناوچاوپێچ**: پارچەیەك قوماش یاخود (وشاح)ی سادەیە بۆ بەستنی قژ (ناوچەوان) بەكارهاتووە، بەزمانی سۆمەریی پێدەوترێت AGA، و بە زمانی ئەكەدیی پێیدەوترێت (Kililu ). بڕوانە:

Reade, J. E., The Neo-Assyrian Court and Army, *Iraq*, Vol. XXXIV, 1972, p. 10; *CAD*, K, p. 358 B.

### ٣-١٢-٢ مۆرەکان

لە جێ مۆری (**وێنەی ١٦١**)، پاشا زابا-زونا Zabazuna کوڕی پاشا ئیدددین–سین Iddi(n)-Sin کڵاوێکی نیوە گۆیی لێوار پانی لەسەردایە.

لە جێ مۆری (**وێنەی ١٦٣**) دیمەنی شەڕی خواوەندەکان لەگەڵ یەك پیشاندەدات، خواوەندی (٢) کڵاوێکی سادەی لەسەردایە پارچەیەك بە پشتەوەیدا شۆڕبووەتەوە.

**هەروەها** لە جێ مۆری (**وێنە ١٦٤**) خومبابا (٢) کڵاوێکی شاخداری لەسەردایە شاخەکانی کڵاوەکەی روویان لە دواوەیە.

## ٣-١٣ پشتوێن

### ٣-١٣-١ هەڵکۆڵراوەکان

### ٣-١٣-١-١ هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی

پاشا ئانوبانینی دەبینرێت (**وێنەی ١٦٨**)، پشتوێنێکی پانی لەپشتدایە نەخشکراوە بە نەخشێکی لە شێوەی پیتی S ئینگلیزیی, لە سەروژێری ئەم نەخشونیگارانەدا دوو شریتی دیار هەن و شوێنەواری ئەم شریتە لەدوای پشتوێنی پاشاوە دەردەکەوێت کە لەیەك ئاڵاون بەهۆی گرێدانی پشتوێنەکەوە.[١٥٣]



وێنەی (١٦٨) پاشا ئانوبانینی,Compareti, 2007, Fig.1

[١٥٣] دیاکونوف, *سەرچاوەی پێشوو*, ل. ١٥١.

### ٣-١٣-١-٢ هەڵكۆڵراوەكەی سەرپۆل زەهاو

پاشا پشتوێنێكی لە پشدایە (وێنەی ١٦٩)، لە پێشەوەی پشتوێنەكە دوو بازنەی بچووكی خڕ هەن, وایێدەچێت بۆ توندوتۆڵكردنی پشتوێنەكە بێت,[١٥٤] بەڵام دیلەكە پشتوێنێكی پانی لەپشتدایە لە چوار خەت پێكهاتووە.



وێنەی (١٦٩) هەڵكۆڵراوی سەرپۆل زەهاو

Börker- Klähn, 1982, Fig. 30

### ٣-١٣-١-٣ هەڵكۆڵراوەكەی ئیددین- سین

لەم هەڵكۆڵراوەدا پاشا تەنوورەكەی بە پشتوینێكی پان راگرتووە (وێنەی ١٧٠)، دوو لێواری فراوانی هەیە لە بەشی سەرەوە و خوارەوە و بۆشایی نێوانیان بە نەخشونیگار رازێنراوەتەوە.[١٥٥] بەڵام دیلەكە كە لەژێر پێی پاشادایە پشتوێنێكی پانی بەستووە و لەسێ هێڵی

[154] Hrouda, *op. cit.*, p. 5.
[155] Ahmed, *op. cit.*, p. 274.

**ئاسۆیی پێکهاتووه, لەگەڵ هەبوونی شوێنەواری شریتێکی لار کە لە پشتوێنەکەوە شۆڕبووەتەوە.[156]**



وێنەی (١٧٠) هەڵکۆڵراوی پاشا ئیددین–سین

Postgate ,1997, fig. 8

### ٣-١٣-١-٤ هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە

**کەسی سەرەکیی پشتوێنێکی لە پشتدایە و تەورەکەی پێداکردووە، لای راستی پشتوێنەکەی باریکە و لای چەپی زۆر پانە (وێنەی ١٧١).**



وێنەی (١٧١) هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە

وێنەگر: توێژەر

[156] رضا, *المصدر السابق*، ص. ١٣٨.

### ٣-١٣-٢ مۆرەكان

جێ مۆری پاشا زابا-زونا Zabazuna كوری پاشا ئیددین-سین Iddi(n)-Sin پشتوێنێكی پانی لە پشدایەو لەلایەكییەوە دوو چمكی گرێدانەكەی هاتونەتە خوارەوە (**بڕوانە وێنەی ١٦١**).

لە جێ مۆری (وێنەی ١٦٢-١)دا خواوەند پشتوێنێكی زۆر باریكی لە پشدایە و زۆر ڕوون نییە.

لە جێ مۆرێكی تر (وێنەی ١٦٣)، خواوەند پشتوێنێكی لە پشتدایە لەلایەكی پشتوێنەكەوە شێوەیەكی بازنەیی هەیە.

لەجێ مۆرێك لە باكووری سوریا (**وێنەی ١٦٤**)، كەسی (١) پشتوێنێكی دوو پارچەی لە پشتدایە، خومبابا (٢) پشتوێنێكی لە پشدایە لە سێ خەتی ئاسۆیی پێكهاتووە یاخود سێ پشتوێنی بەستووە، كەسی (٣) پشتوێنێكی پانی لە پشتدایە.

## ٣-١٤ ناوچاوپێچ

### ٣-١٤-١ هەڵكۆڵراوەكان

### ٣-١٤-١-١ هەڵكۆڵراوی سەرپول زەهاو

پاشا پۆشاكی سەری زۆر ڕوون نیە (**وێنەی ١٧٢**)، زیاتر لەوە دەچێت كە ناوچاوپێچ بێت.[١٥٧] بەبڕوای هەندێك شوێنەوارناس پارچە شریتێكی پێچراوە بەسەرییەوە هەیە، ئەمەش زۆر بە روونی دیارە ئەگەر بەووردیی سەیری وێنەكە بكەین نیشانەیەكی (كۆ) لەدواوەی سەری

---

[157] Hrouda, *op. cit.*, p. 5.

دەبینین و ئەمەش پێمان دەڵێت ئەم جۆرە ناوچاوپێچە هەبوون.[158] بەڵام دیلەکە دیار نییە کە کڵاو یان ناوچاوپێچی بەسەرەوە بێت.



وێنەی (١٧٢) هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو

Börker- Klähn, 1982, Fig. 30

## ٣-١٥ پێڵاو

### ٣-١٥-١ هەڵکۆڵراوەکان

#### ٣-١٥-١-١ هەڵکۆڵراوەی ئانۆ بانینی

لەم هەڵکۆڵراوەدا ئانوبانینی سەرپایی (نەعل)ێکی لەپێدایە  بە شریتی لە پێستە دروستکراو بەستراوەتەوە، (**وێنەی ١٧٣**)،[159] بەڵام دیلەکان هیچیان لەپێدا نییە.

---

[158] Hrouda, *op. cit.*, p. 5.

[159] دیاکونوف, *سەرچاوەی پێشوو*, ل. ١٥١.



وێنەی (١٧٣) پاشا ئانۆبانینی

Compareti, 2007, Fig. 1.

### ٣-١٥-١-٢ هەڵکۆڵراوەکەی سەرپول زەهاو

پاشا دەردەکەوێت (وێنەی ١٧٤)، ئەوەی کە لەپێیدایەتی پێڵاوە نەك سەرپایی (نەعل)، لەبەرئەوەی پێڵاوەکە لەهەموو رووەکانەوە داخراوە، لەسەر پێڵاوەکە نیشانەیەکی کۆ هەیە کە بۆ سەرەوە بەرزبووەتەوە.[١٦٠] پێشەوەی لە دەنووك دەچێت.



وێنەی (١٧٤) هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو

Börker- Klähn, 1982, Fig. 30

[160] Hrouda, *op. cit.*, p. 5.

## ٣-١٦ گالیسکەی جەنگی

لەسەر هونەری هەزارەی دووەمی پ. ز. نموونەی گالیسکەی جەنگیمان نییە هەتا ئێستا لە کوردستان، بەڵام دەقی نوسراومان زۆرە کە باس لە رۆڵی گالیسکە و کاریگەری لە شەڕدا دەکات.

بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگوڕیشەی گالیسکەی جەنگیی دوو قوتابخانە هەن و هەتا ئێستاش بەهێزن، توێژەرانی قوتابخانەی یەکەم پێیانوایە لە کۆتاییەکانی سەردەمی برۆنزیی ناوەند و پاش ١٦٠٠ پ. ز. شێوەی لەیەکچوونی گالیسکەکان لە باکووری قەوقازەوە تا میصر، ئەوە دەردەخات کە گالیسکە لە یەك سەرچاوەوە هاتبێت، ئەویش بە تێگەیشتنی ئەوەی یەك نەتەوە لە پشت بلاوبونەوەی گالیسکەوە بووبێت، نموونە دۆزراوەکانی پارچەی گالیسکەکان بەڵگەن بۆ ئەمانە,[١٦١] بەڵام قوتابخانەی دووەم پەرەسەندنی گالیسکەی جەنگیی بە پەرەسەندنێکی ناوخۆیی دەزانێت.[١٦٢] ئەمە سەبارەت بە گالیسکەی جەنگیی.

بەڵام دەربارەی ماڵیکردنی ئەسپ دوو ڕای جیاواز هەن، یەکەمیان پێیوایە کە ڕاهینانی ئەسپ کە گالیسکە ڕابکێشێت، لە رۆژهەڵاتی نزیك و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێش دەرکەوتنی میتانییەکان و لە کۆتایی هەزارەی سێیەمدا بووە.[١٦٣] هەرچی دووەمیانە دەڵێت: لە رێی شوێنەوارەکان و بەشێوەیەکی ناوازەش لە نوسراوەکاندا، رۆڵی دیار و بەرچاوی گالیسکە لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا بە ڕوونیی دیارە و پێدەچێت سەرچاوەی ئەم بەشەش ناوچەی باکوور بووبێت و بە دیاریکراویش خورییەکان و میتانییەکان، چونکە ئەوان رۆڵی گەورەیان گێراوە لە ڕاهێنانی

---

[161] Pinheiro, E. M. M., *The Origin and Spread of the War Chariot*, universtidade novade Lisboa, 2010, p. 5-6.

[162] Mark, J., Mitanni, 2011, available at this site:[www.ancient.eu/image/2462/](www.ancient.eu/image/2462/) (8/7/2016)

[163] Dassow, Iva von, State and Society in the late Bronze Age. Alalah und the Mittani Empire, *Owen, David and Wilhelm Gernot, Studies on the civiliazation and the cultur of Nuzi and the Hurrians*, Vol. 17, CDL press, Bethesda Maryland, 2008, p.1.

ئەسپدا هەروەك چۆن كاشییەكان لە باشووردا ئەم رۆڵەیان گێرا.[١٦٤] بە رای توێژەریش بە بەڵگەی شوێنەواریی بیروڕای یەكەم بەهێزترە. وەك ئەو نموونەیەی لە گردی براك دۆزراوەتەوە, كە شوێنەواری لغاو لەسەر ددانی ئەسپ دەركەوتووە و مێژووەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەكەدیی، هەروەها لەسەر هونەریش نموونەی ئەسپ لە میسۆپۆتامیا هەیە كە پێشتر لێوەی دواوین.

ئەو نوسراوانەی كە باس لە گالیسكەی جەنگی و چەك و پێداویستییەكانی دەكات ئاماژە بەوە دەكەن كە (ئەلەلاخ) قەلایەك بووە بۆ گالیسكەی جەنگیی كە ئەسپ ڕایدەكێشێت لە سەدەی ١٧ پ.ز.,[١٦٥] لەم بەڵگانەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كە گالیسكەی جەنگیی چاوەڕێی هاتنی هیندۆئەورووپییەكان و دامەزراندنی دەوڵەتی میتانیی نەكردووە. توێژەران پێیانوایە كە پەرەسەندنی گالیسكە بەرەنجامی بەیەكگەیشتنی شارستانییە جیاوازەكانە و پەیوەندیی بە كۆچی هیندۆئەورووپییەكانەوە نییە.

ئەمە جگە لەوەی كە هیندۆئەورووپییەكان دەستێكی بالایان هەبووە لە پەرەپێدانی گالیسكەی جەنگیی كە ئەسپ رایدەكێشێت، ئەمەش لەسەر بنەمای زاراوەی هیندۆئاریی كە لە دەقەكەی كیككولی (**Kikkuli**).[١٦٦] دروستكردنی گالیسكە پێشكەوتنێكی گەورەی بەخۆیەوە بینی و

---

[164] Farber, *op. cit.*, p. 340.

[165] Schwartz, *op. cit.*, p. 1-2.

[١٦٦] دەقەكەی كیككولی (Kikkuli) یەكێكە لە زنجیرەی چوار تابلێتەكان كە هەندێك زانیاریی تێدایە دەربارەی راهێنانی ئەسپ بۆ سوارچاكی وگالیسكەسازیی، ئەم دەقە بە زمانی حیثی نووسراوە و لە خاتوشا (بۆغاز كۆی) دۆزراوەتەوە، لە نوسراوەكەدا كیككولی ئاماژە بەخۆی دەكات و دەڵێت: "كیكولی مامۆستای راهێنەری ئەسپ كە لە ولاتی میتانییەوە هاتووە." بێجگە لەوەی كە دەقەكەی كیككولی هەندێك وشەی هیندۆئەورووپیی تێدایە، بۆیە لێرەدا بیردۆزەی هێنانی گالیسكەی جەنگیی لەلایەن هیندۆ ئەورووپییەكانەوە بیردۆزەیەكی بەهێزە. بڕوانە:

Schwartz, *op cit.*, p. 1-2; Pinheiro, *op. cit.*, p. 6-8.

زۆریش بەکارهاتووە لە کاتی شەڕکردن و پێشبڕکێ و گواستنەوەدا.[١٦٧] پێشکەوتنی گالیسکەی جەنگی لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنێکی ناوخۆیی بووە پەرەسەندنێکی کۆمەڵایەتیش بووە.[١٦٨]

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٥ پ. ز. گالیسکەی بە ئەسپ ڕاکێشراو نموونەی بەشەکانی سوپایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیی لە سوپای حیثی بۆ چەندەها پشت، هەرچەندە مێژووی دەقە ئەسڵییەکان زۆر درەنگن بۆ ئەوەی دەستنیشانی هونەری گالیسکەسازیی بکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لە گرنگیی سوارچاکی میتانییەکان، هەرچەندە دیمەنی گالیسکە و پێداویستییەکانیی لە هونەری میتانییەکاندا هێشتا بەربلاو نییە، دیارە هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە میتانییەکان سیمبولی تریان بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی دەسەڵات و شکۆمەندی خۆیان.[١٦٩]

زانیارییە نوسراوەکان دەربارەی گالیسکەی جەنگی لە ماوەی نێوان ١٦٠٠-١٣٠٠ پ.ز. پشت بەو نامەو دەقە دۆزراوانە دەبەستێت کە لە نوزی و ئەلەلاخ و نیپور و گردی عەمارنە و ئۆگاریتدا هەبوون.

لە نوسراوێکدا باسی پاشای شلمانیسەری یەکەم دەکات کە لە ماوەی (١٢٧٤-١٢٤٥ پ. ز.) حوکمی کردووە و باسی سەرکەوتنی بەهۆی گالیسکەوە دەکات.

لەسەردەمی تگلات پیلەسەری یەکەمەوە تا کۆتایی سەردەمی ئاشووری نوێ باسی گالیسکەی جەنگی لە راپۆرتە جەنگییەکانی پاشاکانی ئاشوورییەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك هاتووە و باسی گالیسکەی جەنگی لە دەقەکانی سەردەمی بابلیی نوێشدا هاتووە.[١٧٠]

---

[١٦٧] عباس, *المصدر السابق*, ص. ٢٧٧.

[168] Pinheiro, *op. cit.*, p. 8.
[169] Shwartz, *op. cit*, p. 1-2.
[170] Farber, *op. cit.*, p. 340-341.

لەو دەقانەی کە لە نووزیی دۆزراونەتەوە زانیارییمان دەربارەی ئەسپ و چەك و جەنگاوەرەکانی و پێداویستییەکانی شەڕ دەستدەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی کە جێی بایەخێکی زۆری شاهانە و خانەدانەکان بوون، یەکێك لە دەقەکان باس لە (١٧٠) ئەسپ دەکات لە خانیگالبات, هەروەها تێکستێکی تر باس لە وەرگرتنی جۆ دەکات بۆ ئەسپە میتانییەکان و کۆشکی نوزی گالیسکە دەداتە کەسانێك کە لە خانی گالباتەوە هاتوون بۆ دابینکردنی سوپای میتانی، ئەوەش روونە کە گالیسکەی سواری بە (rakib- narkabti) لە دەقەکاندا ناوی هاتووە، وا دیارە ئەم پیشەیە لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوە.[١٧١] لەگەڵ ئەمەشدا لە ئەلەلاخ و ئۆگاریت چینی پیشەوەر هەبوون کە کاریان تەنیا دروستکردنی گالیسکە و پێداویستییەکانی بووە و ئەم چینە بە دەسەڵاتەوە بەسترابوونەوە, بەڵام خۆیان گالیسکەیان لێنەدەخوڕی. زانیارییە شوێنەوارییەکان پەرشوبڵاون و لەیەك شوێن نادۆزرێنەوە، لە ئەلەلاخ و نوزی و تەل براك نەبێت چەند پارچەیەك دۆزراونەتەوە.[١٧٢]

یەکێك لەوانە نموونەیەکی گالیسکەیە لەسەر جێ مۆرێکی نوزی مێژووەکەی بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە,[١٧٣] بەڵام ئەم نموونەیەش هی کاتی شەڕکردن نییە (**وێنەی ١٧٥**).

---

[171] Feldman, M. H, Objects of Presting e? chariots in the late Bronze Age in Eastern Mediterranean and Near East, *Ägypten und Levante/Egypt and the Levant 20*, 2010, p. 79.
[172] *Ibid*.
[173] *Ibid*.



وێنەی (١٧٥) جێ مۆرێك لە نوزی

Feldman, 2010, fig 52

بەڵام هەندێك نموونەی گالیسکەمان هەیە کە هی سەردەمی میتانییەکانە، هەرچەندە لە کوردستان نین, بەڵام لە ژێر قەڵەم ڕەوی میتانییەکانن ئەوا هەندێکیان دەخەینەڕوو لەبەر بەرچاوڕوون.[١٧٤]

بەڵگە شوێنەوارییەکان دەریدەخەن کە گالیسکەی جەنگی بە شێوەیەکی گشتیی دوو کەس دەگرێت و دەتوانن بەپێوە بوەستن چونکە سندوقەکەی نیو مەتر بە یەك مەترە (٠,٥م*١م)، بەڵام بەگشتیی گالیسکەکانی باکووری سوریا گەورەتر بوون، چونکە سێ کەسی دەگرت، کە شۆفێری گالیسکەکە و جەنگاوەرەکە و پاسەوانی جەنگاوەرەکە بوون، شوێنی دانیشتنی سوارچاکەکان و ژێرەکەی (ئەرزیەکە)ی لەتۆڕێك دروستکراوە و لێوارەکانی بەهێڵی تیکهەڵکێش دروستکراون، بۆئەوەی جەنگاوەرەکان تێیدا دانیشن.[١٧٥]

[174] Pinheiro, *op. cit.*, p. 13.
[175] Feldman, *op. cit.*, p. 71.

تابلێتێكی قوڕین لە ناوچەی ئوم ئەلمڕە **(وێنەی ١٧٥)**,[١٧٦] لە چینی سەردەمی میتانی دۆزراوەتەوە وێنەی مرۆڤێكە تیروكەوانێكی پێیە و لەسەر گالیسكەیەك وەستاوە و ڕەشمەی ئەسپەكەشی پێیە.[١٧٧]



وێنەی (**١٧٥**) دیمەنی دەركەوتنی گالیسكە لە ئوم المره.

Shwartz, 2014, fig.1.

نموونەیەكی ترمان هەیە پارچەیەكی عاجە و بۆ سەدەی **١٣** پ. ز. دەگەڕێتەوە و لە كۆشكی ئۆگاریت (رأس شمره) دۆزراوەتەوە.[١٧٨] زۆر بە تەنكیی دیمەنی ڕاوكردنی ڕاوچییەك لەسەر گالیسكەیەك هەڵكۆڵراوە **(وێنەی ١٧٦)**، ئەم دیمەنە دوو ئاسك نیشاندەدات ڕادەكەن

[١٧٦] ئوم ئەلمڕە:دەكەوێتە ڕۆژئاوای سوریا لە باكووری شاری حەلەب و لە ناوچەی بەنداوی تشرین. بڕوانە:
Curvers, H., and Shwartz, C. M., Dunham S., "Umm el- Marra, Bronze Age Urban Center in the Jabbul, Western Syria", *AJA*, Vol. 101, No. 2, (1997), p. 201.

[177] Shwartz, *op. cit.*, p. 9.

[١٧٨] ئۆگاریت: ئەم ناوچەیە بە دووریی ١٢ كم دەكەوێتە باكووری شاری لازقییەی سوریا لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست. بڕوانە: حاج درویش, *مملكة أوركيش الخورية* ....., ص.٦٢.

لەبەردەم دوو ئەسپدا کە گالیسکەیەك رادەکێشن، بەڵام بەداخەوە هیچ لە سندوقی گالیسکەکە نەماوە،[179] و لەوانەیە لەلایەن یەك کەسەوە لێخوڕابێت و ئەویش کەسایەتی پاشا بووبێت. هەر لە کۆشکەکەی رأس شمره نموونەی ترمان هەیە.[180]



وێنەی (١٧٦) گالیسکەیەك ئەسپ رایدەکێشێت لە رأس شمره.

Feldman, 2010, fig. 45.

هەر لەم ناوچەیەدا ئەسپ و گالیسکە زۆر بەدیدەکرێن، بەتایبەتیی لە بەشی باشووری شارەکە کەماڵێك هەبووە پێیوتراوە ماڵی ئورتینوم (urtenum). ئەم ماڵە زۆر بابەتی ئەسپ و گالیسکەی تێدابووە، کۆمەڵێك دەق دۆزراونەتەوە کە تایبەتە بەم بابەتە و پاشماوەی (٦ نیر (ئەوەی بەشانی ئەسپەکەوە دەبەسترێت) دۆزراوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك لە بەرپرسیارێتی ئەم ماڵە ڕاهێنانی ئەسپ بووە.[181] ئەو کەسانەی تایبەت بوون بەم ئیشە (رێکخستن و

179 Feldman, *op cit.*, p. 145.

١٨٠ بۆ زانیاری لەسەر نموونەکانی تر، بڕوانە:

Feldman, *op cit.*, fig. 45.

181 Feldman, *op cit.*, p. 73.

ماڵییکردنی ئەسپ) پێیانوتراوە (Maryannu)، ئەم کەسانە لە شانشینی میتانیی بوون جەنگاوەری پلە باڵابوون، واتە چینێکی ئەفسەر بوون و تایبەت بوون بە ئەسپ و گالیسکەوە و پلەیان کەمێك کەمتر بووە لە دەستوپێوەندەکانی پاشا، بەڵام لە ئەلەلاخ بەس لە چینی پاشایەتی دەسەڵاتیان کەمتربووە، لە ئوگاریتیش بەرزترین پلەی وەزیفی و زۆرترین زیویان وەردەگرت. لەکاتێکدا بەپێی ئەو دەقانەی لە ئەلەلاخ لە چینی چوار دۆزراونەتەوە باس لەوە کراوە کە چەك و گالیسکەکان راستەوخۆ لەلایەن کۆشکەوە بەڕێوەدەبران.

# ٤-بەشی چوارەم

## ٤-١ لێکدانەوەی بابەتەکانی هەزارەی سێیەم و دووەمی پێش زایین

لەم بەشی لێكدانەوەیەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین كە باسی مێژووی پارچەكان تەنیا لە خشتەكەدا خراوەتەڕوو، هەموو باسكردنێكی هەزارەی سێیەمی پ. ز. مەبەست لێی بەشی دووەمە و هەموو باسكردنێكی هەزارەی دووەمی پ. ز.یش مەبەست لێی بەشی سێیەمە.

## ٤-١-١ ڕم لەهەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز.

ڕم چەكێكە بۆ لێدان بەكاردێت، وەك باسكراوە مرۆڤی كۆن بۆ ڕاوكردنی ئاژەڵان و پاشتریش بۆ شەڕكردن بەكاریهێناوە. لە بەردێكی نووك تیژ دروستیكردووە و بەسەری دارێكەوە بەستویەتییەوە.[١]

ڕم لە زمانی سۆمەرییدا بە شێوەی **ŠA$_3$**.U**ŠA$_4$**بـ$^{\mathbf{urudu}}$ خوێنراوەتەوە, بەڵام بە زمانی ئەكەدیی بە ***asmarû*** خوێنراوەتەوە،[٢] بە سۆمەریی پێشیوتراوە

**gud$_4$-da** $^{\mathbf{Urudu}}$ و هاوواتاكەی لە زمانی ئەكەدییدا ***Ku-ri-tum*** بووە كە بە مانای ڕم یاخود خەدەنگ هاتووە.[٣]

لەهەزارەی سێیەمی پ. ز. چەند جۆرێك ڕم لەو ناوچانەی توێژینەوەكەمان دەیگرێتەوە دۆزراونەتەوە و ژمارەیان دەگاتە (١٦) نموونەی دۆزراوە و (٢) نموونەی هەڵكۆڵراو و (٢) نموونەی سەر مۆرە لولەییەكان. ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ڕم زۆر بەكارهاتووە. دۆزراوەكان زۆربەیان لەمس دروستكراون و ئەوانی تر لە كانزای تر، بڕوانە (**بڕوانە خشتەی ١**).

---

[١] عباس، المصدر السابق, ص.١٩١.

[2] Salonen, E, *Die waffen der Alten Mesopotamier: Eine Lexikalsche und Kulturgeschichtliche Untersuchung*, Studia Orientalia Edidit Societas Orientalis Fennica,Vol. XXXIII, Helsinki, 1965, p. 85

[3] Salonen, *op. cit.*, p.88.

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. نموونەی دۆزراوەی ڕم زۆرە و ژمارەیان دەگاتە (٤٠) نموونە, زۆربەیان لە ناو گۆڕەکان دۆزراونەتەوە و بە شێك بوون لە کەرەستەی ناشتنی مردوو. شەش نموونەیش لەسەر مۆرەکان هەیە (**بڕوانە خشتەی ٢**).

### ٤-١-١-١ جۆرەکانی ڕم

#### ٤-١-١-١-١ ڕمی درێژ

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (**١٠**) ڕمی درێژمان هەیە لە شوێنی جیاواز دۆزراونەتەوە، وەك: گردی بەیدەر (وێنەی٢/١) و چاغر بازاڕ (وێنەی ٣) و دەروپشتی کەرکوك (وێنەی ٤-٥) و ئوچ تەپە (وێنەی ٢/٧) و ئەرسەلان تەپە (وێنەی ٨-٩) و بیرەجیك (وێنەی ١٠/٣-٤). لە (وێنەی ١١) خواوەندێك دانیشتووە و ڕمێکی سەر درێژی بە دەستەوەیە. بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٦) نموونەی دۆزراوەمان هەیە وەك (**وێنەی١** (١-٢)) چاغر بازاڕ و گردی بەکراوە (**وێنەی ٥**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٨/٥**) و گردی دێرهال (**وێنەی ٩**) و دنخا تەپە (**وێنەی ١٢**).

#### ٤-١-١-١-٢ نێزە (ڕمی کورت)

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (**٥**) نموونەمان هەیە، ئەوانیش لە شوێنەوارەکانی گردی بەیدەر (**وێنەی ٢/٢**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٦**) و ئوچ تەپە (**وێنەی ١/٧**) و بیرەجیك (**وێنەی ٤/١-٢**).

بەهەمان شێوە لە هەڵکۆڵراوەکاندا ئەم شێوە ڕمە بەرچاودەکەوێت، وەك (**وێنەی ١١**) هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندوك کەنێزەکە چەقیوەتە پشتی نێچیرەکە، هەرچەندە سەری ڕمەکە دیار نییە بەڵام لەوانەیە بچوك بێت چونکە چووە بە پشتی نێچیرەکەدا. لە میلی سەرکەوتنەکەی نەرام-سین دا شەڕکەرە لوللوبییەکە دەردەکەوێت نێزەیەکی شکاوی پێیە س (**وێنەی ١٢**), لە مۆرێکی خورییدا ڕاوکەرێك دەردەکەوێت نێزەی پێیە، ئەمەش بەهەمان چەشن سەرەکەی دیار نییە، (**وێنەی ١٣**). لە (**وێنەی ١٤**)دا ڕاوکەرێك دەرکەوتووە نێزەیەکی پێیە, کە بەپێی

**بەڵگەکانی بەردەست بێت پێدەچێت ڕمی کورت زۆر بەکارهاتبێت, لەم سەردەمەدا لە ناوچەکانی کوردستان.**

**لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٣٤) نموونەی دۆزراوەمان هەیە لە ناوچەکانی چاغر بازاڕ (وێنەی ١ /٣-٤-٥-٦) و گردی دێکۆن (وێنەی ٢) و گردی شمشارە (وێنەی٣-٤) و گردی بەکراوە (وێنەی ٥-٧) و گردی سلێمە (وێنەی ٨ /١-٢-٤) و دنخا تەپە (وێنەی ١٠-١١) و گردی باباجان (وێنەی ١٣)، (٥) نموونەی سەر جێ مۆرەکانیش هەیە لە نوزی و باکووری سوریا دۆزراونەتەوە.**

**جێگەی باسە سەرە ڕمەکان هاوشێوەن. هەروەها تەنها بەکارهێنانی هێڵ (پەراسودار بوون) بۆ جوانکردنی دەمەکەی لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئەمە کارێکی قورس نەبووە و بەڵگەشە لەسەر ئەوەی سەرە ڕمەکان بە بەراورد بە چەکەکانی تر بایەخێکی کەمتریان پێدراوە.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | ماددەکەی | شوێن | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | بەیدەر | ٢ | | مس | گۆڕ | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان | ؟ |
| ٢- | چاغر بازاڕ | ١ | ٢٧ | مس | گۆڕ | هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ٣- | ئوچ تەپە | ٢ | ؟ | مس | گۆڕ | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٤- | دەروپشتی کەرکوك | ٢ | ؟ | ؟ | کێڵگە | کۆتایی هەزارەی سێیەم | |
| ٥- | دەروپشتی کەرکوك | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ٦- | سلێمە | ١ | ١٩,٣ دەمەکەی , ١٠,٣٧ پانییەکەی ٢,٨ تیرەی بازنەیی | برۆنز | گۆڕ | بابلیی کۆن | ٤ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١,٨ | | | | |
| ٧- | ئەرسەلان تەپە | ٢ | ؟ | مس | گۆڕ | ٣٠٠٠-٢٩٠٠ | VIB2 |
| ٨- | بیرەجیك | ٤ | ؟ | برۆنز | گۆڕ | نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ. ز. | ؟ |
| ٩- | ئەشکەوتی گوندوك | ١ | ؟ | بەرد | ئەشکەوت | سەرەتای هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ١٠- | میلی نەرام-سین | ١ | ؟ | برۆنز؟ | سوسە | هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ١١- | ئورکیش/مۆر | ٢ | ؟ | برۆنز؟ | کۆشکی پاشاکانی خورییەکان | سەدەی ٢٣ | ؟ |

(**خشتەی ١**) **ڕم لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | چاغر بازاڕ | ١ | ٣٣ | گۆڕ | مس | دەوروبەری ١٩٠٠ | ١ |
| ٢- | چاغر بازاڕ | ١ | ٣٣ | گۆڕ | مس | دەوروبەری ١٩٠٠ | ١ |
| ٣- | چاغر بازاڕ | ١ | ٢١,٥ | گۆڕ | مس | دەوروبەری ١٩٠٠ | ١ |
| ٤- | چاغر بازاڕ | ١ | ١٨ | گۆڕ | مس | دەوروبەری ١٩٠٠ | ١ |
| ٥- | چاغر بازاڕ | ١ | ١٣,٥ | گۆڕ | مس | دەوروبەری ١٩٠٠ | ١ |
| ٦- | چاغر بازاڕ | ١ | ١٠,٥ | گۆڕ | مس | ±١٩٠٠ | ١ |
| ٧- | دێکۆن | ٢ | ٥,٦٦ ,پانییەکەیان ٢, ئەستوریەکەیان | گرد | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ٠,٥ | | | | |
| -٨ | شمشاره | ٣ | | گۆڕ | برۆنز | سەردەمی خوری/ هەزارەی دووەم | ٤ |
| -٩ | شمشاره | ٧ | ؟ | گۆڕ | ئاسن | كۆتایی هەزارەی دووەم | ٤-٨ |
| -١٠ | بەكراوه | ١ | | گۆڕ | مس | ١٥٠٠-١٨٠٠ | ٤ |
| -١١ | بەكراوه | ١ | | گۆڕ | مس | ١٥٠٠-١٨٠٠ | ٤ |
| -١٢ | بەكراوه | ١ | ٢٣,٦ | گۆڕ | ؟ | ١٨٠٠-٢٠٠٠ ناوەڕاستی سەردەمی برۆرنز | ٦ |
| -١٣ | سلێمه | ١ | ١٢,٩ دەمەكەی ٦,٥, پانییەكەی ٢,٩, تیرەی بازنەیی ١,٣ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی كۆن | ؟ |
| -١٤ | سلێمه | ١ | ١٣,٥ (دەمەكەی ٧) پانییەكەی ٢,٨ تیرەی بازنەیی ١,٢ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی كۆن | ٢ |
| -١٥ | سلێمه | ١ | ٧,٦ دەمەكەی٥,٥ , پانییەكەی ٢,٢ | ژوور | برۆنز | بابلیی كۆن | ؟ |
| -١٦ | سلێمه | ١ | ,١٤ دەمەكەی ١١,٤, پانییەكەی ٢,٩ | ؟ | برۆنز | بابلیی كۆن | ٢ |
| -١٧ | سلێمه | ١ | ٢٥,٣ دەمەكەی ١٦,٢, پانییەكەی ٢,٦ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی كۆن | ٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨- | دیر هال | ١ | | ؟ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | ٤ |
| ١٩- | باباجان | ١ | ١٢,٥به ١,٨ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٠- | باباجان | ١ | ١١,٥ به ١,٨ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢١- | باباجان | ١ | ١٢,٥ به ٢,٢ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٢- | باباجان | ١ | ١٠,٨به ٢,١ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٣- | باباجان | ١ | ١٢,٩ به ١,٩ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٤- | باباجان | ١ | ١٢,٦ به ٢,٠ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٥- | باباجان | ١ | ١٣,١ به ٢,٠ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٦- | باباجان | ١ | ١٢,٧ به ١,٩ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٧- | باباجان | ١ | ١٣,٥به٢,٠ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٨- | باباجان | ١ | ١٣,٥ به٢,٠ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | 5A |
| ٢٩ | دنخاتەپە | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ناوەڕاستی هەزارەی دووەم | ٢ |
| ٣٠- | دنخا تەپە | ٢ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ناوەڕاستی هەزارەی دووەم | دنخا٢ |
| ٣١- | نوزی | ٣ | ؟ | . | ؟ | سەردەمی میتانییەکان | .؟ |
| ٣٢- | باکووری سوریا | ٢ | ؟ | ؟ | ؟ | سەردەمی میتانییەکان | ؟ |

**(خشتەی ٢) ڕم لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

### ٤-١-٢ تەور

تەور بە زمانی سۆمەریی بە **GÍN** [giš] یان **GÍN** [urudu] دەخوێندرێتەوە، بە زمانی ئەکەدیی دەخوێنرێتەوە بە ***pšuā***,[4] بەڵام ***ḫaṣṣinnum*** واتە تەور کوشتن کە لە مس دروستکرابوو.[5] لە دۆزراوەکان و سەر هەڵکۆڵراوەکان و سەر مۆرەکان لە شوێنەوارەکانی کوردستاندا نموونەی تەور بەدی دەکرێت. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (١٧) نموونەی دۆزراوە و یەك نموونەی سەر هەڵکۆڵراو و یەك نموونەی سەر مۆرەکانمان هەیە (**بڕوانە خشتەی ٣**).

بەڵام لەهەزارەی دووەمی پ. ز. (**٣١**) نموونەی دۆزراوە و چوار نموونەی لەسەر هەڵکۆڵراوەکان هەیە و سێ نموونەی سەر مۆرە لولەییەکان هەیە (**بڕوانە خشتەی ٤**).

هەروەها دۆزینەوەی قاڵبی دروستکردنی تەور لە شوێنەواری شمشارە لە دەشتی بتوێن لە پارێزگای سلێمانی بەڵگەیە لە سەر دروستکردنی تەور لەم شوێنەوارەدا. جێی ئاماژە پێکردنە نموونەیەکی تری قاڵبی دروستکردنی تەور لە هەمان سەردەم هەیە و ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس, هەرچەندە نازانین لە کوێ دۆزراوەتەوە.

ئەم نمونەیەی شمشارە ئەوە دەگەیەنێت کە لە شوێنەواری شمشارەدا کارگەیەك هەبووە بۆ دروستکردنی چەك، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە سەرچاوەی کانزای خاو لە کانەکانی ناوچەکانی زاگرۆسەوە زۆر دوور نییە لە دەشتی بتوێنەوە دیارە ئەمە یەکێکە لەو هێڵە بازرگانییانەی کە ئاڵوگۆڕ و هێنان و بردنی کانزای تێدا ئەنجامدراوە.

بە شێوەیەکی گشتیی دەمی تەورەکانی هەزارەی دووەمی پ. ز. جیاوازترن و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش لەوانەیە بە هۆی گۆڕینی شێوەی تواندنەوەی کانزاکە و قاڵب لێدانەکەی بێت. هاوشێوەبوونی تەورەکان لە کوردستان ئەوە دەگەیەنێت کەوا

---

[4] Jermy, B., and Andrew, G., Nicholas, P., *Aconscise Dictionary of Akkadiyan*, wiesbaden, 2000, p. 270; Salonen, *op. cit.*, p. 20.
[5] *CAD*, Ḫ, p. 133a.

کارگەکان پەیوەندیان پێکەوە هەبووە یاخود کانزاکارەکان خۆیان لە ناوچەکاندا هاتوچۆیان کردووە یاخود لە ڕێی بازرگانەکانەوە بڵاوبووەتەوە.

### ٤-١-٢-١ جۆرەکانی تەور

#### ٤-١-٢-١-١ تەوری دوو لا ڕێك

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. چوار نموونەی لەم شێوە تەورە هەیە, دوانیان لە گردەکانی چاغر بازاڕ (**وێنەی ١٩**) و سلێمە (**وێنەی ٢٤**) بەدی دەکرێت, یەکێکی تریش بە دەستی پاشاوەیە لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاوردا کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە بڕوانە (**وێنەی ٢٦**), هەروەها لە جێ مۆرێکی ئورکیش (**وێنەی ٢٨**) دەردەکەوێت. لە هەزارەی دووەمی پ. ز.دا (١١) نموونەی تەور لەم شێوەیە دۆزراوەتەوە, لە چاغر بازاڕ (وێنەی ١٩-٢٠) و گردی یەڵخی (**وێنەی ٢٥**) و گردی حەلاوە (وێنەی ٣٠-٣١) و گردی سلێمە (وێنەی ٣٤) و گردی ئەلسیب (**وێنەی ٣٧**). لەگەڵ یەك نموونەی هەڵکۆڵراو (**وێنەی ٤٣**).

#### ٤-١-٢-١-٢ شێوەی تەوری یەك لا ڕێك

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٤) نموونەی لەم شێوەیە دۆزراوەتەوە لە شوێنەوارەکانی گردی عەربید (**وێنەی ١٧**) و تەپە گەورە (**وێنەی ٢١**) و گردی ماحوز (**وێنەی ٢٣**) و گردی ئەحمەد حەتۆ (**وێنەی ٢٧**). ئەم شێوە تەورە بەردەوام بەکارهاتووە تا کۆتاییەکانی هەزارەی دووەمی پ. ز. و (١١) نموونەی لەم شێوەیە دۆزراوەتەوە لە چاغر بازاڕ (**وێنەی ٢٠**) و گردی شمشارە (**وێنەی ٢٢**) و ناوچەی ئەربیلوم (**وێنەی ٢٧**) و گردی حەلاوە (**وێنەی ٢٨-٢٩**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٣٣**). لە لوڕستانیش دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣**). وە سێ نموونەی تەور هەیە لەسەر هەڵکۆڵراوەکانن، وەك: هەڵکۆڵراوی ئیددین-سین (**وێنەی ٤٥**) و ئیددین-سین لە سەر پول زەهاب (**وێنەی ٤٦**) و هەڵکۆڵراوی ئانۆبانینی

(**وێنەی ٤٧**)، یەك نموونەش لە جێ مۆرێکی پاشای زابازونا (**وێنەی ٤٨**) دەبینرێت. بوونی ئەم تەورانە کە لە یەك شێوەن و لە دیمەنی هاوشێوەدا دەردەکەون لەوانەیە تایبەت بن بەکەسانێکی پلەوپایە بەرز وەك پاشاکان، لەوانەشە لەکاتی سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیاندا ئەم چەکەیان هەڵگرتبێت بۆ پەڕاندنی ملی سەرکردەی دوژمنەکەیان، چونکە لە هەر چوار دیمەنەکەدا پاشاکان پێیان لەسەر سنگی دوژمنەکانیان داناوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لەوانەیە لە ڕێوڕەسمێکی ئاینی تایبەت لە پاش سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا لە بەرامبەر خواوەند عەشتار ئەم چەکەیان هەڵگرتبێت.

### ٤-١-٢-١-٣ تەوری کونداری شێوە چاو

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. چوار تەور لەم شێوەیە لە گردی سلێمە دەبینرێت (**وێنەی ٢٥-٢٦**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دوو نموونەی لەم شێوە تەورە دۆزراوەتەوە یەکێکیان لە دەوروبەری کەرکوك (**وێنەی ٢٣**) و ئەوی تریان لە گردی یەلخی (**وێنەی ٢٦**). ئەم شێوە تەورە پێناچێت بۆ شەڕ بەکارهاتبێت، بەڵکو لەوانەیە بۆ ڕێوڕەسمێکی ئاینی بەکارهاتبێت، چونکە تەنکتر دروستکراوە و پێناچێت بەرگەی پیاکێشانێکی بەهێز بگرێت.

### ٤-١-٢-١-٤ تەوری شێوە سەرەوخوار

لەم شێوە تەورە لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٣) نموونە هەیە و لە گردی بەیدەر (**وێنەی ١٥**) و چاغر بازاڕ (**وێنەی ٢٠**) و کێڵگەکانی دەوروبەری کەرکوك (**وێنەی ٢٢**) دەرکەوتووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. یەك نمونە لەم شێوەیە دەبینرێت ئەویش لە گردی فەخخارە (**وێنەی ٢٤**) و بۆ ئەم سەردەمە شێوەیەکی دەگمەنە.

### ٤-١-٢-١-٥ تەوری سەرپان

ئەم شێوەیە تەنیا لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. لە عەربید (**وێنەی١٦**) دۆزراوەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەم شێوە تەورە باونەبووە لە ناوچەکەدا.

### ٤-١-٢-١-٦ تەوری دەم باوەشێن

لەم شێوە تەورە لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. بەدی ناکرێت, بەلام لە هەزارەی دووەم پ. ز. (٤) نموونەی لەم شێوەیە هەیە، ئەوانیش لە گردی حەلاوە (**وێنەی ٣٢**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٣٥-٣٦**)، ئەم شێوەیە تەنیا لە ناوچەی حەمرین بەدی دەکرێت، دیارە پیشەسازییەکی ناوخۆییە.

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | بەیدەر | ١ | ١٤به ١٢ | ؟ | برۆنز؟ | سەرەتایی هەزارەی سێیەم؟ | ؟ |
| ٢- | عەربید | ١ | ؟ | گۆڕ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٣- | عەربید | ١ | ١١,٧ | گۆڕ | برۆنز | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٤- | عەربید | ١ | ؟ | گۆڕ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٥- | چاغر بازاڕ | ١ | ؟ | گۆڕ؟ | مس | هەزارەی سێیەمی | ؟ |
| ٦- | تەپە گەورە | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەردەمی سەرهەلّدانی بنەمالّەکان | ٦ |
| ٧- | دەوروبەری کەرکوك | ٢ | ؟ | ؟ | ؟ | کۆتایی هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ٨- | سلێمە | ١ | ١٢,٩, دەمەکەی ٧,٩, پانی دەمەکەی ٣,٦ | گۆڕ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ٤ |
| ٩- | سلێمە | ٢ | ٩,٦-٩,٩ , پانییەکەی ٨,٥ - ٨,٧ | گۆڕ | مس | سەردەمی ئەکەدی | ٤ |
| ١٠- | سلێمە | ٢ | ٩,١- ١٠,٢ , پانیان ٨- | گۆڕ | مس | سەردەمی ئەکەدی | ٤ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ٨,٣ تیرەی بازنەیی ٢,٦- ٢,٨, بەڵام تیرەی بازنەی سەرەکانیان لە نێوان ٢,٣- ٣,١ | | | | |
| ١١- | گردی ئەحمەد الحتو | ١ | ,١٠ تیرەی بازنەییەکەی ٢,١ | گۆڕ | برۆنز | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەم. | ؟ |
| ١٢- | بیرەجیك | ٢ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ١٣- | پشتی کوه | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | سەرەتای هەزارەی سێیەم | |
| ١٤- | دەربەنی گاور | ١ | ؟ | هەڵکۆڵراو | ؟ | سەردەمی ئووری سێیەم | |
| ١٥- | ئورکیش | ١ | ؟ | مۆر | ؟ | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان | |

**(خشتەی ٣) تەور لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | چاغر بازاڕ | ١ | ؟ | گۆڕ | ؟ | ١٥٥٠-١٥٠٠ | ١ |
| ٢- | چاغر بازاڕ | ١ | ٢١ | گۆڕ | مس/ برۆنز | ١٨٠٠-١٦٠٠ | ١ |
| ٣- | شمشارە | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ٢٠٠٠-١٦٠٠ | ٦ |
| ٤- | دەروپشتی کەرکوك | ١ | ؟ | گرد | برۆنز | برۆنزی ناوەند | ؟ |
| ٥- | یەلخی | ٢ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ٢٠٠-١٧٠٠ | vb |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦- | فەخخار | ١ | ؟ | ژوور | برۆنز | نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەم | ٢ |
| ٧- | ناوچەی ئەربێلا | ١ | ؟ | ؟ | برۆنز | ئاشوری/تگلات پلیصری یەکەم | ؟ |
| ٨- | حەلاوە | ١ | ١٥,٥, دەمەکەی ١١, پانی دەمەکەی٤,٥, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٣,٩ , کەمترین ئاست ٢,٢ سم | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| ٩- | حەلاوە | ١ | ١٤,٧, دەمەکەی ١٠,٥, پانی دەمەکەی ٤,٧ , بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست١ ,٤ کەمترین ئاست ٢ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| ١٠ | حەلاوە | ١ | ١٩,٧, دەمەکەی ١٦,١, پانی دەمەکەی ٤,٢ , بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٦,٨ کەمترین ئاست ٤,٤ سم | ژوور | ؟ | بابلیی کۆن | ٢ |
| ١١- | حەلاوە | ١ | ١٩,٣, دەمەکەی ١٥,٣, پانی دەمی تەورەکە٣,٩, بەرزی کونی دەسکەکەی لە | گۆڕ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەرزترین ئاست٨ کەمترین ئاست ٥٤ سم | | | | |
| -١٢ | حەلاوە | ١ | ,١٨,٨ دەمەکەی ١٣, پانی دەمی تەورەکە ٤,٨, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٦,٦ کەمترین ئاست ٢٢ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| -١٣ | حەلاوە | ١ | ,١٨,٦ دەمەکەی ١٢,٤, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٧ کەمترین ئاست ٢,٥ | ژوور | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| -١٤ | حەلاوە | ١ | ,٢١,٥ دەمەکەی ١٦, پانی دەمەکە ی٦,٢, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٦,٢ کەمترین ئاست ٢١ | ژوور | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| -١٥ | حەلاوە | ١ | ,١٧,٧ دەمەکەی ١٢,٨, پانی دەمی تەورەکە ٦,٦, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٥,٧ کەمترین ئاست ٣,٣ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| -١٦ | سلێمە | ١ | ,١٦,٤ دەمەکەی١١,٧, | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ١ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | پانییەکەی ٥,١,<br>بەرزی کونی<br>دەسکەکەی لە<br>بەرزترین ئاست ٤,١<br>کەمترین ئاست ٢ | | | | |
| -١٧ | سلێمە | ١ | ,١٥,٥<br>دەمەکەی ١١,١,<br>پانی دەمی<br>تەورەکە٣,٨ , بەرزی<br>کونی دەسکەکەی لە<br>بەرزترین ئاست٥,٦ | گۆڕ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٣ |
| -١٨ | سلێمە | ١ | ,٦,٨<br>دەمەکەی ١٢,٥,<br>پانی دەمەکەی٥,١,<br>بەرزی کونی<br>دەسکەکەی لە<br>بەرزترین ئاست ٧,٤<br>کەمترین ئاست ٦ | گۆڕ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٣ |
| -١٩ | سلێمە | ١ | ,٦,٣<br>دەمەکەی ١٢,٥,<br>پانی دەمەکە٤,٨ی | گۆڕ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٣ |
| -٢٠ | سلێمە | ١ | ,١٢,٨<br>دەمەکەی ٩,٦,<br>پانی دەمەکە٣,٤ی<br>بەرزی کونی<br>دەسکەکەی لە<br>بەرزترین ئاست ٤,٤ | گۆڕ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٢ |
| -٢١ | سلێمە | ١ | ,١٨,٥<br>دەمەکەی ١٢,٤,<br>پانی دەمەکەی ٥,٧,<br>بەرزی کونی<br>دەسکەکەی لە | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەرزترین ئاست ٦,٣ کەمترین ئاست ٣ | | | | |
| -٢٢ | سلێمە | ١ | ١٠,٨, پانی دەمەکەی ٥,٧ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ١ |
| -٢٣ | سلێمە | ١ | ١٣ , دەمەکەی ١٠,٤, پانی دەمەکەی١٠,٨ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ١ |
| ٢٤ - | ئەلسیب | ١ | ١٩,٧, دەمەکەی ١٥,٦, پانی دەمی تەورەکە ٣,٦, بەرزی کونی دەسکەکەی لە بەرزترین ئاست ٧,٧کەمترین ئاست ٥ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ؟ |
| -٢٥ | لوڕستان | ١ | ١٣,٥ | ؟ | ؟ | ؟ | |
| -٢٦ | لوڕستان | ٤ | ؟ | ؟ | برۆنز | کۆتایی هەزارەی دووەم | ؟ |
| -٢٧ | دەربەندی بێلولە | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەدەی ١٩ پ. ز. | ؟ |
| -٢٨ | هەڵکۆڵراوی ئانوبانینی | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |
| -٢٩ | هەڵکۆڵراوی ئیددین-سین | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |
| ٣٠ | هەڵکۆڵراوی سەرپول زەهاو | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |
| -٣١ | نوزی | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| -٣٢ | ئەسمەر | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |

**(خشتەی٤) تەور لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

### ٤-١-٣ خەدەنگ

خەدەنگ کە دروستکراوە نووکیان تیژکردووە بۆئەوەی خەدەنگکە تیژ و لەناوبەر بێت، مرۆڤ لەسەرەتادا دانی بەردینیان لەلایەك یاخود لەهەردوو لای خەدەنگکە چەسپکردووە, ئەم چەسپکردنەش بەهۆی پارچەیەك پێستەوە بووە.[٦] گەورەیی و بچووکیی، یاخود درێژیی و کورتیی خەدەنگ بەپێی ئارەزووی کەسەکان بووە.[٧]

وشەی خەدەنگ بەم شێوازە لە زمانی سۆمەرییدا هاتوە GUD$_4$-**DA·Kuritum** **urudu**،[٨] بە (**Jakītu**) دەخوێندرێتەوە ئەگەر لە ئاسن و برۆنز دروستکرابێت.[٩]

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٥) نموونەی دۆزراوە هەیە، لە چاغر بازار (**وێنەی ٣٢**) و کێلگەکانی دەوروبەری کەرکوك (**وێنەی ٣٤–٣٥**) و ئوچ تەپە (**وێنەی ٣٦**). یەك نموونەی سەر مۆرەکان هەیە لە ئورکیش دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٣٧**), (**خشتەی ٥**)، دۆزینەوەی قاڵبی دروستکردنی خەدەنگ لە شوێنەواری چاغر بازار هێمای بوونی کارگەیەکە لەو شوێنەوارەدا واتە کانزاکاریی لەم شوێنەوارەدا هەبووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٥) نموونەی دۆزراوەمان هەیە، لە گردی مۆزان (**وێنەی ٥٠**) و دەوروبەری کەرکوك (وێنەی ٥١) و گردی فەخخار (**وێنەی ٥٢**) و گردی ماحوز (**وێنەی ٥٣**)، (٢) نموونەی جێ مۆریش لە نوزی دۆزراونەتەوە (وێنەی ٥٤–٥٥)، (**بڕوانە خشتەی ٦**).

ئەوەی جێی تێبینییە, خەدەنگکان هەموویان هاوشێوەن و پەراسودارن و قەبارەشیان لەیەکەوە نزیکە.

---

[٦] الدباغ، السلاح في عصور قبل.... , ص.٣٠.

[٧] العبيدي, المصدر السابق, ص. ١٢٩.

[٨] عباس, *المصدر السابق*, ص. ٢٠٨.

[٩] عبد الله، يوسف خلف، *الجيش والسلاح في العهد الآشوري الحديث*، ط ١، بغداد، ١٩٧٧, ص.١٩٣; Salonen, *op. cit.*, p.87.

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | چاغر بازاڕ | ١ | ؟ | گۆڕ | ؟ | ١٥٥٠-١٥٠٠ | ١ |
| ٢- | چاغر بازاڕ | ١ | ٢١ | گۆڕ | مس/برۆنز | ١٨٠٠-١٦٠٠ | ١ |
| ٣- | شمشارە | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ٢٠٠٠-١٦٠٠ | ٦ |
| ٤- | دەروپشتی کەرکوك | ١ | ؟ | گرد | برۆنز | برۆنزی ناوەند | ؟ |

**(خشتەی ٥) خەدەنگ لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | مۆزان | ٢ | گۆڕ | برۆنز | | ؟ |
| ٢- | دەروپشتی کەرکوك | ١ | گۆڕ | برۆنز | سەرەتای هەزارەی دووەم (چاخی برۆنز) | ؟ |
| ٣- | ماحوز | ١ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |
| ٤- | فەخخار | ١ | گۆڕ | مس | نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەم | ؟ |
| ٥- | نوزی | ٢ | ؟ | ؟ | ؟. | ؟ |

**(خشتەی ٦) خەدەنگ لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

## ٤-١-٤ تیروکەوان

تیروکەوان یەکێکە لەو چەکانەی کە مرۆڤ زۆر لە کۆنەوە بەکاری هێناوە بۆ ڕاوکردن و بۆ شەڕکردن ئەم چەکەش لە دوورەوە شەڕی پێدەکرا, واتە لە شەڕی دەستەویەخەدا

بەکارنەدەهات، لەسەرچاوە مێخییەکان باسی تیروکەوان کراوە، لە زمانی سۆمەریدا خوێنراوەتەوە بە $^{giš}$**BAN** یان **SAG** $^{Kuš}$ . [**BA**]N $^{giš}$ و بە زمانی ئەکەدییش خوێنراوەتەوە بە ***qaštu*(*m*)**.[١٠]

نموونەی دۆزراوەی کەوان نییە هەتا ئێستا, ئەمەش بەڵگە نییە بۆ کەم بەکارهێنانی لەناوچەی توێژینەوەکەدا بەڵکو کەوان بە زۆری لە دار دروستکراوە و ژێیەکەشی لەوانەیە لە پێستە یان پەت دروستکرا بێت و ئەم ماددانەش ئەندامین و دەفەوتێن, ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە هێشتا کنەوپشکنین کەمە لە ناوچەی توێژینەوەکەدا. تیروکەوان چەکێکی سەرەکی شەڕکردن بووە، بە تایبەت پاشا و سەرکردەکان بەکاریانهێناوە, وەك لە هەڵکۆڵراوەکانی شوێنەوارەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت, ئەمەش نیشانەی زۆر بەکارهێنانێتی.

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.  تەنیا (٢) نموونەی دۆزراوەمان هەیە ئەویش لە گردی یەلخییە (**وێنەی ٣٨**), لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاوردا (**وێنەی ٣٩**) پاشا کەوانی هەڵگرتووە (**بڕوانە خشتەی٧**), بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (١٥) نموونەی دۆزراوە هەیە شەشیان لە گردی کەرهوڵی خواروو (**وێنەی ٥٦**) دۆزراونەتەوە و یەکێك لە گردی دێر هال (**وێنەی ٥٧**) و دانەیەکیش لە گردی فەخخار (**وێنەی ٥٨**) و حەوتیش لە گردی زوبەیدییە (**وێنەی ٥٩**) دۆزراوەتەوە. هەروەها لە هەڵکۆڵراوەکاندا (٣) نموونەی تیروکەوان هەیە ئەویش لە هەڵکۆڵراوەکەی ئانۆبانینی (**وێنەی ٦٠**) و هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین–سین (**وێنەی ٦١**), لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولەدا (**وێنەی ٦٢**) بە هەمان شێوە کەسی سەرەکی کەوانێکی هەڵگرتووە. هەروەها تیروکەوان لە جێ مۆرەکانیشدا دەرکەوتووە و ژمارەیان (٤) جێ مۆرە. جێ مۆرێك لە نوزی (**وێنەی ٦٣**) و جێ مۆرێکی سەردەمی میتانییەکان (**وێنەی ٦٤**) و دوو جێ مۆری میتانییەکان لە باکووری سوریا (**وێنەی ٦٥–٦٦**).

ئەوەی جێی تێبینییە تیرەکان زۆربەیان هەمان شێوەن و شێوەی گەڵاین و پەراسودارن، بەڵام کەوانەکان جیاوازییان هەیە (**بڕوانە خشتەی ٨**).

---

[10] Salonen, *op. cit.,* p.40.

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | تەل یەلخی | ٢ | | گۆڕ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ٨ |
| ٢- | دەربەندی گاور | ١ | ؟ | قەرەداغ/ سلێمانی | ؟ | ئووری سێیەم | ؟ |

**(خەشتەی ٧) تیروکەوان لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بەسانتیمتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | کرهول خوارو | ٦ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | ١٦٠٠- ١٤٠٠ | ؟ |
| ٢- | دێر هال | ١ | ؟ | گۆڕ | ؟ | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەم | ٤ |
| ٣- | فەخخار | ١ | ؟ | ژوور | مس | نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەم | ٢ |
| ٤- | زوبەیدییە | ١ | ٧,٥ به ١,٨ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ٢ |
| ٥- | زوبەیدییە | ١ | ٥,٥ به١,٦ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ٢ |
| ٦- | زوبەیدییە | ١ | ٧,١ به٦,٤ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ١ |
| ٧- | زوبەیدییە | ١ | ٧,٦به ١,٥٣ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ١ |
| ٨- | زوبەیدییە | ١ | ٥,٧ به ٢,٥ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ١ |
| ٩- | زوبەیدییە | ١ | ٣,٢ به ١,٨ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ١ |
| ١٠- | زوبەیدییە | ١ | ٥,٧ به ١,٦ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ١ |
| ١١- | دەربەندی بێلولە | ١ | ؟ | | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢- | ئانۆبانینی | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای هەزارەی دووەم | ؟ |
| ١٣- | ئیددین-سین | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | | |
| ١٤- | نوزی | ١ | | ؟ | ؟ | کاشییەکان | ١ |
| ١٥- | ؟ | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |
| ١٦- | باکووری سوریا | ٢ | ؟ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |

**خشتەی (٨) تیروکەوان لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

### ٤-١-٥ خەنجەر

خەنجەر لە زمانی سۆمەرییدا بە gír خوێنراوەتەوە واتە خەنجەر،[١١] مشت(دەسك)ەکەشی پێیوتراوە K/Gumūru[١٢] یاخود بە zakuu ئەگەر لە ئاڵتون دروستکرابێت،[١٣] ئەگەر بەبرۆنز دروستکرابێت پێیوتراوە **Zallēw**.[١٤] خەنجەر لە سەرەتادا دەمەکەی دروستکراوە و زۆربەی کاتیش بە قاڵب دروستکراوە پاشان دەسکەکەی پێوە چەسپکراوە.[١٥] خەنجەر وەك چەقۆ ئامێریکی تیغ یاخود (دەم)ـداره (نصلیة)، دوو مەبەست لە دروستکردنی خەنجەر هەبووە، یەکێکیان بۆ شەڕکردن و لەوانەشە بۆ پارچە کردن بەکارهاتبێت. خەنجەر لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆنی سەروو لە بەردەئەستێ یاخود بەردی کلس دروستکراوە، پاشان بەپێی پێشکەوتنی سەردەمەکان ئەمیش باشتر دروستکراوە. وەك هەموو چەکەکانی تر لەکاتی شەڕکردندا بەکارهاتووە.[١٦] بوونی هەمان شێوەی خەنجەر لە ناوچە جیاوازەکاندا بەڵگەیە لە سەر پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان کانزاکارەکاندا.

---

[١١] عبد الله، *المصدر السابق*, ص. ٢٢٠.

[12] *CAD*, G, p. 133B.

[١٣] عباس, *المصدر السابق*، ص. ٢٣١.

[14] Salonen, *op. cit.*, p. 62.

15 Maxwell-Hyslop, and Hodges, *op, cit.*, p, 50.

[١٦] الدباغ, *المصدر السابق*، ص. ٣٤,٣١.

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.  لە کوردستانی کۆندا خەنجەر زۆر بەکارهاتووە، (٢٠) نموونەی دۆزراوە و  نموونەیەکی هەڵکۆڵراو و (٢) نموونەی سەر مۆر دەبینرێت (**بڕوانە خشتەی ٩**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٢٨) نموونەی خەنجەری دۆزراوە و (٣) نموونەی سەر هەڵکۆڵراوەکان هەیە، (٦) نموونەی سەر مۆرەکانیش هەیە کە لە نوزی دۆزراونەتەوە, (**بڕوانە خشتەی ١٠**)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەنجەر لە هەزارەی دووەمی پ. ز. زۆرتر بەکارهاتووە, بەشێوەیەکی گشتی خەنجەرەکان چەکێکی دەم تیژن.

## ٤-١-٥-١ جۆرەکانی خەنجەر

خەنجەرەکان بەپێی کونی دەسکەکانیان ناومان لێناون و پۆلێنمان کردون.

### ٤-١-٥-١-١ خەنجەری شەش کون

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. هیچ خەنجەرێکمان لەم شێوەیە نییە, بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز.  یەك نمونەی لەم شێوەیە لە چاغر بازاڕ دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٦٩**).

### ٤-١-٥-١-٢  خەنجەری سێ کون

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٦) جۆر لەم شێوە خەنجەرە دۆزراونەتەوە لە شوێنەوارەکانی گردی بەیدەر (وێنەی ٤٢) و گردی عەربید (**وێنەی ٤٥**) و چاغر بازاڕ (**وێنەی ١/٤٧**) و تەپە گەورە (**وێنەی ٤٨**) و گردی بەکراوە (**وێنەی ١/٥٢**) و خەنجەرەکەی پشتی کوھ (**وێنەی ٥٥**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٢) نموونەی لەم شێوەیە دۆزراوەتەوە ئەوانیش لە گردی ئەلسیب (**وێنەی ٢/٧٧**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٢/٧٨**). دەتوانین بڵێین بوونی سێ کون لەسەر مشتی خەنجەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. باو بووە.[١٧]

### ٤-١-٥-١-٣ خەنجەری دوو کون

---

[17] Philip, *op. cit.*, p. 139.

لەم شێوە خەنجەرە لەسەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەمی پ. ز. دەرکەوت و هەتا سەرەتای هەزارەی دووەمی پ. ز. بەردەوام بوو.[١٨] لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٤) نمونەی ئەم شێوە خەنجەرە لە بەردەستمان دایە کە لە گردی بەیدەر (**وێنەی٤٠-٤١**) و چاغر بازاڕ (**وێنەی ٢/٤٧**) و تتزیش هیوك (**وێنەی ٥٦**) دۆزراونەتەوە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٥) شێوە لەم خەنجەرە دۆزراوەتەوە لە چاغر بازاڕ (وێنەی ٦٧) و گردی مۆزان (**وێنەی ٧١**) و ئوچ تەپە (**وێنەی ٧٥**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٤/١/٧٨**).

## ٤-١-٥-١-٤ خەنجەری یەك کون

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. یەك نموونەمان لەم شێوە خەنجەرە هەیە ئەویش لە گردی عەربید (**وێنەی ١/٤٣**) دۆزراوەتەوە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (**٥**) نموونە هەیە لەم شوێنەوارانە: نوزی (وێنەی ٧٢) و یۆرغان تەپە (**وێنەی ٧٤**) و گردی ئەلسیب (وێنەی ١/٧٧) و دوو نموونەش لە دنخا تەپە (**وێنەی ٨١**).

## ٤-١-٥-١-٥ خەنجەری بێکون

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (**٥**) شێوەی خەنجەر هەیە کە مشتەکانیان کونی تێدا نییە، ئەوانیش لە گردی عەربید (**وێنەی ١/٤٣, ٤٤**) و یورغان تەپە (**وێنەی ٥٠-٥١**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٥٤**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (**١٠**) نموونەی لەم شێوەیە دۆزراوەتەوە ئەوانیش لە چاغر بازاڕ (**وێنەی ٦٨ و ٧٠**) و یۆرغان تەپە (**وێنەی ٢/٧٤**) و گردی حەلاوە (**وێنەی ٧٦**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٣/٧٨**) و گردی زوبەیدییە (**وێنەی ٧٩-٨٠**)، هەروەها لە لوڕستان (**وێنەی ٨٢-٨٣-٨٤**).

## ٤-١-٥-١-٦ خەنجەری دەسك شکاو

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٧) نموونەی خەنجەری دەسك شکاو دۆزراوەتەوە، ئەوایش لە گردی عەربید (**وێنەی٤٣/٢-٣**) و چاغر بازاڕ (**وێنەی ٢/٤٧**) و تەپە گەورە (**وێنەی ٤٩**) و

[18] Hocmann, *op. cit.*, p. 83.

گردی بەکراوە (**وێنەی ٣/٥٢, ٥٣**) و گردی سلێمە (**وێنەی ٥٤**). بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٦) نموونەی دۆزراوەمان هەیە ئەوانیش لە گردی حەلاوە (**وێنەی ٧٦**) و گردی سلێمەن (**وێنەی ٧٨-٥-٦**).

## ٤-١-٥-١-٧ شێوەکانی تر

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٣) نموونەمان هەیە ئەوانیش لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاوردا (**وێنەی ٥٧**) پاشا خەنجەرێکی پێیە کە تەنیا دەسکەکەی دیارە، لە جێ مۆرێك لە ئورکیش (**وێنەی ٥٨**) خەنجەرێك بەدەست پاڵەوانێکەوەیە دەمێکی شێوە بزماری هەیە و لە جێ مۆری (**وێنەی ٥٩**) هەمان شێوە خەنجەری پێشوو هەیە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. و لە هەڵکۆڵراوی ئانۆبانینی (**وێنەی٨٥**) و لە هەڵکۆڵراوەکەی سەرپول زەهاب (**وێنەی ٨٦**) لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولەدا (**وێنەی ٨٧**) خەنجەرێکی شازمان هەیە پاشا بە دەستییەوە گرتوویەتی ئەم شێوەیە لەوانەیە تایبەت بووبێت، بە پاشاکان هەرچەندە ئەم شێوەیە تەنیا لەم هەڵکۆڵراوەدا دەرکەوتووە و هەتا ئێستا هیچ نموونەیەکی ترمان نییە. لە جێ مۆرەکانیش یەك نمونە لە گردی لەیلان (**وێنەی ٨٨**) و (٦) نموونە لە نوزی دۆزراونەتەوە (**وێنەی ٨٩-٩٠-٩١-٩٢-٩٣**).

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | بەیدەر | ١ | ؟ | گۆڕ | مس | سەردەمی ئەکەدی | |
| ٢- | بەیدەر | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ٣- | بەیدەر | ١ | ؟ | گۆڕ | مس | ؟ | ؟ |
| ٤- | عەربید | ٣ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | سەردەمی ئەکەدی | |
| ٥- | عەربید | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | سەرەتای هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ٦- | عەربید | ١ | ؟ | گۆڕ | برۆنز | سەرەتای سەردەمی بنەماڵەکان | ؟ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -٧ | چاغر بازارِ | ١ | ٢٠ | گۆڕ | مس | سەردەمی بنەماڵەکانی سێیەم | ١ |
| -٨ | چاغر بازارِ | ١ | ٢٣ | گۆڕ | مس | سەردەمی بنەماڵەکانی سێیەم | ١ |
| -٩ | بەکراوە | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | ± (٢٠٠٠- ١٨٠٠پ. ز.) | ؟ |
| -١٠ | بەکراوە | ٢ | ؟ | گۆڕ | ؟ | ±(٢٠٠٠- ١٨٠٠پ. ز.) | |
| -١١ | نوزی | ١ | ؟ | گرد | | ؟ | |
| -١٢ | تەپە گەورە | ١ | ٢٨, ئەو بەشەی کە لە ناو دەسکە دارەکەیدا چەسپ کراوە درێژییەکەی ١٠ پانییەکەی ٦ | گۆڕ | مس | سەردەمی ئەکەدی | ٦ |
| -١٣ | تەپە گەورە | ١ | ٢٢ | گۆڕ | مس | ئەکەدی | ٦ |
| -١٤ | سلێمە | ١ | ٢٢,٣ دەمەکەی ١٩,٥ زۆر ترین فراوان ٤,٣ | گۆڕ | برۆنز | سەردەمی ئەکەدی | ٤ |
| -١٥ | یۆرغان تەپە | ٢ | ٥ | گۆڕ | مس | سەردەمی ئەکەدی | |
| -١٦ | پشتەکو | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتایی هەزارەی سێیەم | |
| -١٧ | دەربەندی گاور | ١ | ؟ | قەرەداغ/ سلێمانی | ؟ | هەزارەی سێیەم | |
| -١٨ | دەربەندی بێلولە | ١ | ؟ | چییای بەمۆ/ناوچەی | ؟ | هەزارەی سێیەم | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هۆڕێن | | | |
| -١٩ | ئورکیش/مۆر | ١ | ؟ | کۆشک | ؟ | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم | |

**(خشتەی ٩) خەنجەر لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| -١ | چاغر بازاڕ | ١ | ٢٢ | گۆڕ | مس | ١٩٠٠-١٦٠٠ | |
| -٢ | چاغر بازاڕ | ١ | .٢١,٥ | گۆڕ | مس | ١٩٠٠-١٦٠٠ | ١؟ |
| -٣ | چاغر بازاڕ | ١ | ٢٨ | گۆڕ | مس | ١٧٠٠ | |
| -٤ | چاغر بازاڕ | ١ | ١٤,٥ | گۆڕ | مس | ١٧٠٠ | |
| -٥ | چاغر بازاڕ | ١ | ١٠ | گۆڕ | مس | ١٩٠٠ | ١ |
| -٦ | دەروپشتی کەرکوك | ٢ | ؟ | گرد | ؟ | ؟ | ٢ |
| -٧ | حەلاوە | ١ | ,٢٠,٥ دەمەکەی ١٦,٥ زۆر ترین فراوانی ٤,١ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | |
| -٨ | حەلاوە | ١ | ٢١,٦ دەمەکەی ١٧,٨ زۆر ترین فراوانی٤,٢ | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |
| -٩ | حەلاوە | ١ | ١٩,٩ دەمەکەی ١٧,٥ زۆر | گۆڕ | برۆنز | بابلیی کۆن | ٢ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ترین فراوانی٤,٣ | | | | |
| ١٠- | سلێمە | ١ | ٢٧ دەمەکەی ٢١,٢ زۆر ترین فراوان ٤,٣ | ؟ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٢ |
| ١١ | سلێمە | ١ | ٢٦, دەمەکەی ١٩,٩ زۆر ترین فراوان ٤,٦ | ژوور | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٣ |
| ١٢- | سلێمە | ١ | ٢٠,٢ دەمەکەی ١٥,٣ زۆر ترین فراوان ٣,١ | ژوور | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٢ |
| ١٣- | سلێمە | ١ | ١٩,٨ دەمەکەی ١٥,٢ زۆر ترین فراوان ٤,٨ | ژوور | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ٢ |
| ١٤- | سلێمە | ١ | ٢٣,١ یان زیاترە, دەمەکەی ٢٠,٧ | ژوور | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ١ |
| ١٥- | سلێمە | ١ | ١٣,٧ زۆر ترین فراوانی ٣ | ؟ | برۆنز؟ | بابلیی کۆن | ؟ |
| ١٦- | ئەلسیب | ١ | ٢٣,٩ دەمەکەی ١٧,٥ زۆر ترین فراوان ٣,٥ | گۆڕ | ؟ | بابلیی کۆن | ؟ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ئەلسیب | ١ | ٢٥<br>دەمەکەی<br>٢٠,٥ زۆرترین<br>فراوانی ٥ | ؟ | ؟ | بابلیی کۆن | Ob |
| ١٨- | زوبەیدیە | ١ | ٤٠<br>دریێژی<br>دەسکەکەی<br>١٤,٣ | ژوور | برۆنز | کاشییەکان | ٢ |
| ١٩- | زوبەیدیە | ١ | ٢٧,٢, دریێژی<br>دەسکەکەی<br>٩,٦ | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ٢ |
| ٢٠- | ئوچ تەپە | ١ | ؟ | گۆڕ | مس | ئیسن-لارسا/<br>ئووری سێیەم | ٧ |
| ٢١- | یۆرغان<br>تەپە | ١ | ؟ | پەرستگا | برۆنز | سەرەتای<br>هەزارەی دووەم | ؟ |
| ٢٢- | دنخا تەپە | ٢ | ؟ | گۆڕ | برۆنز؟ | دنخای سێ | ؟ |
| ٢٣- | لوڕستان | ٣ | ؟ | ؟ | برۆنز | کۆتایی هەزارەی<br>دووەم | ؟ |
| ٢٤- | هەڵکۆڵراو<br>ی ئانۆبانینی | ١ | ؟ | ؟ | | هەزارەی دووەم | |
| ٢٥- | سەرپول<br>زەهاب | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | هەزارەی دووەم | |
| ٢٦- | دەربەندی<br>بێلولە | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەرەتای<br>هەزارەی دووەم | |
| ٢٧- | لەیلان | ١ | ؟. | ؟ | ؟ | هەزارەی دووەم | |
| ٢٨- | نوزی | ٥ | ؟ | ؟ | ؟ | هەزارەی دووەم | |

**(خشتەی ١٠) خەنجەر لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

## ٤-١-٦ چەقۆ

ئامێریکە بۆ ژیانی ڕۆژانە بەکاردێت، لەوانەیە وەکو چەکیش بۆ لێدان بەکارهاتبێت. لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەمەوە ئاسان نییە خەنجەر و چەقۆ لەیەك جیابکرێنەوە، لەبەرئەوەی هەردووکیان لێواری تیژیان هەبووە. ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە چەقۆ بۆکاری ڕۆژانە زۆرتر بەکارهاتووە نەك بۆ شەڕ و کوشتار, ئەگەر بۆ شەڕیش بەکارهاتبێت زۆر کەم بووە بە بەڵگەی کەمی نموونەی دۆزراوەکان لە گۆڕەکان، یاخود ئەگەر بەکاریش هاتبێت باو نەبووە لەگەڵ مردودا بنێژرێت, هەروەها نەبوونی وێنەی چەقۆ بۆ شەڕ لە هەڵکۆڵراوەکان و سەر مۆرەکان بەڵگەیەکی ترە.

چەقۆ بە چەند ناوێك ناسراوە و ناوەکانیش بەپێی ئیشی چەقۆکە بووە:

چەقۆی سەربڕین **GÍR.MA.GA.ZU**

چەقۆی قوربانیی **GÍR NÍD.BA**.

چەقۆی ئاسایی **GÍR.ŠU.DU$_8$**

چەقۆیەك لەکانزای گرانبەها دروستکربێت پێیوتراوە **GÍR.ŠUM.KÙ.SIG$_{17}$** [١٩]

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٣) نموونەی چەقۆ هەن, یەك چەقۆی دۆزراوە لەگردی جیگان (**وێنەی ٦٠**) و دوو چەقۆش کە لە سەر مۆری سەردەمی ئەکەدی هەن و لە ئورکیش دۆزراونەتەوە و بۆ کاروباری ڕۆژانەیە لە چێشتخانەدا (**وێنەی ٦١-٦٢**) (**بڕوانە خشتەی ١١**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٦) نموونەی دۆزراوە هەیە لە گردی باسموسیان (وێنەی ٩٤) و گردی بەکراوە (وێنەی ٩٤-٩٥\A) و گردی زوبەیدییە (**وێنەی ٩٦**), ئەوەی تریشیان لە دنخا تەپە دۆزراوەتەوە (**وێنەی ٩٧**), هەروەها (٣) نموونەی جێ مۆر هەیە کە چەقۆی تێدا دەبینرێت، ئەوانیش لە گردی براك (وێنەی ٩٨) و نوزی (وێنەی ٩٩) و جێ مۆرێکی میتانیش لە ئاشوور (**وێنەی ١٠٠**) (**بڕوانە خشتەی ١٢**).

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | جیگان | ١ | ؟ | گرد | مس | سەردەمی ئەکەدی/سالآنی حوکمە | ؟ |

[١٩] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٢٤٨.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ئەکەدی | |
| ٢- | ئورکیش/مۆر | ٢ | ؟ | کۆشک | ؟ | سەردەمی خورییەکان/هەزارەی سێیەم | ؟ |

**(خشتەی ١١) چەقۆ لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | باسمۆسیان | ١ | ٢٢,٧ | پەرستگا | کانزا | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی | ٤ |
| ٢- | بەکراوە | ١ | ؟ | گۆڕ | مس | ١٨٠٠-١٥٠٠ | ٥ |
| ٣- | بەکراوە | ٢ | ؟ | گۆڕ | مس | ١٨٠٠-١٥٠٠ | ٥ |
| ٤- | زوبەیدییە | ١ | | گۆڕ | برۆنز | کاشییەکان | ٢ |
| ٥- | دنخا تەپە | ١ | ؟ | گۆڕ | ئاسن | هەزارەی دووەم | ؟ |
| ٦- | براك | ١ | ؟ | | | میتانییەکان | |
| ٧- | نوزی | ١ | ؟ | | | میتانییەکان | |
| | ئاشور | ١ | ؟ | | | میتانییەکان | |

**(نەخشەی ١٢) چەقۆ لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

### ٤-١-٧ شمشێر

**شمشێر چەکێکی هێرشبردنە و بۆ لێدان و بڕین بەکاردێت، دەمێکی درێژی ڕێك یاخود کەوانەیی هەیە, لە زۆرینەی کاتدا مشت (دەسك)ی هەیە, شێوەی دەمەکەشی کاری شمشێر دیاریدەکات کە بۆ لێدان یان بڕینە, ئەگەر هاتوو دەمەکەی کەمێك کەوانەیی بوو و لایەکی تیژ بوو ئەوە زیاتر بۆ بڕین بەکاردێت, بەڵام ئەگەر هەردوو لای دەمەکەی تیژ بوو یان لایەکی تیژ و نوکیشی تیژ بووبێت ئەوا لە زۆرینەی کاتدا بۆ لێدان بەکارهاتووە.[٢٠]**

[٢٠] عباس, *المصدر السابق*، ص. ٢٥٢.

شمشێر بە زمانی سۆمەریی پێیوتراوە .**GÍR.GAL.ZABAR** بە زمانی ئەکەدیی پێیوتراوە ***namşaru*** (نەمسارو) لە ئاسن یان لە برۆنز دروستکراوە.[٢١]

شمشێر هەتا ئێستا لە ناوچەکانی کوردستان لە ئەنجامی هەڵکۆڵێندا نەدۆزراوەتەوە ئەمەش جێگەی پرسیارە؟ ڕەنگە ئەمەش بەرێکەوت بێت، لەوانەشە کەم بەکارهاتبێت لە کاتی شەڕکردندا، ئەشبێت تەکنیکی دروستکردنی شمشێر کەم بووبێت بەهۆی نەگونجانی قاڵبە برۆنزییەکان بۆ شمشێر چونکە شمشێرە درێژەکان بە ئاسانی دەشکێن.[٢٢] لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. هەتا ئێستا, لەهەڵکۆڵراوەکانیشدا نەبینراوە. تەنیا لە دوو جێ مۆر دەرکەوتووە (**وێنەی ٦٣–٦٤**) ئەم نمونانەش بۆ بڕین بەکاردێن. بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. نموونەی سەر مۆرە لولـەییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرن و ژمارەیان دەگاتە (٤٧) نموونە، زۆرینەیان هی سەردەمی میتانییەکانن، لە گردی براك (**وێنەی ١٠١–١٠٢**)، لە نوزییش نموونە زۆرە (**وێنەی ١٠٣–١٠٤–١٠٥–١٠٦–١٠٧–١٠٨–١٠٩–١١٠–١١١–١١٢–١١٣–١١٤–١١٥–١١٦–١١٧––١٨––١٩–١٢٠–١٢١–١٢٢–١٢٣–١٢٤–١٢٥–١٢٦–١٢٧–١٢٨–١٢٩–١٣٠–١٣١–١٣٢–١٣٣–١٣٤–١٣٥–١٣٦–١٣٧–١٣٨–١٣٩–١٤٠–١٤١**)، لە گردی زوبەیدییە (**وێنەی ١٤٢**) هی سەردەمی کاشییەکانە و (**وێنەی ١٤٣**) کە لە ڕێگەی کڕینەوە هاتووە بەڵام هی سەردەمی کاشییەکانە, نموونەیەکیش لە ناوچەکانی باکووری سوریا (**وێنەی ١٤٤**)، دانەکیش لە ئیمار (**وێنەی ١٤٥**)، ئەوەی (**وێنەی ١٤٦**) هی سەردەمی میتانییەکانە بەڵام نازانرێت لەکوێ دۆزراوەتەوە، بڕوانە (**خشتەی ١٣**).

| ز | شوێنەوار | ژمارە | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | براك | ٢ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |
| ٢- | نوزی | ٣٩ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |

[٢١] المصدر نفسه.

[22] Khorasani, *op. cit.*, p.203

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -٣ | زوبەیدیە | ٢ | ؟ | ؟ | بابلیی ناوەڕاست/کاشییەکان | ؟ |
| -٤ | باکووری سوریا | ١ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |
| -٥ | ئیمار | ١ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | ؟ |
| -٦ | ئەلەخ | ١ | ؟ | ؟ | میتانییەکان | |
| -٧ | ؟ | ١ | | | میتانییەکان | ؟ |

**خشتەی ١٣ شمشێر لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

## ٤-١-٨ گورز

چەکێکی شەڕکردنە، بۆ تێکشکاندنی پۆشاك و لێدانی دوژمن لە کاتی پێکهەڵپڕژانی نزیك (شەڕی دەستەویەخە)دا بووە، بەڵام وەك ڕەمزی خواوەند و دەسەڵات و پلەوپایەیش بەکارهاتووە، بەکارهێنانی گورز لە کوردستان بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە.

گورز بە چەند شێوەیەك لە زمانە کۆنەکاندا هاتووە, لە زمانی سۆمەریدا پێیوتراوە **ŠU.MA**، و بە ئەکەدیی پێیوتراوە $^{\text{giš}}$***miṭṭum*** یان $^{\text{giš}}$ ***tukul miṭṭum*** واتە گورزی شەڕکردن.[٢٣]

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٦) نموونەی گورز هەیە (**بڕوانە خشتەی ١٤**)، بەڵام هیچیان لە دۆزراوەکان نین، بەڵکو (٢) نموونەیان هی سەر میلەکانن و (٤) نموونەشیان لەسەر مۆرەکان دەردەکەون، لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٧) نموونەی گورزمان هەیە (**بڕوانە خشتەی ١٥**)، یەکێکیان لە سەر هەڵکۆڵراوە و ئەوانەی تریش لەسەر مۆرەکان دەرکەوتوون.

### ٤-١-٨-١ جۆرەکانی گورز

#### ٤-١-٨-١-١ گورزی گۆپکەدار

---

[٢٣] عباس, *المصدر السابق*، ص.٢٥٧.

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٣) جۆر لەم شێوە گورزە هەیە، لە میلی بەیزا (**وێنەی ٦٦**)، و لە جێ مۆرێکی شوێنەواری ئورکیش (وێنەی ٦٧) خواوەند لەم شێوە گورزەی بە دەستەوەیە و لە جێ مۆرێکی گردی براك (**وێنەی ٦٨-٢**) کەسێك گورزێکی شکاوی بەدەستەوەیە کە نیشانەی شکستێتی لە شەڕەکەدا. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٢) نموونەی لەم شێوەیە هەیە (**وێنەی ١٥٠-١٥١**) و لە دوو جێ مۆری نوزی دۆزراونەتەوە.

### ٤-١-٨-١-٢ گورزی بێگۆپکە

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. لەم شێوەیە یەك نموونەی بەردەستمان هەیە، ئەویش لە جێ مۆری توپکیش پاشای خورییەکان (**وێنەی ٧٠**) پاشا لەسەر کورسیەك دانیشتووە و گورزێکی بەدەستەوەیە و بۆ سەرەوە ڕایگرتووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (١) نموونەی سەر مۆرەکانمان هەیە ئەویش لە نوزی دۆزراوەتەوە (**وێنەی ١٤٩**).

### ٤-١-٨-١-٣ گورزی شێوە نەزانراو

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٢) نموونەی ئەم شێوە گورزە هەیە، وەك ئەوەی هەڵکۆڵراوەکەی نەرام-سین لە پیر حسێن (**وێنەی ٦٥**) کە بەهۆی لە ناوچوونی بەشێکی هەڵکۆڵراوەکەوە سەری گورزەکە لە ناوچووە، لەگەڵ ئەوەی لە جێ مۆری (**وێنەی ٦٧**)دا هاتووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. (٣) نموونە هەیە کە شێوەکانیان نازانین، یەکیان ئەوەی هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین (**وێنەی ١٤٧**), ئەوەی تریان لە جێ مۆرێکی  نوزی (**وێنەی ١٥٢**)، **سێیەمیشیان** لە مۆرێکی سەردەمی میتانییەکانە (**وێنەی ١٥٣**)، پاشاکە گورزێکی پێیە سەری گورزەکە دیار نییە.

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە بە سانتیمە | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | تر | | | | |
| ١- | هەڵکۆڵراوی پیر حسێن | ١ | ؟ | باکووری رۆژئاوای دیاربکر | ؟ | هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ٢- | شاخی بەیزە | ١ | ؟ | رۆژئاوای حەلەف | ؟ | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی دووەم؟ | ؟ |
| ٣- | براک/مۆر | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٤- | ئورکیش/مۆر | ٣ | ؟ | کۆشك | ؟ | سەردەمی خورییەکان | ؟ |

**(خشتەی ١٤) گورز لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.**

| ز | شوێنەوار | ژمارە | پێوانە به سانتیمەتر | شوێن | ماددەکەی | مێژوو (پێش زایین) | چین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | میلی پیر حسێن | ١ | ؟ | باکووری رۆژئاوای دیاربکر | ؟ | هەزارەی سێیەم | ؟ |
| ٢- | میلی بەیزا | ١ | ؟ | رۆژئاوای حەلەف | ؟ | سەر دەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی دووەم؟ | ؟ |
| ٣- | براک/مۆر | ١ | ؟ | ؟ | ؟ | سەردەمی ئەکەدی | ؟ |
| ٤- | ئورکیش/مۆر | ٣ | ؟ | کۆشك | ؟ | سەردەمی خورییەکان | ؟ |

**(خشتەی ١٥) گورز لە هەزارەی دووەمی پ. ز.**

### ٤-١-٩ هەگبە

هەگبە یە کێکە لە پێداویستییەکان بەکار هاتووە بۆ هەڵگرتنی تیر بەکارهاتووە، لەو کاتەوە کە تیروکەوان بەکارهاتووە مرۆڤ هەگبەی ناسیوە، ئەمەش دوو پێداویستی گرنگی جەنگاوەری تیرهاویژ بووە و هەر جەنگاوەرێك تیروکەوانی بەکارهێنابێت دەبێت هەگبەشی پێ بووبێت.

هەگبە بە زمانی سۆمەریی بە **gìš É.BAN** خوێندراوەتەوە، بە زمانی ئەکەدییش بە ***išpatum*** خوێندراوەتەوە،[٢٤] بەڵام لەوانەیە لایەنی هونەری لەوکاتەدا زۆر گرنگییان پێنەدابێت بۆیە بەکەمیی لەسەر هونەر دەردەکەوێت. هەگبە کۆمەڵێك ئەڵقەی کانزایی پێوەکراوە تاوەکو شەرکەرەکان هەڵیبگرن و لە شانی بکەن، زۆر دەگمەن بووە هەگبە لە کانزا دروستبکرێت لەبەرئەوەی هەم قورس بووە و هەم کانزاش کەم بووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دوو نموونەی هەگبەمان هەیە، یەکەمیان لە هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلولە (**وێنەی ١٥٤**) دووەمیان لەجێ مۆرێکی نوزییە (**وێنەی ١٥٥**).

### ٤-١-١٠ ئاڵا

ئاڵا مێژوویەکی کۆنی هەیە لەناو سوپادا بەکارهێنراوە،[٢٥] زۆربەی جار کراوەتە هێمای خواوەندەکان، لە هەڵکردنیشیدا زیاتر لە مەبەستێك هەبووە. لە نوسراوە مێخییەکاندا هاتووە کە خواوەندەکان لەکاتی جەنگدا لەپێشەوەی سوپاکەدا ڕۆیشتوون و بە بەردەوامیی ئاڵایان بەرزکردووەتەوە لە پێناوی بەرزکردنەوەی وورەی سەربازەکانیان و بۆ ئەوەشی دڵنیایان بکەنەوە خواوەندیان لەگەڵدایە، ئەمەش تا ئەوکاتە بووە کە ئاڵاکە بەهەڵکراوەیی (بەرزکراوەیی) ماوەتەوە، بەڵام کەوتنی ئاڵاکە واتە تێکشکانی خواوەند بووە، هەروەها ئاڵا یارمەتیدەر بووە بۆ ڕێکخستن و ڕێ پیشاندانی سەربازەکان، لەم کاتەدا کاهینێك یا سەربازێك هەڵیدەگیران.[٢٦]

---

[٢٤] عباس، *المصدر السابق*، ص. ٣٠٥.

[٢٥] لە رووی سەربازییەوە دوو جۆر لە ئاڵا هەبووە، یەکەمیان (بەیداغ) کە رەمزی سەرکردەی سوپایە، و دووەمیان (ئاڵا)یە کە بەدەست یەکەیەك یان بەشێکی سوپاکەوەیە و یەکێك لە شەرکەرە ئازاکان هەڵیدەگرێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە بڕوانە: فوزي، فاروق عمر، الرايات والألوية وشعارات الحرب في صدر الاسلام، *الجيش والسلاح*، ج ٤، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٨، ص. ١٨٣ ومابعدها.

[26] Reade, J. E., "The Neo-Assyrian Court and Army", *Iraq*, Vol. XXXIV, (1972), p. 95.

کۆنترین مێژووی هەڵگرتنی ئاڵا بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان و ماوەی ئەکەدیی دەگەڕێتەوە.

بە زمانی سۆمەریی ئاڵا بە **ÚŠU.NIR** خوێنراوەتەوە، بە زمانی ئەکەدیی بە ***Šurinnu*** خوێنراوەتەوە، ئاڵای پاشا لە زمانی سۆمەرییدا بە **Ú.RÌ.GAL.LU** خوێنراوەتەوە، بە ئەکەدیی ***itḫuru*** خوێنراوەتەوە.[٢٧]

لە هەردوو هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. یەك نموونەی ئاڵامان هەیە ئەویش بە گریمانە، نموونەکەش هی هەزارەی سێیەمی پ. ز. (**وێنەی ٧١**). نەبوونی نموونەی ئاڵا لە دۆزراوەکاندا ڕوونە و بەهۆی فەتان و نەمانی ئەو ماددانەوەیە لێی دروستکراوە، کە بە زۆریی قوماش بووە، ئەوەی ئەو پارچە قوماشەکەشی پێوە کراوە دار بووە لەبەر سوکی هەڵگرتنی ئەمیش بەهەمان شێوە ئەفەوتێت.

### ٤-١-١١ جلو بەرگ ( پۆشاك )ی سەربازیی

سەرەتای دروستکردن و لەبەرکردنی جلوبەرگ بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە, مرۆڤی نیاندەرتاڵ یەکەم کەس بوون جلیان دروستکردووە و پۆشیویانە.[٢٨] هەرچەندە لەوانەیە کۆنتریش بێت لەبەرئەوەی مرۆڤی هۆمارۆس گەیشتوونەتە ناوچە ساردەکان، وێڕای ئەوەی نموونەمان نییە لەبەرئەوەی جل وبەرگ ماددەیەکە دەفەوتێت، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ جلوبەرگ. هەر لەمەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات جلوبەرگیش پێشکەوتووە و بۆ مەبەستە جیاجیاکان جلی جیاوازیان لەبەرکردووە، شەڕکردنیش یەکێك لە مەبەستەکان بووە.

#### ٤-١-١١-١ تەنوورەی کورت

---

[27] *CAD*, I and J,, p. 296 A.

[28] Pendergast, S., Pendergast, T. and Hermsen, S., *Fashion, costume, and culture- clothimg, headwear, body decorations, and footwear through the ages*, Vol. 1, 2003, p 5.

### ٤-١-١١-١-١ تەنوورەی کورتی سادە

بریتییە لەو تەنوورە کورتە سادەیەی کە هیچ نەخشێکی تێدا نییە, سادەیە و بۆ زۆر مەبەست لەبەرکراوە، بە تایبەتی لە کاتی شەڕ و ڕاوکردن. لەبەر ئاسانیی جموجۆڵکردن پێوەی, (خواوەند، پاشا، ڕاوچی، جوتیار، پاڵەوان) لەبەریانکردووە. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاور (**وێنەی ٧٢**)دا پاشا تەنوورەیەکی کورتی تاسەر ئەژنۆی لەبەردایە، ئەم جۆرە تەنوورەیە لە سەر دوو جێ مۆریش دەرکەوتووە (**وێنەی ٧٤**) و (**وێنەی ٧٥**), لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لە سەر جێ مۆرێك (**وێنەی ١٦١**) پاشا زابا–زونا دەردەکەوێت تەنوورەیەکی کورتی سادەی لەبەردایە، (**وێنەی ٢/١٦٣–٣**)یش دەردەکەوێت. لە جێ مۆرێکی میتانییەکان (**وێنەی ١/١٦٤، ٣**)**دا** تەنوورەی کورتی سادەیان لەبەردایە.

### ٤-١-١١-١-٢ تەنوورەی لێوار نەخشێنراو

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. تەنوورەی نەخشێنراو لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولە (**وێنەی ١٦٠**)دا دەرکەوتووە و بریتییە لە تەنوورەیەکی کورتی تا سەر ئەژنۆ، لێوارەکانی لەملاولاوە و لە خوارەوە بەشێوەی چوارگۆشەی بچووك ڕازێنراوەتەوە و لە پێشەوە هەردوولا بەسەریەکدا دەقکراوە بۆئەوەی بەکراوەیی بمێنێت تاوەکو بە ئاسانی جموجۆڵیی پێوەبکرێت، ئەم جۆرە جلە بە زۆریی هی کاربەدەستەکان و فەرمانڕەواکان بووە. لە هەڵکۆڵراوەکەی سەرپول زەهاب (**وێنەی ١٥٨**) پاشا دەردەکەوێت تەنوورەیەکی کورتی لەبەردایە و ئەو لێوارەی کە دیارە لە سەرەوە بۆ خوارەوە نەخشکراوە.

### ٤-١-١١-١-٣ تەنوورەی قاتقات

ئەم جۆرە تەنوورەیە قاتقاتە و تەنیا لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دەرکەوتووە ئەویش لە هەڵکۆڵراوەکەی ئانۆبانینی (**وێنەی ١٥٧**)دا پاشا دەرکەوتووە تەنوورەیەکی قاتقاتی لەبەردایە.

### ٤-١-١١-١-٤ تەنوورەی پێچخواردوو

لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لە هەڵکۆڵراوەکەی ئیددین-سین (**وێنەی ١٥٩**)دا پاشا دەرکەوتووە تەنوورەیەکی کورتی تا سەر ئەژنۆی لەبەردایە و پارچەی دووەم (سەرەوە) پێچیخواردووە بەدەوری لاشەیدا و کۆتاییەکەی لێوارێکی پانە و نەخشکراوە.

### ٤-١-١١-٢ تەنوورەی درێژ

#### ٤-١-١١-٢-١ تەنوورەی سادەی درێژ

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. هیچ جەنگاوەرێك بەم شێوە جلوبەرگەوە دەرنەکەوتووە, بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. دوو نموونەی جێ مۆر هەیە, شەڕکەرەکان تەنوورەی درێژی سادەی پێش کراوەیان لەبەردایە (**وێنەی ١٦١, ١/١٦٢**).

### ٤-١-١٢ سەرشان [٢٩]

وێنەی سەربازە لوللوبییەکان لەسەر میلی سەرکەوتنەکەی نەرام-سین دەردەکەون سەرشانێکیان پۆشیوە بەسەر لایەکیاندا هاتووەتە خوارەوە. (**وێنەی ٧٧**)، لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولەدا سەربازەکە وێنەکراوە بە قەبارەیەکی بچوك (**وێنەی ١٦٠**) وا پێدەچێت سەرشانێکی پێوەبێت.

### ٤-١-١٣ پۆشاکی سەر

پۆشاکی سەر لە پێستە یان قوماش دروستکراوە و بۆ داپۆشینی سەر و گوێچکە و مل بەکارهاتووە تا بیانپارێزێت، هەروەها بیستنی دەنگ و هاتوهەرا لە جەنگدا کەمبکاتەوە، چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ورەی شەڕکەر. پاشا و تیرهاوێژ و بەشەکانی سوپا لە سەریان کردووە. بەزمانی سۆمەریی پێیدەوترێت [E].**LU**.Ú, بە زمانی ئەکەدیی پێیدەوترێت **ḫuliam**.[٣٠] ئێمە لێرەدا تەنیا ئەوانە دەخەینەڕوو کە تایبەتن بە شەڕ و جەنگ.

---

[٢٩] پۆشاکێکە لە قوماش یاخود پێستە یاخود لە خوری و موو دروست دەکرێت ولەسەر جلەوە لەبەر دەکرێت و ئەدرێت بەسەرشان وپشتیدا شۆڕدەبێتەوە.

[30] *CAD*, Ḫ., p. 228b.

لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. پۆشاك یاخود داپۆشەری سەر لە ئەنجامی کنەوپشکنین لە کوردستاندا نەدۆزراوەتەوە, بەهۆی ئەوەی ئەو ماددەیەی پۆشاکەکەی لێ دروستدەکرێت بە تێپەڕبوونی کات لەناودەچێت.

نموونەی پۆشاك لە سەر هەڵکۆڵراوەکان و لە سەر مۆرەکان زۆرن و پۆشاکەکانیش جۆراوجۆرن، و کەسایەتییەکانیش کە لە سەریان کردووە جیاوازن.

## ٤-١-١٣-١ جۆرەکانی پۆشاك

### ٤-١-١٣-١-١ پۆشاکی نیوە گۆیی خڕ

جۆرێکە لە پۆشاك نیوە بازنەییە و بەزۆری دوو لێواری هەیە. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. پاشا لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی گاوردا پۆشاکێکی نیوە گۆیی لێوار پانی لەسەر دایە (**وێنەی ٧٦**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز.  لە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولەدا پاشا دەرکەوتووە پۆشاکێکی نیوە گۆیی لێوار بەرزی لەسەر دایە (**وێنەی ١٦٧**)، لە (**وێنەی ١٦٥-١٦٦-١٦٧**) پاشاکان دەردەکەون پۆشاکی نیوە گۆیی لێوار پانیان لەسەردایە. بەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پۆشاکی نیوە گۆیی لێوار پان لە شوێنەواری لێکۆڵینەوەکەدا سەرکردەکان لەسەریان کردووە.

### ٤-١-١٣-١-٢ پۆشاکی گوێچکە داپۆشەر

**لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.** ئەم جۆرە پۆشاکە لە (**وێنەی ٧٧**) دەرکەوتووە کە سەربازە لوللوبییەکە پۆشاکەکەی هەردوو گوێچکەی داپۆشیوەن ئەم جۆرە پۆشاکە لە قوماش یاخود

---

[٣٠] عباس، *المصدر السابق*، ص.٢٩٤.

لە پێستە دروستکراوە هەتا بەسەریەوە نەرم بێت و نەجولێت، لەوانەشە بۆ مەبەستی سەرما بوويێت لەوەرزە ساردەکاندا، لە جێ مۆری (**وێنەی ٧٩**)ش بەدی دەکرێت.

### ٤-١-١٣-١-٣ پۆشاکی شاخدار

ئەمەش جۆرێکی تری پۆشاکە کە تایبەتە بە پاشا و خواوەندەکان. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. (٣) نموونەی لەم شێوە پۆشاکە هەیە (**وێنەی ٧٤**، **٧٥**). لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لە جێ مۆرێك لە (**وێنەی ٢/١٦٤**) پۆشاکی شاخدار دەردەکەوێت.

### ٤-١ -١٤ پشتوێن

خەڵکانی میسۆپۆتامیا پشتوێنیان لە ناوەڕاستی لەش (لە ناوقەد)یان بەستووە، کە هێمای هێز بووە بۆ پیاوان، هەروەها بۆ ڕاگرتن و هەڵگرتنی چەك بووە لەکاتی جەنگکردندا. پشتوێنی لە پێستە دروستکراو بەزمانی سۆمەریی بە **KUŠ.E.ÍB** خوێنراوەتەوە، بە زمانی ئەکەدیی خوێنراوەتەوە بە ***ḫuzitu*** واتە پشتوێنی چەرم، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی بە سۆمەریی پشتوێن بە **DA.BA.IB.** خوێنراوەتەوە و هاو واتاکەی لە زمانی ئەکەدییدا بە ***izḫu*** خوێنراوەتەوە.[٣١]

چەند جۆرێك بەستنی پشتوێن لە شوێنەواری لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بە دڵنیاییەوە مەبەستی یەکەمیان بۆ بەستن و ڕاگرتنی تەنوورە و جلەکانیان بووە و دووەمیان لە کاتی شەڕدا بەستویانە و هەندێك جۆری چەکیان پێداکردووە وەك خەنجەر و شمشێر و یەك نموونەش هەیە تەوری پێداکردووە. لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. لە هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاوردا (**وێنەی ٨٠**) پشتوێنێکی پان کە چوار خەتی ئاسۆیی تێدایە لە پشتی پاشادا دەبینرێت و لە کەمەریدا بەستویەتی و خەنجەرێکیشی پێوەکردووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. پشتوێن دەرکەوتووە لە هەر چوار هەڵکۆڵراوی ئانۆبانینی (**وێنەی ١٦٨** ) و سەرپول زەهاب (**وێنەی ١٦٩**) و ئیددین-سین (**وێنەی ١٧٠**) و دەربەندی بێلولە (**وێنەی ١٧١**). پاشاکان پشتوێنی پانیان

---

[٣١] عباس, *المصدر السابق*، ص. ٣١٨.

بەستووە و پشتوێنەکانیشیان جوانکراوە. لە چوار جێ مۆریش پشتوێن دەردەکەوێت. وەك: لە جێ مۆری (**وێنەی ١٦٤,١٦١**) پشتوێنی پانیان بەستووە. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لە (وێنەی ١/١٦٣) کەسێك دەبینرێت پشتوێنێکی باریکی لە پشتدایە.

### ٤-١-١٥ پێڵاو

دروستکردنی پێڵاو لە دەقە مێخییەکاندا بە **LÚ.KUŠ.E.SÍR.ME** ناسراوە، و بە ئەکەدیی خوێنراوەتەوە ***opiš šōni*** واتە دروستکردنی نەعل.[٣٢] لە هونەری هەزارەی سێیەمی پ. ز. هیچ جۆرە پێڵاوێك نابینریت, بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ. ز. لە دوو هەڵکۆڵراودا دەردەکەون ئەوانیش لە هەڵکۆڵراوی ئانۆبانینی (**وێنەی١٧٣**) و هەڵکۆڵراوی سەرپوڵ زەهاب (**وێنەی ١٧٤**).

### ٤-١-١٦ گالیسکەی جەنگی

ناوی گالیسکەی جەنگی لە سەرچاوە سۆمەرییەکاندا بە **GišGIGIR** و لە زمانی ئەکەدیشدا بە ***Narkabtu***(m) هاتووە.[٣٣] هەرچەندە لە هەردوو زمانی ئەکەدیی و سۆمەرییدا وشەیەکی تایبەت نییە بۆ جیاکردنەوەی گالیسکەی چوار چەرخە لە دوو چەرخە یان گالیسکەی بارهەڵگر لە گالیسکەی گەشتوگەڕان.[٣٤]

لە هەزارەی سێیەمی پ. ز. نموونەی گالیسکە زۆر کەمە لەسەر هونەر، ئەو نموونانەش کە هەن نازانرێت هی کاروباری ڕۆژانە بوون یاخود بۆ شەڕ بەکارهاتوون.

هەبوونی پاشماوەی لغاو لەسەر ددانی ئەسپ کە لە گردی براك دۆزراوەتەوە و بۆ سەردەمی ئەکەدی دەگەڕێتەوە بەڵگەیە لەسەر ماڵیکردنی ئەسپ لەو سەردەمەدا, بەڵام نازانرێت لەو کاتەدا ئەسپ بۆ ڕاکێشانی گالیسکە بەکارهاتووە یاخود تەنها بۆ سواریی بووە,

---

32 *CAD*, E, P.239.

33 Farber, W., "Kampfwagen (Streitwagen). A. Philologisch", *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p.337.

34 Farber, *op. cit*., p.336.

هەروەها لە سەر جیٚ مۆرێك لەسەر تابلۆیەکی نووسین ئەسپ دەبینرێت بۆ سواریی بەکارهاتووە, ئەم جیٚ مۆرەش بۆ سەردەمی پاشا (شوسین)ی پاشای بنەماڵەی ئووری سێیەم دەگەڕێتەوە. ئەمانە بەڵگەن لەسەرماڵیکردنی ئەسپ لەو سەردەمانەدا. لە هەزارەی دووەمی پ. ز. زانیاری لەسەر گالیسکە بەزۆری بەڵگە نوسراوەکانن کە باسی ڕۆڵی گالیسکە دەکەن، ئەو دەقانەش لە نوزی و ئەلەلاخ و نیپور و گردی عەمارنە و ئۆگاریتدا هەبوون.

یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرکەوتن و فراوانبوونی دەسەڵاتی میتانییەکان، پێشکەوتنی گالیسکەکانیان بووە، کە ئەوکات چەکێکی کاریگەر و تێکشکێن بووە.

# کرۆنۆلۆجیای پارچە باسکراوەکان

## ڕم

| سەردەم | وێنەی | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| ٣٠٠٠-٢٩٠٠ پ.ز. |   | ئەرسەلان تەپە | Frangipane, 2011, fig. 45.7 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Sertok,1999, Fig.10 (A-B-E-F) | بیرەجیك |  | نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| Mallowan, 1937, IV.(E)بةPlate. | چاغر بازار |  | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی یەکەم |
| Bretschneider, 2007,fig. 17(m8).18(m12) | گردی بەیدەر |  | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان |
| حاج درویش,٢٠١٦, الشكل ٦٢ | ئورکیش |   | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەردەمی ئەکەدی |  | گردی سلێمە | Philip, 1995, fig. 7(3). |
| سەردەمی ئەکەدی |  | ئوچ تەپە | Steinkeller,1981,Plate. 97 (7, 12) |
| سەردەمی ئەکەدی |  | ؟ | هێڵکاری: توێژەر |
| کۆتایی هەزارەی سێیەم |  | کەرکوك و دەوروبەری | هێلکاری: توێژەر |
| کۆتایی هەزارەی سێیەم |  | کەرکوك ودەوروپشتی | Mühl, 2013, Tafel. 80 (6). |
| ؟ |  | گوندوك | هێڵکاری: توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Mallowan, 1937, Fig. 13 (10-11-12-13-14-15). | چاغر بازار |  | ١٩٠٠پ.ز. |
| Miglus, 2013, Fig. 22. | بەکراوە |  | ١٨٠٠-٢٠٠٠ پ.ز. |
| الحسيني, ١٩٦٢ ,لوح ٥(٧) | بەکراوە |  | ١٥٠٠=١٨٠٠ پ.ز |
| هێلکاری: توێژەر | دێرهال |  | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Clare,1927, Fig.11. | باباجان |  | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بابلیی کۆن | دێکۆن |  | Abdallah, 2013, p.10 |
| بابلیی کۆن | شمشارە |  | هێلکاری: توێژەر |
| بابلیی کۆن | سلێمە |  | Philip, 1995, fig. 7 (1-2-3-5-6). |
| ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز. | دنخا تەپە |  | Muscarella, 1974fig.8,.26,39 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Stein, 2009, fig. 19, p. 562. | نوزى |  | ميتانى |
| Starr, 1937, Pl. 119(A). | نوزى |  | ميتانى |
| Stein, 1993, Fig. 416. | نوزى |  | ميتانى |
| Keel-L. and Teissier, 2004, p. 409, fig. 341. | باكورى سوريا |  | ميتانى |
| Keel-L. and Teissier, 2004, p. 289, fig. 357. | باكورى ميسۆپۆتاميا |  | ميتانى |

## تەور

| سەرچاوە | شوێن | وێنەی | سەردەم |
|---|---|---|---|
| عباس, ٩٩٧, شكل ١٧٩. | ئەحمەدحەتۆ |  | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەكانی یەكەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Mallwan, 1937, Plate. IV.(D)به | چاغربازار |  | سەرەتایی هەزارەی سێیەم؟ |
| Begemann, 2008,p.4,(32-2) | پشتی کوه |  | سەرەتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| Sertok,1999, Fig.10 (C-D) | بریجیك |   | نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| Kelly-Buccellati, 1988, fig. 36, p. 136. | ئورکیش |  | سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان |
| Kolinsiki , 2011, Fig. 19(f).8, 2.59 | گردی عەربید |    | سەرەتایی سەردەمی ئەکەدی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| |  | | |
| سەردەمی ئەکەدی |  | گردی بەیدەر | Bretschneider,2007, fig. 20 (m14). |
| سەردەمی ئەکەدی |  | تەپە گەورە | عباس،١٩٩٧, سوره ٢٠٦. |
| سەردەمی ئەکەدی |     | سلێمە | Philip, 1995, fig 6-(4). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Mühl, 2013, Tafel.79 (2) | کەرکوک و دەوروبەری |  | کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| Mühl,2013, Tafel. 81(14). | گردی ماحوز |  | کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| وێنەگر توێژەر | دەربەندی گاور |  | سەردەمی ئوری سێیەم |
| هێڵکاری توێژەر | دەربەندی بێلولە |  | دەوروبەری ١٩٠٠پ.ز. |
| Mühl,2013, Tafel.79, (1) | کەرکوک وپشتی |  | سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Maبةwell, 1950, p.50. | لورستان |  | سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Ciovanni, 1986, fig.122, p.316 | گردی یەحیا |   | ١٧٠٠-٢٠٠٠ پ.ز.. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| عبدالله, ٢٠١٥,شكل ٢٣, س١٣٣. | شمشاره |  | ٢٠٠٠-١٦٠٠ پ.ز |
| Mallowan, 1937, V.بةplate. | چاغر بازار |  | ١٨٠٠-١٦٠٠ پ.ز. |
| Philip, 1995, fig. 3 (1-2), (1-2)., 5 (1-2-3)., 6(1). | گردی حەلاوە |  | بابلیی کۆن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بابلیی کۆن |  | گردی سلێمە | Philip, 1995, fig. 3-3., 4-(4-5-6-7), . 5(4)., 6-(2-3). |
| بابلیی کۆن |  | گردی ئەلسیب | Philip, 1995, fig. 4-1. |
| ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | چاغر بازار | Curtis, 1982, fig 1. |
| نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | گردی فخار | محمود,١٩٧٠, للوح ٢٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٠٧٦-١١١٤ پ.ز. |  | ئەربیلوم | MacGinnis ,2013,p.60 |
| کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | لورِستان | Mushtagh Khorasani , 2009, Fig.4., 5., 6, 7, |

# تەور

| سەردەم | وێنە | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| کۆتایی سەردەمی ئوری سێیەم یاخود سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | ئانۆ بانینی_رۆژهەڵاتی کوردستان | هێڵکاریی: توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆتایی سەردەمی ئوری سێیەم یاخود سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | ئیددین سین قەزای ڕانیە | هێلکاریی: توێژەر |
| کۆتایی سەردەمی ئوری سێیەم یاخود سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز.؟ |  | سەرپولی زەهاب | هێلکاریی: توێژەر |
| |  | گردی ئەسمر | هێلکاریی: توێژەر |

## خەدەنگ

| سەردەم | وێنە | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |   | کەرکوك ودەوروبەری | Mühl, 2013, Tafel.80 (1-2), 81(6) |
| سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان |  | ئورکیش | حاج درويش, ٢٠١٦, الشكل, ٦١. |
| سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سێیەم |  | چاغر بازار | Mallowan, 1937, Fig. 13 (**1**) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Steinkeller, 1981, Plate. 97(9-10). | **ئوچ تەپە** |  | **سەردەمی ئەکەدی** |
| Mühl, 2013, Tafel-80, (5) | **کەرکوك ودەوروپشتی** |  | **سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز.** |
| Mühl,2013, Tafel-81, (13). | **گردی ماحوز** |  | **سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز.** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەردەمی میتانی |  | نوزی | Herles, 2006,Tafel. 64(165). |
| نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | گردی فخار | محمود, ١٩٧٠, شكل.٢٤ |

## تیرو کەوا

| سەردەم | وێنە | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| سەردەمی ئەکەدی |  | گردی یەلخی | Bergamini, 1986, p.157. |
| ئوری سێیەم |  | دەربەندی گاور | وێنەگر: توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ پ.ز. |  | دەربەندی بێلولە | وێنەگر: توێژەر |
| نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | دێرهال | هێڵکاری توێژەر |
| ١٦٠٠-١٤٠٠ پ.ز. |  | کەر هولی خوارروو | الاسود, ١٩٨٧, لوح ٢٤. |
| میتانی |  | نوزی | هێڵکاری توێژەر |
| میتانی |  | ؟ | Herles, 2006 Tafel. (77) 269. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| میتانی |  | باکوری سوریا | Keel-L. and Teissier, 2004, fig. 380. |
| میتانی |  | باکوری میسۆپۆتامیا | هێڵکاری توێژەر |
| نیوەی کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | گردی فخار | محمود, ١٩٧٠, لـلوح ٢٤. |
| سەردەمی کاشییەکان |  | گردی زوبەیدییە | Boehmer, 1985, Tafel (666-672). |

## خەنجەر

| سەردەم | وێنە | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| Kolinsiki, 1963, Fig. 19(g) | عەربید |  | سەرەتای هەزارەی سێیسەمی پ.ز. |
| Sol, 2010, fig. 9 | پشتەگو |  | سەرەتایی هەزارەی سیسێیەم |
| Sertok,1999,fig.8. | تتریش هیوك |  | نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |
| | ئورکیش |   | سەردەمی سەرهەلدانی بنەماڵەکانی سێیەم |
| Gernez, 2008, fig.2.59,8 | عەربید |   | سەردەمی ئەکەدی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەردەمی ئەکەدی |  | تەپە گەورە | الدباغ, ١٩٨٨, لوح ١٩ (٥٠-٥١) |
| سەردەمی ئەکەدی |  | یۆرغان تەپە | Mühl,2013, Tafel. 74(1-6) |
| سەردەمی ئەکەدی |  | گردی سلێمە | Philip,1995, fig. 9-(5). |
| سەردەمی ئەکەدی |  | گردی بەیدەر | Bretschneider ,2007, fig. 14 (m1)., 18(m14)., . 20 (m22). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | |  | |
| Mallowan, 1937, Fig. 13 (2-3) | چاغر بازار |  | دەوروبەری ٢٥٠٠ پ.ز. |
| Miglus2013, fig. 22., 90(15). | گردی بەکراوە |  | کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| |  | | |
| ئوری سێیەم |  | دەربەندی گاور | وێنەگر: توێژەر |
| ١٩٠٠ |  | دەربەندی بێلـەلـە | هێڵکاریی: توێژەر |
| کۆتایی سەردەمی ئوری سێیەم یاخود سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | ئانۆ بانینی_رۆژهەڵاتی کوردستان | هێڵکاریی: توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Mühl, 2013, Tafel-79 (5-6) | کەرکوك ودەورووپشتی |  | سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Mühl, 2013, Tafel, 74, (13). | یۆرغان تەپە |  | سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Muscarella, 1974, Fig.6. | دنخا تەپە |  | سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Dohmann-Pfälzner,2000,Abb.5 | مۆزان |  | سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Mallowan, 1937, Fig.13(4-5). | چاغر بازار |  | ١٩٠٠-١٦٠٠ پ.ز. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Mallowan, 1937, Fig.13 (6-7-8). | چاغر بازار |  | ١٧٠٠ پ.ز. |
| Steinkeller,1981,Plate.100 (5). | ئوچ تەپە |  | سەردەمی بابلیی کۆن یاخود سەردەمی ئوری سێیەم |
| Philip, 1995, fig 8(1-2-3). | گردی حەوە |  | سەردەمی بابلیی کۆن |
| Philip, 1995, fig 8(4-5) | گردی ئەلسیب |  | سەردەمی بابلیی کۆن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەردەمی بابلیی کۆن |  | گردی سلێمە | Philip, 1995, fig ٩(1-2-3-4-5) |
| سەردەمی ئاشوری کۆن |  | گردی لەیلان | باربیری. ١٩٨١, الشكل.١٧ |
| ؟ |  | سەرپول زەهاب | هێڵکاری توێژەر |
| میتانی |  | نوزی | Stein, 1998, fig. 8. |
| میتانی |   | نوزی | Starr, 1934, Pl. 119(A), 404; Herles, 2006, 59(132), . 60 (135)., , 62(150); |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | |    | |
| Boehmer, 1985, Tfel.149(647) | گردی زوبەیدییە |  | سەردەمی کاشییەکان |
| Boehmer, 1985, Tfel.149(647) | گردی زوبەیدییە |  | سەردەمی ئیسین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Khorasani, 2009, fig.(1-2-3). | لوڕستان |  | کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |

## چەقۆ

| سەرچاوە | شوێن | وێنە | سەردەم |
|---|---|---|---|
| هێلکاری: توێژەر | گردی جیگان |  | سەردەمی ئەکەدی |
| Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 8, p. 22. | ئورکیش |  | ؟ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Kelly-Buccellati, 2005, fig. 7, p. 38. | ئورکیش |  | ؟ |
| Abu-al soof,1970,plate.19. | گردی باسمۆسیان |  | نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| الحسيني,١٩٦٢, لوح ٤ (٦-٧) ٣,(٦-٧) | گردی بەکراوە |   | ١٨٠٠- ١٥٠٠ پ.ز. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Muscarella,, Fig.48. | دنخا تەپە |  | ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز. |
| Matthews, 1997, fig.79 | براك |  | میتانی |
| Herles, 2006,Tafel. 62(153). | نوزی |  | میتانی |
| Herles, 2006, Tafel. 73(236). | ئاشور |  | میتانی |
| Boehmer, 1985, Tafel.148. (651) | گردی زوبەیدییە |  | سەردەمی کاشییەکان |

## شمشێر

| سەرچاوە | شوێن | وێنە | سەردەم |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٢٨٠ پ.ز. |  | توپكیش | هێڵكاری: توێژەر |
| سەردەمی ئەكەدییە خورییەكان لە ئوركیش |  | ئوركیش | هێڵكاری: توێژەر |
| ؟ |  | گردی براك | Matthews, 1997, fig. 67,70 |
| میتانی |  تێبینی ٤٠ جێ مۆری ترهە لەهەمان شێوەی شمشێریان پێیەو هی هەمان سەردەمن بۆیە بە | نوزی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | پێویستمان نەزانی هەموو وێنەکان دا بنێن | |
| Keel-L. and Teissier,2004, fig. 353. | باکوری سوریا |  | میتانییەکان |
| Novák, .2007, Fig. 10. | ئەلەلاخ |  | میتانیەکان |
| Herles, 2006, Tafel. (68)202 | ؟ |  | میتانییەکان |
| Herles, 2006,Tafel. (80)298. | گردی زوبەیدییە |  | کاشییەکان |
| Herles, 2006, Tafel. (80) 298. | ؟ |  | کاشییەکان |

# گورز

| سەردەم | وێنە | شوێن | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی دووەم |  | میلی شاخی بەیزا | Akkermans, 2003, Fig. 8.23. |
| سەردەمی ئەکەدییە |  | میلی پیر حسین | Hansen, 2003, fig. 130. |
| سەردەمی ئەکەدییە |   | ئورکیش | هێلکاری توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Oates, 2001, fig. 171 | گردی براك |  | سەردەمی ئەکەدی |
| Buccellati and Kelly-Buccellati, 1996, fig. 7. | تۆپکیش |  | ٢٢٨٠پ.ز |
| Bergamini, 1986, P.166. | گردی یەلخی |  | ١٧٦٠-١٦٠٠ پ.ز. |
| Matthews, 1997,fig. 70. | گردی براك |  | میتانی |
| Stein, 1993, Fig 16; Herles, 2006,Tafel. (62) 149; Herles, 2006, Tafel. 70(216); | نوزی |  | میتانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| . | |   | |
| Herles, 2006, Tafel. (69) 211 . | ؟ |  | |

## جل وبەرگ

| سەرچاوە | شوێن | وێنە | سەردەم |
|---|---|---|---|
| وێنەگر توێژەر | دەربەندی گاور |  | ئوری سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەردەمی ئەکەدی |  | میلی نەرام–سین | Abrahami, 2008, p.21. |
| سەردەمی ئەکەدیی |  | ئورکیش | Buccellati and Kelly-Buccellati, 1995, fig. 5, p. 11. |
| سەردەمی ئەکەدییە |  | گردی براك | Oates, 2001, fig. 171. |
| سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | دەربەندی بێلولە | وێنەگر: توێژەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | ئانۆبانینی | هێڵکاری توێژەر |
| سەرەتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. |  | ئیددین–سین | هێڵکاری: توێژەر |
| ؟ |  | سەرپولی زەهاب | هێڵکاری: توێژەر |
| میتانی |  | گردی ئەسمر | Sollberger, 1980, fig. IV. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Herles, 2006, Tafel. 71(223); stein,1988,abb,5. | نوزی |   | میتانی |
| Keel-Leu. and Teissier, fig. 353. | باکوری سوریا |  | میتانییه‌کان |

# دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:[١]

١- مرۆڤ لە کۆندا چەکیان بۆ زیاتر لە مەبەستێك بەکارهێناوە، بۆ بەرگریی لە خۆی ئەگەر بەرامبەر مرۆڤێك شەڕی کردبێت، بۆ بەرپەرچدانەی هێرش و پەلاماری ئاژەڵی دڕندە، ئەمە جگە لە راوکردنی ئاژەڵان.

٢- بەهۆی پێشکەوتن وگەشەسەندنی ژیانی مرۆڤ جۆر و شێوەی چەك و ئەو ماددانەی لێی دروستکراوە دەگۆڕێت، بەرد یەکێك بووە لەو شتانەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی خواروو چەکی لێ دروستکردووە، مرۆڤی نیاندەرتاڵ یەکەم کەس بوون کە ڕمیان بەکارهێناوە و سەری ڕمەکەیان لە بەرد دروستکردووە.

لە چاخی بەردینی نوێدا پێشکەوتنی جۆری دروستکردنی چەکەکان و شێوەی دروستکردنی ئامێرەکان دەکرێت, هەر لەم سەردەمەدا مرۆڤ چەکی تیروکەوانی داهێناوە.

٣- جەنگاوەرەکان پیاوبوون و هیچ ژنێك لە دیمەنی شەڕکردن لە هەڵکۆڵراوەکان و سەر جێ مۆرەکاندا نییە، هەروەها لە گۆڕی هیچ ژنێکیشدا چەك نەدۆزراوەتەوە.

٤- پاشاکان و سەرکردە زیاتر لە چەکێکیان لە کاتی جەنگدا هەڵگرتووە، ئەمەش نیشانەی لێهاتوویی و ئازایەتییان بووە. نموونەش لەمبارەوە زۆرە، وەك هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاور.

٥- چەکەکان لەهەزارەی دووەمی پ. ز. بەگشتیی زیاترن بە بەراورد لە نموونەی چەکەکان لە هەزارەی سێیەمی پ. ز.دا، ئەمەش لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بەزیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەناوچەکاندا لە هەزارەی دووەمی پ. ز. بەبەراورد لەگەڵ دانیشتوانی هەزارەی پێش خۆی. هەروەها جەنگ و پێکدادان زۆرتر ڕووی داوە لە هەزارەی دووەمی پ.ز.،

[١] توێژەر لەم باسەدا ژمارەیەکی کەمی وێنەکان دەخاتەڕوو لەبەر ئەوەی لە باسی شیکردنەوەدا باسی وێنەکان بەگشتی کراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تەکنیکی دروستکردنی چەکەکانیش پێشکەوتووە و شارەزایی زۆرتریان هەبووە لە دروستکردنیدا.

٦- دوو شێوە ڕم دەرکەوتووە, ڕمی درێژ (**وێنەی ٣** لە بەشی دووەم) و سەرە نێزە (وێنەی ٦ لە بەشی دووەم)، کە بەهەمان شێوە دروستکراون, لەوانەیە لەبەر ئاسانی ئەو شێوەیە دروستکرابێت.

٧- شەش جۆر تەور بە دیدەکرێت لە کوردستان، وەك:تەوری دوو لا ڕێك (**وێنەی ١٩**), یەك لا ڕێك (**وێنەی ١٧**), شێوە چاو (**وێنەی ٢٥**), سەرەوخوار (**وێنەی ١٥**), سەرپان (**وێنەی ١٦**), دەم باوەشێن (**وێنەی ٤**).

سەرەڕای ئەوەی ژمارەی تەور لە هەزارەی دووەمی پ. ز.دا زۆرە، شێوەی تەورەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و جیاوازترن و و نەخشونیگاریان تێداکراوە.

٨- نموونەی دۆزراوەی کەوان هەتا ئێستا نییە، لەبەرئەوەی کەوان لە ماددەی ئەندامیی دروستدەکرێت و بەتێپەڕبوونی کات لەناودەچێت.

٩- بوونی هەمان شێوە خەنجەر لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەڵگەن لەسەر پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناوچەکان و کانزاکارەکاندا, شوێنی توندوتۆڵکردن و قایمکردنی مشتەکانیان جیاوازە، هەتا شوێنی پەرچ (بزمار)ەکانی زیاتر بێت بە دڵنیاییەوە بۆ شەڕکردن قایمتر بووە.

١٠- چەقۆ لەو ئامێرانەیە کە هەتا ئێستا دڵنیا نین بۆ شەڕ بەکارهاتووە یان نا, ئەوەی هەتا ئێستا بینراوە بۆکاروباری ڕۆژانە بووە.

١١- شمشێر هەتا ئێستا لەئەنجامی هەڵکۆڵین لە ناوچەی کوردستان نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لەسەر هەڵکۆڵراوەکان و دیمەنی سەر جیٚ مۆرەکان زۆر زۆر دەردەکەوێت.

١٢- لە کوردستان چەندین جۆری جلوبەرگ لەبەرکراوە بۆ بۆنە تایبەتەکان، جلی شەڕیش یەکێك بووە لەوانە. چەند جۆرێك جلی تایبەت هەبووە لەکاتی شەڕدا لەبەرکراوە، لەوانە: تەنورەی کورت کە چەند شێوەیەکی هەبووە وەك: سادە (**وێنەی ٧٤**), لێوارنەخشێنراو (**وێنەی ١٦٠**), قاتقات (**وێنەی ١٥٧**), پێچخواردوو (**وێنەی ١٥٩**)، لەگەڵ ئەمەشدا تەنورەی درێژیش بۆ شەڕکردن لەبەرکراوە بەڵام یەك شێوەی دەرکەوتووە ئەویش سادەیە (**وێنەی ١٦١**).

١٣- لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ. ز. نموونەی گالیسکەی جەنگیی تەنیا لەسەر هونەر و نموونەی بچوککراوەی گالیسکە هەیە, هیچ نموونەیەکی گالیسکەی دۆزراوە تا ئێستا بەردەست نییە.

١٤- نموونەی بوونی پاشماوەی لغاو لەسەر ددانی ئەسپ لەسەردەمی ئەکەدییدا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەسپ لەوکاتەدا هەبووە و بەکاریش هاتووە.

## سەرچاوەکان

- سەرچاوە کوردییەکان


- ئەحمەد, کۆزاد محمد, *کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز.دا*، سلێمانی، بنکەی ژین, ٢٠٠٧.
- ئەحمەد, *کۆزاد* محەمەد, "شانشینی توروککو لەسەردەمی "زازییا"دا ئەزموونی دامەزراند و پەلکێشانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە مێژووی کوردستانی دێریندا", *ژین ٤* , (٢٠١٢).
- ئەحمەد, کۆزاد محمد, *کورتە مێژوویەکی کوردستان لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان*, دەستنووس, ٢٠١٦.
- ئەمین, هاوڕێ یاسین محمد, *لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق, سلێمانی, چاپی یەکەم*, ٢٠١١.
- بەگ، جەلال ئەمین، *جوگرافیای کوردستان*، ئۆفسێتی روون، سلێمانی, ١٩٨٨.
- حاج درویش, نضال محمود, *هونەری کۆنی میسۆپۆتامیا*، کۆمەڵێك وانەی وتراوە، قۆناغی ماستەر، بەشی شوێنەواری کۆن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی, ٢٠١٤-٢٠١٥.
- دیاکونوف, ئی.م., *میدیا*, و: بورهان قانع, ٢٠٠٨.
- زاموا, دڵشاد عزیز, "نەخشەکەی دەربەندی گاور: شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی", *سوبارتو ١* , (٢٠٠٧).
- زاموا, دڵشاد عزیز, "کەر و ئەسپ, لە هونەری میسۆپۆتامیا", *گۆڤاری مێرگ ٦٣* , (٢٠١٠).
- غەفور، عبداللە، *جوگرافیای کوردستان*، چ ٢, ئۆفسێتی سەردەم, هەولێر، ٢٠٠٥.
- غەفور, عبداللە, *جیۆگرافیای باشوری کوردستان*, سلێمانی, رەنج, چ١, ٢٠٠٩.
- کۆڕاز, *جوگرافیای سروشتی کوردستان*، سلێمانی، چاپخانەی ئەزمەڕ, ١٩٩٧.
- کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ, *جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان*، و: سەنتەری برایەتی, چ ٢، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان, هەولێر، ١٩٩٩.

- **سەرچاوە عەرەبییەکان**


- ابراهيم، نعمان جمعة، *حضارة العصر الحجري الحديث في كوردستان العراق*، رسالة ماجستير في الآثار، غير منشورة، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٣.
- ابو الصوف, بهنام, *تنقيبات انقاذية شاملة فى حوض سد صدام*، بحوث آثار حوض سد صدام وبحوث اخرى, مديرية الكتب للطباعة والنشر, ١٩٨٧.
- احمد, كۆزاد محمد, *تأريخ كردستان ماقبل الآريين*, غير منشور, ٢٠١٦.
- اسماعيل، بهيجة خليل، "الكتابة"، *حضارة العراق*, ج١، بغداد، ١٩٨٥.
- الأسود, حكمت بشير, *التنقيب في تل جيگان*، مجموعة من الباحثين، *بحوث آثار حوض سد صدام وبحوث أخرى*, مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٧.
- الأسود, حكمت بشير, التنقيب في كرهول السفلى، مجموعة من الباحثين، *بحوث آثار حوض صد سد صدام وبحوث أخرى*, مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٧.
- الأمين، محمود، "استكشافات أثرية جديدة في شمال العراق," , *سومر ٤*, ج٢، (١٩٤٨).
- باريرى, دمينيك, "تل ليلان ١٩٨٧ الأختام وطبعات الاختام", *الحوليات الأثرية السورية*, ٣٨-٣٩, (١٩٨٨-١٩٨٩).
- الباشا, حسن, *الفنون القديمة فى بلاد الرافدين*, القاهرة، ط١, ٢٠٠٠.
- باقر، طه, واخرون, *تاريخ العصور القديمة*، بغداد، وزارة المعارف, ط ٧.
- باقر، طه، *مقدمة في أدب العراق القديم*، دار الحرية للطباعة، جامعة بغداد، ١٩٧٦.
- باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات (تأريخ الفرات القديم)*، بغداد، ط ٢، ١٩٥٥.
- باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة (الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين)*, ج١, بيروت، ٢٠٠٩.
- باقر، طه، *مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة*، دراسة وتحقيق مجموعة من الأساتذة، بيت الحكمة، بغداد، ط١، ٢٠١٠.
- بصمجي، فرج، "كهف هزار ميرد الشرقي"، *سومر ١*، (١٩٥٠).

- بصمجي, فرج, *كنوز المتحف العراقي*, بغداد, ١٩٧٢.
- بن سلام, أبي عبيد القاسم، *كتاب السلاح*، ط٢، بيروت, ١٩٨٥.
- الجادر, وليد, الصناعة التعدين, *حضارة العراق*, ج ٢ , بغداد, ١٩٨٥.
- الجادر، وليد، الأزياء والتراث، *حضارة العراق*، ج ٤ ، بغداد، ١٩٨٥.
- جواد, عبد الجليل, "النياندرتاليون وتراثهم الثقافي", *سومر* ٢٧, (١٩٧١).
- حاج درويش, نضال محمود, *الآلهة والكائنات الاسطورية المركبة في سوريا وغرب بلاد الرافدين في الألف الثالث قبل الميلاد*, دار الزمان، ٢٠١٦.
- حاج درويش, نضال محمود, *مملكة أوركيش الحورية (تل موزان) دراسة تأريخية وأثرية*، قامشلو، ٢٠١٧.
